# هونەر و تێکنۆلۆژی

# هونەر و تێكنۆلۆژی

محەمەد.س. رۆستەم زادە (نامۆ)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

● **هونەر و تێکنۆلۆژی**

● **نووسینی:** محەمەد.س.ڕۆستەم زادە(نامۆ)

● **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی

● **بەرگ: حەمیدە یوسفی**

● **وێنەی بەرگ:** سەنتەری جۆرج پۆمپیدۆ

● **نرخ: ٢٥٠٠ دینار**

● **چاپ:** چاپی یەکەم ٢٠١٢

● **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

● **چاپخانە:** وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان (هەولێر)

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٥٥)ساڵی(٢٠١٢)ی پێی دراوە

**زنجیرەی کتێب (٦٢٦)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


بەروتار.......................................... ٧
لاوێچك .......................................... ٩
بەشی یەكەم
فەیلەسووفانی یۆنانی كەونارا ...................... ١٢
ئا)- بۆچوونەكانی ئەفلاتون و ئەرستو سەبارەت بە تێكنیك و هونەر ....... ١٢
بەشی دووهەم
كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم ..................... ١٨
ئا)- هونەری شاریی ............................ ١٩
بەشی سێهەم
لە روانگەیەكی ترەوە ............................ ٣١
ئا)- بیروبۆچوونی داسەپانی تێكنۆلۆژی ماركس ................ ٣١
ب)- تۆرە و هونەر ............................ ٤٤
ج)- هایدگێر و تێكنۆلۆژی ........................ ٥٧
بەشی چوارەم
مۆدێرنیزم و تێكنۆلۆژی .......................... ٦٦
ئا)- فۆردیزم ................................ ٧٠
ب)- بودلێر (هەڵبەستوان و نووسەر) ................ ٧٢
ج)- هونەری مۆدێرن و بەردەنگان ................. ٧٦
د)- مۆدێرنیزم و دەرئەنجامەكانی ................... ٨٣
ە)- هونەر و گەورەشاران ........................ ٨٩

بەشی پێنجەم

پۆستمۆدێرنیزم، هونەر و تێكنۆلۆژی .......... ٩٩
ئا)- بلۆزایەتی .......... ١٠١
ب)- مەك لوهان و تێكنۆلۆژیای پەیوەندی .......... ١١١
ج)- ئەوپەڕاستی TV .......... ١١٩

بەشی شەشەم

هونەر و تێكنۆلۆژیی پەیوەندی نوێ و بەجیهانیبوون .......... ١٣٧
ئا)- ئاریشە نوێیەكان .......... ١٤٥
لە كۆتاییدا (دوماهی) ١٤٨
وێنەكان ١٥٠
فەرهەنگۆك .......... ١٦٦
سەرچاوەكان .......... ١٧١

**بەروتار:**

خوێنەرانی بەڕێز- لەم پەرتووکەدا کە لە شەش بەش پێکهاتووە، هەوڵمداوە تا پەیوەندی نێوان "تێکنیك و هونەر" لە روانگەی فەیلەسووفانی کەون هەتا دەگاتە چاخی ئێستا بخەمە بەرباس و لێکۆڵینەوە. روون و ئاشکراشە کورد گوتەنی "ئەم هەویرە زۆر ئاو هەڵدەگرێت". دیارە بە پێویستم زانی لەو هەلومەرجەی تێیداین و خەریکی بەخۆداهاتنەوەین و بەداخەوە پەرتووکخانەی کوردیش بەتاڵە لە هەندێك بابەت و دەقی تایبەت، وەك باس لە فەلسەفەی هونەر و هونەر بە گشتی، هەروەها هونەرخوازانی ئێمەش پێویستە ئاگاداری هەندێك لە رووداوەکانی هونەری جیهانی بن، ئەوەبوو بە ناچار قۆڵم هەڵماڵی لە وەرگێڕانی دەقی توێژینەوەی فارسییەکەی ئەم پەرتووکە کە لە ساڵی ٢٠٠١ کردبووم. لە کاتی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی دیارە تووشی زۆر تەنگ و چەڵەمە هاتم.

بە داخ و کەسەرێکی زۆر لەبەرئەوەی کورد دەسەڵاتی نەبووە بەسەر خۆیدا و وێژەکەشی زۆرتر لە وێژەیەکی بەرخۆدان و بەرگری و خۆڕاگریدا بووە نەیتوانیوە لەسەر فەلسەفە کار و ئیش بکات و لە ئەنجامیشدا سەرقاڵی دروستکردنی وشەی فەلسەفی نەبووە، هەنووکە بە هۆی پێویستی چەمکی زانست دەبێ ئەو وشانە کە لە زمانی دیتراندایە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، تا ئەو جێگایەی توانیومە و بەپێی زانست و لێزانینی خۆم و بە سۆی پسپۆڕی لەو کارەدا هەندێك وشەم داتاشیوە، لەوانەشیدا کە یان نەمتوانیوە و نەمزانیوە و یانیش کوردییەکە دەرقەتی مانا و چەمکی وشە لاتینییەکە نەهاتووە هەروەکی خۆی هەمیسان بەکارم هێناوەتۆ تا جیلی دوای مە بۆ

خۆیان لە سەر ویست دایبڕێژن، دیارە ئەم کارە خۆی دەبا لەسەر ئەستۆی ئەنستیتۆی کۆڕی زانیاری کوردیبایە، بەڵام بەداخەوە.......!!

لە رەوتی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکەدا هاوسەری بەڕێز و خۆشەویستم بە دلڤرەوانییەکی زۆرەوە یارمەتی دام ، زۆر سوپاسی دەکەم، هەروەها سپاسی "دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان" دەکەم کە ئەرکی لە چاپدانی کەوتە ئەستۆیان. زۆر بە منەتەوە هەر جۆرە رێنوێنی و راستکردنەوەیەك بە مەرجی ئەوەی لەسەر بنەمای زانستییەوە بێت وەریدەگرم.

محەمەد سالْح رۆستەمزادە

(نامۆ )

## لاوێچك*:

"هونەر ژیانمان بۆ دەلوێنێت و شیاوی ئەوەیدەکات تێیدا بژین."

(بەندی یەکەم، لە دایکبوونی تراژێدیا، نیچە)[1]

لە راستیدا ئەم دەقە توێژینەوەیەکی فەلسەفیانەیە سەبارەت بە گەڕان و بەدواداچوونەوەی دوو دیاردەی گرنگ لە مێژووی بیرمەندی مرۆڤ کە دەوری سەرەکی و یەکجار قووڵیان بووە، کاریگەری ئەم دوو دیاردەیە (هونەر و تێکنۆلۆژی) بەسەر گشت پێکهاتەکانی ژیانی مرۆڤ باسێکە کە نکۆڵی لێناکرێت. پێویستە بڵێم پەیوەندی ئەم دوو دیاردەیە پەیوەندییەکی پتەوە، جا چ لە باری رەچاوگرتنی تێبینییەکان و چ لە باری روانگەکانی ئەرێنی و نەرێنییەوە. مەخابن لە رۆژهەڵاتدا لەم بوارە هیچ کارێکی ئەوتۆ نەکراوە، ئەگەریش لە هەندێك بەرهەمدا کورتە ئاماژەیەکیش کرابێت ئەوا لە ئاستی توێژینەوە و راڤەکردنا لاسەنگ و نەگونجاو بووە. جا لەبەر ئەوە بە ناچاری بازنەی خوێندنەوەکەم تایبەت کردوە بە رۆژئاوا و ئەو شتانەی لە هەنبانەی بیروڕای رابردووی رۆژئاوا دەرمهێناوە، پێویستە لەبۆ ناسینی و تێگەیشتنی زیاتری مەبەستەکەمان. ئەم پەرتووکە کۆکراوەیەکە لە بیروبۆچوونەکانی جیاواز سەبارەت بە هونەر و تێکنۆلۆژی، ئاماژەیە بە بیروبۆچوونەکانی فەیلەسووفانی یۆنانی کەونارا وەك ئەفلاتون و ئەرستو، هەروەها سووکە ئاماژەیەکیشە بە شۆڕشی زانستی سەردەمی بووژانەوە (رێنیسانس) و شۆڕشی پیشەسازی و دەرئەنجامەکانی دوای ئەو، گەشەی تێکنۆلۆژی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، تێبینییەکانی نوێ دەربارەی پێکهاتەی بوونی مرۆڤ وەك سوژە، دەسەڵات، کار و دابەشکردنی کار- تێکنۆلۆژیا، هونەر و تیۆری پێداویستی و داسەپانی تێکنۆلۆژی،

---

* لاوێچك: لالوێچ/ لوێچی دەست/ قووڵایی لەپی دەست کە بتوانی ئاوی تێدا راگری.

1- F. Nietzsche, the Brith of Tragedy, Tra W. kaufmann Newyork- 1967- P35

فۆردیزم و هۆنای بەرهەمی بێپسانەوە، چەوسانەوە بە چەشنی نوێ و کەڵکوەرگرتن لە دەسکرد و ئامێر و کەرستە نوێیەکان لە بیناسازی و پیشەسازیدا بۆ گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤ و هەروەها چێکردنی بەرهەمی هونەری لە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکەن.

لە سەدەی نۆزدەدا کەسانێکی وەك "نیچە و مارکس و بودلێر" لەسەر ئەم بابەتە بۆچوونیان بووە و لایەنەکانی جۆربەجۆری ئەویان شی و شرۆڤەکردۆتەوە، پاشان هایدگێر باس لە هەنبانەکردنی تێکنۆلۆژی وەك چەمکێکی فەلسەفی دەکات. دەرئەنجامەکانی جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی، کوشتاری بەربڵاوی مرۆڤ و دەور و کاریگەری هونەرمەندان، گەشەی ئاوزمەندی- لۆژیك (ڕێبیری- بێژیاری) سەڵتخوازی و بێزاربوون و مەیل بۆ قەبارەی قۆز... کەڵکوەرگرتن لە ئایدیا نوێیەکان لە بیناسازی و کاری هونەری بەرچاو و بەرجەستە، لە گۆڕانکارییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دێنە هەژمار.

بەڵام هەنووکە ئەو شتەی کە لە ڕۆژئاوا جێگای سەرنجە، لە بنەڕەتدا هەر لەسەر روانگەی ئەو فەیلەسووفانە کە پێشتر باسمان لێوەکردن دامەزراوە کە دواتر ئێمە لە بیروبۆچوونەکانی "دەریدا- گیدێنز- ئالتۆسێر- هابێرماس- لیۆتار و جیمسۆن"دا دەیانبینین، بەڵام بە کورتی ئەمە لیۆتارە کە پتر لەوانیتر لەسەر ئەم مژارە دواوە. دەیوید لایۆن لە فەیلەسووفەکانی ئەم دوایانە و هاوچەرخ دەبێژێت: " تایبەتمەندی یەکجار گرنگ لە کۆمەڵگەی بەناو **زانیاریدا** ئەوەیە کە دەوری تێکنۆلۆژیی زانیاری لە بەربەستکردن و چاودێریدایە". لیۆتار دەڵێت: " زۆرینە ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەن، کە تەواو بەشەکانی جیهان- لەم شۆڕشی تێکنۆلۆژییە بەهرەمەند دەبن." کە ئەمە خۆی خۆفریودانێکی بێبەزەییانە لە شێوەی چەوسانەوەی نوێیە، "چاودێری و لووان"، مەبەستی سەرەکی ئەوەبوو کە بە دڵفرەوانییەوە چاو لەم کێشەیە بکەین و پێویستی ئەم جۆرە بینینەش تێڕامان و توێژینەوەی تایبەتی گەرەکە.

دەوری T.V وەك میدیایەکی گشتی لە راگەیاندن و پەخشی کەلتووری بەکارهێنەر، چوونە مانگ، پەخشی تۆڕەکانی پەیوەندی زانیاری وەك ئینتێرنێت و سەتەلایتەکان- تاقیکردنەوەکانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی، گەیشتن بە گرنگترین پێگەکانی زانیاری- سایبرنەتیك و ئەنفۆرماتیك و شرۆڤەی بەهرەداربوون یان نەبوونی وان لە بیروبۆچوونەکانی

فەلسەفەی هاوچەرخی ئێمە، هەروەها ئەم میدیاگەلە بەسەر هونەرە نوێیەکاندان، لەت و کوتبوون- لکاندۆك (کۆلاژ) خستنە پاڵ یەك (مۆنتاژ) دژایەتی ناوەند- لە نیوەی سەدەی بیستەم هەتا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم لەو شتانەن کە باسیان دەکەین. لێکۆڵین لەم بارەوە(هونەر و تێکنۆلۆژی) لەمەڕنەبوونی، وەها پەیوەندییەك بەڕاستی وەك ئەرك و پێویستی لێهات، چونکە بە گشتی پچڕان لە نێوان سەردەمە جیاجیاکان بۆتە هۆی تێنەگەیشتنی راستی و پشێوی لەناو دەقەکاندا و هەر وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا دیتران بە چەشنی پرش و بلاو و کاتی سەبارەت بەم مژارە لێدوانیان بووە، بەلام من هەوڵمداوە کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو دیاردەیە لە سەردەمی فەیلەسووفانی یۆنانەوە هەتا سەردەمی ئێستا بخەمە بەرباس. ئامانجی راستەقینەش بریتییە لە پێناسەکردنی ئەم پەیوەندییە. روونە پێناسەیەك بێبوونی شرۆڤە لە بیروبۆچوونەکانی فەلسەفی نە دەگونجا و نە دەشکرا. جا رەوتی هێڵی ئاوا پێشکەوتنێك پێویستی بە وەدواکەوتنی بەردەوامە و هەروەها پێویستە تێگەیشتنمان هەبێت لە بیروڕاکانی فەیلەسووفان و ئاستی دووری و نزیکی ئەم بیروڕایانە لە یەکتر، بۆ وێنە روانگەی ئەفلاتون، هێگل و مارکس لەوەی کە هونەر وەك شتێکی بەکەڵك و کارای لێ بێت رەچاو بکرێت و توێژینەوەی لەسەر بکرێت. هەرچەند ئاشکراشە، کەسێکی وەك مارکس بە روانگەیەکی تەواو چینایەتییەوە سەرنجی ئەم "مژارە"ی داوە. پێویستە بێژم بە دوای ئەم گەڕانەدا ئامانجی تریشمان لەبەرچاو بووە و پێکاومانە بۆ وێنە خستنە بەرباسی وەها پرسیارگەلێك، رای ئێوە سەبارەت بە بەشکردنی جیهان بە دوو جەمسەری باکوور و باشوور چییە؟ لە راستیدا ئایا وەها بەشکردنێك لە روانگەی هونەری و مرۆڤایەتییەوە دەگونجێت؟ ئایا تێکنۆلۆژی بە راستی شتێکی پێویستە؟

تا چ رادەیەك بیرۆکەی پیشەسازی و پاش پیشەییبوون کە هەنووکە هەن بەسەر ولاتانی دواکەوتوودا زاڵە و دەوری هونەرمەندان لە هەمبەر ئەو شتە چۆن دەبێت؟

پێویستە بێژم کە پۆلینکردنی دەقەکان بە چەشنی هێڵی بووە، توێژینەوەکە پەرتووکخانەییە، بۆ رێنوێنی و ئاشنایی پتری خوێنەرانی بەڕێز لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا، ١٥ فرێم وێنەم داناوە کە دەتوانن کەڵکیان لێ وەرگرن.

# بەشی یەکەم
# فەیلەسووفانی یۆنانی کەونارا

## ئا)- بۆچوونەکانی ئەفلاتون و ئەرستو سەبارەت بە تێکنیك و هونەر

مەبەستی ئەفلاتون و ئەرستو لە هونەر، زانین یان لێزانینە، کە بە (Tekhne) دەناسرێت و لەگەڵ ئەو شتەی وا ئێستا ئێمە بە ناوی "هونەر" دەیناسین زۆر جیاوازە و لەوەش گشتیترە، رەنگە باشتریش بێت کە لێرە پێی بڵێین "پسپۆڕی لەگەڵ بینین".

تێخنە بە مانای ئاگامەندی بەسەر گشت رووداوەکان و توانای داهێنان و ئافراندن (پۆئیسێس)ە، کەشتیسازێکی پسپۆڕ و کارامە هەر بە قەرای ئەوەندە لە "تێخنە" بەهرەمەندە کە کەشتیوانێکی کارزان.

بەلای ئەفلاتونەوە لە نێوان "پۆئیسێس" واتە چێکردن و داهێنان یان "تێخنە" بە واتای شارەزایی و پسپۆڕی و پیشەسازی جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، ناکرێ لە بۆ هونەرمەند بەپێی تامەزرۆیی چالاکییەکانی بۆ وڵاتی ئازادیی لە داهێنان و ئافراندندا مافێکی تایبەت دیاریکەین. ئامراز و کەرستەی رەخنە و هەڵسەنگاندنی کار و بەرهەمی هونەرمەند لە بنەڕەتدا هەر ئەو شتەیە کە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێکیتری مرۆڤ بەکاردێت، ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون سەبارەت بە گرێ کوێرەی چاکسازی لە یاسا و داد و بەهرەوەرگرتنی کۆمەڵگە هێشتا لە چوارچێوەی روانگەی دیکتاتۆری سەبارەت بە هونەر ماوەتەوە! بە خۆشییەوە رای ئەفلاتون دەربارەی وێکچوونی "تێخنە" لەگەڵ "پوئیسێس"[2] تەنیا وتار لە فەلسەفەی هونەردا نەبووە، بۆ وێنە باشترین شاگرد و بەردەستی ئەو واتە ئەرستو لەگەڵ ئەو رایەدا نەبوو. ئەرستو لە گوتاری "پوئێتیك"دا لە نێوان جۆرەکانی بەرهەمی کاری مرۆڤ جیاوازی دادەنا و لە نێو واندا هونەری زەق کردۆتەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە ئەو فەرمانە توندوتیژ و زاڵمانە کە جاڕ ئەدا: دەبێ هونەر لە روانگەی کارابوونییەوە رەچاو بگرین، **رەچاو بگرین کە نایگرین**، لەبەر ئەوەیە کە لە ئەرستو فێربووین لە نێوان بەرهەمێکی هونەری و بەرهەمێکیتری مرۆڤ جیاوازی دابنێین.

---

2 . Poesis

ئێمە جیاوازی وان "هەست پێدەکەین" هەرچەند دەشێ ئەنگوستی لەسەر دابنێین و ئاماژەی پێبکەین کە هێشتا نەمانتوانیوە دوو شتی جیاواز، واتە بەرهەمێکی هونەری و بەرهەمێکی ناهونەری پێناسە بکەین، بەڵام پێویستە ئێمە لەسەر ئەو جیاوازییە (نێوان بەرهەمی هونەری و ناهونەری) بدوێین. ئەرستو دەڵێت: لە هونەردا کێشەی گرنگ ئەوە نییە کە "هەیە" بەڵکو ئەوەیە کە "دەبێ ببێت". بۆمان دەردەکەوێت کە بەرهەمی هونەری بە رادەی بەرهەمانیتری دەسکردی مرۆڤ بەربەست و بەرتەسك نییە. بە واتایەکی دی لە هونەردا ئێمە ئەزموونی "ئازادی" دەکەین. ئەفلاتون تاوانی گەورە لەسەر هونەر و هەڵبەست (شیعر) باسدەکات. تاوانی یەکەم ئەوەبوو کە هونەر وێنەیەك یان ئاوێنەیەکە لە جیاتی خودی راستی و ئەبێتە کۆسپێك لەسەر رێی سەرنجی بەردەنگ بۆ لای پێداویستی گرنگی راستەوخۆی "راستی". هونەر لەبەرئەوەیەکە لاساییکردن لەو شتانەیە کە ئەوانیش خۆیان لاساین، لە راستی و راستەقینە یەکجار دوور دەکەوێتەوە. تاوانی دووهەم ئەوەبوو کە هونەر لە بابەتی ئاکار و رامیاری سزای لەسەرە، لەبەر ئەوەی ویست، حەز، هەوا و هەوەس پاڵپشتییەتی و بەوان دەرفەتی خۆپیشاندان ئەدات. رەنگە بتوانین بێژین کە "Episteme" جۆرێکی تایبەتە لە "تێخنە" واتە بیچمێکە لە دەسکرد و چێکردن کە لەسەر بنەمای ئاگامەندی خۆ دەردەخات و ئەبێتە هۆی زانابیەکی نوێ لە نێوان دیتراندا.

وتەی "Episteme" ناوێکە کە لە "Epistasttai"ڕا هاتووە و بە مانای "زانینی ئەوەیکە چۆن کارێك بە ئەنجام بگەیەنین"، بە واتایەکیدی، ئێپیستێمە جۆرێك یان قەبارەیەکی تایبەتە لە زانایی و نازانایی بە واتای رەها. هەر کاتێك تێخنە کە بە مانای کار و لێزانینە نەتوانێت بە چەشنی ئاگامەندانەوە بگاتە ئەنجام دەبێتە کارێك کە دەشێ بە ئاگامەندی و ئێپیستێمەوە سەربگرێت. هەڵبەت جاروبار ئەفلاتون ئەم بوونی ئاگامەندانە لە کردەوەی تێخنەی بە چەشنێکی گشتی باسکردووە، بۆ وێنە لە وتووێژی گورگیاس لە زمانی سوکراتێسیڕا، ئەم خاڵەی ئاوا شیکردۆتەوە:" ئەمن ناتوانم شتێك کەوا بەتاڵە لە ئاگامەندی و پێناسە(ئێپیستێمە)، بە هونەری (تێخنە) دابنێم."

ئەگەر سەرنجی دەقی باسەکەی ئەفلاتونیش بدەین تێدەگەین کە ئەو لە نێوان لێزانین و پسپۆڕی لەگەڵ داهێنانی ئاگامەندانە جیاوازی دادەنێت. پێگە و بڕوامەندییەکی تایبەتی لە

تێکنیك و هونەری بە "ئاگایی" و "زانایی" داناوە، واتە بە بڕوای ئەو، هەروەسا جۆرگەلێك لە کار- کردەوە-تێکنیك یان داهێنان هەن کە ئاگامەندانە نین و تەنیا بە لێزانین و پسپۆڕی پەیوەستیان ئەکات و لە بەرامبەردا، کارێکیتریش هەیە تەنیا و بەس دەکرێ بە چەشنی ئاگامەندانە بەرەو پێش بڕوات. هەڵبەت ئەفلاتون ئەم جۆرەی دووهەمی کاری لە پاوانی ئەو شتەی کە ئەمڕۆ ئێمە بە هونەری دەناسین، دانەدەنا و هەروەکو پێشتریش باسمان لێوەکرد هونەری لەگەڵ هەر چەشنە بەرهەمێکیتری مرۆڤ کە بەهرەمەند لە بیرمەندی و ناسیاوی بێت- وەك یەکی دادەنان، هەرچەند لە درێژەی باسەکەدا بایەخ و نرخێکی کەمتری بۆ رەچاو دەگرت.

ئەرستو دواتر لە نێوان تێخنە و ئێپیستێمە جیاوازی دادەنێت و هەرکام لەوان بە یەکێك لە شێوەکانی ئەزموونی بیرمەندانەی وێژە ئاسا پێناسە دەکات. ئەو ئێپیستێمەی لە هەمبەر جۆرێك لە وتەی ئاوزمەند کە بە "بەڵگەهێنەری" و "نموونە هێنەری" (Demoustration) بەناوبانگە بەکارهێنا، بەڵام ئەفلاتون لە نێوان ئێپیستێمە یان بابەتێکیتر کە بۆخۆی بە "دۆکسا"ی ناوزەدکرد جیاوازی دانا. ئەم جیاوازییەش دەکرێ لە ئاماژە بۆ وتووێژەکەی مێنۆن بە "Orthedoxa" بدۆزینەوە. لەوێدا، فەیلەسووف لە نێوان "ئێپیستێمە" بە واتای "زانست" و "دۆکسا" بە واتای بیروبۆچوون، جیاوازییەك دادەنێت و لە زمانی سوکراتێس بۆ مێنۆنی باس و شیدەکاتەوە ئەوەیکە زانست دەمێنێتەوە هەرچەند "بیروبۆچوونی دروست" و "زانست" هەردووکیان فێربوونی گەرەکە و وەردەگیرێن، بەڵام زانست مانەوەی زیاترە. ئەفلاتون لە دواهەمین پەرتووکیدا بە ناوی "کۆمار"، "دۆکسا" یان "بیروبۆچوونی دروست" دەباتەوە سەر "شارەزایی یان تێکنیکی کارا" و ئێپیستێمەشی بە "شارەزایی بە هۆی زانایی" داناوە بۆ وێنە کەسێکی کە دروستکەری لغاوی ئەسپە بە کەسێك کە "دۆکسای" هەیە دەناسێ، بەڵام ئەسپ سوارێك "ئێپیستێمەی" هەیە.

بەرهەمی هونەری دەکرێ لە ئاستی "دۆکسا"دا بێت، هەرچەند پەیوەندی لەگەڵ ئافراندن و "پوئیسێس"ەوە هەبێت، بەڵام ناچێتە ژێر رکێفی ئێپیستێمەوە و تەنیا لە کارابوونی بەرهەم دایە کە هۆگری بە ئێپیستێمەی تێدا دروستدەبێت، ئالەوێدایە کە کار دەبێ لە رادەی زانست و ئاگامەندیدا بەرەوپێش بچێت، مەخابن ئەفلاتون خۆشی درێژەی

بەم باسە نەدا، و هەر لەبەر ئەوەش نموونەیەکی دژ بە وشەی رەسەنی "کۆمار"ی گیر نەکەوت و هەروا لەسەر ئەم باوەڕە مایەوە کە ڕێگایەکیترمان لەبەر نییە جگە لەوەی کە بەرهەمی هونەری و کاری هونەرمەند لەسەر بنەمای بەهرەمەندانە و کارابوونی بخەینە بەر دادوەری و هەڵیسەنگێنین. ئەفلاتون لە بەندی ٢٣٥ ئاخاڤتنی سۆفیستدا لە نێوان دوو جۆر "تێخنە" جیاوازی دادەنێت و هەر لەو بەندەدا "هونەری وێنەسازی" و "هونەری لاساییکردنەوە" لێك جیا دەکاتەوە. ئەو لەبەرێکۆ "هونەری شێوەکاری" یان " هونەری رایشان" واتە کۆپیکردن= (Eikastiketekhne)ی داناوە و لە بەرێکی تریشەوە " هونەری بژارە یان خەیاڵی یان هونەری خەڵەتاندن= (Phantastiketekhne)ی هێناوە، ئەفلاتون وای بۆ دەچوو، هونەرێك بوونی هەیە، کە هاوچەشن یان دیسانوێنەیەکی تەکووز[٣] یان بەراوردێکی تەواو (Eikastos) لەگەڵ ماکی نموونە بهێنێتەدی. لێرەدا هونەرمەند بە درێژیی و پانایی و قووڵایی سەرچاوەکەی خۆی و رێژەکانی وان لەگەڵ یەکترا سەرنجی تەواو ئەدات و لەگەڵ ئەو سەرنجەشڕا لاسایی دەکاتەوە. جا ئەوکات بەرهەمێکی کە سازی کردووە رەنگێکی شیاوی پێئەدات، بەم چەشنە وێنەیەك کتومت لەگەڵ سەرچاوەکەی دەهێنێتە ئافراندن- ئافراندنێکی جوانی وای مەبەستە کە لەسەر بنەمای بژارە یان خەیاڵ (Phantastikos) چێ دەبێت. لێرەدا هونەرمەند بە دووی راستەقینەی شتەکانەوە نییە، هەروەها وێڵیش نییە بە دوای رێژەی راستی شتەکانۆ، بەڵکو تێدەکۆشێت هەتا رێژەکان وا دەرخات کە ئەو شتەی وا بە لاساییکردنەوە دروستیکردووە جوان بکەوێتە بەرچاوی بینەران."

گشت ئەو رەخنانە کە ئەفلاتون لە هونەری لاساییکردنەوەی دەگرێت بەس ئەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو جۆرەی یەکەم، واتە "هونەری شێوەکاری یان شێوەسازی". هونەری بژارە (خەیاڵی) یان خەڵەتێنەر هونەرێکە کە لە تێخنە بە واتای ناسراوی خۆی دوور ئەکەوێتۆ و هیچ بۆی نییە شتێك لەم جیهانە بە چەشنێکی پڕاوپڕ تەکووز و سەرنجڕاکێش هەمیسان دروستبکاتەوە بە پێچەوانەوە جیهان و شتەکان ئەو جۆرەی کە دەبێ بن، واتە ئەوجۆرە کە

---

٣- رێکوپێك

دەشێ جوان بێنەبەرچاو وێنا دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە هونەری بژاره (خەیاڵی) بە ئایدیا نزیکترە لەو شتانەی کە لەم جیهانەدا دروستدەبن و ئەگەر هەروەك ئەفلاتون باوەڕمان بە بوونی "ئایدیا" هەبێت و بوونی هونەری بژارەش رەچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێت کە جۆرێك لە هونەری بانتر لە "تێخنە" هەیە. لەم روویەشەوە کە هونەری بژارە، بانتر لە تێخنەس، بەهرە و سوودێکی خێرا و راستەوخۆشی نییە، واتە هیچ پێویست ناکات و لەسەر ئەمەش ساز نەکراوە کە بۆ کارێك کەڵکی لێ وەربگیردرێت، بەڵکو ئامانجی ئەو تەنیا "ئافراندنی جوانییە" و بەس. جا لەبەرئەوە ناکرێ سەبارەت بەم هونەرە بە پێی بەهرە و سوود و کارابوونییەوە دادوەری بکەین. بەڵکو ئەشێ هەڵسوکەوتی ئاکامناسانەیمان لەبەرچاو بێت و ئەوسا لەبارەیەوە دادوەری بکەین ئەوەش کارێکە کە خۆی لە خۆیدا لە تەك دادوەری سەبارەت بە بەرهەمەکانیتر جیاوازی هەس و ئاست و پلەی تایبەتیشی جۆرێك خوێندنەوەی تایبەتی گەرەکە.

ئەرستو لە گوتاری پوئێتێك- دا هەڵبەست و بەرهەمی هونەری هێناوەتە ئاستی چێکردن و "پۆئێسێس" و ئەوانی لە جیهانی بەهرەی رۆژانەی دوورخستۆتەوە. بە بڕوای ئەو هونەر بە چەشنێك جیاوازە لەو وتە ئاوزمەندانەیە کە بەرەو "شانۆکاری" و "بەڵگەهێنەری" دەگەڕێتەوە، و هەر لەبەرئەوەش لە تێخنە دوور دەکەوێتۆ و ئیتر ناکرێ پلە و پایەی تا ئاستی بەرهەم هێنانێك دابەزێنین. هونەر لە ئاستی ئافراندن و پۆئێسێس ئەنجامی غەریزەگەلێکی وەك مەیل بۆ لای لاساییکردنەوە و تامەزرۆیی بۆ فێربوونە. جا لەبەرئەوە، هونەر لە کۆتایی راڤەدا، هەڵست و کردەوەیەکە ئاوزمەندانە و ئاکامناسانە کە دەتوانێت لانیکەم لە قۆناغگەلێکدا لە ئاستی ناسین و ناوزڕاندنا (یان بە گوێرەی میشل فۆکۆ[٤] رادەی پێویست) لە بەکارهێنانی "تەرازی ئاوزمەندانە" تێپەڕێت. هونەرمەند توانای بینینی ئاکام و ئەنجامی هەیە کە بۆ هەموو کەس دەسنادات و نییە! هونەر تەنیا لەگەڵ "رووداو" بەربەست ناکرێت کە شتێکە "هەیە" یان خەریکە "دەبێت"، بەڵکو پەیوەندی لە

٤- Michel foucault -(١٩٢٦ -١٩٨٣) فەیلەسووف، مێژووزان و بیرمەندی هاوچەرخی فەڕەنسی و لە پێشەنگانی پاش پێکهاتەخوازی و پاش مۆدێرنیتە.

تەك داهاتوو یان باشترە بێژم بە وێنایەك لە داهاتوو كە لە مێشك و مژی هونەرمەندایە گرێیدراوە و هەیە، تەواوەتێكی نەستی هەمیسان دەئافرێنێت. هونەر پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو جوانییەی كە دەشێ لە داهاتوودا ساز بێت. هەر لەبەرە ئەوەشە ئەرستو هەڵبەستوانیی پێ كارێكی فەلسەفیانەترە لە مێژوونووسی. هەڵبەستوان یان هونەرمەند جیهانێكی نوێ دەئافرێنێت و كارەكەی نابەستێتەوە بەم جیهانە. ئەرستو پێمان رادەگەیەنێت كە هەڵبەستوانانیش رێچكەی وێنەران و وێنەسازان بگرنە بەر و وەكیوان "كاتێك گەرەكیانە شتێك سازكەن- وێنەیەك چێ بكەن لە وێنەی ماك، بەڵام باشتر لەو".

ریكۆر[٥] نووسیویەتی:" لاسایی بە واتای ئافراندنی وێنەیەك لەو شتانەی كە پێشتر نەبوون: جۆرێك تەواوكردنی واتاس لە پانتای كرداری بیچمدا لە پلەی بانتر و خۆی لەگەڵ شتێك **وا "هەیە"** بەرامبەر دانانێت، بەڵكو لە كردەوەدا لاساییەك دەئافرێنێت. جا كەوایە هونەر بەو چەشنە كە باسی لێوەكرا بارودۆخێكە كە پەیوەندی لە تەك چێكردندا هەس، دۆزی راستەقینەی ئاوزمەندی لەخۆ گرتووە و نەمانی (نەبوونی) هونەر ڤاژی دۆخێكە بەردەوام لەگەڵ چێكرنا، بەڵام لە خۆگری دۆزی ناراستی ئاوزمەندییە." هونەر چێكردنە (هەروەكو لە وشەكانی یۆنانیشدا "Poesis" وەها دەردەكەوێت، واتە هەڵستێكی ئاوزمەندانە و ئاكامناسانە)- بینیمان كە ئەفلاتون هەڵبەستوانان بە هۆی ناراستی و درۆزنییەوە(!!) سەركۆنە دەكات، بەڵام ئەرستو پێشانیدا كە هونەر جیهانێكی راستەقینەی نوێ دەئافرێنێت كە لەودا هیچ پێویستێك بە لاسایی تەواو و پڕ لە سروشت و ئەو جیهانەی تێیدابین نییە، لە ئەرستو فێربووین كە هونەر باشتر و بانتر لە راستی سروشت بناسین. وتەی "ژان لوك گۆدار" تان دەخەمەوە بیر كە دەڵێت:"راستی فیلمێكە، كە خراپ چێكراوە."

٥- Paul Ricoeur (٢٠٠٥- ١٩١٣) بە ناوبانگترین فەیلەسووفی فەڕەنسی- دوكترای وێژە و دوكترای فەلسەفە - هیومانیستی ناخبین.

# بەشی دووهەم
# کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم

**فلوبێر**[٦] دەبێژێت: "ژیان بە رادەیەك سامناكە تەنیا بە خۆبواردن لەوە كە دەتوانین لەگەڵی رابێین و ئەم كردارەش بە بێ ژیان كردن لە تەك جیهانی هونەر ناگونجێت و نالوێت. بە راشكاوی **راسكین**[٧] یەكەم كەس بوو نزم بوونی ئاستی هونەر و سەلیقەی بە چەشنی هێمایەك لە قەیرانی گشتی كەلتوور لێكداوەتەوە و ئەم هۆكارە بنەڕەتییەی دەربڕیوە كە ئەگەر بڕیار وایە كە بار و ئاستی تێگەیشتنی خەڵك بۆ جوانی و هونەر بورووژێنین و بەرزیكەینەوە، لە پێشدا پێویستە جێگا و باری ژیانی وان بگۆڕین. بە رای ئەو، سامانی راستی نە لەوەچنگ خستنی شتە ماددییەكان، بەڵكو لە بڕستێكدایە بە مەبەستی بەهرە و سوودوەرگرتن لە جوانی ژیان و هونەر."

**ویلیام مۆریس**[٨] پێمان رادەگەیەنێت كە هونەر لە كار- واتە لە شارەزابوون لە ئیش و كارەكانی دەستییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لە تێگەیشتن و دەسكەوتنی گرنگترین و كاراترین ئامرازی بەرهەمهێنی نوێ، واتە مەكینە (ماشین) كلۆڵ و داماوە. راسكین: دابەزینی هونەری گەراندۆتەوە سەر ئەم راستییە كە كارخانەی نوێ لەگەڵ چەشنی بەرهەمهێنانی مەكینەیی و دابەشكردنی تایبەت بە خۆی، بەرگری لەوە دەكات كە پەیوەندییەكی رەسەن لە نێوان كرێكار و كارەكەیدا دروستببێت، بەم واتایە كە توخمی مانایی لە بەین دەبات و بەرهەمهێن لە بەرهەمی دەسرەنجی خۆی "نامۆ" دەكات. ئارمانی بوون، خۆراگری و پتەوبوونی بیناسازی نوێ و هونەری پیشەیی تا رادەیەكی زۆر بەرهەمی هەوڵ و زانیارییەكانی راسكین- ە، ئەگەرچی شوێن پەنجەی راستەوخۆی ئەو

---

٦- Gostave flaubert (١٨٨٠ -١٨٢١) نووسەری ریالیزمی فەڕەنسی و رۆمانی مادام بوواری- ە.

٧- John Raskin (١٩٠٠ -١٨١٩) هونەرناس- نووسەر و رەخنەگری ئینگلیزی.

٨- Willam Morris (١٨٩٦ -١٨٣٤) هەڵبەستوان- بیناساز و شۆڕشگێڕی سۆشیاڵیستی ئینگلیزی.

بۆته هۆکاری بەدیهاتنی ئایینی پەرستنی زیادەرەویانەی کاری دەستی و مەخابن تێگەیشتنی ئەرك و دەرفەتەکانی پیشەسازی ماشینی دۆشداما، و پاشانیش بەرەو وروژاندنی هیوایەکی نەگونجاو رۆیشت.

## ئا) هونەری باژێر (هونەری شاری)

پێشکەوتە گرنگەکانی تێکنیکی کە لەو سەردەمانەدا سەریانهەڵداوە ناشێ ببنە هۆی ئەوەیکە ئەم هەستە قەیرانییە وا خەریك بوو پەرەیدەگرت بیخەینە پشت گوێ. وا باشترە خودی ئەو قەیرانە بە وێنەی پاڵنەر و بزوێنەری پێشکەوتنە تێکنیکی و چاکسازییەکان ببینن کە لە جۆرەکانی بەرهەم بوونە دەسکەوت. هەندێك لە نیشانەکانی ئەم ڤاچە قەیرانییە دەکرێ لە تەواو چالاکییە ئاشکراکانی تێکنیکییەوە ببینن و هەستیان پێبکەین. ئەو شتەی کە زیاتر لە هەموو شتەکانیتر وەك نەخۆشی دێتە بەرچاو- ریتم و گورجییەکی شێتانەی ئەو پێشکەوتنەیە، بەتایبەت لە بەراورد لەگەڵ ریتمی گەشەکردن و گورجی سەردەمای پێشووی مێژووی چاند و هونەر، کە زۆر بەرچاوە. لەبەر ئەوەی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی خێرای تێکنۆلۆژی نە تەنیا ئاهەنگ و ریتمی ئاڵوگۆڕی رێباز گورج و خێراتر دەکات، بەڵکو لە گۆڕەپانی جوانناسیشدا پێوەرەکانی سەلیقە بەرەو گۆڕان دەبات، زۆر جاران دەبێتە هۆی هۆگرییەکی شێتانە و بێ بەرهەم لە نوێخوازیدا، هەروەها هەوڵ و تێکۆشانێکی جارزانە بۆ وەدەسهێنانی شتە نوێیەکان و تەنیا لەسەر داواکاری کۆمەڵگە بۆ بەرهەمانی نوێتر و باشتر، دەورووژێنێ و ئەگەر بە راستی دەیانهەوێت کە لە دەسکەوتەکانی تێکنۆلۆژی کەڵك وەرگرن- نابێ بهێڵین ئەم هەستە کە بەرهەمە نوێیەکان، هەمیشە باشترن دامرکێت، بەڵام گۆڕینی بەردەوام و خێرای کاڵای کۆن و بژێوی رۆژانە لەگەڵ کاڵای نوێ و " ئاردە" کە دەخرێنە بازارۆ لە رێژەی دەربایستی بۆ شتە ماتیکییەکان[9]، هەروەها بە هەندێك دواکەوتن لە رێژەی شتە واتاییەکانیش کەم دەکاتەوە و ریتم و ئاهەنگی خێرایی هەڵسەنگاندنێکی دووبارە کە لە مەیدانی فەلسەفە و

---

٩- ماتیك (ماددی): وشەی ئاوێستایی کۆن کە پاشان چۆتە زمانی عەرەبییەوە.

هونەردا روودەدات لە تەك ئاهەنگی گورجی فارِایەك کە لە دونیای مۆد و باو ڕا بە ئەنجامدەگات پارسەنگ و یەکسانیان دەکاتەوە. جا لەبەر ئەوە، تێکنۆلۆژی نویٚ رێگا بۆ گەشەکردنێکی بیٚوێنە لە مەیدانی بیرۆکەیی ژیانی مرۆڤ خۆشدەکات، بە تایبەت هەر ئەو هەستە نوێیە لە گورجی گۆڕانکارییەکاندایە کە لە "ئەمپرەسیۆنیزم"[10] دا خۆی دەنوێنێت. بەرچاوترین رووداوەیەك کە لەگەڵ گرژی تێکنۆلۆژیدا پەیوەندی هەس گۆڕینی ناوەندە کەلتوورییەکانە بۆ گەورە شاران لە چەمکی بیٚخەوش و نوێی وشەدا، ئەم شارانە خاکێکن کە هونەری نویٚ لەواندا ریشە دادەکوتیٚ و گەشە دەکا. **ئەمپرەسیۆنیزم** هونەرێکی شارییە، و ئەوەش نە لەبەرئەوەیکە چۆنیەتی "دیمەن ئاسا"ی شار ئەدۆزێتەوە و وێنەری و نەخشاندن لە گوندەوە بۆ شار دێنێت، بەڵکو لەمەڕ ئەو هۆیەس کە جیهان لە رۆچنەی چاوی خەڵکی شارنشینەوە دەبینێت و لە هەمبەر رووداوەکانی دەرەکی، بەرهەڵستی مێشکی خەڵکانێکی یەکجار خاراو ماندوو جاڕزی خاوەن تێکنیکی نویٚ دەبێتەوە. ئەمپرەسیونیزم لە پێشکەوتنی دیالێکتیکی لەگەڵ مێژووی وێنەری و نەخشاندنی یۆنانی دەردەکەوێت. واتە دوو رێبازی بەرەو دوای فەرمانی چەق و گەڕۆك، بیچم و رەنگ، هۆنی سەڵت و ژیانی ئەندام ئاسا (ئۆرگانیك)، ترۆپکی رووداوەیەك دروستدەکات کە لە درێژەی ئەودا مۆرکی وەرگرتن لەسەر رەگەزەکانی گەڕۆك، تەڤگەر و ئەندامییەتی ئەزموونکار و ناسراو ئەدات و رەوتێکە کە ئایدیۆلۆژی چەقی سەدەکانی ناوەڕاست بە یەکجارەکی لەبەر یەك پرش و بڵاو دەکات. دەسەڵاتی "چرکە" بەسەر بەردەوامیدا و ئەم هەستەش کە هەر دیاردەیەك، شتێکە تێپەر، کە هەرگیزا و هەرگیز دووپات و چەنپات نابێتەوە، و شەپۆلێکە کە بەسەر چەمی زەماندا دەخشێت و دوور دەکەوێتۆ، چەمێکە کە لەودا "مرۆڤ ناتوانیٚ بۆ دووجار پانبێتە ناوی." لەراستیدا ئەمە ساکارترین و ساناترین فۆرمۆلێکە ئەمپرەسیونیزمی پیٚ پێناسە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشرا

---

١٠- Impressionism : رێبازێکی هونەری گرووپێکی گەورە لە وێنەرانی بە بیرۆکە سەربەست و داهێنەری فەڕەنسی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدهەم کە تەشەنەی گرت بۆ سەرتاسەری جیهان.

ئەم روانگەیەی هێراکلیت[11] پێداگری لەوە دەکات کە راستی ئەوە نییە کە **"هەیە"** ( To be) بەڵکو ئەوەیە کە **"دەبێت"** **(**Be coming**)**، و تەنیا بارودۆخێك نییە (Situation) بەڵکو رەوتێکە (Process).

دوو هەستی سەرەکی کە ژیانی ناوشار لە مرۆڤدا دروستئەکات، ئەمانەن، واتە: هەست بە تەنیایی و شاراوە بوون، لەبەرێکۆ، کاریگەری هاتووچۆی تیژ و بەتەوژم و پڕدەنگ و هەرا، بزاڤی بێبڕانەوە و جۆراوجۆری بەردەوام، لەلایەکیتریشۆ، ئەم روانگەی **ئەمپرەسیۆنیزم** دێنێتە بەرهەم کە لەودا ناسکترین رەوش و بارەکان لەتەك گرژترین نۆرەی هەست و هەڵچوونەکانا ئامێتە دەبن. بنچینەی تیۆرییەکانی- جوانپەرستی نوێ بە چەشنی فەلسەفەی "سستی رەها" و روانگەی ناچالاك و بیرمەندانە بە ژیان دەکرێ بیخەینە سەر شانی **"شوپێنهاوێر"**[12] کە هونەری بە وێنەی دەربازبوون لە ویست و خواست و شوێنێك لەبۆ سوکناگرتن و دامرکاندنی مەیل و چێژ و هەواوهەوەس پێناسە دەکات. **بودلێر** بێزارە لە گوند، **برایانی گێنگۆر**، بە چاوی دوژمنێك سەیری سروشتیان دەکرد و جوانپەرستانی دواتر بە تایبەت **"ویسلێر"**[13] و **"وایلد"**[14] بە گفتولفتێکی ئامێتە بە تەوس و تەشەر باسیدەکەن.

**نیچە** دەنووسێت: بژارەی هونەرمەند بەردەوام شتی خاس و ناوگین و خراو دەئافرێنێت، تێڕوانینی ئەوە کە گشت ئەو کەرستە و شمەکانەی بەکاریان دێنێت لە خۆی دوور و رەتیان دەکاتەوە، و پاشان ئەو شتانەی وا پێویستیەتی لە ناویاندا هەڵدەبژێرێت و رێکوپێکیان دەکات، هەمیسان لە شوێنێکیتر **نیچە** دەنووسێت: "هەتاکو هەنووکە، هەرگیز رەهابوون

---

١١- Heraklit von Ephesos (٤٨٠- ٥٤٠ ب.ز) فەیلەسووفی مەزنی بەر لە سوکرات و ئەفلاتون

١٢- Arthur Schopenhauer :(١٨٦٠- ١٧٨٨) فەیلەسووفی ئاڵمانی.

١٣- James Mcneil Wistler: (١٩٠٣- ١٨٣٤) وێنەری ئەمریکایی.

١٤- Oskar- Wilds: (١٩٠٠- ١٨٥٤) هەڵبەستوان، چیرۆکنووس، نووسەری شانۆ و کورتەچیرۆك- ئیرلەندی.

نەبۆتە پاڵپشتێك بۆ راستەقینە." بە وتەی ئەو، ئەو شتانەی وا بە راستەقینەیان ناو دەبەین لە راستیدا درۆگەلێکن بۆ پێشکەوتنی ژیان و کەڵەکەکردنی هێز و هەروەها فێڵ و تەڵەکەیەکن کە بۆ بەردەوامی ژیان پێویستن و پراگماتیستەکان (ئەزموونکاران)[١٥]، لە بنەڕەتدا، ئەم چەمکە جیاخواز و بەهرەخوازانەی راستەقینە رەچاو دەگرن، بە وتەی **ویلیام جەیمز**[١٦]: راستەقینە ئەو چتەس کە کاریگەر و بەهرەدار و بەپیت بێت. شتێکە کە لە کوورەی ئاگری زەمان لە کڵ هاتبێتە دەرو "سوودمەند" بێت.

سەدەی بیستەم، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی واتە لە دەهەی بیستدا (١٩٢٠) دەسپێدەکات، هەروەکو سەدەی نۆزدەهەمیش هەتا دەوروبەری ساڵی ١٨٣٠ دەستی پێنەکرد، بەلاّم لە کاتی جەنگ تەنیا لەم روویەوە خاڵێکی پێڕایە کە دەرفەت بۆ هەڵبژاردن لە نێوان پێداویستییەکانی بەردەستمان ئەداتێ. هەرسێ رووداوی گرنگی هونەری سەدەی نوێ ئابا و ئەژدادی خۆیان لە سەردەمانی پێشوودا هەیە: کوبیزم[١٧] لە سێزان- دا و نیۆکلاسیست، ئێکسپێرسیونیزمەکان لە ناو کەسایەتی وانگۆك و ستریندبێرگ[١٨] و ریالیزم[١٩] لە رێمبو[٢٠] و لوترەئامۆندا. بەردەوامی رەوتی هونەر لە هەندێك بواردا لەگەڵ بەردەوامی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمە یەکسان و بەرامبەرە. فاشیزم و بۆلشویزم هەردووکیان لەوەیدا کە سەرمایەداری جگە لە کەلاکێکی زیندوو شتێکیتر نییە هاوڕابوون، هەردووش بە توندی و نائاشتیانە وەك یەك هێرش دەبەنە سەر بنەمای لیبرالیزم[٢١] و پارلمانتاریزم[٢٢]، بە چەشنێك کە چینی رووناکبیر لە

---

15 – Pragmatism

١٦- Willian James (١٩١٠ -١٨٤٢) دامەزرێنەری قوتابخانەی پراگماتیزم.

17 - Cubism

١٨- Johan August Strindberg (١٩١٢ -١٨٤٩) شانۆنووسی سویدی.

19- Realism

٢٠- Arthur Rimbaud (١٨٩١ -١٨٥٤) هەڵبەستوانی سەمبولیکی فەڕەنسی.

٢١- Liberalism – ئازادیخوازیی

٢٢- Parliamentarism – لایەنگریی لە پارلمان- مەرجخوازیی

بیچمەکانی ناوچەیی دەسەڵات لایەنگری دەکات و خوازیاری هۆن و تەکووزی و دیسیپلین و دیکتاتۆرییەتە. کڵێسا، خوێندنگە و هۆنایەکی نوێی پێویستە و بە دوایدا وێڵە، بەڵام جۆری دابەشبوونی رووناکبیران بە دوو جەمسەر هەتا دەهەی سی زۆر نابەرامبەرە. زۆربەی ئەم رووناکبیرانە ئاگادار یان بێئاگا کۆنەپەرستن و بە هۆی سیحری بیروبڕواکانی بێرگسۆن[23]، باریێ، شارل مۆرا، ئۆرتێگای- ئای گاست[24]، چستێرتۆن[25]، ئەشپیگلێر، کایزێرلینگ[26]، گلاکس و دیتران، دەبنە ڕێگاخۆشکەری فاشیزم. هونەری پاش ئەمپرەسیۆنیزم، یەکەم هونەرێکە کە هەرجۆرە گریمانە و راستییەك لە بنەڕەتدا خشەبڕ دەکات و روانگەی خۆی لە ژیان بە یارمەتی دەستێوەردانی بە ئەنقەستی شتەکان لە سروشتدا دەردەبڕێت. کوبیزم- کۆنسترەکتیویزم، فوویزم[27]، ئێکسپێرسیۆنیزم، دادایزم[28] و سوریالیزم[29] گشتیان کەوتنە خۆ و قۆڵیان لە ئەمپرەسیۆنیزم هەڵماڵی، لە ئەمپرەسیۆنیزمێك کە بەستراوەتۆ بە سروشت و پشتڕاستی راستییە روو وەردەگێڕن. بە هیچ کلۆجێك ناکرێ هونەری پاش ئەمپرەسیۆنیزم بە هونەری دیسانوێنی سروشت ناوزەد کەین، بەڵام ئەمپرەسیۆنیزم، لەولاشۆ کە خوازیاری راستەقینەس دەسپێکی پێناسەی هەر

---

٢٣- Henri Bergson (١٩٤١- ١٨٥٩) فەیلەسووفی فەرەنسی کە لە ١٩٢٧ خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت.

٢٤- Jose ortegay Gasset (١٩٥٥- ١٨٨٣) فەیلەسووف و رابێژی ئیسپانی- رەخنەگری چاخی مۆدێرن.

٢٥- Gilbertkeith chesterton (١٩٣٦- ١٨٧٤) چیرۆکنووسی بریتانیایی.

٢٦- Herman Grafkeyseling (١٩٤٦- ١٨٨٠) لە پراگماتیستەکانی جگە راشیۆنالیستی ئاڵمانی.

27 – Fauvism

٢٨- (Dadaism) قوتابخانەیەکی هونەریی و وێژەیی کەم تەمەن لە ساڵەکانی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی کە دروشمەکانی بریتیبوون لە تێکدان و باتڵکردنی هەمەچەشنە بەرژەوەندییەکانی کەلتوور و هونەری سەردەم و دژایەتی کردن دەگەڵ جەنگ و خەسارییەکانی.

٢٩- Surrealism رێبازێکی هونەری لە ١٩٢٤ سەری‌هەڵدا کە گرنگی بە بژارە و خەیاڵات ئەدا.

ئەو ڕەوتەیە کە "پاشکۆی ڕاستی" بە هونەر دەخوێندرێتەوە. بۆ خۆی بوو بە ڕێگاخۆشکەری ئەم ڕەوتی ئاڵوگۆڕە. کاتێك لەگەڵ بەرهەمەکانی- براك، شاگال، ڕوئۆ، پیکاسۆ، هانری ڕۆسۆ، سالوادۆردالی ڕووبەڕوو دەبین ، هەستدەکەین کە ئێمە لەگەڵ تەواوی ئەو جیاوازییانەی کە ئەوان لەتەك یەکترا هەسیان، لە جیهانێکی دووهەمی بانتردایین کە هەرچەند هێما ئاساییەکانی ڕاستی لەواندا کەم نییە، بیچمێك لە هەبوون دەخاتەڕوو کە لەم ڕاستییە تێدەپەڕێت و لەگەڵ ئەو ناتەبایە، بەڵام هونەری نوێ لە لایەکیتریشەوە دیسان هەر دژی ئەمپرەسیۆنیزمە: هونەرێکە لە بنەڕەتدا "دزێو" کە هیچ سەرنجێك نادات بە ڕەنگە خۆش و دڵڕفێنەکان و بیچم و قەبارەکانی خۆشئاوازی ئەمپرەسیۆنیزمەوە.

هونەرمەند دەیهەوێت کە بە ڕەچاوگرتنی هۆشیاری کاری وێنەری بکات و بنووسێت و ئاهەنگی مۆزیك دابنێت نە بە هۆگری لە سۆزداری، جاروبار پێداگری دەکاتە سەر پاکژی پێکهاتە و سۆز و بەور و هەر ڕوانگەیەکی کە بە چەشنێك دەربچێت لە ژێر باری جوانپەرستی هەوەسناك و خۆپەسەندانەی سەردەمی ئەمپرەسیۆنیزم. نەفرەت لە هەستخوازیی هونەری پێشوو و تامەزرۆیی بۆ لەناوبردنی بژارەکانی ئەو، دەگاتە ئاستێك کە هونەرمەندان، هەنووکە تەنانەت لە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی دەربڕینی وان خۆ دەبوێرن وەك ڕێمبۆ- وا بە باش دەزانن، زمانێکی دەسکرد و تایبەت بەخۆ بئافرێنن، شوینبێرگ[٣٠] دەزگای دوازدە دۆنگی (Twelve- Tone system) خۆی دادەهێنێت و سەبارەت بە پیکاسۆ جێگای خۆیەتی گوتوویانە کە لەسەر هەر تابلۆیەکی وا کار و ئیش دەکات دەڵێی گەرەکییەتی هونەری وێنەری و نەخشاندن سەرلەنوێ بە پڕی و تەواوەتی بدۆزێتەوە.

---

٣٠- Arnold Schoenberg (١٩٥١ -١٨٧٤) یەکێکە لە گەورەترین مۆزیکناسانی مێژووی موسیقای ئەورووپا و خۆی خەڵکی نەمسا (ئۆتریش) بوو و داهێنەری سیستێمی ١٢ نۆتیە لە موزیکدا.

جەنگێکی تەکووز دژی کەڵکوەرگرتن لەو کەرەستانەی وا باو بوون و دابڕانێك کە بە دوای ئەو لە نەریتی هونەری سەدەی نۆزدەهەمدا دێتە پێش لەساڵی ١٩١٦ لەگەڵ دادایزم دەسپێدەکات، کە دیاردەیەکی سەردەمی جەنگە و دەنگ هەڵبڕانێکە دژی ژیارێك کە کەوتۆتە ناو جەنگ و لەبەرئەمە چەشنێکە لە پەزیرەی شکست و شکان.

ئامانجی گشتی ئەم بزاڤە بریتییە لە بەرگری لە هەمبەر داخوازی بیچمەکانی تەیار و ئامادە، رستەگەلێکی دووپات و دارێژراوی بەجێ کە بە هۆی کۆن بوون و پەککەوتن بایەخێکی نەماوە و خەریکی شێواندنی ئەو شتانەیە کە جێی باس و خواسن و چۆنیەتی سروشتی خۆرسکی دەربڕین دەکاتە هیچ. دادایزم بە وێنەی سورریالیزم کە لەم بابەتەوە لەگەڵ ئەو هاوبیروڕایە- هەوڵێکە لەمەڕ راستەوخۆی دەربڕین، جا لە بنەڕەتدا بزاڤێکە رۆمانتیك، ئامانجی ئەم جەنگە دەستێوەردانی ئەزموونە کە بە ناوبژی بیچم (فۆرم) دەگاتە ئەنجام، هەروەکو دەزانین، **گۆتە**[٣١] ئاگاداری ئەو شتەیە و هەر ئەوەش بۆخۆی هۆکارێکی گرنگ بوو کە هەر بیرۆکەیەك کە لە نەستیاندا تێپەڕێت پێشاندەری ناخی سروشتی ئەوانە و بە "سیحری وتار" کە کردبوونی بە هەڵبەستوان بڕوایەکی سۆفیانەیان هەبوو، بەڵام هەنووکە دادایزمەکان و سوریالیزمەکان دردۆنگن لەوەی کە هەر شتێکی دیاریکراو، رواڵەت (وێنە)یەکی دەرەکی پەیدا کردبێ، بە بوونی بیچم و هۆنایەکی ئاوزمەند بتوانێت خوازیاری ئامانج بێت و لە بایەخی وەها دەربڕینێك دردۆنگیش دەبن. بەلای ئەم پۆلەوە، لە راستیدا هیچ "رەوا" نییە کە مرۆڤ، شۆپ و هێشتەیەك[٣٢] لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت. لەبەر ئەوە دادایزم، "نهێلیزم"-[٣٣]ێکی نوێ دەکاتە جێگری نهێلیزمی کەلتووری جوانناسانە، ئەم نهێلیزمە نوێیە نە تەنیا بایەخگەلی هونەری، بەڵکو

---

٣١- Johan Wolfgang von Goethe (١٨٣٢- ١٧٤٩) هەڵبەستوان، وێژەوان، نووسەر،توێژەر، فەیلەسووف و رامیاری ئاڵمانی و یەکێکە لە شاکلیلەکانی وێژەی ئالمانی و بزووتنەوەی وایمار کلاسیك و رۆمانتیزیزم.

٣٢- میرات

٣٣- (Nihilism) هیچ خوازی، هیچایەتی.

سەرتاسەری "بارودۆخی مرۆڤ" دەخاتە بەر پلاری چەند و چۆنییەوە. هەروەك لە یەكێك لە نامەكانی ئەوانەوە دەركەوتووە سەر لە بەری كرداری مرۆڤ ئەگەر بێتو بە پێوانەی "بیٚبڕانەوەیی"- "ئەبەدییەت"- هەڵسەنگێنین، شتێكی لەخۆڕا و بێهودەیە". ئاردەی كامێرای فیلم هەڵگرتن، فیلم لەگەڵ ئەو شیكاری و شرۆڤەكارییە كە لە زەماندا دەیكات لە دۆزی راستەوخۆی ئەم رێبازەدایە و ئەم رێگایەی بۆ ئێمە واڵا كردووە كە ئەزموونەكانی وا پێشتر تەنیا لە فۆرمی موزیكدا دەرفەتی دەربڕینیان هەبوو لە بیچمەكانی بینینیشدا پێشكەشبكرێن.

ئێمە لێرەدا لەگەڵ هەمان كێشە رووبەڕووین كە لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا هەیە: دیمۆكراسی[٣٤] و دیكتاتۆری، تێكنۆكراسی، بە هەڤڕایەتی، هۆشمەندی و ناهۆشمەندی، دەگەڵ یەك ناتەبان، وەك چۆن لە مەیدانی رامیاری و ئابووریدا ناكرێ یاسا و رێسایەك بۆ هەڵسوكەوت دابرێژرێت، دەرفەتی وەها شتێك لە گۆڕەپانی هونەردا هەر یەكجار ئەستەمترە، لەبەر ئەوەی لەم بوارەدا تێكدانی " هەست و مەیلە سروشتی و دەروونییەكان"، هاوپلەكردنی حەز و خولیاكان و تەكووزكردنی رچەشكێنی تاك بە گشتی تەواوی ئەوانە مەترسییەكی مەزنی بە دوودایە، هەرچەندە كە توندوتیژی ئەم مەترسییانە بەو رادەیە نییە كە خەڵك پێیان وایە و وای بۆ دەچن، بەڵام قەیرانی فیلم لەگەڵ قەیرانێك وا لە ناخی خۆشەویستان و لایەنگرانی سینەمادا هەیە پەیوەندی هەس. ملیۆن ملیۆن جەماوەر كە هەر رۆژە و هەرسات سینەماكانی جیهانی ئەوان لە خۆ دەگرن لە هالیوود تا شانگهای و لە ستۆكهۆڵم تا كیپتاون. ئادی، ئەم كۆمەڵگەی مرۆڤە بیٚوێنە و وەخۆگرە، پێكهاتەی كۆمەڵگەیەكی یەكجار شێواو و شپرزەیە. لە دەسپێكی ژیاری "تاكایەتی"[٣٥] بەم لاوە، فیلم یەكەم پێناسەی هەوڵ و تێكۆشانە بۆ بەرهەمی هونەری و بۆ كۆمەڵانی خەڵك. گۆڕانكاری فوتۆ و وێنە جووڵاوەكان بەرەو فیلم وەك كارێكی هونەری بە دوو شتەوە گرێدراوە: یەكیان داهێنانی "نوێنی زەق و زل"ە كە بە كاری د. و. گریفیت

---

٣٤- (Democracy) گەل سالاری- دەسەڵاتی گەل بەسەر گەلدا.

35- Individualism

دەرهێنەری ئەمریکایی دەناسرێت و ئەویتر رەوشتێکی نوێیە بۆ گونجانی خاڵی تازە لە درێژەی فیلمدا، واتە هەمان بڕین و قرتاندنی کورتە، کە دەسکەوتی رووسەکانە.

ئەوان بەم چەشنە لە گۆڕەپانی سینەمادا لە بۆ دەربڕینی کەشوهەوای وروژان، ریتم و ئاهەنگی هەڵچوون و گورجی زۆر، توانیان بە رێبازی ئێکسپێرسیونیزم بگەن. کە بوو بە هۆی گەیشتن بە کاریگەرییەکی یەکجار نوێ وا لە هونەرەکانیترا، زۆر دەگمەنە، بەڵام باری شۆڕشگێڕانەی ئەم چەشنە مۆنتاژ و خستنەسەریەکە، پتر لەو راستییەوە دێت کە ئەو شتانەی لە هەمبەر هەمیاندا روو ئەدەن نە دیاردەی جیهانێکی وێکچوون، بەڵکو توخمگەلێکی ناجۆر لە یەك راستین و کەمتریش ئەنجامی کورتە لەتکردنەکان، خێرایی و ئاهەنگی گۆڕانکاری لە فریمەکان و پەرەدان بە سنوورەکانن لە سینەمادا، کە بە سانایی وەچنگ دەکەون. بەم چەشنە ئایزنشتاین[٣٦] لە فیلمی "کەشتی جەنگی پوتمکین" دا زنجیرەی رووداوەکان بەمجۆرە پیشان ئەدات: پیاوگەلێك کە زۆر سەخت خەریکی کارن، چەرخگەلێك کە هەڵدەسورێن و رووخسارگەلێك کە بە سۆی کاری زۆر گرانەوە لە قەوارەی سروشتی خۆیان دەرچوون سینگێکی ئارەقاوی، قازانەی هەڵمی کە داگیرساوە، باسکێك، چەرخێك، چەرخێك، باسکێك، مەکینە، مرۆڤ، مەکینە، مرۆڤ، مەکینە،... لێرەدا دوو راستی تەواو لێك جیا، واتە راستی ماتیك (ماددی) و راستی مانابیك (مانا) بەیەکۆ گرێدراون و نە تەنیا بەیەکەوە گرێدراون، بەڵکو هەر بوون بە یەك شت و لە راستیشدا یەکێك لەویترا سەرهەڵدەدا. لە کۆتایی "سەن پترێزبورگ" بەرهەمی پودۆفکین[٣٧]، هەروەها لە بەرهەمیتری ئایزنشتاین "ئۆکتۆبر" و لە فیلمی "مانگرتن" لە داردانێکی زۆر دەبیندرێ، لە سەرتاسەری فیلمەکەدا ئەوە شتەکانن جێگای ئەندێشە و باوەڕ دەگرن و شتەکانن کە لە ناخی تێکنۆلۆژیدا هەڵکوڵاون جا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەی دێنە پێش لە زۆربەی هونەرەکانی دی بەجێترە، مەکینە مەکۆی وان، ناوبژیکەری وان و

٣٦- Aizenstain - (١٩٤٨ -١٨٩٨) دەرهێنەر و رابێژی سینەمایی، خەڵکی روسیە.

٣٧- Vsevolod Illarionovich Pudovkin (١٩٥٣ -١٨٩٣) دووهەمین دەرهێنەری گەورەی سەردەمی بێدەنگی سۆڤیەت.

باشترین مژاری کاری وانه. فیلم شتێکه "دەسکرد" و له هەر بەرهەمێکیتری هونەری زیاتر پێویستی به ئامراز و کەرستەیه، یان له چەمکی بەرتەسکی وشەدا، به مەکینەوه گرێدراوه. جا ئالێرەدا مەکینەش دەنێوان نەستی ئافرێنەر و بەرهەمەکەی، و هەروەها نێوان نەستی خوازیار و چێژێك که له هونەری وەردەگرێت، جێیگرتووه. جموجوڵی مەکینه، مۆتۆری و خودکار، چۆنیەتی بنەمای فیلم له خۆدەگرن.

فیلم بەر له هەموو شتێك یەك وێنەس و هەر لەبەرئەوەش - هونەرێکه تێکنیکی- له مەکینەوه سەریهەڵداوه و دەروانێته سەر چەنپاتی مەکینه، بەچەشنێکی دی به هۆی هەرزان بوونی پیشاندانییەوه- هونەرێکه له بنەڕەتتدا " گەلی" و بۆرەپەسند. زۆربەی بەرهەمه گرنگەکانی هونەری سینەمای سۆڤیەت ئەو فیلمانه له خۆدەگرن که بەڵگەیی و هێشتەی مێژوویین و پەیوەست به پێکهاتەی روسیەی نوێن و گرنگترین ئەرکێك وا سینەمای ئەمریکا به سەر ئێمەوه هەیەتی ئەو راپۆرته بەڵگەییانەن که له ژیانی ئەمریکاییەکان، هەڵسوڕانی ئاسانی رۆژانەی دەزگای ئابووری- بەڕێوەبەری ئەمریکا و شاره پڕ له بورجەکان و مەزراکانی رۆژئاوای ناوەڕاست و له دونیای پۆلیس و جیهانی بانده جەنایەتکارەکان دەیداته دەستمان: گرنگترین و بەسەلیقەترین نوێنەری ئەم جۆره هونەرانەش بۆ خۆیان سوورنین له سەر ئەوەی که بەرهەمی بیریان وەکی "بەرهەمه هونەرییەکان" باسبکرێت، زۆرتر لەسەر ئەو باوەڕەن که ئەو هونەره له هەموو کاتێکدا وەك کۆکراوەیەکی نارەسەنه و به ئامانج و مەبەستێك بەستراوەتەوه که خزمەت به روانگەیەکی تایبەت دەکات. گشت ئەو بەرهەمه چێکراوانه- جگه له بەرهەمی هونەری رەوش و مەنشێکی بویەرانەیان هەس، واته بەرهەمی هەنووکەن، باس له رابردوو دەکەن، و پێداویستی جیهانی ئەمرۆ به کەڵکوەرگرتن له ئەزموونەکانی مێژوویی (واته ئەزموونەکانی ئەمڕۆکه و دوێنێکه) دەستەبەر دەکەن. رووداو و بویەر گرێدراوه به رابردوو و هەنووکەوه، بەڵام داهاتوو تەنیا و بەس وەك گومانێکه و دەکرێ بەربینییەکی بۆ بکرێت. داهاتوو رووداو نییه. له هیچکام له بەرهەمانی دەرکرده و چێکراوی ئێمه، داهاتوو بەو چەشنەی که دەرباز بێت له هەرجۆره دیاریکردن و دامەزراندن و کارابوون

دەور ناگێڕێ، مەگەر لە بەرهەمی هونەریدا، بەرهەمی هونەری نە تەنیا هەواڵی رابردوو و ئێستای پێیە، تەنانەت پەیوەندی هەس لەتەك داهاتووشدا، هەلومەرج و بەشكم و رەنگەش دەوردەگێڕن. هەر ئەوەی "شتێك" ئەو جۆرەی پێمان خۆشە وێنای دەكەین یان لە پەیكەرێكی ماتیكدا (ماددی) دەیئافرێنین واتە ئەومان لە كردەوەیەك یان رەوشتێكی بویەرانە دەرباز كردووە و بە داهاتوویەوە دەبەستین.

**والتێر بێنیامین**[38] دەیگوت: "یەكێك لە گرنگترین ئەركەكانی بەرهەمی هونەری، ئافراندن و داهێنانی ئەو پێداویستیانەس وا ئێستا كاتی جێبەجێكردنیان نەگەیشتۆتێ."

**ئاندرێ برۆتۆن**[39] نووسیویەتی:"بەرهەمێكی هونەری كاتێك پڕبایەخە كە لە بوومەلەرزەی داهاتوو بكەوێتە لەرینەوە." هەنووكە بە سەرنجدان لەم هەموو گومان و دردۆنگییە لە واتای " ئێمە" دەردەكەوێت كاتێك دەنووسم، "ئێمە هەنوكە، دیاردەگەلێك بە "هونەریی" دەزانین كە ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، بۆ وێنە هەر لە سەدەكانی پێشوودا، یان هەر نەبوون یانیش بە هونەریان دانەدەنان."

زۆرتر لەسەر رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هونەر قسەمكردووە نە لە هاتنەدی و دەركەوتنی بێ سێ و دووی هونەر، ئێمە ئەمڕۆكە ئەو دەرفەتمان هەیە كە لە پێشانگایەكی "جلیباو"یش هەروەك پێشانگای هونەریی بڕوانین، و هەر بەو پێودانگانەی هەنووكە لە هونەری شانۆدا هەن دادوەریان لەسەر بكەین، بەڵام ئەم دەرفەتە لە سەدەكانی هەژدە و بەر لە هەژدە هەر نەبوو سەهلە، تەنانەت بیروبۆچوون لەم بارەشەوە زۆر گەوجانە بوو، بەڵام سەردەمەدا دەگونجێت بە پێی ئەو پێشكەوتنە فرەوان و بەربڵاوەی تێكنۆلۆژیی كاڵا و كەرستە و بە هۆی دەسكەوتە شۆڕشگێڕانەكەی ئێلكترۆنیك و ئەنفۆرماتیكەوە، سەروكارمان لەگەڵ هونەری نوێدا هەبێت كە هەرگیز بیری بوونێكی وەها شتێك لە

٣٨- Walter Benjamin (١٨٩٢ -١٩٤٠) فەیلەسووف، ماركسیست و رابێژی وێژە و كەلتوور- ئاڵمانی.

٣٩- Andre Breton (١٩٦٦ -١٩٨٦) هەڵبەستوانی سورریالیست- فەڕەنسی.

سەدەی هەژدەدا بە مێشکیشیاندا نەدەهات وەکو هونەری سینەما، وێنەگری و ڤیدیۆ... تاد.

هەروەك **والتێر بێنیامین** لە وتارنامەی "بەرهەمی هونەری سەردەمی رایشانی مێکانیکی" دا ئاماژەی پێداوە، تەنانەت ئەمرۆکەش ، نەمانتوانیوە بە یارمەتی وەبەرهێنانی فرەی مێکانیکییەوە کۆتایی بە ئۆرجینالّ بوون و دوورەدەستبوونی بەرهەمی هونەری بهێنین و مەودای نێوان هونەر و بارودۆخی ژیانی رۆژانەمان کەم کەینۆ، **بێنیامین** دەیگوت: لە وەها بارودۆخێکدا ئاشکرایە بایەخی "ماکی" بەرهەمی هونەری لە ناو دەچێت!!، یان رەنگە واش نەبێت و ئێمە لەگەڵ دەرکەوتنێکی نوێ لە بەرهەمی هونەری رووبەڕوو بین، لەوانەیە بۆچوونی بێنیامین بە لەناوچوونی "بایەخی ماك" و پێشکەوتوویی ئەم رووداوەیە دروستنەبێت، بەلّام جا کە وایە خالّێك دەمێنێتۆ کە ناکرێت بە گومانەوە تێی بڕوانین و بیخەینە پشتگوێ، ئەویش ئەوەیە کە جۆری بۆچوونی ئێمە بۆ بەرهەمێکی هونەری، گۆڕانێکی  گەورەی بەسەر داهاتووە، لە کۆتاییدا، لەگەڵ هونەر و رێبازگەلێکی نوێ، رچەشکێنی و چەمکگەلی تازە رووبەروو دەبین. هەر ئەوانەش دەبنە هۆی ئەوەیکە بگەین بە لێکدانەوەیەکی نوێتر لە هونەر و جوانی، و جوانناسی کلاسیك (واتە جوانناسی سەدەکانی روونکردنەوە) لە بۆ ناسینی گیروگرفتەکانی ژیان و هونەری سەردەمی ئێستامان ، ولّامێکی پێ نییە و کارابوونی خۆی لە دەس داوە. هونەری سەردەممان، ئیتر تەواو نایەتە بەرچاو. هەر لەبەرئەمەش ئەشێ لەو پێناسانەی کە لە سەردەمای روونکردنەوە لە هونەر داویانە بە چاوی گومان و دردۆنگییەوە بڕوانین و هەلّبەت بۆ هەر بۆچوونێکی هەنووکەیش کە خۆی وەك گوتار و قسەی ئاخر پێناسە بکات.

# بەشی سێهەم
# لە روانگەیەکی ترەوە

## ئا)- بیروبۆچوونی داسەپانی تێکنۆلۆژیی مارکس[٤٠]

راجێرتریگ- نووسەری پەرتووکی "راگەلێك سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ" (١٩٨٨) لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە نووسراوەی هیچ بیرمەندێك بە رادەی " **کارل مارکس**" لەسەر پێکهاتەی رامیاری جیهانی مۆدێرن کاریگەریی نەبووە. بیروبۆچوونی ئەو بوو بە هەوێنی ئەو هەموو شۆڕشە کە لە سەدەی بیستەمدا سەریانهەڵدا. ئەگەرچی ئەم شۆڕشانە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو، لە پێشکەوتووترین وڵاتانی پیشەسازی جیهان سەریان هەڵنەدا. بە گوێرەی لیۆتار[٤١] "گوتەی بان"-ێك، رای رایەکان، راستەقینەی ئاخر، قسەی ئاخر، ئێمە بە لادانی ئەم پڕۆژە یەکچەشن و یەکجۆرە و ئەم وتارە دەسەڵاتخوازە بە جۆرەی دەربڕینی بیروڕای ئازادانە لەسەر بەرهەمی بیرمەندێك و تەنیا باوەڕ بە "گوتەی بان"-ەکانە دەتوانین بێژین مارکس لەناوچووە.

بە دوو واتا مۆدێرنیتە پێشکەشدەکرێت: یەکەم بە چەشنی سەردەمێکی مێژوویی و دووهەم بە چەشنی رووتێکردن یان بارێکی کۆمەڵایەتی- کەلتووری بە قووڵترین واتای ئەم وشانە و لێکدانەبڕاو بوون. لە روانگەی ئەوڕا سەردەمی مۆدێرن بە واتای رۆژگاری بەدیهاتن و گەشە و دامەزرانی لایەنی بەرهەمهێنانی "کاڵایی"- ە ، مارکس پەزیرەی مژاری سەربەخۆیی مۆدێرن- دووبەرەکی سوژە و ئابژە- **هزرئامێری** و زۆربەی ناوەڕۆکە مێتافیزیکییەکانی مۆدێرن و نهێلیزمی تێکنۆلۆژیکی بوو. مۆدێرنیتە دوژمنی سەرەکی نەریتە رەهاکانی رابردووە، چونکە دوژمنی بارودۆخی ئەمڕۆکەیە. مۆدێرن بوون، واتە دژی ئەمرۆ بوون لەبەر ئەوەی ئەمرۆکە هێما و نیشانگەلێکی زۆری لە دوێکەی لەخۆدا حەشار

---

٤٠- Karl Marx (١٨٨٣- ١٨١٨) فەیلەسووف و ئابووریزانی رامیاری و شۆڕشگێڕی ئاڵمانی.

٤١- Jean Francois Lyotard (١٩٩٨- ١٩٢٤) فەیلەسووفی هاوچەرخی فەڕەنسی.

داوە، مۆدێرنیتە لە راستیدا جەنگێکە هەم لەگەڵ رابردووەکان و هەمیش لەگەڵ ئەمڕۆ، جەنگێکی بەردەوامە لەگەڵ پاشماوەکانی نەریت و فەرمانە رەهاکانی رابردوو لە هەنووکەدا.

مرۆڤی مۆدێرن ناشێ "ئامانجەکانی ئەمڕۆ"ی پێباش بێت و وەریان بگرێت، چونکە لەواندا گەڕانەوە بۆ رابردوو و سووربوون و دەسەڵاتی رابردوو هەمیسان دەبینێتەوە. بە گوێرەی رۆلان بارت[٤٢]:"مودێرن بوون واتە ئەوەیکە بزانین چ چتگەلێك ئیتر نالوێن." مرۆڤی مۆدێرن لە روانگەیەکی نوێوە دەروانێتە جیهان ، کە بنەمای ئەو زانستی مرۆڤە.

سەبارەت بە بنەمای مێتافیزیکی مۆدێرن (مۆدێرنیتە) **پییەر ژۆزێف پرۆدۆن**[٤٣] لە پەرتووکی فەلسەفەی هەژاری (-کە مارکس بە دژایەتی لەگەڵ وی پەرتووکی هەژاری فەلسەفەی نووسیوە) لەگەڵ یەك تەبان لەمەڕ جیاوازی نێوان سوژە و ئابژە ( Subjective and objective) و پێویستی زاڵبوونی سوژە بەسەر سروشتدا و ئامادەکردنی هەلومەرجی گەشەی وزەکانی بەرهەمهێن و ئامێرە تێکنۆلۆژیکیەکان. لە سەرەتا وادیارە مارکس و پرۆدۆن سەبارەت بە تێکنۆلۆژی و گەشە، بارودۆخ و ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکترا جیاوازی بیروڕای قووڵیان هەبێت، بەڵام ئەگەر بێتو بە وردی سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە مشتومڕی وان پتر لەسەر ئەنجامەکانە و نەك هۆکار و پێشنیازە رەسەنەکان، جیاوازی بیروڕایان لەوەدایە کە چلۆن تێکنۆلۆژی رێکوپێك بکرێت و لە راژەی کام وزەدا جێبگرێت، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی کە لەناو گشتیان بە یەکجۆر وەرگیراوە لە ناو زانایانی بۆرژوا، رێفۆرمخوازەکان[٤٤]- بنەماخوازەکانی[٤٥] سەردەمیان. واتە پرۆژەیەکی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژییان بۆ خزمەت و راژەی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا نییە.

---

٤٢- Roland Barthes (١٩٨٠ -١٩١٥) فەیلەسووفی فەڕەنسی، رەخنەگریی وێژەیی و هێماناس لە خاڵە گرنگەکانی کاری ئەو، پێکهاتەخوازی- پاش پێکهاتەخوازی- پێکهاتەڕمێنی دێریدایە.

٤٣- Pierre Joseph Proudhon (١٨٦٥ -١٨٠٩) فەیلەسووف، ئابووریناس و کۆمەڵناسی فەڕەنسی، یەکەم کەسێك کە خۆی بە ئانارشیست ناساند.

٤٤- Reformism - لایەنگرانی چاکسازی- نەوژەنخوازی.

**پرۆدۆن** له دوو پەرتووکی **فەلسەفەی هەژاری** (١٨٤٦) و **سەبارەت به یەکسانی له شۆڕش و کلێسادا** (١٨٥٨) مەکینەی بەناوی ئازادی کۆمەڵایەتی ناوزەد کرد و رایگەیاند کە مەکینەخوازی[٤٦] دەسەڵاتی ئێمە بەسەر سروشتدا ساناتر دەکات و لە کۆتاییدا "مامۆستای سەربەستیی" ئێمەیە! دابەشکردنی باژە کاراکانی مەکینە، نموونەیەکە بۆ بەشکردنی کار و ئیشی کۆمەڵایەتی کە دەبێ رەچاو بگیردرێت، لە ئاکامدا ئەرکایەتی[٤٧] گشتی نموونەیەکی باشتر لە ئەرکایەتی باژەکانی مەکینەیەك نادۆزرێتەوە، و کۆتایی پێهاتنی کاری دەستی و دەسپێکردنی ئیشی مەکینەیی بە چەشنی نموونەیەکی هەرە باش دەخاتە بەرچاو.

مارکس لە بەشی دووهەمی هەژاری فەلسەفەدا بە سەر دێڕی "دابەشکردنی کار و مەکینە" نووسیویەتی: "پرۆدۆن تێی نەگەیشتووە کە مەکینە شتێك نییە جگە لە بیچمی پێشکەوتووتر و پێکهاتەی ئامێری کار، کە خۆی لە دۆزی بەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و لە خزمەت و راژەی ئەودا سەروسەکتی گرتووە و ناچێتە سەر هیچ لایەنێکی گوتاری جیاوازی ئابووری و نایەتە هەژمار. مەکینە دەربڕی بیچمی ئابووری ژیانی کۆمەڵگە و رادەی رێژەکانی بەرهەمهێنانە و ناکرێ وەك بەرهەمێکی بەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بێتە هەژمارتن. چەوتی کاری پرۆدۆن لەوە دایە کە هەموو شتێك پێچەوانە دەبینێت و مەکینە دەکاتە نموونەیەك بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا و نازانێ کە بۆ خۆمان لە رەوتی زاڵبوون بە سەر وزەکانی سروشتدا ئافراندوومانە و توانیومانە بەسەریدا چاودێری بکەین." سەردەمی مۆدێرن سەردەمی گۆڕانی بەردەوامی بەرهەمهێنان و ژیانە. ئەم خاڵە لە بەرێکۆ بە واتای گەشەکردن و لە لایەکیتریشۆ بە واتای بێئارامی و بێئۆقرەییە!!.

---

٤٥- Radicalism - بنەماخوازی- بنچینەخوازی- گەڕانەوە بۆ ماك.

٤٦- Machinism - بە مەکینەکردن، مەکینەخوازی، لایەنگری مەکینە لەناو کار و کارخانەکانا.

٤٧- Fanctionalism - ئەرکایەتی، بەکارهێنەری و وەئەستۆگری.

گشت ئەو پەیوەندییە نەگۆڕ و داڕێژراوانە لە هەموو ئایین و بڕواکاندا، زانست و دەمارگیرییەکانی زیندوو، گشت ئەو شتانەی بە چەشنی نەمر- پیرۆز- حەرام و تابۆ بوون، وەلادەندرێن و کۆتاییان پێدێت (هەشت ساڵ پاش دەرچوون و لە چاپدانی مانیفێست، لە ١٤ ئاوریل ١٨٥٦) مارکس، لە وتارێکدا لە شاری لەندەن کە بە هۆی چوارەمین ساڵوەگەری بلاڤۆکا رێکخراوەی چارتیست (People’s Paper) بەڕێوەچوو گوتی:" لەو رۆژگارەی وا تێیداین هەموو شتێك لە دژی خۆی ئاووسە." مەکینە، تێکنۆلۆژی، ئامێری پێشکەوتووی بەرهەمهێنان ئیتر نابنە نوێنەری ژیار و شارستانییەت، بەڵکو بە پێچەوانە دەربڕی چەوسانەوەن. مرۆڤ لە لایەکەوە بۆتە ئاغا و کوێخای سروشت، و لە لایەکیتریشەوە بۆتە کۆیلەی مرۆڤێکیتر یان کۆیلەی پەیوەندییەکانی نامرۆڤانە! گوتارەکەی مارکس روونکەری واتای پێشکەوتن و بە مانای پەرەدان بە کەرستەی بەرهەمهێنان و نوێکردنەوەی پیشەسازی و تێکنۆلۆژی، بەڵام پێشکەوتن نە بە مانای نوێکردنەوەی پەیوەندییەکانی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتییانە. پێشکەوتنێك بە واتای مۆدێرنی ئەو دەبێتە هۆی هەژاری و بەدبەختی زۆربەی کۆمەڵگە".

بە بۆچوونی مارکس چالاکی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئازاد و سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئامێرئاسا و داسەپاوە. بە تێڕادیوی مارکس(نووسەری مانیفێست، پەسن بێژی گۆڕانکاری ئابووری و تێکنیکی، بانگێژکاری تێگەیشتن لە گەشەی وزەکانی بەرهەمهێن وەك پێکهێنەرێکی ژیاری نوێی مرۆڤایەتی و رزگاری مرۆڤ)، بە هۆی ئەو ترسەی کە لە تەشەنەی تێکنۆلۆژی لە دڵیدا بوو و ئازاری ئەدا ، لە یەکەم بەرهەمەکانیدا بە رادەی پێویست باسی لە نارێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان لەگەڵ ئاستی زۆربوونی وزەکانی بەرهەمهێن و تێکنۆلۆژی کردووە، ئەو لە دەربڕینی سام و ترس لە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەگەڵ رەخنەگرانی هۆنا و سیستێمی ئێستا هاودەنگ و هاوڕا بوو. ئەو دەیدیت کە لە دۆخی مۆدێرن و لایەنی بەرهەمهێنی سەرمایەداریدا، بە هۆی رووبەڕووبوونەوەی پێشکەوتنی وزەکانی بەرهەمهێن لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوتی بەرهەمهێنەران، مرۆڤ لە گەوهەری کۆمەڵایەتی خۆی دوور کەوتۆتەوە. ئا

ئەمە بنەما و بنچینەی روانگەی مرۆڤخوازانەی مارکس- ە. **رۆسۆ**[٤٨] رەخنەگری مۆدێرنیتە بوو. ئەو لە پەرتووکی "ئێمیل"دا نووسیبوی:" لە کۆمەڵگەی شارستانیدا، هەرکەس بە پێی پلە و پایە بیهەوێت هەستە سروشتییەکانی خۆی دەربڕێت، بۆ خۆشی نازانێ چی دەوێت بەردەوام لەگەڵ راناوی خۆی ناتەبایە، لە جێگۆڕکێی نێوان گەوهەر و ئەرکدا، نە بە چەشنی مرۆڤ دەمێنێتەوە و نەوەك شارومەندێك، نە بە کاری خۆی دێت و نە بە کاری دیتران، لە چەشنی مرۆڤەکانی چاخی مەی لێدێت، فەرانسەوی یان ئینگلیزییەك، بۆرژوا یان هیچوپوچێك." بە بۆچوونی مارکس لە کۆمەڵگەی شارستانی مۆدێرن یان سەرمایەداریدا، هەر کەسەی بە دوو کەسایەتی دابەشدەکرێت، بوونێکی رامیاری و شارومەند یان هەر ئەو (Citoyen)ی شۆڕشی فەرەنسا، و ئەویتر بوونێکی کۆمەڵایەتی کە مارکس لەم دەقەدا بە ناوی بورژوا باسی دەکات:" لەو شوێنەدا کە دەوڵەتی رامیاری بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشتبێت، مرۆڤ نە تەنیا لە بیر و ئەندێشە و ئاگامەندی، بەڵکو لە"ڕاستی"شدا، ژیانێکی دووهاچەیی دەبێت ژیانێکی ئاسمانی و ژیانێکی هەردی، ژیانێکی کۆمەڵایەتی رامیاری کە لەویدا خۆی وەك بوونێکی هاوڕێ و هاوبەش لەگەڵ دیتران ئەدۆزێتەوە، و خۆشی تا رادەی ئامێرێك دەنرخێنیت و دەبێتە لیستۆکی وزە بیانییەکان."

مارکس دەبێژێت:" کۆمەڵگەی سەرمایەداری کە بە کارەوە بەندە، بۆتە شتێکی بیانی. دەستەواژەی "شۆڕشی پیشەسازی"- ش یەکەمجار لە لایەن **ئێنگێلز**-[٤٩] ەوە ناوزەد کراوە و پاشی چوار سالان "جان ستوارت میل"[٥٠] یش لە پەرتووکی " بنەمای ئابووری رامیاری"دا ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە. لە نامەیەکدا کە ئێنگێلز بۆ **ستارکێن یۆرك** و **بۆرگیوس دەرە**(ژانوویە١٨٩٤) ناردووە، وەها دەنووسێت:" گەشەی رامیاری، یاسایی،

---

٤٨- Jean Jack Roso (١٧٧٨- ١٧١٢) لە نووسەرانی بەناوبانگی سەدەی هەژدەی فەرەنسا. فەیلەسووف، چیرۆکنووس، رابێژی موسیقا، رابێژی زمان و موسیقار.

٤٩- Frederick Engels (١٨٩٥- ١٨٢٠) هاوبیر و هاوڕای کارل مارکسی بەناوبانگ کە بەیەکەوە مانیفێستی کۆمۆنسیتیان نووسی، خەڵکی ئاڵمان.

٥٠- Jahn Stuart Mill (١٨٧٣- ١٨٠٦) بیرمەندی گەورەی ئینگلیزی سەدەی نۆزدهەم.

ئایینی، وێژەیی و هونەری و... تاد، راوەستاون بە گەشەی ئابوورییەوە، بەڵام گشتی ئەمانە بەسەر یەکتراو بەسەر بنچینەی ئابووریدا شوێندادەنێن." دەتوانین بێژین کە بارودۆخی ئابووری خەڵك بە تەنیا خۆی کاریگەرە و هەر شتێکیتر بەس چێکراو و لێك جیاس، هەروەها مارکس لە **وتاری کۆمۆنیزم**دا، ئاماژە دەکات: "بورژوازی (سەرمایەداری) ناتوانێ بوونی هەبێت ئەگەر بێتو بەردەوام ئامێر و کەرستەی بەرهەمهێنان و لەگەڵ وان رێژەگەلی بەرهەمهێن و لەگەڵ ئەوەشڕا گشت رێژە و پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگە شۆڕشگێڕانە نەکات..."

ئەو شتەی کە سەردەمی سەرمایەداری لە تەواو سەردەمانی پێشوو جیا دەکاتەوە شۆڕشگێڕکردنی بەردەوامی بەرهەم، تێکدانی گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و نەمانی راشکاوی و هێورییە.

لە راستیدا "مۆدێرنیتە" لەگەڵ ئەوەشڕا کە لەوانەیە دەستەواژەیەکی زۆر روون نەبێت، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە باشەی هەیە کە گەورەیی بێخەوشی گۆڕانکارییەکانی سەرچاوەگرتوو لە گەشەی پیشەسازی- سەرمایەدارانە و تێکنیکیانە پیشانئەدات. شتێکیتر کە شیاوی باسە، لەخۆبیانیبوونە (Alienation) واتە نامۆیی لە خۆ، لە ریشەی زمانی ئیتالییەکەی (Alienatio) وەرگیراوە کە واتایەکی مافخوازانەی هەیە ، واتە ئەو شتەی کە هی تاك نییە و بەو پێشکەش دەکرێت. ئەم وشەیە لە زمانی فەڕەنسی سەدەی سێزدەدا بە واتای داگیرکردنی ماڵ- سامان یان زەوی کەسێکیتر بوو. لە سەدەی هەژدەشدا Alienation)

(Mentalباسکراوە و مەبەست جۆرێك لە نەخۆشی دەروونییە کە کەسەکە خۆی ناناسێتەوە! لە زمانی ئالمانیدا بە گوێرەی "هێگل" (Ent fremdung) بەکارهێنراوە بە واتای بیانیبوون. هەرچی کرێکار زۆرتر بەرهەم دێنێت و بەرهەمەکەشی لە باری چۆنیەتییەوە گەشە دەکات، هەروەها لە باری چەندیەتیشەوە روو لە زۆربوونە، بەڵام کرێکار رۆژ لەگەڵ رۆژ هەژار و نەدارتر دەبێت، هەرچی کاڵایەکی پتر بەرهەم دێنێت، بۆخۆی دەبێتە کاڵایەکی هەرزانتر. ئەو راستییەی باسمان لێوەکرد بەس بەم واتایەس کە شت (ئۆبژە) کە کار دەیهێنێتە بەرهەم، واتە بەرهەمی کارە، لە ئاستی کار بە چەشنی شتێکی بیانی و هێزێکی

بەرهەمهێنەری سەربەخۆ سەرهەڵئەدات. کرێکار بە کارکردن خۆی ناسەلمێنێت، بەڵکو خۆی رەتدەکاتەوە. چێژ وەرناگرێت و پێی خۆشحال نابێت بەڵکو رەنجدەکێشێت و گیان و رەوانی خۆی شەکەت و وەرەز دەکات.

**مارکس** دەنووسێت:" نووسەرێکیش، کرێکارێکی بەرهەمهێنەرە، نە لەبەر ئەوەی کە ئەو بەرهەمهێنەری ئایدیاکانە، بەڵکو لەبەر ئەوەیکە بەرهەمەکانی ئەو خاوەن چاپخانەکە و... دەوڵەمەند دەکات، هەر دەڵێی کە ئەو کرێکارێکی مووچەخۆری سەرمایەدارێکە."
کاری بیانیکراو لەگەڵ بیانیکردنی مرۆڤ لە سروشت و لە خۆی.

**هابێرماس**[٥١] رەخنە لە بیروڕاکانی مارکس دەگرێت و بڕوای وایە هۆکاری بنەڕەتی هەڵەی مارکس لەوەدابوو کە مێژووی وەك "سەرچاوگەی ئەزموونی جۆراوجۆر" نەبینی، و هەستی بە ئەزموونگەلێکی یەکجار جیاواز کە لە "جیهان- ژین" دێنەدی نەکرد و پەنای بردۆتە بەر رێبیری گشتی فەلسەفەی مێژووی هێگل، لە ئاکامیشدا لەگەڵ سێ کۆسپ یان سێ کێشەی چەوت و دژوار رووبەڕوو بۆتەوە:

" ١- کاری بە فەرمانێکی تێکنیکی و لە باشترین جۆردا پێ کردارێکی خۆئافرێنەری مرۆڤ بوو.

٢- هەر کۆمەڵگەیەکی پێ شتێکی پڕ و تەواو بوو.

٣- پێیوابوو مێژوو بەردەوام خەریکی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنە."

بە پێچەوانە هابێرماس بڕوای وایە:" بڕستی تایبەتی مرۆڤ کرداری پەیوەندیداری ئەوە." خاڵێك کە بۆ مارکسییەکان گرنگی تایبەتی هەیە باسی هونەرە پیشەییەکان، واتە ئافراندنی شتگەلێکە کە بە کاری وەدیهێنانی ئاساییترین پێداویستییەکانی وەك، خۆراك، نۆشاك، پۆشاك، ماڵ و ئەمانە دێت. ئایا وزەی داهێنانی هونەر، داهێنەر، لەوەها شتگەلێکەوە دەسپێدەکات (واتە لەگەڵ پێویستترین پێداویستییەکانی ماددی مرۆڤ) یان ئەوەیکە ئەمانە رواڵەتیان لە شتە هونەریە بێخەوشەکان وەردەگرن؟ ئایا هونەرە پیشەییەکان لە پلە و پایەی

---

٥١- Jurgen Habermas (١٩٢٩) لە فەیلەسووفان و رابێژانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئاڵمانی لە چوارچێوەی نەریتی رابێژی رەخنەدا کار دەکات. فەیلەسووفی پاش مۆدێرن.

بەرزی و نزمیدان؟ ئایا هونەر بەر لە هەموو شتێك كاری ئەوە بووە بە كاری كۆمەڵ، بە كاریماڵی مرۆڤ یان ماڵی خوا بێت؟ ئەو شتەی ئەمرۆكە بە ناوی "هونەرە پیشەییەكان" ناوزەدی دەكەین ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاكردنەوەی چاخی ئێستا: وزەی داهێنان هەر لە یەكەمین هەنگاوەكانی مێژووڕا سەبارەت بەو شتانەی پەیوەندیان بە كۆمەڵەوە بوو  بە كار دەهێنرا تا ئەوەی بە كاری تاك یان گروپێكی بچووك بێت. هونەرمەندانی كۆنەپەرستی[٥٢] سەرمایەداریش بۆ هەڵاتن لەدەست راستییەكانی ئەو جیهانەی تێیدا دەژین ناچار دەكەونە گەڕان بە دوای توخم و رەگەزی مێتافیزیكی- ئایدیالیستی و هێماكانی ناو ئەفسانەی كۆن و مێتۆلۆژییەكانا، تاكو رەوش و كرداری ناتەواوی رەوتی داهێنان باشتر بشارنەوە.

ماركس، بە پێچەوانە، لەسەر سروشتی جەستەیی رەوتی ئەفسانە، و  سەرچاوگەكانی رەوتی داهێنەرانەی "بەرزەمن"[٥٣] پێدادەگرێت كە تەواوكردن و كۆتایی پێهێنانی وان ئەركی سەرشانی هونەرمەندە. ئەو كاتەی كە ئامێرەكانی بەرهەمهێنی هونەری و ئابووری لەگەڵ یەكترا بەراورد دەكەین، تێدەگەین كە لە درێژخایەن، هیچ ناتەرازییەك لە نێواندا نابیندرێت، بەڵكو هەركام دەكەوێتە ژێر كاریگەری ئەویترەوە. ئەوەش بە واتای ئەم راستییە نییە كە تێكنیككگەلێكی دیاریكراو و ئاشكرا، هەروەها جۆرەكانی بەرچاو لە هونەر (و كەرستەی دەربڕین)یش لەوانەیە روو لە لاوازی بنێن و تەنانەت هەر بە یەكجاری لەناو بچن، جا لەبەر ئەوەشە كە تێكنیكی وێنەری و نەخشاندن لەسەر شووشە و جام لە سەدەكانی ناوەڕاست گەلێك پێشكەوتبوو، پاش ئەوە بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ تووشی خەساری هات، بەڵام ئەگەر دەبینن، بۆ نموونە رێبازی چیرۆكنووسی سەرمایەداری لە ئاستێكی بەرچاو پوختەتر و وشەكانیش بەربڵاوتر و بەرفرەوانتر لە رێباز و وشەكانی فیسارە هەڵبەستوانی پاڵەوانییەتی سەدەكانی ناوینە، ئەم شتە بە هیچ كلۆجێك بەم واتایە نییە كە وێژەی مۆدێرن وزە و هێزێكی داهێنەرانەی زیاتری لەبەردەستدایە، هەر بەم چەشنە، لە ژیانی ئابووریشا كەڵەكەبوون و جۆراوجۆری ئامێرەكانی بەرهەمهێن و بەكارهێن رواڵەتێكی تەكووزتر-

---

52 - Reactionary
53 - Super ego

ئاوزمەندانەتر و یەکسانیتری نەبەخشیوە. بە پێچەوانە، ئەوەیکە فرەتر بووگە، نەك هۆن یان تەکووزی، بەڵکو پشێوی و ئاژاوەس. هەر ئەم خاڵەس دەکریَ لە هونەرە بەرجەستەکانا بسەلمێندرێت، بیناسازی، وێنەری (نەخشاندن) و پەیکەرتاشی لە نێوان سەدەکانی ناویندا بە گشتی ڕێکوپێکتر بوون یان باژگەلێکی جۆراوجۆریان پێکدەهێنا و بە ڕێبەرایەتی بیناسازی کاریگەریان بەسەر یەکترا دەبوو. ئەم یەکگرتنە ئیتر ئەمرۆکە نەماوە، تا ئەو رادەیە باژەکان لێك دابڕاو و سەربەخۆ بوون کە لە کۆتاییدا گشت بڕستی کارامە بوونی خۆیان لە کیس داوە (بۆ وێنە- پەیکەرسازی) یان لە دژایەتی روون و ئاشکرا لەگەڵ گەوهەری هونەردا جێیان گرتووە (بۆ وێنە، هونەر بە چەشنی سامانێکی کەسانەیی)، پرسێکی تر کە مارکس دەیخاتەڕوو گەشەی نایەکسانی بەرهەمهێنانی ماتیك (ماددی) و بەرهەمهێنانی جگە ماتیکە، بۆ وێنە، بەرهەمهێنانی هونەر."

**مارکس** دەڵێت:" روونە کە هەندێك لە لوتکەکانی هونەر بە هیچ کلۆجێك بەرامبەر لەگەڵ پێشکەوتنی گشتی کۆمەڵگەدا نین، هەروەها بەم شێوە لەگەڵ ژێرخانی ماتیکیش یەك ناگرنەوە. هەر ئێژی لەشێکە و بەڕێوەچوونی تایبەتی خۆی گەرەکە. بۆ وێنە یۆنانییان بێنن لەگەڵ (نەتەوەکانی) مۆدێرن یان لەگەڵ **شێکسپیەر**[٥٤] بەراوردیان کەن، تەنانەت ئەگەر ئێستاش پەزیرەی دەسپێکردنی بەرهەمی هونەری یا ئافراندن بین- بە جۆرێکیتر هەندێك لە ئافرێندراوە گرنگەکان لە ڤاچی هونەردا تەنیا لە پلەی دەسپێکی گەشەسەندنی هونەردا دەلوێن. ئەگەر بێتو ئەم کارە بە سەرنجدانی بەڵگەکانی جۆراوجۆری هونەر لە چەنبەرەی دەسەڵاتی خودی هونەردا چێببێت، شتێکی زۆرسەیر نییە کە سەبارەت بە گشت ڤاچەکانی هونەر و پەیوەندییەکانی وان و لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەش یەك بگرێتەوە.

هەندێك هەلومەرج و کەشوهەوای باوەڕپێکراو یان کۆسپ و تەگەرەی برێك لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان، دەسکردن. بۆ وێنە، دوژمنایەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە هەمبەر هونەر و هەڵبەستدا. بێتو ئەم خاڵە رەچاو نەگرین ڕێگا بۆ ئەو گومانەی

---

٥٤- William Shakespear (١٦١٦- ١٥٦٤) هەڵبەستوان و شانۆنووسی ئینگلیزی.

فەرەنسییەکان لە سەدەی هەژدەدا والا دەبێت، کە "لێسینگ"[٥٥] ئەوەی بە زمانێکی تەوس و توانج، بەڵام شیرین و جوان خستۆتە بەر پلاری گاڵتەوگەپ. لە لایەکیترەوە ئێمە کە زیاتر لە گەلانی پێشوو لە مێکانیك و سایبێرنێتیك و... تاد پێشوەچووین، ئیتر بۆچی نابێ و ناکرێ حیماسەت و پاڵەوانییەتێکی نوێ چێبکەین؟ و لە جیاتی ئلیاد، بۆ وێنە بە ئیزیادەوە سەرقاڵ نەبین؟! گەورەترین بەرهەمەکان لە ژێر دەسەڵاتداری هونەر و فەلسەفە و ... ئەمانە دێتە ئافراندن. ئەم رەوتە روون و ئاشکرایە بەربەست و بەرتەسکە، و تەنیا تا ئەوکات بەردەوام دەبێت کە پێداویستییەکانی "مانائیك" (واتایی) جێبەجێ بکەن. ئەم پێداویستیانەش سنوردارن، چونکە لەسەر بنەمایەکی "ماتیك"ی (ماددی) بە پێویست و بەربەست سەرچاوە دەگرن. لەم روویەشەوە، خوو و رەوشتی بەربەست و زلبوونەوە بە رادەی ئایدیولۆژییەك، لێك پرژ و بڵاوبوونیشی بە دواوەیە.

لە لایەکیتریشۆ، گەشەی ماتیکی (ماددی) بەس بە چەشنی رێژەیی دواخرابوو بە جۆرێ کە بە گشتی جیا لە گەشەی سروشتی ئەم بەرهەمە، چاکسازی و رێفورمی ئایدیولۆژی دەبێتە هۆی وەدیهاتنی پێداویستییە ماددییەکانی نوێ. ماتریالیزمی دیالێکتیك گەواهی لەسەر ئەوە ئەدات کە باری تێگەیشتنی مرۆڤ خاوەنی وزەی جەستەیی و هەستی، وەرگیراو یان ئاوزمەندە، هەرکام لەم وزانە شت یان ئابژەیەك، لە روانگەیەکی جیاوازەوە دەبینێت، ئەوان بە شێوازی جۆراوجۆر لە روانگەکانیتر ئامێتە دەکات و هەرکام لەوان لەگەڵ کاری راستەقینەیاندا نزیك دەبنەوە. پەیوەندی نزیکتر لە نێوان وزەکانا بە ئامانجی یەکگرتن و تێگەیشتنی بەربڵاوتر لە جیهانی ماتیك (ماددی) و هەروەها روتێکردنێکی نزیکتر بەم جیهانە دەبێتە هۆی ئافراندنی بەرهەمگەلێکی گەورە، کە لە ناو جیل و نەوەکانی داهاتوو زۆر زیاتر دەمێنێتەوە، تا ئەو شتە پڕ سەیر و سەمەرانەی مێژوو. ئەو شتەی لە رووی مێژووییەوە دەگوازرێتەوە لە ئاستی داهێنان و ئافراندندا نییە، بەڵکو کۆمەڵێك شوناسە و بەس، تەنیا شوناسی ماتیکە نە "بایەخی" رەوتی ئافراندن. لە راستیدا، هەرچی رادەی ماتیکە ناسراوەکان پتر بێت پێویستە وزەی ئافراندنیش کە دەگاتە ئاستی پێشوو زۆرتر

---

55 - Lessing

بێت. به واتایەکی دی، پەیوەندی نێوان گەشەی مێژوو و وزەی ئافراندن، مێکانیکی نییە بەڵکو دیالێکتیکیە. بە کورتکردنی تێبینییەکانی خۆمان سەبارەت بە گشتیترین پرسیار، پێویستە ئەو دەسکەوتەمان بێت کە بیروبۆچوونی مارکسیستی هونەر ناتوانێ تەنیا بیروبۆچوونێکی بێخەوش بێت سەبارەت بە ناوەڕۆك و فۆرم و بیچم، بەڵکو پێشانماندا کە چلۆن رەوتێکی پێچەڵاوپوچ بە هۆی پێداویستییەکان و بەرژەوەندی ماتیکەوە جۆرێك لە دەربڕینە هونەرییەکان دێنێتە ئافراندن، هەروەها مژارە دیاریکراوەکانی مێژوویش دەکا بە ناوەڕۆکی هونەری. دیالێکتیکی ماتریالیستی دەتوانێت قۆناغەکانی رەوتی داهێنان بە سەرنجدان بە کار و هەڵستی رووبەڕووی ماتیك (مادده) و مانائیك کە وردەوردە بەرەو پلەیەکی بانتر هەڵدەزنێت، شیبکاتۆ، سەرەڕای ئەوەش، ئەم چەشنە گەشە مێژووییە وەها رەوتگەلێك لە گشت پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕەپانی دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانی کەلتووری، لە زەنجیرەی بێبڕانەوەی جیل و نەوەکاندا ئاشکرا دەکات. مارکس دەنووسێت: "دەستاڕ کۆمەڵگەیەکی بەگ و دەرەبەگ بە ئێوە ئەدات، بەڵام ئاشی ئاگر کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری تێکنیکی دەبەخشێت." **تام برێنز**[٥٦] لە کۆمەڵە وتارە بابەتییەکانی خۆیدا (١٩٦٩)، مرۆڤی پیشەیی بەشی پەیوەست بە مارکس بەم سەردێڕەی خوارەوە پێناسە دەکات:" تێکنۆلۆژی، بزوێنەر و هاندەری سەرەکی بە پیشەییبوون و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەیە." زۆر لە مارکسییەکان و هەندێکیش لە کەسانی جگە مارکسیست[٥٧] نارازیبوونی خۆیان بە چەشنێکی کاریگەر لە پێناسەی مارکسیزم بە وێنەی جۆرێك "داسەپانی تێکنۆلۆژی" دەربڕیوە. وا دیارە کە تەواو دۆستانی مارکسی بەرێز بەڵێنی پیرۆزیان بە یەکتر داوە تا لە (داسەپاندنی تێکنۆلۆژیك) تارمایی و مۆتەکەی لەسەر لابەرن و بیرەتێنن.

---

٥٦- Tom Berenz (توێژەر و دیزاینێر لەسەر شوێنی رێکخراوەکان، کە توێژینەوەی لەسەر ٢٠ کۆمپانیای ئینگلیزی و ئوسکوتلەندا کردووە).

٥٧- Marxisit - لایەنگری بیرۆکەی کارل مارکس و هەمەوەندی و یەکسانی.

پەرتووکی "تێکنۆلۆژیی خۆژیی" **لانگدۆن**[٥٨] پێداگری لەسەر دەقەکان لە چوارچێوەی لێکدانەوەی داسەپانی تێکنۆلۆژیکی مارکس دەکات. ئەو دەنوسێت: "مارکس وای بیر دەکردەوە بە بوونی تێکنۆلۆژی بنەڕەتیترین بگۆڕی سەربەخۆ و چالاکی لە سەرتاسەری مێژووی دۆزیوەتەوە." بە گوێرەی داسەپانی- تێکنۆلۆژیك بە روونی دەربڕی ئەم واتایەس کە گۆڕانی تێکنیکی هۆکاری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگەیە، بەڕاستیش گرنگترین هۆکاری گۆڕینی کۆمەڵگەیە. "بیروڕایەك لەسەر ئەوەیکە مەکینە مێژوو چێدەکات"، بە راشکاوی لە بەرهەمەکانی مارکسیستیدا بەرچاون، رەنگە بێ ئەم لاوئەولاترینی لە پەرتووکی **ماتریالیزمی مێژوویی بۆخارین**[٥٩] دا هاتبێت، لەوێدا دەتوانین ئەو دەقانە کە وەك "فەرمان" هاتوون لە خوارەوە پەیدا بکەین: گۆڕانکاری لە وزەکانی بەرهەمهێندا واتە گۆڕانکاری تێکنۆلۆژی "شێوازی بەرهەمی مێژوویی، واتە فۆرم و بیچمی کۆمەڵگە دیاریدەکات." بەناوبانگترین رستەیەك کە دەربڕی دەقی ناوبراو بێت لە پەرتووکی "هەژاری فەلسەفە" دا ئاوەها هاتووە: (پێشەکییەکەی هی ١٨٥٩- یە) "مرۆڤەکان لە درێژەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیاندا بە ناچاری دەکەونە ناو پەیوەندیگەلێکی دیاریکراو لەگەڵ یەکترا کە سەربەخۆ لە ویست و خواستی خۆیانە، واتە رێژەکانی بەرهەمهێن جێگرتوو لە تەك ئاستێکی دیاریکراو لە گەشەی وزە ماتیکەکان." کۆی ئەم پەیوەندییانە تەواوەتێك چێدەکات کە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، ژێرخانێکی راستەقینە کە لەسەر ئەو "سەرخانێکی" یاسایی و رامیاری دێتەدی و فۆرمگەلێکی دیاریکراو لە ئاگامەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ وان یەکدەگرن و دەکەونە سەریەك.

ئەمە تێگەیشتن و زانایی مرۆڤەکان نییە کە بوونیان دەسەلمێنێت، بەڵکو جۆری بەرهەمی ژیانی ماتیکە کە چاودێری دەکات بەسەر رەوتی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی، رامیاری و مانائیکدا. لە قۆناغێکی دیاریکراو لە گۆڕانکاری وزەکانی ماتیکی کۆمەڵگە

---

58 - Muris Longdon

٥٩- Nikolai Iwanowitsch Bucharin (١٩٣٨ -١٨٨٨) رابەر و شۆڕشگێڕ و رابێژی کۆمۆنیست و بۆلشویك کە پاشان لە لایەن ستالینەوە لە سێدارە درا.

لەگەڵ ڕێژەکانی بەرهەمهێنی دەسەڵات، یان ئەگەر بمانهەوێت دەقەکان بەس بێجگە لە زمانی یاسا باسبکەین لەگەڵ ڕێژەکانی خاوەنداریەتی کە چوارچێوەی کار و کردەوەی وان تا ئەوکات بوونی هەبووە دەکەونە دژایەتی یەك، ئەم پەیوەندییانە لە گۆڕینی بیچمەکانی وزەی بەرهەمهێن دەبنە کۆسپ و تەگەرە هەر لەو کاتەوە سەردەمێك لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەسپێدەکات... و بەسەر ئەوەشا زۆر دەقیتریش هەن کە پتر لە ناو بەرهەمەکانی مارکس دا(١٨٥٠- ١٨٤٠) ڕەنگ ئەدەنەوە، کە هەموویان بە چەشنێك بانگەشەی ئەوەدەکەن: مەکینە مێژوو چێدەکات، کە هەڵگری لێکدانەوەن. هەر خوێندنەوەیەکی وردانە لەوان دەسبەجێ دوو خاڵمان بۆ ئاشکرا دەکات: یەکەم ئەوەیکە ئەگەر بمانهەوێت ئەوە بکەین بە "فەرمانی مەکینە مێژوو چێدەکات"، دەبێ (چەمك)ی "وزەکانی بەرهەمهێن" یەکسان لەگەڵ تێکنۆلۆژی شرۆڤە بکەین و دابنێین، دووهەم ئەوەیکە بە گۆڕینی وان بە بیروبۆچوونێکی توندڕۆیانەی داسەپانی تێکنۆلۆژیك بەو واتایەی کە پێشتر باسمان کرد، پێویستە و دەبێ ئاڵوگۆڕی وزەکانی بەرهەمهێن بە چەشنی کارێکی سەربەخۆ، یان لانیکەم سەربەخۆ لە (ڕێژەکانی) بەرهەم دابنێین.

**لوکاچ**[٦٠] وێڕای ڕەخنە لە پەرتووکی ماتریالیزمی مێژوویی **بوخارین**، دەنووسێت: "تێکنیکی پارچەیی،(یان) چرکەیی، ئاشکرایە بەشێکی یەکجار گرنگ لە وزەکانی بەرهەمهێنی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت، دەنا، نە تەواو لەگەڵ وان یەکە، و نە ئەوەش... چرکەی کۆتایی یان ڕەهای گۆڕانکارییەکانی ئەم وزانەیە". بەم چەشنە (وادیارە) لێکدانەوەی جیا لە مارکسیزم بە جۆرێك بیروبۆچوونی داسەپانی تێکنۆلۆژیك بە کردەوە لەسەر ئەم پێوەرانەی خوارۆ وەستاوە:" وزەکانی بەرهەمهێن= تێکنۆلۆژی" بەڵام تەنانەت لایەنگرانی ئەم بڕیارە کە مارکس هۆگری تیۆری داسەپانی تێکنۆلۆژی بووگە، کەسانێکی وەك **ویلیام شاو**، وابیر ناکەنۆ، کە بکرێ وەها بۆچوونێك بەسەر مارکسدا بشکێننەوە "... بە بڕوای مارکس، وزەکانی بەرهەمهێن، کارگەلێك لەخۆ دەگرن پتر لە ئامێرەکانی مەکینە یان

---

٦٠- Gyorgy Lukacs (١٩٧١- ١٨٨٥) فەیلەسووف و بیرمەندی مارکسیست خەڵکی هەنگاریا.

تێکنۆلۆژی بە واتای تەسکی وشە، لە راستیدا، واپێدەچێت کە وزەی کار، پسپۆڕی، زانست، ئەزموون و... تاد، واتە رێگاگەلێکن کە دەرفەت بە کار ئەدەن، تا بەرهەم بینێت. بەشێك لە گرنگترین وزەکانی بەرهەمهێن دێنە هەژمار."

ئینجا ویلیام شاو ناچار دەبێت بیدرکێنێت کە سەردێڕی "داسەپانی تێکنۆلۆژیك" لە راستیدا هەندێك بەلارێدا چوونە و لادان و خراپ تێگەیشتنە، چونکە مارکس راشکاوانە باس لە داسەپانی وزەی بەرهەمهێن دەکات." مارکس هەر لە یەکەمین نووسراوەکانی خۆی (بەردەوام) پێداگری لەوە دەکات کە تایبەتمەندی شازی کاری مرۆڤ " زانستی بوون" ی ئەوە: " چالاکی ئاگامەندی ئازاد، خوورەوشتی جۆری مرۆڤە ... مرۆڤ بە کار و ئیشی خۆی بەسەر سروشتی شینۆکیدا بە چەشنی بوونێکی ئاگا و هایا خۆی دەچەسپێنێت... وەکو جالجالۆکە و مێش هەنگوین."

**دیزاینێرانی سەربەخۆی گۆڕانی تێکنیکیش،** شتێکە کە لکاندنی ئەو بە مارکس تەنیا بە ئەگەر و مەگەرەوەیە، تەنانەت ئەگەر بێتو پەزیرەی فۆرمۆلی وزەکانی بەرهەمهێن= تێکنۆلۆژیش بین. مارکس دەڵێت: " بەر لە هەموو شتێك دەبێ رەوتی کار سەربەخۆ لە هەر چەشنە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی شاز رەچاو بگرین." ئەو لە پێشدا "رەگەز و توخمەکانی سانا و سەرەتایی رەوتی کار بە دووی یەکدا ریز دەکات: " ١- چالاکی مەبەستدار کە هەمان خودی کارە ٢- ئەو شتانەی کاریان لەسەر دەکرێت ٣- ئامێر و کەرستەی کار." ئەو دەیهەوێت کاڵایەك بێنێتە بەرهەم کە بەرجەستەی بایەخی فرەکراو بێت. بە بۆچوونی مارکس سەرچاوەی سەرمایەداری ناگەڕێتەوە سەر گۆڕان لە تێکنۆلۆژیدا، بەڵکو شاراوەیە لەناو ئاڵوگۆڕی رێژەکانی بەرهەمهێناندا، واتە لە بەدیهاتنی چینی کرێکارانی مووچەخۆر و بێ سامان." لە سەرەتادا، سامان و سەرمایە بە پێوادنگی پێداویستییەکانی تێکنیکی باو تا ئەوکات لە مێژوودا کاری دەخستە ژێر رکێفی خۆیەوە.

### ب)- تۆرە و هونەر:

بووژانەوەی هونەری بورژوازی لە راستیدا هەم لە کاری وێنەری و نەخشاندن لەسەر ستاند و سێپایە و هەمیش لە پەیکەرسازیدا بە گشتی لە دەرەوەی بازنەی گروپە

فەرمییەکان و لە هەمبەر ئیدانەی گشتیدا سەریگرت. هونەرمەندانی وەك **گیس**[٦١]، **مانێ**[٦٢] و **دێگا**[٦٣] بۆ دەربڕین و دەرخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی چینی مامناوەندی سەردەم، زاڵبوون بەسەر (کەرستە) و ئامێرە نوێیەکاندا، **مونە**[٦٤] و **ڕێنواریش**[٦٥] دەسەڵاتیان پەیدا کرد بەسەر کەرستە نوێیەکان لە بۆ دەربڕینی هەستی ئەم چینە لە بەرامبەر سروشتدا، **ڕۆدێن**[٦٦] روخسارێکی نوێی لە کاری وێنەری و نەخشاندن نواند و دەسکەوت. هونەری ئەمانە لەگەڵ ئەوەشڕا هەستخوازانەیە، ئایدیالیستیشە، **مانێ** گەورەترین هونەرمەندی ئەم گروپە ریالیزمە، لەگەڵ تام و چێژێکی گوماناوییەوە ئاوێتە بوو. هەر لە هەمان سەردەمی بەدیهاتنی بیناسازی نوێشدا، سوودوەرگرتن لە مەواد و کەرستە نوێیەکان (ئاسن، ساروج، شووشە و جام) لە راژەی بەکارهێنانی ئابووری نوێیدا دەبینین (کارخانەکان- بازاڕە گشتییەکان- بورجی ئیڤێل- وێستگەکانی رێئاسن و "شەمەندەفەر" و... تاد). راشکاوانەترین پێشکەوتن لەوپەڕی ئەم هونەرە تەواو بورژوازییە دەسکەوتی **گۆستاو کوربێ** لە روانگەیەکی ماتیك باوەڕانەوە بوو (هەڵبەت لایەنەکانی رۆمانتیکی ئەو رەچاو ناگرین) کەڵکوەرگرتن لە رەنگ بۆ وێنەکێشانی (بەردەکان- ئاو- و...) ماتیك باوەڕی **کۆربێ** بە روونی ئەو لە ئەمپرەسیۆنیزمەکان جیا دەکاتۆ (ئەم خاڵە کە ئەمپرەسیۆنیزمەکان پێداگری دەکەن لەسەر کاری وێنەری و نەخشاندن لە دەرۆی کارگەدا و تاچەنێك لە سروشت نزیك بوونەوە تەوفیرێك لەم وتەیەدا ناکات)، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتەی کۆربێ بە چەشنی فەرمانێکی رەها مایەوە.

لە سەردەمی سەرمایەداری پاوانخوازدا لە نێوان گشت هونەرەکانا، بیناسازی وردەوردە خەریکە گرنگی تایبەت پەیدا دەکات، هەڵبەت بێ ئەوەیکە دەورێکی بە راستی رێبەرایەتی هەبێت، واتە بێ ئەوەیکە جێگە و پێگەی ئەندام ئاسای تێکنیك یان رێبازی خۆی بە

---

61 - Constantin Guys (1802- 1892)
62 - Edouard Manet (1832- 1883)
63 - Edgar Degas (1834- 1917)
64 - Claude Monet (1840- 1926)
65 - Pierre Auguste Renoir (1841- 1919)
66 - August Rodin (1840- 1917)

سەرکاری وێنەری و نەخشاندن و پەیکەرسازیدا بسەپێنێت، بیَ ئەوەیکە ڕێگای گەیشتن بە بەرهەمێکی هونەری یەکپارچە و یەکگرتوو پێشاندات. بە پێچەوانە، بیناسازی کەلێنی نێوان خۆی و پێکهاتەی هونەرە جوانەکانیتری دەرخست. ناتەباییە دەروونییەکانی سەرمایەداری پاوانخواز بە تایبەت لە ڕێبازی کلاسیك و کالونیستی **لوکۆر بۆزییە** دەردەکەوێت، بەڵام لە کاری وێنەری و نەخشاندنا دوو هۆگری جۆراوجۆرمان بۆ ئاشکرا دەبێت:

١- **فۆرمالیزم**- ی[٦٧] **سۆرا** و **کانستراکتیویزم**- ی[٦٨] جوانکاری **گابۆ**[٦٩] و **پێفسنێر**[٧٠] کە نوێنەری فۆرمالیزمی سەرمایەداری پاوانخوازە. بۆ وێنە لە تابلۆی" هەراوهۆریا"ی **سۆرادا** چەند پەیکەرەیەکی بووکەڵە ئاسا کە پتر بە چەشنی بنکەیەکی ئابووری مەزنی مۆدێرن، ڕێکوپێك کراون کۆمەڵێك جووڵەی تەکووز و هاوئاهەنگ ئەنجام ئەدەن.

٢- ئەم هۆگرییە لە وێنەری مۆدێرندا هێمایەکە لە بۆ راکردن لە جیهانی دەرەکی و پەنابردن بۆ جیهانی ژوورەکی. لێرەدایە کە هەستیاری ئەمپرەسیۆنیزمگەل ڕێگا بۆ ئاگامەندییەکانی بان سروشت دەکەنەوە، ئا لێرەدایە ئەو تێڕامان و سیفا رۆژهەڵاتییەی کە لە مارتین- دا دەیبینین. ئەم هۆگرییە هەروەها راستەوخۆ لەناو ڕەنگەکان و هێڵەکانا خۆ دەنوێنێت و شوێنێکی هێمایی ئەوان دەخاتە ژێر چاودێری و پەیکەرە مرۆڤینەکان نە بە پێوانەی یاسا سروشتییەکانی خودی وان، بەڵکو بە پێی پێداویستی نەستی هونەرمەند لە بابەتی دەربڕینەوە تێکەڵ و ئاوێتە دەکات.

بارتەقایەك کە لە نێوان جیهانی دەرەکی و جیهانی ژوورەکیدا دەرکەوت کتومت روخساری تایبەتی راکەر و پاشەرۆژین و دەروونهەژانەی ئێکسپێرسیۆنیستییە. فۆرمی بنەڕەتی هونەری سەرمایەداری، واتە کاری وێنەری و نەخشاندنی سەر ستاند و سێپایە، لە

---

67 - Formalism

٦٨- Constructivism پێکهاتەخوازی (١٩١٧ لە رووسیە).

٦٩- Naum Gabo (١٩٧٧- ١٨٩٠) پەیکەرساز

٧٠- Antoine Pevsner (١٩٦٢- ١٨٨٦) پەیکەرسازی رووسی.

دووبەری دژکارەوە هەڕەشەی لێدەکرێت: لەبەرێکۆ، بە هۆی سۆز و بەورێك بەرەو شکۆداری کە بە هیچ کلۆجێك نە لەسەر بیناسازی مۆدێرن، بەڵکو لە سەر ئایینێکی هەڵگیراو دامەزراوە، لە لایەکیتریشۆ، شیکردنەوەی جوانناسییەك کە کاری وێنەری و نەخشاندنی ستاند و سێپایە لەسەر ئەو دامەزرابوو (واتە یەکگرتنەوەی شوێن- کات و کار). ئەم شیکردنەوەیە لەوانەیە لە سینەما، فۆتۆمۆنتاژ (وێنەلکاندن)، هونەری پۆستێرسازی و ئەمانە ئیلهامی گرتبێت و تەنیا دەیتوانی بە وێنەی دەسپێکی کاری وێنەری سەر سێپایە و ستاند بگاتە ئاستی وردکردنی پانتای وێنە. گشت ئەم تایبەتمەندییانە بەرهەمی هونەریمان بۆ دەردەخات کە گرێدراو بە مەرجی بەرهەمهێنانی ماتیکی چاخی خۆیبوو. **پیکاسۆ** لەو ناوەدا سەریهەڵدا و گەشەی کرد و پاشان لە گۆڕەپانی وێنەری و نەخشاندنا جێگە و پێگەی ڕێبەرایەتی کردە هی خۆی. جاکە پای سەربەخۆیی تەواوی هونەر واتە سەربەخۆیی گشتی و بنەڕەتی ئەو لە بەرهەمهێنانی ماتیك و لە بیچمە ڕێخراوە کۆمەڵایەتییەکان دێتە پێش، ئەم تەوفیرە ڕێژەییە ڕواڵەتێکی رەها بە خۆیەوە دەگرێت. بۆ لایەنگرانی بیرۆکەی بنەماخواز جێگایەکی زۆر گرنگی هەیە کە ئەم خەیاڵە ڕەتبکەنەوە، چونکە ئەم خەیاڵە یەکێکە لە بەهێزترین کۆڵەکەکانی فەلسەفەی ئایدیالیستی[٧١].

هونەرمەندی داهێنەر نە بە هۆی سەربەخۆیی بنەڕەتی خۆی، بەڵکو بە هۆی بڕستی زیاتر لە دەربازبوونی لە کۆت و بەندی بارودۆخی دیداری و ڕەنگدانەوەی بەس نەستی خۆ لە هونەرمەندێکی "پەسنبێژ" جیا دەبێتەوە و جا لەبەرئەوە هەرچی کاردانەوەی هونەرمەند پتر بێت ملکەچیی ئەو بۆ لای سروشت و کۆمەڵگە نە تەنیا کەمتر نابێت بەڵکو زیاتریش دەبێت، ئەو شتەی کە هونەرمەندی داهێنەر لە هونەرمەندی پەسنبێژ جیا دەکاتۆ، نە دەسەڵاتداری ڕەسەنی هونەرمەندی داهێنەر، بەڵکو بارگرژی هەڵستی بەرەورووبوونی سروشت و کۆمەڵگە لە لایەکۆ و زانست و ئاگامەندی هونەرمەند لەم هەڵستە (کارە) بەرەنگاربوونەوەیە لە لایەکیتر دایە، ئەگەر بە گشتی بە چاوێکی کۆمەڵناسییەوە سەیری هونەرەکەی پیکاسۆ بکەین ئەم خاڵانەی خوارەوەمان دەسدەکەوێت:

---

٧١- Idealist- ئارمانجخواز، مەبەستدار، بە مەبەست، بژارەخواز.

١. زۆربوونی له رادەبەدەر و بە کۆی کاسکەری و بێشێوەترین لایەنەکان، بە چەشنی هاوکات و پەیتاپەیتا- و ئەمەش له هونەرمەندێکا کە کەسایەتی ئەو نموونە و هێمای چینی دەسەڵاتداری سەرمایەس کارێکە نکۆڵی لێناکرێت، چونکە ئەو و چاخەکەشی ئەزموونی ناتەباترین کێشەکان دەکەن.

٢. تەنانەت هونەرمەندێکی لێهاتووی وەك ئەویش ناتوانێ بێ یارمەتی وەرگرتن له ئامێرەکانی یارمەتیدەر کاروباری بەرەوپێش بەرێت، و هەروەك ئەنبارێك له مێژووی هونەر کاری کۆتایی پێدێت و دەستی له هەنبانە دەردەچێت! هەنوکە بەدیهاتنی هونەرمەندێکی گەورەی بۆرژوا بەس بە قەڵافەتی شازێکی بلۆزکار[٧٢] دەگونجێت.

٣. هونەرمەندێك کە یەکەمین ئەزموونەکانی وەها بنچینەیی بووە، کە وەك مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ چاوی لێکراوە. پاشی سی ساڵان کار سەلماندویەتی کە له جێبەجێکردنی ئاریشەکانی سەدەی نۆزدەهەم، واتە ئافراندنی هونەرێکی دامەزراو لەسەر دیالێکتیکی ماتیکباوەڕانە[٧٣] وەها بێتوانایە کە ناچار بەرەو جەمسەری تر واتە بەربەستگەلی دەربەگایەتی- سەرمایەداری له بیچمی نوێ پاشگەز بۆتەوە.

باشترین جۆرەکانی هونەری نوێ تەنیا لەگەڵ تۆرە بە مانای راستەقینە هەڵدەکا، تۆرەی (زانین) بە درۆ، پێویستی بە هونەرێکی "ساختەیە" کە له تەکیا دێت. گەر بمانهەوێت پێناسەیەك بۆ تۆرە بدۆزینەوە دەتوانین بێژین: تۆرە هەوڵێکی رێکوپێك کراوی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی چلۆنایەتی ئەنجامی کار و کردەوەی فەرمانەکان بە چەشنی هۆناگەلی باڵا، با بزانین تێڕوانینی نەستیانە مەیلی بۆ لای ئەم جۆرە شتانەوە هەیە؟ لەم دوایانەدا وا باوە کە له کاتی وتووێژ سەبارەت بە کاریگەری کۆمەڵایەتی تۆرە پێداگری له بان سەردەمە پێشووەکانی مێژووڕا بکرێ- ئەندازیاری مسرییەکان- ئەستێرەناسی بابلیان و پرسگەلی هاویشتن - کە له لایەن بیریارانی سەردەمی بووژانەوە جێبەجێکراوە.

---

٧٢- Pluralism - فرەخوازی، فرەجۆری.

٧٣- Materialism - باوەڕ بە رەسەنایەتی مادده واتە ئەوەی ماکی هەموو شتێك بۆ مادده دەگەرێتەوە.

کاولکردنی هەمەلایەنە و نەوژەنی تاقیکارانە، هەروەسا دەکرێ چالاکییەکانی کەلتووری نێوان دوو جەنگ کۆ بکرێتۆ- لەم رۆژانەدا هەندێك هەڵبەستوان هەوڵی ئەوەیان داوە تا **وێنچیرۆکی تۆرەیی**[٧٤] بەکار بێنن پتر لە ناو بەرهەمە بێ بایەخەکانیاندا، وەك "**پێنجەمین چریکەی فەیلەسووف**" لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی "**ئالدیس هاکسلی**"[٧٥] کە بەم جۆرە دەسپێدەکات:

" یەك ملیۆن، ملیۆن ئێسپێرماتۆزۆید

هەموویان زیندوو

لە تەقینەوەی خۆیان، بەڵام نوحێکی بێچارە

دەکرێ بە تەمای زیندوومانی خۆی بێت."

یان ئەم وتەیەی" **ئەودێن**"؟

ئایا ولامە میهرەبانەکانی

هەموو یان هیچیان کاردانەوەیەکە؟

(High Dive) بەرهەمی **تامپسۆن**[٧٦] کە بیریارییەکی لەرادەبەدەر ناوازانەی لەخۆ گرتووە:

"هاوار، بزاڤێکی هەڵۆڵ و کەسك رەنگە

لەخۆکوتان بە کەنارەکانی ئەستێرێکی دەورگیراو، رەنگ ئەداتەوە.

بێجگە لەو سەردەمەی کە وەك پێڕای وزەی دەروونی

... (والا، هاواری تانجییەکان) نەریتمان ئەداتە دەست:

لە کۆتاییەکی تری ئەم باسە، سانایی لە رادەبەدەر وەك ئەم وێنە هەڵبەستەیە لە "**سپیندێر**" کە باسی دوو ئەویندای خەوتوو بەلای یەکەوەمان بۆ دەکات:

" باسك لەناو باسکا، سەر لای سەر

ئەو کاتەی کە لێکدرانی ژوورەوەی رەگەکان

---

74 - Scientific illustration
75 -
76 - Thompson

دەگەل تێل و سیمەکانی[٧٧] شاراوە دەتروسکێن:

کە لەودا ئاماژەیەکی ناشارەزایانە کراوە لەسەر فیزیۆلۆژی راگەیاندە. لانیکەم بۆ من وێنەیەکی ناجۆر لە کێبلەکانی تەلەفۆن پێشان ئەدات لە کونێك لەسەر شەقام. هەندێك لە هەڵبەستوانانیش بە دژایەتی لەتەك تۆرە و بیرۆکە، هۆنراوەیان هەڵبەستووە. **" دی. لوییس"** ترسی لەوە هەیە کە جیهانی تۆرەیی بەو رادەیەی باس دەکرێت دزێو و ناحەز بێت:

شیری دایك پاستۆریزە بکەن

دڵۆپەکانی هێوری کیلۆ، کیلۆ دەرکێشە

جا بهێڵە ئەڤین شرۆڤە بکرێت، جا بهێڵە پلی ئافراندن

کاتی گرینویچ رابگەیەنێت، ئەوەی ئافرێندراوە

... لە ئاست ئافرێنەر کێشك بدە، و کەڵەپیاوانت بئافرێنە

**بەڵام لە من نا."**

پاشان سەبارەت بە نیگار و نەخشاندن، ماکی مژاری تابلۆکانی ئابسترە (سەڵت) بە جۆرێکی هەمیسان روونتر، لەو شتانەی کە یەکجار برەوی تۆرەیین هەڵبژێردراون. گروپی وێنەران، وەك **"بێن نیکۆلسۆن**[٧٨] و **مۆندریان"**[٧٩]، لە بنەڕەتدا ساناترین و تەواوترین ریخت و بیچمەکانی ئەندازەیان وەك، بازنە، هێڵی راست و گۆشە راستەکانیان بەکارهێناوە. دیتران چەمکەکانی زانستی پێچەڵاو پووچتر، بە وێنەی هێڵە ریشالییەکانی خۆ نوێنی کەوانی، یان پانتا و رووبەرێك کە بە زمانی بیریاری **"پۆس"**ی کەوانی پێدەڵێن بەکار دەهێنن. ئەم دیاردانە لە کارە وێنەرییەکانی **"ئۆرنی"**[٨٠] و هەندێك وێنە و هەڵکەندراوەکانی نوێی "

---

٧٧- سیم- وایەر

٧٨- Ben Nicholson (١٨٩٤ -١٩٨٢) وێنەری سەڵتخوازی ئینگلیزی و هاوسەری باربارا هیپورس.

٧٩ - Piet Mondrian (١٨٧٢ -١٩٤٤) وێنەری هۆلەندی و یەکێك لە دەسپێکەرانی هونەری سەڵت.

80 - Orni.

**باربارا هێپ ورس**"[81] یش دەبیندرێت. شایانی باسە کە وێنەرانی سەڵتی ئینگلیزی بانگێشتی "**بێرنال**"ی بیرمەندیان کرد هەتا لە ئەنجوومەنی ناونەتەوەیی هەڵسەنگاندنی هونەری چێکاریدا بەشدارییکات، ناوبراو دوو جۆر بەکارهێنانیتری هزر و بیری تۆرەیی لە لایەن- وێنەران- هێنایەوە بیر، کەڵکوەرگرتن لە رێژەکانی وردبینانەی ئەندازیاری و بەکارهێنانی بیچمە ناهۆنراوەکان، بیچمگەلێکی نارێك و ناتەکووز کە هیچ رێسایەکیان نییە، بەڵکو لەگەڵ پەیوەستێکی داسەپاو پێناسە دەکرێن، بە چەشنێك کە دەتوانن نوێنەرێك بن لە چۆنیەتی فیزیکی جگە هەستیاری، هەروەك پەخشی بارەکانی کارەبا.

کاریگەری تۆرە لە لایەنەکانی بنەڕەتی هونەر زۆر گرنگترە. لە پلەی یەکەمدا گشت ئەو شتانەی بەر لەمە بە چالاکی وێرانکارانە لە هونەر دەناسرا، پێویستییەکی بنەڕەتی لە بۆ ئافراندنی رێبازی تۆرەیی بوو، تۆرە لە بنەڕەتدا راڤەیە و دەتوانێ هەر دیاردەیەك بخاتە بەر تیشکۆی لێکۆڵین، لە شتێکی ساردوسڕی والا لە چەمك وەك هۆگری مولکول بەسەر رووبەردا گرتوویەتی هەتا دەگاتە هەڵسوکەوتی مرۆڤانە کە سەری شکاوە، بەڵام ملی دانەخستووە!!، دەشێ مژاری بەرباس پێناسە بکرێت، ئەگەریش نەتوانرێ پێناسەیەکی فەرمی لەو پێشکەش بکرێ لانیکەم دەبێ پێشانبدرێت کە وتووێژ بە راشکاوی سەبارەت بە چەس و چ شتگەلێکیتر لۆدەی بلۆز و بە هەڵکەوتی دیاردەکانن، تێڕوانینی تۆرەیی لە هەمبەر جیهان بە هیچ کلۆجێك نکۆڵی ناکات لە کارتێکردنە بنچینەییەکان لەو کاتەی کە مرۆڤ خەریکی ئەنجامی ئەزموونێکە، بەڵکو تێدەکۆشێت تا میکانیزمەکانی ئافرێنەری ئەم بەرهەمانە پۆلین بکات. کاریگەری تۆرە بەسەر بیناسازیدا، هەروەك ئەو کاریگەرییەس کە بەسەر کاری وێنەری سەڵتەوە بوویەتی نە تەنیا لەبەر کەرستەی پێویستی وان، بەڵکو بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام قووڵتر بەسەر بۆچوونی هەمەکی واندایە.

---

٨١- Barbara Hipworth (١٩٧٥ -١٩٠٣) ژنە پەیکەرسازی ئینگلیزی کە هاوچەرخی "هێنری مۆر" بووە، لە پێشڕەوانی پەیکەرسازی نوێی بریتانیا و لە گەورەترین هونەرمەندانی سەدەی بیستەم.

**مارسێل برۆیەر**[٨٢] کە لە کاری خۆیدا بە جۆرێکی یەکجار داهێنەرانە کەڵك لە کەرستەی نوێ وەردەگرێت (ناوبراو داهێنەری مۆبل و تاخمی پۆڵاییە، کەڵکیش لە سۆندە و لوولەی خەرتوومی وەردەگرێت) گوتوویەتی: " بنچینەی بیناسازی نوێ جا هەر چۆنێك بێت، نە کەرستەی بیناسازی نوێیە نە ڕیخت و بیچمی نوێ، بەڵکو نەستی نوێیە، واتە تێبینییەك کە هەڵدەبژێرین و هەروەها جۆری دادوەرییەك کە لەسەر پێداویستییەکانی خۆمانی دەکەین ئا بەم چەشنە تەنانەت بێ کۆنکرێت و بێتۆنی (چیمەنتۆ) دارێژراو، تەختەی ساختە و لینۆلیۆم- یش بیناسازی نوێ بوونی هەر دەبێت."

بیناسازیتر **"جی. ئێل. مارتین"**[٨٣] دەبێژێت: "بایەخگەلی جواناسی، وردبینی، دارێژتنی تەکووز تەنیا لە دەسکەوتەکانی بەربەستی تێکنیکی نین، بەڵکو بە گشتی ئەمانە بەرهەمی هەڵبژاردنێکی هونەرین." و هۆی هەڵبژاردنیان ئەوەیە کە لەگەڵ گیانی زانستی پێکدێن و هەڵبژاردنی ئەم گیانە زانستییەس کە ڤاڕای بنەڕەتی لە جیهانی بیناسازی دێتە هەژمارتن. بۆمبارانی هیرۆشیما و ناکازاکی و هەڵەبچە و سەردەشت و کاریگەری جەنگی جیهانی بووە هۆی ئەوەیکە زۆربەی هونەرمەندان روو بکەنە لایەنەکانی یەکجار توڕە و گرژی لە هونەر. بە رادەیەك کە تووشی چەشنێك لە سەرگەردانی و دۆشدامان و تێکدانی بایەخگەلی ناو کۆمەڵگە بوون! دوکتۆر **بێرنارد راست** وەزیری زانست، چاند و پەروەردە (لە روانگەی پێداگرییەوە) دەڵێت:" تۆرەی نوێ بە گشتی جیاوازە لەگەڵ بیرۆکەی کۆنی زانست کە بایەخی خۆی لە هەوڵدان بۆ چاودێری و گەیشتن بە راستەقینە دۆزییەوە. ئازادی راستەقینەی تۆرە لەوەدایە کە ببێتە ئەندامێك لە وزەکانی زیندووی گەل و بەسەرهاتی مێژوویی وان و ئەمەش بە بەڕێوەبردنی باش لە یاسای راستەقینە پێشانبدات.

**روس بێنێدیکت**[٨٤] دەبێژێت:" ئەو شتەی بە راستی مرۆڤەکان بەیەکەوە گرێدەدات، و کەلتوور و بیروبۆچوون و پێودانگی هاوبەشی وانە." ئازادی ئافراندن یەکێکە لە گرنگترین

---

82 – Marcel Broyer.

83 - J.L.Martin

٨٤- Ruth Benedict (١٨٨٧ -١٩٤٨) توێژەر و مرۆڤناسی ئەمریکایی.

و قووڵترین ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان و تۆرە خۆی یەکێکە لە بنەڕەتیترین چالاکییەکانی داهێنان و ئافراندن. **فریدریش** دەڵێت: " توانایی لە بن نەهاتووی هزر و بیر لە ڕێگای زەنجیرەیەك لە مرۆڤانی یەکجار بێ بڕستەوە دێتەدی و زانست کە بانگێژەی بێکۆتایی لە هەمبەر راستەقینەیدا هەیە، لە درێژەی زەنجیرەك لە هێڵەکانی ڕێژەییەوە بوونی دەبێت، هیچکام لەمانە لە ڕێگای بێبڕانەوە و بێکۆتایی بوونی مرۆڤەوە بە هیچ چەشن و شێوەیەکی تەواویتر نایەتەدی و دەرناکەوێت." ئەو شتەی تۆرەی سەدەی بیستەم لەبەر دەستی ئێمەی داناوە چاوخشانێکی هەمەکی نوێیە لەسەر مرۆڤ، دیارە بێ خستنەبەر باسی "خوا" وەك چەمکێك کە ناکەوێتە ناو بازنەی دەسەڵاتی تۆرەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم ئاڵوگۆڕە هەر ئەوەندە باشە بزانین گۆڕینی واتای ئەو وشانەی کە بۆ پێناسەی جیهان بەکاریان دێنین شی و شرۆڤە بکەین، بۆ وێنە وشەی "کات- زەمان"، "ماوە"، وێنای ماوە، کە یەکڕاست ئێمە بەرەو چەمکی بێبڕانەوەیی دەبات. هەرکەس کە باس لە بێبڕانەوەیی دەکات لە راستیدا قسە لە ماوەیەك دەکا کە کۆتایی نییە. دەیجا باشە سەدەی بیستەم بە فۆرمۆلێك بەمەی دەسەلمێنێت کە ئەم چەمکە راست و دروست نییە. لە پەرتووکی "چریکەی شاراو" بەرهەمی **"ترینتسوان تۆوان"**[٨٥]دا هاتووە: "بەم جۆرە فیزیکی نوێ ئەو دەسەڵاتە بە مرۆڤ ئەدات دە نێوان خوایەك لە قەڵافەتی کەسێك، بەڵام بێ وزە و هێزی رەها و خوایەك بەوزە و هێزی رەها، بەڵام نە لە قەلافەت و بیچمی کەسێکدا، یەکیان هەڵبژێرێت. زەمان، کە ئێستا نەرم بۆتەوە ئیتر خوایەك لە قەڵافەتی کەسێك و هەروەسا بە وزەی رەهامان بۆ نالوێنێت."

تۆرەی مۆدێرن یان تۆرەی دەگمەن، تۆرەیەکی ئاوزمەندە کە داتاکانی ئەزموون یان نەست بە بەراورد لەگەڵ ڕێبیری و راڤە و بۆچوون ڕێکوپێك دەکات و واتای بۆ لێکئەداتەوە و هەرهەمان پرۆژەیە لە **ناسین** کە ئەرستو پێشنیازی داوە (بە جیاوازییەك و بازدانێکی گەورە لە بۆچوونی گشتییەوە بۆ بۆچوونێکی باژی بچووك)، بەرنامەی ناسینی ئاوزمەندی و تۆرەی جیهان لە گشتەوە بۆ باژ- باژی وان. بەرنامەی ئەرستوویی "ناسین" کە (Logos) یەکە و

---

٨٥- trin tswan towan فیزیکناسی گەردوونی.

نەردوو دەیکردە جێگری (Mythos). هیچ رۆچنە و رۆژنەیەکی بۆ بردنە ژوورەوەی (Mythos)ی والاّ نەدەهێشت، بەڵکو ناسینی (Mythos) و دۆزینەوەی کۆدی ئەو بەشێکە لە کاری (Logos). تۆرەی مۆدێرن بە گشتیکردنی ئەم پرۆژەیەس، بەرنامەیەکی ناسین کە هەر شتێك وەك بوونەوەر یان دیاردەیەك خۆ دەرخات دەکەوێتە ژێر تیشکۆی بۆچوونی راڤە و لێکدانەوەی ئاوزمەندانە.

**کۆندۆرسێ**[٨٦] یەکێك لە پێشڕەوانی باوەڕ بە پێشکەوتنی بێڕادە و پادە لە سەدەی هەژدەهەم لە پەرتووکی "تابلۆی مێژوویی پێشکەوتنی گیانی مرۆڤ" دا وەها دەبێژێت:"باشبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤ بەقەرای بەرزەفڕی و هۆشیاری مرۆڤ بێرادەیە." هەر لەم پەرتووکەدا، وێڕای باس لە بێڕادەبوونی وزەی ئافراندنی مرۆڤ، دەنووسێت:" بڕستی مرۆڤ لەبۆ پێشکەوتن بە راستی بێسنوورە، پێشکەوتنی ئەم بڕستە لەمەبەدوا سەربەخۆ لە هەر وزەیەکە کە بیهەوێت پێشی پێبگرێت." و ئێمە لە جیهاندا ئاگاداری دەسکەوتەکانی بە کردەوەی وەها باوەڕێك لە دەرفەتی بەرەوپێشچوون و گۆڕانی بێسنووری ژیانی مرۆڤین و بەچاوی خۆمان ژێروژووربوونی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ دەبینین.

یەکێك لە لایەنەکانی بنەڕەتی و رەنگە بنچینەیترین لایەنی جیهانی رۆژئاوا ئەوەیەکە لە باری جیهانناسییەوە (Ontology) گرنگی و بایەخ و جێبڕوابوونی مرۆڤی یەکجار بردۆتە بان. بەم واتایە کە لە جیهانناسی ژیارەکانی رابردوو، مرۆڤ پێیوابوو گۆی زەوی لە ناوەندی گەردووندایە و خۆشی لەسەر ئەو هەڵبژێردراوی ئافرێنەر و ئامانجی کۆتایی ئەو داهێنانەس، بەڵام ژیاری رۆژئاوایی بە پێشکەوتنی تۆرەی سروشتی خۆی راوبۆچوونی پێشوویی لە رێکان و جێبڕوابوون خست و هاوکات لەگەڵ دەسکەوتەکانی کۆپێرنێك[٨٧] لە تۆرەی گەردوونناسی و

---

86- Marie.J. Antoin Condorcet (١٧٩٤- ١٧٤٣) فەیلەسووف، بیرکار و رامیاری فەڕەنسی.

٨٧- Nicolaus Copernicus (١٥٤٣- 1473) ئەستێرەناسی پۆلاندی و باوکی ئەستێرەناسی مۆدێرن.

دەسکەوتەکانی داروین[88] لە بواری مێژووی سروشتی مرۆڤ و هەردا، مرۆڤی لەبەرچاو کەوت و مرۆڤ و هەردەکەشی بوو بە بەشێکی فرەبچووك لە جیهانێکی یەکجار مەزنتر، بەڵام ئەم دەسکەوتە تۆرەییانە لە بارەی ناسینی جیهانی سروشتییەوە، دەسکەوتگەلێکی گرنگیشی لە رووی پەزیرەبوونی پرسیارەکانی ئەوپەری بوون (مێتافیزیکی) یان بنەمای بوونی خستەڕوو، لەبەر ئەوەیکە بەرەبەرە ئاوزی گشتی و ئاوزی چالاك و ئیرادەی هایداری" خوا" بە چەشنی هۆکارێکی بەڕێوەبەری جیهان مەبەستدار و ڕێپیشاندەر لە ئاسۆی تێبینی مرۆڤ کۆتایی پێهات و سڕایەوە و مرۆڤ بە چەشنی تەنیا بوونەوەری خاوەن ئیرادە و ئاگامەند، رووناکیدەر و واتابەخش و کۆتاییهێن بە بوونی لێدەرهات و ئەم وێنایە دەرکەوت کە بێتو جیهان لە واتا و مانا و ئامانج بێبەری بێت، ئەگەر ئاوزێکی چالاك و ئاگامەند بەسەر تەواوەتی جیهانی بووندا راناگات، ئەگەر بوونیش خۆی لە خۆیدا هیچوپووچە، لانیکەم بوونەوەرێکی تێدایە کە بۆ خۆی خاوەن بایەخە، بوونەوەرێك کە دەکرێ لەبەرئەو و بە نێوی ئەو و لە بۆ خێر و بەختەوەری ئەویش کە بووە واتایەك و مانایەك بە جیهانی بوون بدەین، و ئەو بوونەوەرە "مرۆڤ"-ە، واتە تەنیا بوونەوەرێکی ئافرێنەر لە گشت جیهاندا، لەگەڵ ئەوەیڕا کە لە ماکی بوونبەخشی بوونەوەران نییە، دەتوانێ سەرلەنوێ هەموو شتێك بئافرێنێت! و لەبەر تیشکی تیرۆژی روونکردنەوەدا و راناوی پێناسەکەری خۆی دەتوانێ بوونەوەران لە تاریکەسەلاتی بزربوون و بوونی پووچئاسا دەرباز کات و ئامانج و واتایان پێببەخشێت. ئەرستو دەبێژێت:" هەر بوونەوەرێك لە دەرەوەی شاردا بژیت بە باوەڕی من یان خواس یان ئاژەڵە." پلەی مرۆڤایەتی، ژیان لە ناو شار و لە ژێر چاودێری هۆنای کۆمەڵایەتی- رامیاریدایە. ئاوز و کار و کردەوەی ئاوز لە ناو نەستی مرۆڤدایە کە هۆنەی یاسایی و تۆرەی هەروەك ئامرازێکی ناسینی جیهان و تێکنۆلۆژیشی بە وێنەی ئامێرێك لە بۆ دەسبەسەراگرتنی سروشت و بەهرە وەرگرتن لەو جێبەجێ دەکات و دەیلوێنێت. فەلسەفەی نوێ هاوڕێ لەگەڵ باوەڕ بە ئاوزمەندی[89] و بڕوا بە ئەزموونکاریی هەلی بۆ ئەم بزاڤە شۆڕشگێڕانەیە رەخساند.

---

88 - Charles Darwin (1809- 1882)

٨٩- Rationalism - رەسەنایەتی ئاوز.

پەرەگرتنی بیرۆکەی تۆرەیی لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٠ و ١٧٠٠ لە بەدیهاتنی ژیاری نوێ، دەورێکی یەکجار هەستیار و ناسکی گێڕاوە. لە جیهانێکدا کە لە جەستەگەلێکی تەڤگەر و بزۆز بەدیهاتووە، مرۆڤ چەس؟ **هابز**[٩٠] بڕوای وابوو کە مرۆڤیش بەس جەستە یان مەکینەیەکی لەبتۆکە. هابز ئێژێت:" ئەگەر پەزیرەی ئەو شتە بین کە ژیان شتێك نییە جگە لە جووڵەی ئەندامەکانی لەش، ناکرێ بڵێین مەکینەگەل خودکار (مەکینەکانی وەك کاتژمێر کە بە یارمەتی فەنەر و چەرخەکان خۆی وەجوڵە دەخات) ژیانێکی دەسکردیان هەیە؟ جا مەگەر دڵ شتێکە جیا لە فەنەر و موخەکانیش جیا لە کێبڵەکان و جومگەکانیش جیا لەو چەرخ و رەزبانەیەکە سەرلەبەری لەش وەجووڵە دەخەن." روونە کە هابز بۆ نووسینی مێتافیزیکی ماتیکخوازی و مەکینایەتی لە فیزیکی **گالیلە**[٩١] بە چەشنی نموونەیەك کەڵکی وەرگرتووە، شرۆڤەی ئەوپەڕسروشتی (مێتافیزیك) لە سروشت (فیزیك)ی سەدەی هەڤدەهەم بوو بە بنچینەی بەشێکی گرنگ لە بیرۆکەی داهاتووان. ئەو شتەی هابز و **لاك**[٩٢]- ی راچڵەکاند روانگەیەکی وێچوو لە سروشت بوو. لە راستیدا ئەوان جیهانیان وەك پێکهاتەیەك لە جەستەگەلێکی تەڤگەر و بزۆز دادەنا، کە بە پێی نموونەیەکی تەکووزەوە رێکخرابوون و رەچاوی دات و یاساگەلێکی بانگینی ئاشکرایان دەکرد. روانگەی وان سەبارەت بە کۆمەڵگەی مرۆڤ کاردانەوەیەك بوو لەو تێڕوانینەی کە لە هەمبەر جیهان بوویان. ئەو شتەی کە دەکرێ ناوەزەدەیکەین بە روانگەی ئەتۆمی مرۆڤ لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکەیدا کە لە سەرتاسەری بیرۆکەکانی واندا دەگەڕا. ئەوان بە راستی وایان بیر دەکردۆ کۆمەڵگە مرۆڤییەکان لە تۆپەڵەیەکی "ئەتۆم"-ەوە دەستی پێکردوە و پاشان هەوڵیان ئەدا ئەو شتەی دەکرێ "دات و یاسای گازەکان"-ی رەوشتی مرۆڤی ناو بنێین، بدۆزنەوە.

---

90 - Thomas Hobbes (1588 - 1679)

91 - Galileo Galilei (1564 – 1642)

٩٢- John Locke (١٦٣٢ -١٧٠٤) فەیلەسووفی بریتانیایی لە رابێژانی لیبرالیزم.

## ج)- هایدگێر[٩٣] و تێکنۆلۆژی:

دۆزینەوەی رەچەڵەکی وشەی تێکنیك هەروەکو لە دەسپێکی باسەکەمدا ئاماژەم پێکردووە، مەبەستی ئەفلاتون و ئەرستو لە هونەر، شارەزایی یان لێهاتووییە،کە بە (Tekhne) دەناسرێت و لەگەڵ ئەوەیکە وا ئەمرۆ ئێمە بە "هونەر" دەیناسین جیاوازە و لەوە گشتیترە و لەوانەیە باشتر بێت کە لێرەدا بە "شارەزایی لەگەڵ تێڕوانین" پێناسە بکرێت.تێخنە ئاگاداربوونە بەسەر تەواوی کارەکاندا و برِستی داهێنان و ئافراندنە (پۆئیسێس). دروست هەر لەبەرئەوەشە ئەفلاتون دەیتوانی وەها سانا سەبارەت بە دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمی هونەری رای خۆی دەرببڕێت. ئەو زۆر چەلان لە وتووێژە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا سەبارەت بە جوانی لە روانگەی بەهرەمەندییەوە (Chresimon) ئەدوێت. تێکنیکۆن (Techikon)، سەرچاوەی ئەم وشەیە زمانی یۆنانییە، بریتیٍ لە کارێکە کە پەیوەندی بە تێخنە (Techne)وە هەس، سەبارەت بە واتای ئەم وشەیە دوو خاڵی گرنگ دەخەینە بەرچاو و سەرنج، یەکەم ئەوەیکە تێخنە نە تەنیا ناوی کار و شارەزایی لە پیشە دایە، بەڵکو پتر لەوەش ناوێکە بۆ شارەزایی بیرۆکە و هونەرە جوانەکان، تێخنە پەیوەندی بە دەسکەوتەوە هەس، بە پۆئیسێسەوە. تێخنە کارێکی هەڵبەستوانییە.

خاڵی دووهەم کە ئەشێ سەبارەت بە وشەی تێخنە سەرنجی بدەین لەوەش گرنگترە، وشەی تێخنە هەر لە دەسپێکەیڕا هەتا سەردەمی ئەفلاتون لەگەڵ وشەی ئێپیستمە (Episteme) پەیوەندی بووگە، هەردوو وشە لەسەر ناسین بە واتای بەرینی وشە رێنوێنیمان دەکەن و بە واتای ناسینی بنج و بناوانی شتێکە، ئاگاداربوون بەسەر شتێکا، وەها ناسینێك دەتوانێت گرێ کوێرەکانمان بۆ بکاتۆ و بە چەشنی کارێك کە گرێکانمان بۆ دەکاتەوە جۆرێك دۆزینەوەس. (ئەرستو لە یەکێك لە وتارە زۆر گرنگەکانی "رەوشتی نیکۆماخوس" پەرتووکی شەشەم بەشی سێهەم و چوارەم) لە نێوان ئێپیستمە و تێخنە جیاوازی دادەنێت و لەراستیدا ئەم جیاوازییە بەسەر ئەو شتەکە لە لایەن ئەوان دەردەکەوێت،

---

٩٣- Martin Heidegger (١٩٧٦ -١٨٨٩) فەیلەسووفی ئاڵمانی.

دوو شێوە (دەرکەوتن) دادەمەزرێنێت. تێخنە، جۆرێك ئالتیوئین (Aletheuein) ە. تێخنە لە شتێك پەردە لائەدات کە ناتوانیٚ خۆی پەیدا کات و هێشتا لەبەر دەسماندا نییە و شتێك کە جارێك ئائەمەسە و جارێك هۆوەسە دەنوێنێت، وەها و ئاوەهای لێدێت. کەسێك کە مالێك یان لۆتکەیەك یان دەفرێکی زێوین چێدەکات، بە پێی پێداویستییەکان لە چوار شێوە دەسکەوتی کارێك کە دەبیٚ ئامادە بکرێت پەردە لائەدات. ئەم پەردە لادانە ئەم دەرخستنە، لە پێشدا وێنا و ماتیکی لۆتکە یان مالەکە بە شێوەیەکی تەواو (ئەو بەرهەمەی مەبەست بووە)، لەو شتەدا کۆ دەکاتەوە و هەر لەبەرئەوەش شێوەی دروستبوونی وان دیاریدەکات. جا لەبەرئەمە، فەرمانێك کە لە تێخنە دیاریکەرە، بە هیچ کلۆجێك نە لە چێکردن و پێداهاتنەوە و نە لە بەکارهێنانی کەرستەدا، بەلکو هەر لەم دەرخستنەدا شاراوەیە. بە چەشنی دەرخستن، نە بە وێنەی چێکردنی بەرهەمێك، بەلکو تێخنە جۆرێك دەسکەوتە، بەم چەشنە (دەبینین کە) ئاماژە بە واتای وشەی تێخنە و ئەمەیکە یۆنانیان چلۆن پێناسەیان دەکرد ئێمە بۆ هەمان ڤاچێك رێنوینی دەکات کە بە وەدووکەوتنی پرسیارەکەمان لە دروستکاری ئامێری لەبەر چاومان والآ بوو، تێکنۆلۆژی جۆرێك دەرخستنە، تێکنۆلۆژی لە ڤاچێکدا خۆی دەردەخات کە دەرکەوتن و خۆنەپۆشان لەوێدا سەرهەلئەدات، دەڤەرێك کە ئالتیا ، راستەقینە، لەوێدا سەرهەلئەدات. لە کۆتاییدا کاتێك خەریکی ئەم کارە دەبین، ئامادەبوونی چۆنیەتی تێکنۆلۆژی لە پێدان و پێشکەشکردندا خۆ دەردەخات، واتە لەوێدا پێویستی بە مرۆڤ هەیە و لەو کەلك وەردەگرێت، هەتا لە دەرخستندا هاوبەش بێت. جا ئەوکات دەردەکەوێت کە: چۆنیەتی تێکنۆلۆژی بە واتای "بالآ" شاراوە و لێلیٚ و بزرە. ئەم شاراوەبوونە ئاماژە بە رازی دەرخستن، واتە بە رازی راستەقینە دەکات لە یۆنان، لە دەسپێکی بەسەرهاتی رۆژئاواییرا هونەر هەلکشا بەرەو ترۆپکی بەرزی دەرخستن هەر ئەو جۆرەی پێی بەخشرابوو. بوونی خواکان- ئاخاڤتن لەسەر ئەو شتەی وا خوا دیاریکردووە و ئەو شتەی بۆ مرۆڤ دیاریکراوە بە هونەر روون دەکرایەوە و هونەر بە سانایی "تێخنە"ی پێدەوێژرا. هونەر دەرخستنەوەیەکی تاك (و لە هەمانکاتدا) چەند لایەن بوو. هونەر پارێزەری پرۆمۆس (Promos) بوو، واتە دەسبەسەراگرتنی راستی و پەزیرەی ئاگاداری لەو

بوو به گیان و بەدڵ. هونەر سەرچاوەی لە هونەرەوە وەرنەدەگرت. چێژوەرگرتن لە بەرهەمەکانی هونەری لەسەر بنەمایەکی جواناسانە دانەمەزرابوو، هونەر باژێك لە باژەکانی چالاکی چاند و کەلتووری نەدەهاتە هەژمارتن. ئینجا لە روانگەی **هایدگێرۆ تێکنۆلۆژی جۆرێك دەرخستنە و لە پێناسەی دەرخستنەوە پێویستە بێژین بریتییە لە ئامادەبوون لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا**.

هەر لە هەنگاوەکانی یەکەمرا دەکرێ ئەو بایەخەی کە خەریکە دێتەدی بناسرێتەوە وا **"هایدگێر"** بۆ کار و کردەوەی داناوە. ئەو هەر وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆیەتی سەرقاڵی شانیکە جیاوازەکانە سەبارەت بە بیروبۆچوونی یۆنانی، بۆچوونێك کە لە دەسپێکی چاخی ئێمەرا بوونی هەس. **هایدگێر** وەبیرمان دێنێتەوە کە "تێخنە" لە پێشدا واتایەکی بەرینتری بووە لە وشەی تێکنیك کە ئەمرۆکە باوە نە تەنیا دیاریکەری کار و شارەزایی دەستی چێکارە، بەڵکو پتر لەوە نێوێکە بۆ هونەرە هزرییەکان و هونەرە جوانەکان. پۆئیسێس هەم چێکرنە و هەمیش دەسکەوتنە، بەڵام دەسکەوتن، ئامادەکردنە. هەر لەبەر ئەوەش راستەقینەیەکی هەڵستییە. ئا لێرەدا دەتوانین کاکڵی پێشکەوتنی فەرمانی هەڵستی کە نموونەی دیاردەناسی هایدگێرە ببینین، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ کە پێویستە سەرنجی بدەین ئەمەیە کە تێخنە لە روانگەی پێشووان لەگەڵ ئێپیستمە یان چەشنێك لە راستی بە جۆری "بانگێشت" کردن لەگەڵ ئامادەبوون پەیوەندی هەس. تێخنە شتێك دەردەخات یان ئامادە دەکات کە شیاوە، بەڵام چۆنیەتی تێکنۆلۆژی چ پەیوەندییەکی بە دەرخستنەوەیرا هەیە؟ وڵام: پەیوەندی تەواو. چونکە هەر دەسکەوتێك لە دەرخستنەوەیرا رەگ و ریشەی هەس، بەڵام چ شتێك دەردەکەوێت؟ دەرخستنی تێکنۆلۆژیك ریخت و بیچمی خۆی لە قاچی گونجاو و لە چوارچێوەی خۆی وەردەگرێت و چوارچێوەی ئەو بیچمێکی تایبەتە لە پەیوەندی گرتنی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دیاریکراو لە رێگای جۆرە ئاورلێدانەوەیەکی بوونانەدا، لەبەرئەوە گەرەك جیهان ریخت و بیچمێکی گریمانە و تایبەتی بێت و چالاکی تایبەتیشی پێویستە کە لە بەراورد لە تەك ئەم بیچمەدا بەرهەڵستێك لە خۆی پێشانبدات. **هایدگێر** پێیوانەبوو تێکنۆلۆژی ئامرازێکە، بەڕای ئەو تێکنۆلۆژی روانگەیە، بەڵام بۆ؟ بنج و بنەمای قسەکەی

هایدگێریش شتێك نییە جگە لەوە. ناوبژیکردنی شانیکی شرۆڤەی تێکنۆلۆژی بەستراوە بە کاری مرۆڤەوە. بیچم باسی سەرەکی فەلسەفەی تێکنۆلۆژییە. بەرهەمەکانی **لین وایت**[٩٤]، تێکنۆلۆژی لە سەدەکانی ناوەڕاست (ناوین) و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی- ئایینی و تێکنۆلۆژیکی سەدەکانی ناوین. ئیتر لە راستیدا وایت دەتوانێت بانگێشتمان بکات کە داهێنانی تێکنۆلۆژییەکەی سەدەکانی ناوینی ئەوروپا، یەکێك لە راستییەکانی زایەڵەئاسای مێژووە. ئەو شتەی کە ئەو دۆزیویەتۆ ئەمەیە کە ئەوروپای سەدەکانی ناوین لە ئاست بەکارهێنان و گۆڕانکاری تێکنۆلۆژی یەکجار ئامادە و جێی گەشە و پەرەساندن بوو و بە بڕوای ئەو ئەم کارە لە چەند هۆکاری جیاواز سەرچاوەی دەگرت. ڕێکخستن و بارودۆخی بەردەست بۆ هۆن و هۆنکاری، لە ئاکامی چاکسازی ناو خانەقا و کلێساکان بوو کە بە شێوەیەکی باش لەگەڵ تێکنۆلۆژی پێکدەهات. کاتژمێر کە لە سەرەتا بۆ سەلماندنی هۆنی زەمان کەڵکی لێوەردەگیرا. تێکنیککگەلی وەرزێڕی، ئەو مەکینانەی بۆ سووککردنی کاروبار داهاتبوون، گشتیان بە شێوەیەکی ئەرێنی هەڵسەنگێندران و بایەخیان پەیدا کرد. بەرەچاوگرتنی ئەم خاڵە روانگەی **"مارکس"** پێشەنگی گشت روانگەکانیترە، ئەو دات و یاسای زاڵ بەسەر گەشەی تێکنۆلۆژی (لە چوارچێوەی چەمکی بەرزبوونەوەی ڕێژەیی بایەخ) وەها شیدەکاتەوە کە گۆڕانی هەوسارپچڕاوی تێکنۆلۆژی وای لێهاتووە کە ناکرێ خۆی لێ دوور خەینۆ. هەندێك لە جۆرەکانی نامۆیی لە خۆ کە لە چوارچێوەی دەسنووسەکانی فەلسەفی ١٨٤٤ و لە بەرهەمەکانی دواترا دەخرێنەڕوو سەرچاوە لەم ئاڵوگۆڕە دەگرن (موتۆس و لۆگۆس). لە پەیوەندی نێوان تۆرە و تێکنۆلۆژی (مۆتۆس- ئاکار و دابونەریت) و (لۆگۆس- وتووێژ) جۆرێك یەکبوون هەیە نە لێکدابڕان. **ئامانۆئێل مونیە**[٩٥] دەڵێت:" گۆڕانی تێکنۆلۆژی هەتا ئێستا پتر دەگەڕایەوە سەر جێگیرکردنی ئەندامەکانی لەشمان، بەڵام ئەو شتەی لە سەدەی بیستەم هاتۆتەدی ڕێگاژۆی تێکنۆلۆژی بە زمان لە چوارچێوەی "

---

94 - Lane White.

٩٥- Emmanuel Mounier (١٩٠٥ -١٩٥٠) بیرمەندی پاوانخوازی فەڕەنسی.

تێكنۆساینس"[٩٦] رووداوێكه هەر ئێستا له دەسپێكی ویداین. **هۆسرێل**[٩٧] ئەم ڕێژەیه به پێناسەیەك له نێوان نەست و چاو یان (نۆئیسێس و نۆئێما)- (نۆئتیك و نۆئماتیك) یان سوژە و ئابژە (نەست و هەست) دەكاته ڕێژەیەك بۆ ئەوانیتر. ڕێژەی نێوان كارێك كه ئەزموون دەكرێت و چەشنێك كه ئەو كاره دێته پله و ئاستی ئەزموونەوە. خودی ئەم ڕێژەیەش به ئامانجداربوون و مەبەست و حەز (Iutentionality) ناوزەد دەكات. نوئێما و نۆئیسێس توخمەكانی ئەم ڕێژە به مەبەستەن. بۆ ئەم پرسیاره كه تێكنۆلۆژی چەس؟ دوو وڵام ئەدەینەوە: تێكنۆلۆژی ئامرازێكه بۆ مەبەستێك، ئەویتر دەڵێت: تێكنۆلۆژی جۆرێك چالاكی مرۆڤه. ئینجا ئەم دوو پێناسەیه یەكدەگرن وەك دارێكی دووهاچە، لەبەرئەوەی دروستكردنی ئامانج دەستەبەركردن و بەكارهێنانی ڕێگاچارەی گونجاو له بۆ گەیشتن بەو چالاكییە مرۆڤانەیەس.

چێكرن و بەكارهێنانی ئامێر، ئامێر و مەكینە، هەر خودی شته چێكراوەكان و (كەرستەی) دەكاركراو و ئامانجەكان- پێودانگەكان و پێداویستیگەلێك جێبەجێ دەكەن، تەواویان پەیوەستن بەو شتەی كه پێی دەڵێین تێكنۆلۆژی. تێكنۆلۆژی كۆمەڵێك لەم هۆكارەس له بنەڕەتیشدا هەر خۆی تێكنۆلۆژی ئامێر و ئامرازێكه- به زمانی لاتین (Instrumentum). جا لەبەرئەوە دەكرێ وێنایەكی ناسراو له تێكنۆلۆژی پێناسه بكرێت هەر لەبەرئەوەش تێكنۆلۆژییە، جا هەرچی دەستەمۆكردنی تێكنۆلۆژی پتر له كیس بچێت، ئەم چێژی دەست بەسەراگرتنەش زۆرتر دەبێت. له تێڕامان و توێكاری وشەی تێكنۆلۆژی ئەوەمان دەسدەكەوێت كه به زمانی یۆنانی (Legin)، و لۆگۆس (Logos)ی پێ دەڵێین. لێگین له ئاپۆفائینستای (Apophainesthai) دا ڕەگ و ڕیشەی هەس، واته له "وەدیهێنان" (Poiesis) پۆئیسێس، واته هێنانەدی، هێنانەدی یان پۆئیسێس تەنیا نادرێته پاڵ بەرهەمهێنانی دەستی (بەرهەمی دەستامێری) وەدیهێنان و بۆ وێنه سازكردنی

---

96 - Technoscience

٩٧- Edmund Husserl (١٩٣٨- ١٨٥٩) دیاردەناس و فەیلەسووفی شوێندانەر و گرنگی سەدەی بیستەم.

هونەری و هۆنراوەیی، بەڵکو فۆزیس (Phosis) هەر ئەو پوئیسیسەیە بە واتای بانترین، چەمکی وشە. لەبەرئەوە ئەو شتەی کە بە متمانەی فۆزیس دێتەدی، تایبەتمەندی گەشەسەندنی لەخۆ گرتووە. تایبەتمەندییەك کە پەیوەستە لەگەڵ گەوهەری وەدیهێنان، بە وێنەی پشکوتنی خونچەیەك لە شوێنێك کە وەدیهێنانی دەستامێری و هونەری هەروەك ئەو دەفرە زێوینەکەیە، گەشەی وەدیهێنانی نە لەناو خۆیدا، بەڵکو لەویترا، ئەوەش لە پیشەساز یان هونەرمەندا هەیە.

تێکنۆلۆژی نوێ چەس؟ ئەویش جۆرێك دەرخستنە؛ دەرخستنێك کە لە تێکنۆلۆژی نوێدا زاڵە، خۆی لەناو وەدیهێنان، واتە پۆئیسیسدا ئاشکرا ناکات. دەرخستنی زاڵ لە تێکنۆلۆژی نوێدا جۆرێك دەسدرێژیکردنە. دەسدرێژییەك کە سروشت لە هەمبەر ئەم چاوەروانییە بێجێ و رێیەدا دادەنێت کە پێکهێنەری وزە بێت هەتا بکرێ وزە هەر بەو پێیە کە وزەیە، لە ناخی سروشت هەڵوێنجین و هەنباری کەین. دەرخستنێك (هەنبانەکردنی وزە) کە بە سەرتاپای تێکنۆلۆژی نوێدا زاڵە. خدەی تێکەوتن، واتای دەسدرێژی تێدایە. دەسدرێژی بەم چەشنە دێتەدی کە وزەی شاراوە لە سروشت ئەدۆزرێتەوە و زیندانی دەکرێت، و بەرهەمی ئەم رەوتە، گۆڕانکاری بەسەرادێت، و ئەم شتە گۆڕدراوەش هەنبار دەکرێت و سەر لە نوێ بڵاو دەبێتەوە و ئەو شتەی وا بڵاوبۆتەوە، لە رێسووڕانێك بۆ رێسووڕانێکیتر لە گەڕاندا دەبێت. دۆزینەوە، زیندانی کردن، گۆڕانکاری، هەنبارکردن، بڵاوکردن و گۆڕینی رێسووڕان، گشتیان لە جۆرەکانی دەرخستنن.

**گشتێل**[٩٨] چەس؟ گشتێل هەر بە پێی بەکارهێنانی باو بە واتای جۆرە ئامێرێکە، بۆ وێنە گەنجەیەکی پەرتووك و هەروەها ناوێکیتر بۆ ئێسکلێتبەندی. گشتێل بە واتای ئەو فەرمانەیە کە کۆکەر و دەسدرێژکارە و مرۆڤی کردۆتە بەردەنگی خۆی، و بانگێشتی بەرەنگاربوونەوەی لێدەکات، هەتا فەرمانی بوون بە چەشنێکی تەکووز لە جیاتی سەرچاوگەی بێبڕانەوەبوون دەربخات. ئەوەش بریتییە لە جۆرێ  خۆدەرخستن کە بە سەر چۆنیەتی باری تێکنۆلۆژی نوێدا زاڵە و دەسەڵاتی هەیە و خۆشی بە هیچ کلۆجێك کارێکی

98 - Gestell

تێکنۆلۆژیك نییە. دەبجا ئەو شتەی پەیوەندی هەیە بە کاری تێکنۆلۆژییەوە بریتییە لە گشت ئەو شتانەی وا ئێمە بە وێنەی پارچە ساکارەکانی هەر مەکینەیەك دەیناسین. وەك لێهاز و مەلّغە، پیستۆن و ... تاد. گشتێل، بە چەشنی بەرەنگارییەك کە تەکووزی رادەپەرێنێت مرۆڤ بەرەو جۆرێك لە دەرخستن دەبات. لە بنەڕەتدا چۆنیەتی تێکنۆلۆژی لە گشتێلدا خۆی مەلاسداوە. زالّبوونیشی لە **بازنەی چارەنووس** دایە. گشتێل وەك "چارەنووس" مرۆڤ بۆلای دەرخستن پالّ تێوەدەنێت کە لە جۆری تەکووزییە. لە راستیدا چۆنیەتی تێکنۆلۆژی بە چەشنی دیاریکراوی دەرخستن بۆ خۆی جێگای باڤ و مەترسییە. ئەو شتەی وا هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات، لە پلەی یەکەمدا مەکینەئامێرەکان و کەرەستەگەلی بەهێز و بکوژی تێکنۆلۆژی نییە. ئیتر هەڕەشە بەڕاستی و بە هەند کاریگەری خۆی بەسەر چۆنیەتی مرۆڤدا داناوە. دەسەلاتداری گشتێل مرۆڤی خستۆتە جێگای مەترسییەوە کە بە هۆی ئەو لەوانەیە نەکرێ لە دۆزی دەرخستنێکی رەسەنتردا جێبگرێت و لە ئاکامدا ئەزموونی بانگێژە بۆ دەسپێکی راستەقینەیەکیتر بکات. جا لەبەر ئەوە لەوجێیە کە گشتێل دەسەلاتی هەیە، بە واتای ژیرانەی خۆی باڤ و مەترسیش هەس، بەلام لە هەر شوێنێك مەترسی هەیە، وزەی رزگارکەریش سەرهەلّئەدات." ئەمە وتەی **هولّدرلین، پاتموس**"-ە.
گشتێل بە چەشنی چۆنیەتی بوونی تێکنۆلۆژی کارێکە کە بەردەوام دەبێت، بەلام ئایا گشتێل بە واتای پێبخشینە؟ (تەنیا بەردەوامی لەو شتە دایە کە بەخشراوە، ئەو شتەیکە بە چەشنی کەون و هەر لە دەسپێکەیڕا بەردەوام دەبێت هەر هەمان شتێکە کە دەبەخشێت (Fortwahren) (خۆڕاگری) وشەی سیحراوی (Fortgewahren) لێرەدا گوێچکەی ئەو (Wahren) بەردەوام بوون و (gewahren) پێدان و بەخشین لە هاودەنگییەکی کۆڕی خوێندندا کە لێك جیا ناکرێنەوە دەبیسرێت). بەم شێوە، ئامادەبوون، چۆنیەتی تێکنۆلۆژی لە ناخی خۆیدا هەلّگری دەرفەتێکە کە هەرگیز بیرمان بۆی نەدەچوو، دەرفەتی بەدیهاتنی وزەی یارمەتیدەر، پێبەخشینێك کە مرۆڤ دەنێرێتە لای جۆرێك لە دەرخستن، کە خۆی هەر ئەو وزە یارمەتیدەرەیە. ئەم پلەیە بریتییە لە چاودێری و سەرنجدان بە خۆنەشاردنەوەی گشت جۆرەکانی ئامادەبوون لەسەر هەرد و بەردەوام لەگەلّ وان و هەر لە دەسپێکەیڕا چاودێری و

سەرنجی داپۆشانی وان. پاشان ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ هونەر نێوی ساکار و سانای تێخنەی بەکۆڵ خۆیەوە بەستووە؟ لەبەرئەوە هونەر دەرخستنێك بوو کە بەدیدەهات و ئامادەبوونی دەبەخشی و لەبەرئەوەش دەکەوتە ناو چەنبەرەی دەسەڵاتی پوئیسیێسەوە و بە کورتی هونەر ئەو دەرخستنە بوو کە دەسەڵاتی بوو بەسەر گشت هونەرەجوانەکاندا، هەروەها بەسەر هەڵبەست و هەر کارێکی هەڵبەستوانی کە شیاوی نێوی پوئیسیێس بوو. لە هەر هونەرێکا و لە هونەری دەرخستنیشا کە پەردە لائەدات لە ئامادەبوون لە کاری جوانی، کاری هەڵبەستوانی بە چەشنی هەمەلاگر ئامادەیە و بوونی هەیە. لەبەرئەوەیکە چۆنیەتی تێکنۆلۆژی کارێکی تێکنۆلۆژیك نییە، تێڕامانی چۆنایەتی سەبارەت بە تێکنۆلۆژی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاشکاوانە لەگەڵ وی جیاوازە. " هونەر وەها گۆڕەپانێکە."

**دۆن ئایدی**[99] سەبارەت بە وتارەکەی هایدگێر دەبێژێت: " بەڵام ئەو شتەی ئێستا لە خودی جۆری تێگەیشتنی جیهاندا دابینکراوە باوەڕ بە کار و ئیشی کەمکراویە کە پێشتر بە شێوەیەکی نەرێنی هەڵدەسەنگێندرا، کاروبارێك کە بە پێودانگی وان جیهان دەبێتە هەنبانەیەکی نەگۆڕ و ڕاوەستاو یان پاشکەوتێکی بێگەرد و تەواو.

هەر ئەو جۆرە کە تێکنۆلۆژی سابوور نییە، تۆرەش ئیتر ناکرێ بە هیچ کلۆجێك سابوور بێت، تێکنۆلۆژی بە چەشنی "کارێکی پڕمەترسی"، "کارێکی ناڕوون"، "کارێکی سیحراوی" یان تەنانەت بە شێوەی کارێك و فەرمانێك کە "دێوەزمەیی" لە خۆیدا شاردۆتەوە. بە هۆی پێدانی وەها تایبەتمەندیگەلێکە کە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی هایدگێر سەبارەت بە تێکنۆلۆژی، بوار و دەرفەتێکی بۆ دەربڕینی لێکدانەوەی بیروبۆچوونی ئەو ڕەخساندووە کە بە گشتی  ڕوانگەیەکی ڕەشبینانە بەو ئەدات سەبارەت بە داهاتووی مرۆڤایەتی. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد هیوای هایدگێر لە هەمبەر هەرجۆرە (گرفتی تەواو یان) وەشاردنی تەواوی مرۆڤایەتی لە تێکنیك بە وێنەی هونەر شاراوە بوو. بۆ ئەم هەڵبژاردنە، هۆکارێکی زۆر باشی ستراتیژیك هەیە. یەکەم ئەوەیکە هونەر تێکنیکە و لەبەرئەمە لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانێك نزیکایەتی هەیە کە لە گشت سەرقاڵییەکانی

---

99 - Done Aidi.

هەڵستیی لەگەڵ جیهاندا دەردەکەویت. بەم چەشنە دەگەڕێتەوە سەر رەخنە لە تێکنۆلۆژی. "... رووبەڕووبوونەوەی راشکاوانە لەگەڵ تێکنۆلۆژی دەبێ لە ڤاچێکدا سەرهەڵبدا کە لە لایەکۆ لەتەك چۆنیەتی تێکنۆلۆژیدا نزیکایەتی هەبێت..." لەلایەکیترۆ، هونەر کارێکی تیۆریانەشە، بەم واتایە کە جیهان بەس بە چەشنی شتێك کە دەبێ کەڵکی لێوەربگیردرێت رەچاو ناگیرێت. لە ئاکامدا روانگەی تیۆری لەگەڵ تۆرە بە واتای لایەنی باندەست لە بوون و زەمانیشدا نزیکی هەیە. سەیرەکە لەوەدایە (شتە ناوبراوەکان لەم دێڕەدا)، " روەکەکانی روەکناس، گوڵەکانی رووباری راین نین" نە تەنیا لەگەڵ شتە کەمکراوەکانی لایەنی باندەست کە لایەنێکی پتر تیۆرییە جیاوازە، بەڵکو هەروەها سەرچاوەکانی پێناسەی یەك جیهانی تەواو هەڵستیش ناگرێتە خۆ. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە جیاوازییەکی نوێ بکەین، جیاوازی " ئاوڕلێدانەوەیەکی هەبوونی " کە ئێستا پێکهاتەیەك لە باری ناودەستی و باڵادەستییە، و بوونێکی- پیرا بەرەو جیهانی هەڵبەستوانی هایدگێر لە نێوان ئەو و دامەزرانی شاعیرانە! بەڵام لە باری ستراتیژیکییەوە، هەرچەند هەڵستی (کار) هونەرمەندانە لەگەڵ تۆرەی تێکنۆلۆژیك، چ لە باری تێکنیکەکانی وان لەگەڵ تۆرەی تێکنۆلۆژیکیشدا کەمتەرخەم بین." ئەم جیاوازییە لە جۆراوجۆری پێداویستییەکانی هونەر دایە. هونەر بە هۆی ئاوسبوونی داهێنەرانەوە، خۆی لە خۆیدا دژ بە کەمکرانەوەیە و ژمارەی بەرفرەوانی "جیهانەکانی" رادەیەك ناناسێت. ئینجا قسەی من سەبارەت بە گوێ شلکردنی بەردەوامی هایدگێرە بۆ کاری هەڵستی و مرۆڤی تێکنۆلۆژیکی ئەمرۆیی، ئەمەیە کە هەڵستی هونەرمەندانە هەوڵێك نییە کە بەس پێویست بێت بخرێتە سەر چاخی هەنووکەی بوونەوە، بەڵکو هۆکارێکی یەکسانی بەخشی ستراتیژیکییە لە هەمبەر دڵەڕاوکەی هایدگێر لە مەترسی- شاراوەیی، بەم چەشنە، لە روانگەی هایدگێرۆ پێویستییەکی دەروونی هەس بۆ پەنابردن بۆ لای هەڵبەست، پێویستییەك کە بە واتای کاردانەوەیەکە لە هەمبەر چاخی تێکنۆلۆژی بە چەشنی چاخی هەنووکەیی بوون.

# بەشی چوارەم
# مۆدێرنیزم و تێکنۆلۆژی

دوو ڕووداوی گەورەی سەدەی بیستەم کە پەیوەندییەکی نەپساوەیان لەگەڵ جیهانی تێکنۆلۆژیدا هەیە، مۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزمە، لێرەدا تێدەکۆشین تا دەرئەنجامەکانیشیان بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دەبێ بزانین مۆدێرنیتە خۆی لە خۆیدا بوونێکە دەروانێتە داهاتوو و داهاتووش لەودا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە.

جۆرە پێگەیەکی نموونەیی دژە ڕاستی کە **گیدێنز** بە ڕیالیزمی خەیاڵاوی یان یۆتۆپیایی دەیناسێنێت. بەربینییەکانی سەبارەت بە داهاتوو لەگەڵ ڕاڤە لەسەر لایەنگری لە دامودەزگاکانی وا هەن بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. هەڵبەت لە هەندێك باساندا، مۆدێرنیتە بارودۆخێکی ناوچەیی و شوێنی دیاریکراو بە خۆیەوە دەگرێت. جا لەبەرئەوە مۆدێرنیتە بوویەرێکی ڕووکەشانەی نارەسەنە کە دێت، **بە کورتی ڕووداوێکی داسەپاو و نەخوازراوە!** لەم چاخەدا بە گشتی سەرلەبەری جیهان کەوتۆتە بەر هێرشی مۆدێرنیتە، لە "جیهان گوندەکی"[١٠٠] دا بە هۆی پەیوەندی و ڕاگەیاندنەوە "مەوداکان" گەلێك لێك نزیك بوونەتەوە. ئەمە ڕیکلام و ڕاگەیاندنی نەخوازراوی تێکنۆلۆژییە.

مارکس (١٨٨٣- ١٨١٨) لە **وتاری کۆمۆنیزمدا** ئاماژەی پێدەکات: "سەرمایەداری بوونی نییە مەگەر ئەوەی بەردەوام ئامرازەکانی وەبەرهێنان و هاوڕێ لەگەڵ وان گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشگێڕانە بکات." ئەو شتەی سەردەمی سەرمایەداری لە گشت سەردەمانی پێشوو جیا دەکاتەوە، شۆڕشگێڕبوونی بەردەوامی بەرهەمە، ئاڵۆزی بێوچانی گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و نەمانی شێلگیری و نائاسوودەیی بۆ هەمیشەیە. **تیۆدۆر ئادۆرنۆ**[١٠١] کە یەکێکە لە بیرمەندانی ڕێبازی فرانکفۆرت بەردەوام لە بە هەندترین و سوورترین و گەرم و گوڕترین لایەنگرانی مۆدێرنیزمی هونەری بوو، بەڵام لە

---

100 - Global Village.

١٠١- Theodor.L.W. Adorno (١٩٦٩- ١٩٠٣) لە فەیلەسووفان و ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی ناسراوی ئاڵمانی و یەکێك لە دامەزرێنەرانی مەکتەبی فرانکفۆرت.

زۆربەی بەرهەمان و لەو ناوەشدا لە پەرتووکی " **رای جوانناسی**" خۆی بە شێوەیەکی ورد پێشانیدا کە هونەری مۆدێرن لە "هزرباوەڕی" مۆدێرنیتە هەرگیز پارێزگاری ناکات و بە پێچەوانەشۆ لەگەڵ وان بۆ جەنگ کێچ کەوتۆتە کەوڵی. ئەو ئاستەنگ و چەڵەمەی مرۆڤی مۆدێرن بە بەرهەمی مۆدێرنیتە دەزانێت و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هونەری مۆدێرن بەرەنگاری ئەم بەڵا و بەسەرهاتەیە و لە هەمبەر سەرچاوەکەی وان هەڵوێست دەگرێت. بەراستیش دەکرێ لەگەڵ **ئادورنۆ** هاودەنگ بین کە بیر و هونەری مۆدێرن هاوارێکی نارەزایەتییە، کە لە خۆ بیانی بوونی مرۆڤی مۆدێرن دەردەبرێت و پێی پەزیرە ناکرێت. **نیچە** ئاماژەی بەم خاڵە داوە کە جیهان پڕە لە "بووکەڵە" وا تەنیا وڵامیان لە بۆ ئاژاوەی ژیانی مۆدێرن بەس هەوڵێکە بۆ نەژیان: بۆ ئەمانە " بۆرە و مامناوەندیبوون" تاکە ئاکاری لێهاتووی مانایە. هەڵوێستی نیچە لە هەمبەر مەترسییەکانی مۆدێرنیتە، بە خۆشحاڵی وەرگرتنی هەمووی ئەوانە." ئێمە مرۆڤگەلی مۆدێرن، ئێمە نیوە بەرپەرەکان، ئێمە ئەو کاتەی لە ناوەندی خۆشی و بەختەوەری خۆماندا ین، پتر لە هەمیشە لە مەترسییەوە نزیکین. تەنیا شتێك کە هۆکاری ختیلکەمانە، هەر هەمان فەرمانی بێبڕانەوە و بە هەڵەشەیە. لەبەر ئەوە **نیچە** پێیخۆش نییە، بۆ هەمیشە لە ناوەندی ئەم مەترسییەدا ژیان بەرێتەسەر. ئەویش هەر بەو بەور و وزەیەی **مارکس،** باوەڕی خۆی بە دەرکەوتنی مرۆڤێك لە چەشنی نوێ رادەگەیەنێت." مرۆڤی سبەینێ و پاش سبەینێ کە بایەخگەلێکی نوێ بئافرێنێت کە ژنان و پیاوانی مۆدێرن بە یارمەتی وان بکارن رێگای خۆیان لە درێژەی تاقیکردنەوەکان – دەرفەتەکان- بێبڕانەوەیەکی مەترسیدار بدۆزنەوە کە لە ناخی ئەواندا دەژین.

**یۆرگێن هابێرماس**[١٠٢]، لە گۆشەنیگایەکیترەوە دەڕوانێتە ئەم پرسە و سەرنجی داوەتێ. ئەو دەنووسێت کە بێگومان هونەری مۆدێرن لە هزرباوەڕی ئامێریەوەیە و بە هیچ چەشنێك لەگەڵ ئەو هزرباوەڕیە نییە کە بە پاڵپشتی پێشکەوتە تێکنۆلۆژییەکان خەریکە پاساو دێنێتەوە بۆ نایەکسانی کۆمەڵگە و نابەرامبەری رێژەی بەرهەمی سەرمایەداری، بەڵام کێشەی گەورە ئەمەیە کە مۆدێرنیزم لە بنەڕەتدا لایەنگری جۆرێکیتر لەو هزرباوەڕی مۆدێرنیتەیە، واتە هزری

102 - Jurgen Habermas.

پەیوەندیدار. هونەری مۆدێرن، لەبەر ئەوەیکە بە هەر چەشن و شێوە بۆ بەردەنگ پێشان ئەدرێت لە دۆخێکی پەیوەندیدایە، لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە هیچ ئەزموونێکی جوانناسانە ناتوانێت لەم دۆخە دەرباز بێت، بەڵام واپێدەچێت هابێرماس خاڵێکی گرنگ کە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری مۆدێرنە نەیخستبێتەڕوو. ئەویش ئەوەیە کە ئەم هونەرە بە کەمترین رێژەی خۆیەوە کەوتۆتە رێبازی پەیوەندی مرۆڤانەوە هەروەکو **ئادورنۆ** زۆر بە باشی روونی کردۆتەوە کە هونەری مۆدێرن توانای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەردەنگانی زۆر، واتە کۆمەڵانی خەڵکی نەبووە. هەڵبەت ئەم خاڵە بەو مانایە نییە کە هونەری مۆدێرن نەیویستووە ئەم پەیوەندییە هەبێت، یان کاری ئەو بەم هۆیە ناتەواوە، بەڵام پێویستە ئەم راستییە تاڵە پەزیرە بین کە هونەرێکی نزم کە زادەی پیشەی چاندە، پاکانەکەری رێژەی بەرهەم و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدارە، لەگەڵ زۆرینەی بەردەنگان پەیوەندی دەگرێت و لە هەمبەر هونەری مۆدێرن لەگەڵ هەندێك لە بەردەنگان وتووێژ دەکات، تا ئەو جێ کە بەرهەڵستکارانیی وەك هونەرێکی "بانخواز" ناوەزەدیان کردووە.

**ئانتۆنی گیدێنز** دەڵێت:" تێکنۆلۆژی مۆدێرن خۆی لە خۆیدا لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار راوەستاوە و دامەزراوە نە تەنیا لە پلەی ئەرك و شوڵ و کار، بەڵکو لە ئاستی پسپۆڕی ناوچەیی بە پێی جۆری پیشە و تێکنیك و لێزانین و بەرهەمی ماددە خاوەکان، یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکان، پرنۆگەلی جیهانی بە پیشەیی بوون و پەرەگرتنی جیهانی تێکنۆلۆژی ماشینییە." وا نەبێ بە پیشەیی بوون بەس کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی بەرهەم دانابێت، بەڵکو بە پێچەوانە لەسەر زۆر لایەنەکانی ژیانی رۆژانە شوێن دادەنێ و خدە و رەوشتی جۆرێك هاوچالاکی مرۆڤانە لەگەڵ ڤاچی ماددییش دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. مۆدێرنیتە بەربەست ناکرێ بە ناوچەیەکی تایبەت، تەنانەت بە زێدەکەی خۆشی، واتە رۆژئاوا، پێناسەی ئامادەبوون یان رێگاژۆی مۆدێرنیزم لە وڵاتانی دیکەی جیهان بە پێی دەرئەنجامەکانیەتی، ئەو دەرئەنجامانە دەتوانێ لە هەر وڵاتێکەوە، رەنگ و بۆنی نەتەوەیی و ناوچەیی و نەریتی بەخۆوە بگرێت، **" ئەمە مۆدێرنیتەیە"**. مۆدێرنیتەش هەر ئەم جۆرەیە- مۆدێرنیتە هەر وەك "ئاوز" باسێکی گشتییە و ناچێتە ناو چوارچێوەی ناوچەیەکی تایبەتەوە.

تۆره و تێكنۆلۆژی و شێوازەكانی بەكارهێنانیشیان پێشاندەری دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر سروشتدا و هەمیش وەك ماتۆڕی بزوێنەری ئەو دێتە هەژمارتن.

مۆدێرنیتە خەریكە دەبێتە یەكەم ژیاری جیهانی لە مێژوودا. بە هاتنی ئەم ژیارە مۆدێرنە، جیهان بوو بە دوو بەشی مۆدێرن و بەشی نامۆدێرن كە لەگەڵ كێشەی نوێژەنكردنەوە رووبەڕووە. دابڕان و جیابوونەوە بە راستی لە ناوەڕۆكەكانی نەگۆڕە لە گفت و گۆی تیۆریانەی مۆدێرنیتەدا. لایەنیتر ئاوزایەتی[103]، بریتییە لە لابردن و سڕینەوە و سەركوتی هەموو شتێكی نائاوزمەندانە و هەر شتێك كە لە كاری ئاوادا خۆ تێهەڵقورتێنێت و ببێتە هۆی نزمبوونەوەی كاریگەری كار و كردەوە. مۆدێرنیتە لە هەر چاخێكدا سەرهەڵئدات، بەبێ لەناوبردنی باوەڕ و بڕوا و بێ دۆزینەوەی "ناراستییەكان" بە گوێرەی **نیچە** " نهێلیزم"[104]. **لیۆتار** دەڵێت: "من ئەو هونەرەی كە پسپۆڕی و كارامەیی كەمی خۆی بە بۆچوونی **دیەدرۆ**، خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی شتی وا هەیە ناخرێتە بەرچاو- بە هونەری مۆدێرن ناوزەد دەكەم." واتە پێشاندانی ئەم خاڵە " **كە شتێك هەیە و دەكرێ وێنا بكرێت**"، بەڵام ناتوانین ببینین و نە دەشكرێ پێشانی بدەین، ئەمە شتێكە كە لە هونەری وێنەری مۆدێرندا خۆ دەنوێنێت، بەڵام چۆن دەكرێ ئەم وتەیە دەرخەین كە شتێك هەیە، بەڵام ناتوانین ببینین؟! **كانت** كاتێك لە بێڕوخساری یان نەبوونی وێنە بە چەشنی شتێكی تایبەت و رێنوێنیكار بۆ "شتی وا كە پێشان نادرێت" ناو دەبا، بۆ خۆی رێگامان پێشان ئەدات. ئەو هەروەها لە **"ئابستراكت"** واتە سەڵتی بەتاڵ باس دەكات، كە بژارە لە كاتی گەڕان بە دوای فەرمانی بێكۆتایی و ئەبەدی لەگەڵ فەرمانی بێبڕانەوە (Theiufiuite)- (فەرمانی- شتیتر كە پێشان نادرێن) ئەزموونی دەكات: بۆ خۆی ئەم ئابستراكت و سەڵتە هەروەكو جۆرێك پێشاندانی فەرمانی بێكۆتاییە، "پێشاندانی نەرێنی" ئەوان. ئەو بەو فەرمانە ناسراوە كە " ئەتۆ نابێ هیچ وێنە یان پەیكەرێك هەڵكۆڵی."[105] لەم بارەوە بەرگریدەكات لە دەرخستن و پێشاندانی هەرجۆرە رەهاییەكی دی. پێویستیش بە

---

103 - Rationalism.
104 - Nihilism.

١٠٥- سەفەری دەرچوون- تەورات.

ڕەچاوگرتنی شتێکیتر ناکات هەتا بنەمای جوانناسی وێنەری باڵا بنووسین. ئەم جۆرە وێنەکردنە لە پلەی وێنەری و نەخشاندنا بە ڕاشکاوی شتێك " تەنانەت بە چەشنی نەرێنی"-ش پێشان ئەدات. لەبەر ئەوە لە دەرهێنانی نەخش و وێنە یان لاساییکردنەوە لە سروشت خۆ دەپارێزێت. هەروەك یەکێك لە وێنەکان یان چارگۆشەکانی **مالۆویچ**[١٠٦] بە سپی دەرئەچێت. ئەم جۆرە نەخشاندن و وێنەیە بەس بە نەرەخسانی بینینەوە، توانای بینینمان پێدەبەخشێت، تەنیا لە ڕێی دروستکردنی ئێش و ئازار، خۆشی و شادمانی دەئافرێنێت. تا ئەو جێیەی کە فێرکارییەکان و ڕێبازەکانی فێرکردنی باسکراو بە کەلکوەرگرتن لە هێما و نوێنە و دەرخستەی بینین و شیاوی دیتن (بینین) خۆی بەستۆتەوە بە هێما و ئاماژەگەلێك کە "ئەو شتانەی پێشان نادرێن" چێبکەن، دەکرێ لەواندا بنەمای ڕوون و ئاشکرا یان یاسا و ڕێسای گشتی ڕووداوەکان لە کاری وێنەریدا پێناسە بکرێن. ئەو سیستێمانەی ئەرکی ناوبراو، لە ژێر ناوی واندا، یان بە یارمەتی ئەوان کە توانای پشت ئەستووریی و پاساوهێنانەوە بە خۆیان پەیدا کردبوو شایانی زۆرترین سەرنجن، بەڵام ئەم سیستێمگەلە تەنیا لە ڕەوتی بانگێژەی "فەرمانی بان" بە مەبەستی ڕێخۆشکردن، واتە بێدەنگ بوون دەکرێ بەدیبێن. ئەوان بێ نەبوونی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستی لەگەڵ چەمکدا کە لەناو فەلسەفەی فەرمانی بانی کانتی دایە هەمیسان بە بێشیکردنەوە و جێبەجێکردن دەمێننەوە.

## ئا)- فۆردیزم[١٠٧]

بەڕێز **ریچارد سنێت**[١٠٨]، شۆپی پێشکەوتنی کەلتووری مۆدێرنیتەی لەناو شاری ئەورووپای سەدەی نۆزدەهەم هەڵگرتووە، بەڵام ڕەوتی پەرەسەندن و بەربڵاوبوون، دامەزران و بەهێز بوونی ئەوی لە سەدەی بیستەمدا دۆزیوەتەوە و خاڵی دەسپێك و بەرچاوی ئەم ڕەوتی دەرکەوتنەشی،

---

106 -Kazimir malevich(1879-1935)

107 - Fordism

108 -Richard sneath

دیاردەیەك بوو كە **میشێل ئەگلیتا**[109] ناوی "فۆردیزمی" پێبەخشییەوە. ئەم دیاردەیە كە لە نێوان ساڵەكانی بەر لە جەنگی یەكەمی جیهانی خۆی دەرخست و پاشان لە ١٩٤٥ (لەگەڵ دامركانی جەنگی دووهەمی جیهانی) دا گەشەی كرد و بەهێزبوو لە راستیدا پێكهاتەیەكە " لە هێڵی بەرهەمهێنانی نیوە خودكار و "بەكارهێنانی بە لۆدە"ی بەرهەمەكانی ١٩٣٠ لە لایەن **ئانتۆنیۆ گرامشی**[110]، ماركسیستی ئیتالیایی- و **هێنری دۆمان**[111] سۆشیالیستی بەلجیكی بە راڤە لەسەر نووسراوەكان و بەرهەمەكانی **هێنری فۆرد**-ەوە (خاوەنی كارخانەكانی ماشینسازی فۆرد) داهێنرا. "فۆردیزم" لە واتایەكی گشتیدا بریتییە لە خۆتێهەڵقورتان و تێكەڵبوون لەگەڵ ئاڵوگۆڕەكانی پەرەگرتووی تێكنۆلۆژیك و داهێنانگەلی قووڵی كۆمەڵایەتی، كە یەكەمجار بەر لە جەنگی یەكەمی جیهانی لە دامودەزگاكان و كارخانەكانی كۆمپانیای فۆرد لە "هایلەند پارك" بەكارهێندرا و بوو بە هۆیەك هەتا ئەم دیاردەیە بە چەشنی وزەیەكی جیهانی- مێژوویی لێبێت.

بە گشتی گەشەی بەرچاو و پێشڕەوانە لە چالاكییەكانی بەڕێووجێ و سەقامگیری پەیوەندیدار بە توانای بەرهەمهێنانی پارچەكان، دیزاینی ئەو پارچانە لە ماشینەكاندا بە تەكووزێكی پسپۆڕانە و گرفتی كەرستەی سەرەكی، لە تەك هاوئاهەنگی لە كار و رێكخراوەكانی ئابووری دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەكەوە و بوونەتە هۆكاری بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەم و بەرزبوونەوەی بەرهەمی ئۆتۆمۆبیلی مۆدێلی "T" كۆمپانیای فۆرد بە رادەی سی قات پتر لە پێنج ساڵ لەمەوبەر، واتە كاتێك كە هێڵی بەرهەمی هەڵسووڕاو لە ١٩١٢-١٩١٣ دەستی بە ئیش و كار كرد. **میشێل ئەگلیتا** لە شرۆڤەی دیاردەیەكی وەك فۆردیزمدا دەڵێت:" لەگەڵ دەركەوتنی فۆردیزم و هەمەكیكردنی پەیوەندی كاڵایی چەنبەرەی دەكاركردن و شێوازگەلی بەكارهێنانی وانیش برەوی پەیدا كرد و پەرەیساند، لە راستیدا فۆردیزم بە چەشنێك

---

109 - Michel Aglieta.

١١٠- Antonio Gramsci (١٨٩١ -١٩٣٧) رابێژی ماركسیست و لە رێبەران و دەمەزرێنەرانی پارتی كۆمۆنیستی ئیتالیا.

111 – Henry Doman.

لە شێوەی بەکارهێنان بوو کە لە لایەن سیستێمی سەرمایەداریییەوە نەوژەن کرا لەبەرئەوەی ئەو کاتانەی بە بەکارهێنان ئەدرا رەنگە جۆرێك بوویێت لە بەرزبوون یان ئاوسانێکی بەردەوام لە شێوەی کەڵکوەرگرتنی کاڵاکان لە لایەن خەڵکانێکەوە، هەروەها دابەزین یان لاوازبوونی لەرادەبەدەری پەیوەندی جگە کالاّیی نێوان کەسانێکەوە سەری هەڵدابێت.

## ب)- بودلێر[١١٢](١٨٦٧-١٨٢١)

ئەو کاتەی مێژوونووسانی هونەر باس لە مۆدێرنیزم دەکەن، قسە لە رووداوێك دەکەن کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ هەتا ١٩٤٠ گەشەی کرد. ئەوان لەم رووداوەیەدا، ئایین، رێبازەکان و تەنانەت بەرهەم و کاری هونەرمەندانی تاك و سەربەخۆشیان جێکردۆتەوە. گۆڕەپانی پەرەگرتنی مۆدێرنیزم پتر لەوەی چاوەروان دەکرێت پان و بەرینە، مۆدێرنیزم لە ناو ئەو هونەرانەی وا جێباوەڕ و جێکەوتوو بوون بە وزە وهێزەوە کاری کرد کە لە هونەرە نوێیەکاندا (گرنگتر لە هەمووان سینەما) تەنانەت سەرقاڵی دیسان زیندووکردنەوەی هونەرگەلێکی فەرامۆش کرابوو. هەر ئەمڕۆکە ناوهێنان لە رێبازگەلێکی وەك فۆتۆریزم- کوبیزم-

---

١١٢- شارل پییەر- بودلێر:(لە دایکبووی ٩ ئاڤریل ١٨٢١ و کۆچی دوایی ٣١ ئاگۆست ١٨٦٧) هەڵبەستوان و نووسەری بە ناوبانگی فەڕەنسی کە لە ناودارانی شازی گۆڕەپانی هۆنراوە و وێژەوانی سەدەی نۆزدەس، لە ساڵی ١٨٤٥ بە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی پێشانگای وێنەری بەرهەمە هونەرییەکانی ساڵانە، کە هەموو ساڵێك لە پاریس بەرێوەدەچوو، بە چەشنێکی فەرمی و کارا هاتە ناو گۆڕەپانی چالاکییەکانی وێژەیی و هەڵبەستوانییەوە. دوو پاش بەرهەمی ئەو لە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی ئەم جۆرە پێشانگایانە لە ژێر ناوی ساڵۆنی ١٨٤٥ و ساڵۆنی ١٨٤٦ بڵاوکرایەوە. لە ساڵی ١٨٥٧ گرنگترین بەرهەمی وی لە ژێر ناوی گوڵەکانی دۆزەخ (Lesflewrsdumall) بڵاوکرایەوە ئەگەرچی بە گورجی راگیرا، بەڵام پاشان ناوبانگ و متمانەیەکی زۆری بۆ بەرهەم هێنا. جگە لەم بەیتانە (منظومة) بەرهەمگەلێکیتریشی لە پاش جێماوە بۆ وێنە کورتە هەڵبەست، ملەقوتەی جوانناسی، گەوهەری کەنین ١٨٥٥، وێنەری ژیانی مۆدێرن ١٨٦٣.

ئێکسپێرسیۆنیزم- سورریالیزم، یان نێوگەلێکی وەك **جێمزجۆیس**[113]، **مارسێل پرۆست**[114]، **ویرجینیا وۆڵف**[115]- **فرانتس کافکا**[116]، **واسیلی کاندنیسکی، پابلۆ پیکاسۆ- ئارنۆلد شوینبێرگ، ئیزراپاوند، ئیگۆرستراونیسکی، راینێرماریا ریلکە و تی. ئێس. ئێلیۆت** دێتەوە بیرمان هەست بەوە دەکەین کە مۆدێرنیزم بە واتایەکی ساکار هەر ئاڵوگۆڕێکی هونەری نەبوو، بەڵکو شۆڕشێك بوو کە لە بنەمای پێکهاتەی دەربڕینی هەست و جوانناسیدا روویدا. هۆنراوەکانی **بودلێر، رێمبۆ، مالێرمە**، رۆمانەکانی **فلوبێر و داستایۆفسکی**، کارە وێنەریەکانی ئەمپرەسیۆنیست و سەمبۆلیستەکان یان ئۆپێرا چوارینەکانی **واگنێر** ناتوانین هەروا بە سانایی بە سەرچاوەی مۆدێرنیزم دابنێین. کەسانێکی وەك **بودلێر** نە تەنیا لە بواری ئەزموونی هونەری بە هونەرمەندی مۆدێرن دەژمێردرێن، بەڵکو لە نووسراوە رەخنەییەکانی خۆشیان، پشتگیریان لە مۆدێرنیزم دەکرد و لە دارێژەرانی بنەمای تیۆریکی ئەویش بوون.

**مارشال بێرمەن** وا باسدەکات: "ئەگەر بڕیار وایە یەکەمین کەس بە ناوی مۆدێرنیست ناوزەد بکرێت بە راشکاوی ئەو کەسە جگە لە بودلێر کەسیتر نییە. و لەگەڵ ئەوەشرا، یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی بەرهەمی جۆراوجۆری بودلێر سەبارەت بە ژیان و هونەری مۆدێرن ئەوەیە کە واتای وشەی "مۆدێرن" بە چەشنێکی سەرسوڕهێنەرانە و سڵ و ئاماژە پێکردنیشی یەکجار ئەستەم و دژوارە، بۆ وێنە، ئەم وتارە بە ناوبانگە لە نووسراوەی " وێنەری ژیانی مۆدێرن" رەچاو بگرن: "مەبەستی من  لە مۆدێرنیتە ئەو لایەنە تێپەڕ، هەڵکەوت و رێکەوتەیە، ئەو نیوە هونەرە کە نیوەکەیتریشی نەمر و نەگۆڕە." وێنەر (یان رۆماننوس یان فەیلەسوف) ی ژیانی مۆدێرن کەسێکە کە تیشکۆی بیروبۆچوون و هێز و بڕستی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ "خولیاکانی باوی رۆژ، ئاکار و مێهر و رەوشتەکانی" ئەم ژیانە هەروەها لەسەر کاتەکانی تێپەڕ و گشت ئەو هێما نەمرانەی کە لەواندایە. ئەمە خاڵێکی سەرسوڕهێنەر و راچڵەکێنەری مەیلی گشتی و بڕەوی هونەرمەندانە وا هەموویان تێدەکۆشن مژار و بابەتگەلی

113 - James Joyce (1882 – 1941).
114 - Marcel Proust (1871 – 1922).
115 - Virginia Woolf (1882 – 1941).
116 - Frantz Kafka (1883 – 1924).

خۆیان لە جلوبەرگ و شێوەی جووڵەی کەونارایی کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی راستەقینەیەکی نەمر و زیندوو، هەروەسا دەبێتە هۆکارێك لەبۆ هونەری فەرەنسی هەتا لە چاڵەقووتی جوانییەکی نادیار و سەڵتدا بمێنێتەوە و لەو رەسەنایەتییە دابڕێت کە تەنیا سەرچاوەکەی هەرهەمان "مۆرکێکە زەمان لە تەوێڵی هەموو جیل و نەوەکانی داهاتووی ئەدات."

**بودلێر** سەرەڕای ئەوە پەنا دەباتە بەر باوەڕی سەرمایەدارانە، واتە باوەڕ بە بازەرگانی ئازاد. هەروەکو **"جان ستوارت میل"** نەوەیەك پاش وی (و تەنانەت مارکسیش لە مانیفێستی کۆمۆنیست) دا هەر وای کرد. ئەو خوازیاری ئەو ئامانجەیە کە بازرگانی ئازاد پەلبهاوێژێتە سەر مەیدانی کەلتووریش: راست بەو چەشنەی کە پاوانخوازی فەرمی (وای دادەنێین) بارێکی قورس و گرانن بەسەر شان و ملی ژیانی ئابووری کۆمەڵگەدا، بەگزادەکانی گۆڕەپانی بیر و ئەندێشە و پاوانخوازانی کاری هزریش بوونەتە هۆکاری خنکاندنی گیان و دابڕانی سەرمایەداری لە هەنبانەی پڕپیتی هزر و هونەری مۆدێرن.

**"هێنانەدی ئایدیای داهاتوو لە گشت روخساری جیاوازی ئەواندا."** لە گوتاریتری بودلێر "وێنەری ژیانی مۆدێرن (١٨٦٠- ١٨٥٩) لایەنێکی تەواو جیاواز لە روانگەی **شوانکارانە**"[١١٧] دەردەخات، ئالێرەدا ژیانی مۆدێرن لە ریخت و بیچمی شانۆیەکی گەورەی باو (مۆد) هۆنایەك لە رواڵەتێکی بەرچاو، نوێنگەی دەروشاو و دەسکەوتە پڕگرشە و ورشەکانی دیزاینی رازاوە دەنوێنێت. پاڵەوانی ئەم شانۆیە پڕ لە تروسکە و برووسکەیە، وێنەر و دیزاینێری بە ناوبانگ:

---

١١٧- وشەی پاستۆرال (Pastoral) لە وشەی (Pastor) وەرگیراوە بە واتای شوانە، لە نەریت و چاند و وێژەی رۆژئاوادا، پێناسەیەکە بۆ رێبازێکی هونەری کە ماکی ناوەڕۆکی ئەو رێزلێنانە لە ئاسوودەیی و خۆشی ژیانی ساکار و سانای گوندی لەناو دڵی سروشتەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم وشەیە هەروەها بریتییە لە هەر چەشنە دۆخ و کەش و هەوایەکی بزوێنەر و شادمان. لەم بارەوە پێکهاتەکانی وەك- " تێکنۆپاستۆرال"- "پاستۆرال- تێکنۆکراتیك" یان "پاسۆرال تێکنۆلۆژیك" روونکەرەوەی ئەم بۆچوونە یان لێکدانەوەیەکە لە تێکنیك و تێکنۆلۆژی و کەڵك لە تێکنۆلۆژی بۆ بونیادنانی کەش و هەوایەکی دڵخۆشکەر و شادمان.

**"کۆنستانتین- گی"** یە کە بودلێر بە نموونەیەکی زیندوو و هەمیشەیی لە روالّەتی **دەندی**[118] دەیناسێنێت. **بودلێر** لە گوتارێکی بەناوی **" سەبارەت بە روانگەی پێشکەوتنی مۆدێرنیزم و کاریگەری ئەو بەسەر هونەرەجوانەکاندا"** خۆ دەردەخات. ئالێرەدا بودلێر دروشمێکی ناسراوی کۆنەپەرستانە سوودوەردەگرێت هەتا بێجگە لە ئایدیای پێشکەوتنی مۆدێرن، گالّتە بە تەواوی بیر و هزر و ژیانی مۆدێرن بکات:" هەلّەیەکی گەورەی باوی رۆژیش ئەوەیە کە شێلگیرانە حەز دەکەم لەو شەیتانە خۆ بپارێزم، مەبەستیشم هەر ئەو ئایدیای "پێشکەوتن"- ە س. ئەم فانووسە دەریاییە- تاریك و لێلّ و نادیارە، داهێنانی دەمەلاچقانەی فەلسەفەی رۆژگاری ئێمە، کە ئیزنەکەی بە بیّ هیچ لە ئەستۆگرێك لە لایەن خوا یان سروشتیّ دەرچووگە- ئەم فانووسە دزێوی مۆدێرنە بالّی بەسەر تەواوی مژارەکانی زانابیدا کشاندووە و تیشکی ئاژاوە دەهاوێژێت، ئازادی دەتوێتەوە و سزادان نامێنێت، بەراستی هەرکەس بیهەوێت مێژوو بە روونی و ئاشکرا ببینێت پێویستە لە پێشدا ئەم تیشکە دزێو و خاینە بکوژێنێتەوە." بودلێر هونەرمەندی هەلّبژاردەی خۆی نە تەنیا لە جیهانی مادی وزەی هەلّم و کارەبا و گاز، بەلّکو تەنانەت لە گشت مێژووی داهاتوو و رابردووی هونەر جیا دەکاتەوە. بە وتەی ئەو تەنانەت بیرکردنەوە لەوەی کە هونەرمەند چەنێك لە پێشووان و رابردووی خۆی کەلّکی وەرگرتبێت کارێکی "هەلّە" یە. هەر چەشنە گەشە و سەرهەلّدانێك (لە هونەردا) کارێکی خۆویستانە و تاکییە... سەرچاوگەی هونەرمەند خۆیەتی... ئەو تەنیا دەروەستەی خۆیەتی و بەس. ئەو منالّێکی لە پاش بەجێنامێنێت و ئەمرێت! هەمیشە ئاغا و کوێخای خۆی بووگە و دەمێنێتەوە." بودلێر بە جۆرێك لە ئاگامەندی و ژیری دەگات کە لە **کانت**- یش بانتر هەلّدەکشێت، هونەرمەندی هەلّبژاردەی ئەو دەبێتە شتێك کە خۆی لە خۆیدا بزوێنەر و جوولّێنەرە. بەم چەشنە وێنەی دژ بە شوانکارە لە جیهانی مۆدێرن، ناوبژیکردنی هەستیاری رەنگاورەنگ و مەتەلّۆکئاسای بودلێر

---

١١٨- دەندی (Dandy) دەستەواژەیەکە، کە لە کۆتایی سەدەی رابردوورا بە پیاوانی گەنج، رێك و پێك و تەرپۆش دەوترا. ئەم وشەیە، وەك دەستەواژەی کۆنتری "بۆهەمیەن" (Bohemian) لە راستیدا جۆرێك یان باشترە بێژین تیپێکی کۆمەلاّیەتی- کەلتووری بوو کە نموونەی بەرچاوی ئەو بە ئۆسکار وایلدە، دەندی dandy بە واتای پێشکەوتنی هۆنای سەرمایەداری مۆدێرنە.

دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بیروبۆچوونی سەرتاپا شوانکارانە لە هونەرمەند، هونەرمەندێك کە سەربەخۆ و ئازاد لە لوتکەی ئەم وێنەیەدا هەڵواسراوە. دوو ئالیتەیەك کە هەر ئێستا هێڵە سەرەکی و گشتییەکانی کێشراوە (بۆچوونی دژەشوانکارەیی لە جیهانی مۆدێرن- بۆچوونی شوانکارەیی لە هونەرمەند و هونەرەکەی) لە دەقی نووسراوەی بە ناوبانگی بودلێر **"پیرۆکەی هەمەکی و گشتی مۆدێرن و وێنەگەری بە ناخدا رۆدەچێت و پەرە دەگرێت."**

## ج)- هونەری مۆدێرن و بەردەنگان:

یەکەم لایەنی نوێ، کە لە روانگەی فەلسەفیشەوە گرنگترینیانە، بۆچوونێکی نوێیە لە بوون. بۆچوونێك کە بە گشتی لەگەڵ تێگەیشتنی جوانناسانەی کەون جیاوازە، و هەر راست لەمەڕ ئەو بۆچوونە نوێیەش لە بوونە کە هونەری مۆدێرن "دەربڕینخواز" نییە. واتە تەوەری سەرەکی لەودا دەربڕینی بوونێکە لە جیهانی دەرەوە، یان ئەوەیکە هەست و سۆز و عاتیفەیەك لە گیانی هونەرمەندا نییە. "چونکە هونەری مۆدێرن دەربڕینخواز نییە" یان [بە واتایەکیدی و باشتر بەم رازەگرنگە گەیشت کە هونەر (خۆدەربڕ) نییە]، لاساییکەری بوونیش نییە. بە چەشنێکیتر هونەرمەندی مۆدێرن باوەڕی بە هەستەکانی خۆی نەماوە. کاتێك براك و پیکاسۆ دەیانگوت: نایانهەوێت ئەو شتەی وا "دەیبینن بیکێشنەوە" بەڵکو بە دووی ئەوەدان تا وێنەی ئەو شتانەی وا بیری لێدەکەنەوە بیکێشنەوە، لە راستیدا پێشانمان ئەدەن کە رێکان و متمانەیان بە هەستە سەرەکییەکانی خۆیان نەمایە، چونکە بە باشی تێیگەیشتبوون کە هەستی وان شتێك نییە جگە لە "خووخدەی بینین" واتە وەرگرتنی بڕیاری هێماناسانە کە ئۆبژەی پێناسەکراو وەك راستەقینە دەناسێنن، ئیتر ئەو دڵنیاییە بە بیری خۆ کەبۆ **دیکارت** بوون بوو، لە پاشان جیهانی ئۆبژێکتیو (ماتیك و بەرچاو) ی وەك بوونێکی راشکاوانە دەردەخست، لەناو دەچوو. هەر بەو هۆیەش بوو کە لە کوبیزمدا، "تەواوەتی" کە لە راستیدا هۆنا و سیستێمێکی داخراوی سەرچاوەگرتوو لە " نەریت" بوو، ئیتر ئەویش پیرۆزبوونی خۆی لە کیسدا و وێنەریش ئەوەی لەسەر ویستی خۆی کرد بە باژی بچووك بچووك و هەر باژێکیشی بەو چەشنەی پێی خۆش بوو نەخشاند. رێکخستنی دووبارەی ئەم باژانە، جیهانی دیاردەکانی

وەك بڕیاردان لەسەر كۆمەڵە شتێكی نەریتی پێشان ئەدا. ئەم ئەزموونی نەخشاندنە، بێ ئەوەیکە وێنەر بزانێت، كاری ئەوی وەك ئەو شتەی كە " هوسرێل" بە كەمكردنی دیاردەناسانەی ناوزەد كردبوو، نزیك دەكردەوە. جۆرێك ناسینی ڕاستەوخۆ بوو لە خۆ " **هەر شتێكیش**، نە تەواوەتێكی بژارەیی بەڵكو تاكێك بوو دەرباز لە هەر داسەپان و دیاریكردنێكی بڕیاردەرانە. كاتێك فۆرمالیستەكانی ڕووسی چەمكی "ئاشنا سڕینەوەیان" خستەروو، لە ڕاستیدا یەكێك لە گرنگترین لایەنەكانی هونەری مۆدێرنیان خستۆتە بەرباس و لێكۆڵینەوە، و تا ئاستی بۆچوونێك سەبارەت بە هەر چەشنە ئافراندنی هونەری پەرەیان پێدا و بە پشتبەستن بەوەش هونەری مۆدێرن وەك ئاگامەندییەكی "ئەزموونی جوانناسانە"- ی لێهات. هونەری مۆدێرن بە چەشنێكی پڕاوپڕ و گشتی بە سەر ئەم ڕازەدا ئاگابۆتەوە كە هەر شتێكی ئاشنا جگە جوانناسانەیە! و هەروەك گریمانەیەكە لە بوون كە ڕاز یان سەرچاوەی بڕیارەكەی بزر بووگە، و ئێستا لە جیات ڕاستی، پێناسە دەكرێت. بەڵام بنەمای كاروباری هونەری لە فۆرم و قەبارە و بیچم دایە و نە لە ناوەڕۆكدا. هونەر لە زمانی ئاشنا و ناسراو سڵدەكا و گەرەكیەتی بە چێژ و بیانی بوون بگات. "هەڵبەست"، خۆ شتێك نییە جگە لە بەكارهێنانی نائاشنایانەی زمان (زووان). پێویستە لەگەڵ ڕەچاوگرتنی ئەمجۆرە ڕوانگە فۆرمالیستییە ئەوەش بێژین كە لە ژیانی ئەم سەردەمەدا، زمان تا ئاستی بەكارهێنانێكی پەیوەندیدارانە هاتۆتە خوارێ و نزم بۆتەوە و هەموو شتێك لەودا بە پێی یاسا و ڕێسا و بە چەشنێكی داخوازراو و بێژیارانە تێدەپەڕێت. بە ڕاستیش نائاشناترین و نەناسراوترین چتگەلی دەوروبەرمان هونەری مۆدێرنە. جا كەوایە هونەری مۆدێرن لەو شتەی كە بنەما و ژێرخانی ڕۆمانتیك بوو واتە سۆز و هەست و بەور دوور دەكەوێتۆ. هەست ڕاستەوخۆ لە بیچم و فۆرمەیڕا دەگوازرێتەوە نە لە ڕێگای ئەو شتانەی وا دامانناون وەك "هێما"، یان خراتر لەو لە ڕێگای دروستكردنی وێنەیەكی تایبەت لە هونەرمەند، وێنەیەكی درۆیین كە بەردەنگ لە كۆتاییدا باوەڕی پێناهێنێت، بەڵام وەك چیرۆكێك وەریگرتووە. هونەری مۆدێرن ئاسوودەیی و ئارامی بەردەنگ دەشێوێنێت.

بۆ بینەرێكی ئاشنا بە ڕاز و ڕەمزی سینەمای كلاسیك كە لەودا هەموو شتێك بەربینی دەكرێت و بینەر ئاگادارە بەسەر ئەنجامی دڵخۆشكەرانە و چاوەڕوانی كۆتایی ئارەزوومەندانەیە،

بە پێچەوانە، ژیان لە جیهانی **ئالێن ڕێنە**[119] و **ئاندرێ تارکۆفسکی**[120] پڕسامناکە. ئەوەیە ڕازی کاردانەوەی نەرێنی بینەرانی سینەمای مۆدێرن. گرنگ نییە کە ئەم بەرهەمە ناسراوانە تا چ ڕادەیەك سامناك بن یان چ شتگەلێکی سەرسوڕهێنەرانەمان پێشانبدەن، دەکرێ لەگەڵ ئەو شتە ناسراوە سەیر و سەمەرەانە ڕابێین. ئەوەی لەوانەیە لەگەڵی ڕانەیەین، فۆرم و بیچم و پێکهاتەی نەناسراوی وانە. لە جیهانی کەمبایەخی ژیانی ڕۆژانەدا بێئۆقرەیی کەم نییە، بەڵام هیچ شتێك لەوە بێ ئۆقرەتر نییە کە فۆرم و قەبارەی ژیان ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت. لە هونەری مۆدێرندا **"شاراوەبوونی واتا"** کارگێڕییەکی گرنگی هەس. شاراوەخوازی کە ئەزموونی شاراوەی هەڵسوکەوت و دەروونی هونەری مۆدێرنە، هەروەها ئەو باوەڕە نوێیەی هونەرمەندی مۆدێرن بەسەر بوونێکی بگۆڕدا، گرنگی بۆچوونی مۆدێرنیزم لە بان تێگەیشتن و دەربڕین، کار و کردەوەی نەستی مرۆڤمان پێشان ئەدات.

ئێمە بەراستی هێشتا ناتوانین کەڵك لە مۆدێرنیزمی خۆمان وەربگرین، ئێمە گەوەی پەیوەندی چاند و کەلتووری خۆمان لەگەڵ ژیاندا پچڕاندییە یان لێی دابڕاوین. **جاکسۆن پۆلاك**[121] لە بژارەی خۆیدا وێنە داچۆڕاوەکانی (دڵۆپە)- بە دارستانێك و لێرەوارێك دادەنا کە بینەران خۆیان لەودا بزرکەن! (یان بە پێچەوانە خۆیان لەودا بدۆزنەوە). بەڵام ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر هونەری خۆخستنە ناو دەقی وێنەکانمان لە دەسداوە. هونەری دیسانناسینەوەی خۆمان لە پلەی بەشداربووان و یاریزانانی گۆڕەپانی هزر و هونەری سەردەمی خۆ. سەدەی ئێمە توێژێکی سەیری لە هونەرگەلی مۆدێرن پێکهێنایە، بەڵام وادیارە ئێمە لە بیرمان چۆتەوە چۆن لەو ژیانە مۆدێرنەی کە بنەما و بناغەی ئەم هونەرانەی پێکهێناوە تێبگەین و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین. بیرۆکەی مۆدێرن لە سەردەمی **مارکس** و **نیچە** بە چەشنی جۆربەجۆر پەرە و گەشەی سەندووە. ئێستا مۆدێرنیتە یان بە سۆز و بەورێکی کوێرانە و بێڕەخنەییانە وەردەگیرێت یان

---

۱۱۹- Alen Rene - فیلمسازی بەناوبانگی فەڕەنسی.

۱۲۰- Andrei Tarkovsky: (۱۹۸٦- ۱۹۳۲) دەرهێنەر و فیلمسازی ڕووسی.

۱۲۱- Jackson Pollock (۱۹٥٦- ۱۹۱۲) وێنەری ئەمریکایی و لە پێشرەوانی بزاڤی دەربڕینخوازی سەڵت.

وەکی روانگەیەکی نیۆئۆلەمپیانە لەبان هەورەکانۆ، بە چاوێکی سووکەوە سەیر دەکرێت و دەکەوێتە بەر پلار.

لەهەردوو باراندا، مۆدێرنیتە بە وێنەی تاتە بەردێکی یەکپارچە وێنا دەکرێت کە توانای گۆڕینی بیچم و فۆرم و قەبارەدۆزی یان ئاڵوگۆرکردنی بە دەست مرۆڤی مۆدێرنی نییە. بژارەکانی والآی ژیانی مۆدێرن جێگای خۆی داوە بە وێنەگەلێکی داخراو و بەستەڵەك. بێژیاری ئەم یان ئەو بۆتە جێگری ئەمەش و ئەوەش. بە جەمسەرکردن بۆتە بنەمایەکی دروست لە دەسپێکی سەدەی ئێمەدا. ئەم وتارە لە فۆتۆریستەکانی ئیتالی چاو لێکەین، ئەم لایەنگرانی پڕکوڵ و تینی مۆدێرنیتە لە ساڵەکانی بەر لە دەسپێکی جەنگی یەکەمی جیهانیدا:

" هەڤالآن، ئێستا رووی قسەمان لەگەڵ ئێوەیە و پێتان دەڵێین،پێشکەوتنی دەسەلآتتدارانەی زانست بەبێ هیچ گومانێك ژیانی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە خەریکی هەڵکۆڵینی کەلەبەر و چاڵێکی یەکجار قووڵن.کەلەبەرێك دە نێوان ئەو کۆیلە ملکەچانەی نەریت و ئێمە مرۆڤگەلی مۆدێرن- ی ئازاد و سەربەخۆ کە لە شان و شکۆی درەوشاوەی داهاتوومان تەواو دڵنیاین...

**... پاچ و پێمەڕە و چەکوچ و بێورەکانتان هەڵگرن و ئەم شاروباژێرە خۆشەویست و بەرێزانە! بێ بەزەییانە، تێکو پێك بدەن!**

**راکەن! وەرن! گەنجەی پەرتووکخانەکان ئاگردەن! گۆنگە و لوولەی ئاوەکانتان بۆ لای مۆزەخانەکان وەرسوڕێنن هەتا لە ناو لافاوی توڕەیی ئێوەدا نوقم بن!... ."**

لە وێنەی فۆتۆریستیدا (داهاتووخوازی) هیچ جۆرە ئاماژەیەك بە ئەزموونی وان نابیندرێت. وا دیارە دروست هاوکات لەگەڵ ژیانەوەی مەکینەکان، گەلێك لە گرنگترین جۆرەکانی هەستی مرۆڤ بەرەو لەناوچوونن. بەڕاستی، بە گوێرەی یەکێك لە نووسراوەکانی تری فۆتۆریستگەل:" ئێمە بە دوای ئافراندنی جۆرێکی جگە مرۆڤین کە رەنجی ئاکاری دڵپاکی- ئەڤین و مێهر، تەواو ئەو ژاراوە پووکێنەرانەی وزەی ژیان لە کارەبای جەستەی پڕهێزی ئێمە دەبڕن، لە کەلەشی ئەو بسڕینەوە." لەم بارەوە، فۆتۆریستەکانی (داهاتووخوازان) لاو و گەنج لە ١٩١٤یڕا بە حەز و مەیلێکی بەگوڕ کەوتنە باوەشی ئاریشەیەکەوە کە هەر بۆ خۆیان، ئەم

جەنگەیان تاکە شێوەی **"تەندروستی جیهانی"** ناوزەد کرد. لە ماوەی دوو ساڵدا، داهێنەرترینیان- وێنەر و پەیکەرساز **ئامبێرتۆ بۆچیۆنی** و بیناساز و دیزاینێر **"ئانتۆنیۆ سێنت ئێلیا"**[122] بە سۆی ئەو مەکینانەی وا حەزیان پێدەکردن و خولیایان بوون کوژران و لەناوچوون. لە ئەندامانی پۆلەکە ئەوانەی وا زیندوومانەوە هەتا لە ئاشەکانی **مۆسولینی** ببنە کرێکارانی کەلتووری، دەستی چارەنووس ورد و خاشی کردن و هاڕینی بەسەریەکدا. داهاتووخوازەکان (فۆتۆریستەکان) پێداهەڵگوتنی تێکنۆلۆژی مۆدێرنیان تا ئاستی جۆرێك لە شەیدایی زۆر شێتانەی پڕسەیر و سەمەرە و تێکدەرانە بەرەو پێش برد و هەر ئەم کارەش بۆخۆی لە ئەستۆگرتنێك بوو بۆ دووپات نەکردنەوەی زێدەڕۆییەکەیان، بەڵام شەیدایی بە هەڵەشەی وان لە مەکینەکان سەبارەت بە دوورکەوتنەوەی یەکجارەکیان لە خەڵك پاشانیش لە هەیکەلی شێوەگەلی نوێدا دووبارە بەرجەستە بوو کە نزیکایەتی کەمتر و تەمەنێکی درێژتریان بوو پاشی جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ ئەم جۆرە لە مۆدێرنیزم لە چوارچێوەی بیچمی پالێوراو و جوانناسی مەکینە، شوانکارەی تێکنۆکرات، **گرۆپیوس**[123] و **مایزوان دررووهە**[124]، **لوکۆربوزیە**[125] و **لێژە**[126] و فێرگەی بیناسازی باوهاوس(Bauhaus) و سەمای بالەی مێکانیکی رووبەڕوو دەبین. لە دوای دووهەمین جەنگی جیهانیش هەمیسان هەر ئەو شێوە لە راپسودییەکانی ئەسیدی و هایتەك (high- tech) **باکمینستێر فولێر**[127] و **مارشال مەك لوهان**[128]، و لە پەرتووکی **"راچڵەکانی داهاتووی ئالوین تافلێر"**[129] دیسان دەتوانین بیدۆزینەوە. ئێستاش لە زمانی **مەك لوهان**-ەوە لە پەرتووکی تێگەیشتن لە میدیاکان. چاپکراوی ١٩٦٤:

---

١٢٢- Antonio Sant'Elia - بیناسازی ئیتالیایی و لایەنگری فۆتۆریزم.

123 . Valter Gropius.

124 . Ludwig Mies Vander Rohe (1886 – 1969).

125 . Lecorbusir (1887 – 1965).

126 . Fernand Leger (1881 – 1955).

127 . Buckminster Fuller.

128 . Marshall Mcluhan (1911 – 1980)

129 . Elvin Toffler.

به کورتی، کۆمپیوتێر به پاڵپشتی تێکنۆلۆژی، بەڵێنی هاتنەدی جۆرێك له " دۆخی پیرۆز"[١٣٠]،(زانین، تێگەیشتن و یەکبوونێکی گشتی) ئەدات، به رواڵەت هەنگاوی ژیرانەی دواتر دەبێ... سڕینەوە و لابردنی زمانگەلی جیاواز بێت به سوودی زانیارییەکی گەردوونی و گشتی. ... هاوپێ دۆخێکی "بێکێش" که به گوێرەی ژینناسان بەڵێنی نەمریی جەستەی لەناو خۆیدا حەشار داوە- دەتوانین دۆخێکی بێوتە بدۆزینۆ که جۆرێك ئاشتی و هاوئاهەنگی بەردەوام به کۆمەڵی ئێمە دەبەخشێت."

به بۆچوونی **ماکس وێبێر**[١٣١]، هاوچاخانی ئەو شتێك نین بێجگه له پسپۆڕانی بێگیان و چێژپەرستانی بێدڵ، و ئەم بوونەوەرە بێبایەخە (مرۆڤی مۆدێرن) دیلی ئەم خەیاڵەیە که به ئاستێك له گەشە و پەرەسەندن گەیشتووە که جۆری مرۆڤ هەرگیز به خەونیشیدا نەهاتووە. جا لەبەرئەوە نه تەنیا کۆمەڵگەی مۆدێرن قەفەسێکی ئاسنینە، بەڵکو سروشتی چۆنیەتی ئەندامانی ئەوانیش له لایەن شیشەکانی ئەم قەفەسەیڕادیاریدەکرێت، مۆدێرنیزمی دەیەکانی ١٩٦٠ به گشتی دەکرێ بەسەر سێ لکدا بەشکەین که سەرچاوە له سێجۆر روانگە سەبارەت به ژیانی مۆدێرن له خۆ دەگرێت، لەوانەیە پۆلینکردنی روانگەکانی ئەرێنی و نەرێنی و لاگرتنێکی کاڵ و خاو بێتە بەرچاو، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە روانگەکانی ئەم دوایانە سەبارەت به مۆدێرنیتە له بەراورد لەگەڵ روانگەکانی سەدساڵ لەمەوبەر، کاڵتر، ساکارتر، قەبەتر و نادیالێکتیکیانەتر بوون. یەکەمین جۆری مۆدێرنیزم، هەر ئەوەی که تێدەکۆشێت له ژیانی مۆدێرن خۆ بدزێتەوە، له لایەن **رۆلان بارت**[١٣٢] له گۆڕەپانی وێژەدا و **کلێمینت**

---

١٣٠- دۆخێکی پیرۆز (Pentecostal Condition)، ئاماژە به هاتنەخوارێی گیانی پیرۆز بەسەر یارانی عیسادا دەکات، هەفت هەفتەش پاشی رۆژی پەسلان، که له جێژنە گرنگەکانی کریسینیانە به پێی وتەی "چاخی نوێ" پێشکەشی گیانی پیرۆزە و بۆ یاران ئاشنا بوونیانە به هەموو زمانەکانی مرۆڤ هەتا بتوانن له سەرتاسەری جیهاندا ببنە پەیامنێری راستەقینەی عیسای موژدەبەخش.

١٣١- Maks Veber (١٩٢٠ — ١٨٦٤) کۆمەڵناسی ئاڵمانی له کۆتایی سەدەی نۆزدەدا.

١٣٢- Roland Barthes: (١٩٨٠ — ١٩١٥) فەیلەسووفی فەڕەنسی.

**گرینبێرگ**[133] لە مەیدانی هونەرە دیدارییەکان بە شێوەیەکی بەهێز و راشکاوانە هاتە ئاراوە. گرینبێرگ وای لێکدایەوە کە بۆ هونەری مۆدێرنیستی یەکەم شت ئاریشە یان مژاری رێپێدراوی خودی هونەرە. لەگەڵ ویش لەبۆ هەر هونەرمەندێك یەکەم تەوەری راستەقینە و پەسندکراوی هەر بیچم یان ژانرێکی هونەری، چلۆنی و رادەی هەر ئەو ژانرەیە:" مێدیا هەر ئەو پەیام یان بروسکەسە." بۆ وێنە تەنیا مژاری ئیزنپێدراو بۆ وێنەرێکی مۆدێرن هەمان چۆنیەتی ساو و تەخت بوونی تابلۆ- دیوارییەس... کە کاری وێنە لەسەر ئەو دەکرێت ، چونکە تەنیا ساو و تەخت و دوو رهەەندیبوون تایبەتمەندی تاك و پاوانخوازانەی ئەم هونەرەیە. ئینجا لەم روانگەیەوە، مۆدێرنیزم گەڕانێك بوو بۆ وەدەستخستنی مژارێکی بێ‌خەوشی هونەری و خۆی بوو بە سەرچاوگە، ئەمەش تەواوی باس و رووداوەکە بوو: پەیوەندی راستەقینەی هونەری مۆدێرن لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی مۆدێرن لە بنەڕەتتدا بە پەیوەندی نایەتە هەژمار.

بەم چەشنە، مۆدێرنیزم بە وێنەی هەوڵێکی مەزن بوو بۆ دەربازکردنی هونەرمەندانی مۆدێرن لە گەرد و خەوش و تایبەتمەندییە ناحەز و ناشیرینەکانی ژیانی مۆدێرن. دەرکەوت زۆربەی هونەرمەندان و نووسەران و تەنانەت هەژمارێکی زۆر لە هەڵسەنگێنەرانی وێژە و هونەر- دامەزران و پتەوکردنی سەربەخۆیی و پلەی لێزانی خۆیان لە سۆی ئەمجۆرە مۆدێرنیزمەیڕا دەزانن، بەڵام تەنیا هەندێك لە هونەرمەندان یان نووسەرانی مۆدێرن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لایەنگری ئەم مۆدێرنیزمە مانەوە: هونەرێکی دابڕاو لە هەستی مرۆڤانە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە ناچار پاشی ماوەیەك ئیشك و بێ‌گیان دێتە بەرچاوان. ئازادییەك کە ئەم هونەرە پێشکەشی دەکات و بۆمان دێنێت، ئازادییەکە بە چەشنی تابووتێکی لاك و مۆرکراو. روانگەی ئەرێنی سەبارەت بە مۆدێرنیزم لە دەهەکانی ١٩٦٠ لە لایەن گروپێکی ناتەبا پەرەیگرت. کەسانێکی وەك **جان کیج**[134]، **لارنس ئالووی، مارشال مەکلوهان، سێزلی فیدلێر، سوزان سۆنتاگ**[135]، **ریچارد بواریە و رابێرت وێنتوری**[136]. ئەم بوویەرە کەم تا کورتێك

---

133 . Kliment Grinberg.
134 . John Cage.
135 . Susan Sontag (1933 – 2005)
136 . Robert Venturi.

هاوکات بوو دەگەڵ گەشەسەندنی هونەری پاپ لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ دا، ناوەڕۆکی زەق و بەرچاوی نەریتی و بەکەڵکی ئەم بیرۆکەیە بریتی بوو لە: ئێمە دەشێ هەر ڕۆبچین بە ناو ئەو ژیانەی وا تێیداین. چاومان بکەینەوە (کیج) و "سنوور ببەزێنن، کەلێن پڕکەینۆ" (فیدلێر). ئەم کارە لە بارێکەوە، بە واتای تێکشکانی کۆسپەکانی "هونەر" و چالاکییەکانیتری مرۆڤە، وەکو گەشت و گوزاری بازرگانی، تێکنۆلۆژی پیشەسازی مۆد و دیزاین و رامیاری. ئەم کارە لەگەڵ ئەوەشڕا نووسەران، وێنەران، سەماکەران، ئاهەنگسازان و فیلمسازانی هاندا هەتا لە سنوورە ماتیکەکانی خۆیان تێپەڕن و بەیەکەوە بۆ پێشاندانی بەرهەم و بەرنامەکانی چەند مێدیایی هاوکاری بکەن کە دەبێتە هۆی ئافراندنی هونەری بەپیتتر و خاوەنی بایەخگەلێکی فرەتر.

**"ئۆکتاویوپاز"**[١٣٧] گەورە مۆدێرنیست، هەڵبەستوان و رەخنەگری مەکزیکی بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە پەیوەندی مۆدێرنیتە دەگەڵ رابردوو دابڕاوە! مۆدێرنیتە بەردەوام بە خێرایەکی سەرسوڕهێنەر بەرەو داهاتوو فڕێ ئەدرێت کە هەرگیز ناتوانێت لە جێگایەکدا ریشە دابکوتێت، بەس لە تێپەڕبوون لە ئەمڕۆکەوە بۆ سبەینێ، درێژە بە ژیانی خۆی ئەدات:" مۆدێرنیتە ناتوانێت بگەڕێتۆ بۆ سەرچاوەکانی خۆی و لەم بارەشۆ وزەی بووژانەوە و ژیانبەخشی خۆ بۆخۆی هەمیسان وەربگرێتەوە."

## د)- دەرئەنجامەکانی مۆدێرنیزم:

**تۆنی‌پینکینی**[١٣٨] دەڵێت:" جێگای گومانە لەوەیکە بتوانین لە نێوان هەژمارێکی بەربڵاو لە ئافراندن و داهێنانی بەرچاوی جوانناسی کە لەم ساڵانەی دواییدا بەدیهاتوون تایبەتمەندییەکی زەق و کارامەی گشتی و تاك دەرکێشین، هەندێك لە رووداو و رێبازە نوێخوازەکان خەریکی بەسەرداهەڵگوتن و رێزلێنان لە داهاتوویەکی پێڕان لە پیشەسازی- تێکنۆلۆژی- گورجی و خێرایی- گەشە و بەرژەوەندی- بزۆزی کە لە شار راپەڕیون،

---

١٣٧- Octavio Paz: (١٩٩٨ – ١٩١٤) هەڵبەستوان و نووسەری بەناوبانگی مەکزیکی.
138 . Tony Pinkini.

بەشێکی‌تریش لەم رووداوە مۆدێرنیست و نوێخوازانە هەڵگەڕاوەنەتۆ بۆ سەردەمی خۆشی و زێڕینی کۆمەڵگەی سەرەتایی (Gemeinschaft) کە لە تەرازیی و هاوئاهەنگی رووناکی و ئیلهامی ئاگامەندیێرا لەگەڵ سروشت رادەبوێرن، هەندێکیش لە هەوڵی ئەوەدابوون هەتا وێنە و بیچمێکی جوانناسانەی کاڵ و خاو بۆ خۆ بدۆزنەوە، هەڵبەت لەوەیرا کە ژیانی هاوچەرخیان وەکو چارچیوەیەك و قالّبێك بۆ خۆیان رەچاو گرتبوو لەبەر ئەوە دەبا رواڵەتی جوانناسی رەچاوگرتووی وانیش یەکجار گشتی، بەربلاو و هەمەلایەنە بێت، لە هەمبەر ئەم گروپەش نوێخوازانێك بوون کە تێدەکۆشان هەتا لەم رووداوە بەرین و هێرشبەرە برێك لە تۆخمەکانی کەمخوازانەی گەشەکردوو دەرکێشن، نواندن، یانی (ئیلهام) تێپەر، هایکۆگەلی دوودێڕی خەیالاویی شانۆنامەی ٢٠ چرکەیی **ساموئێل بێکێت** و نەخشەکانی نزیك بە سپی و بەتاڵ و بێ‌وێنە، لە لایەکی‌ترەوە گشت ئەم نوێخوازانە لە باری رامیاریش لایەنگری لایەنێك- بۆچوون- ئامانج و بەرنامەگەلێکی جیاواز و پرش و بلاو و واژی بوون: لە ریبازی نوێخوازانەی فۆتۆریزم **ولادیمیر مایاکۆفسکی**[١٣٩] کە روویکردە بۆلشویزم هەتا نوێخوازی **فلیپۆماریەنێتی**[١٤٠] کە بۆ پشتگیری لە **موسۆلینی** راپەڕی، لە ئێکسپێرسیۆنیزمی (دەربڕینخوازی) **گاتفریدبێن**[١٤١] کە لایەنگری هیتلێر بوو، هەتا هەڵوێستی گرژ و رادیکالّی (بنەماخوازانە) **ئێرنێست تولێر**[١٤٢] کە بۆ لای رووداوەکانی شۆڕشگێڕانەی چەپ چوو، رەنگە تەنیا شتێك کە گشت هونەرمەندانی ئەم خولە تێیدا هاوبەش و یەکدەنگ بوون، سەرنج و هەوڵی لەرادەبەدەری ئەوان بووبێت بۆ فۆرمی جوانناسانە کە ئەویش جاروبار لە سەرچاوەی روانگە و هەڵوێستە جیاواز و ناتەباکان سوودیان وەردەگرت، هێنانە ئارای تایبەتمەندیگەلێکی پێناسەکراوی شازی زیاتر سەبارەت بە مۆدێرنیزم بریتییە لە پێشنیازی بزاڤێك لە دڵی قەیرانێکدا- قەیرانێکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی کە شاکلیلەکانی بریتین لە دەرکەوتنی گەلەمپەری، چینی کرێکار و خەباتی

139 . Viladimir Mayakovski.
140 . Filippo Marinetti.
141 . Gottfried Benn.
142 . Ernst Toller.

فیمێنیستی- تێکنۆلۆژی نوێ و دەسکەوتەکانی دووهەمین شۆڕشی پیشەسازی و ئەزموونی پەرەئەستێنی گەورە شارەکانی زل سەرمایەداری (ئەمپێریالیستی).

دەکرێ جوانناسی نوخبە خوازانەی مۆدێرن بە دوو شێوە دابەشکەین، جوانناسی "هونەری بالاّ" و جوانناسی لەسەر بنەمای "کەلتووری گەلی"، (رووکار و سەردەرکەکانی درەوشاوە و بانگەلی تەخت و سپی، بیناسازی لوکۆربوزییە لە هەمبەر بینا نزمەکان و کۆمەلاّنی دەورووبەری شار) و ئەم پێناسەیە لە مۆدێرنیزم (یان ئەو شتەی کە هەندێك لە تیۆریسیەنەکان بە مۆدێرنیزمی بالاّی ناوزەد دەکەن)، بەو رادەیە نەرم و نیان و فرەوان هەیە کە بەشێك لە ئەزموونەکانی سەردەم لەخۆ بگرێت. بۆ وێنە هۆنراوە چەوت و دژوار و بەتەوس و پڕراز و رەمزەکانی، **تی. ئێس ئلیۆت** ئەزموونگەلێك کە بەراستی لە زۆر بووار و لایەنیترا لەگەلّ بیناسازی "رێبازی ناونەتەوەیی" هەندێك هاوبەشن. بە باوەڕی **ئێمیل دورکیم**[١٤٣] (١٩١٧-١٨٥٨) کۆمەلّناسی فەڕەنسی، مۆدێرنیتە بریتییە لە: "تێپەڕین لە یەکگرتنی مێکانیکی یان مەکینەئاساوە بەرەو یەکبوونی ئۆرگانیك یان ئەندام ئاسا کە دەرئەنجامی دابەشکردنی روو لە زۆری کارە کە لە راستیدا کلیلی کۆمەلّناسی ژیانی مۆدێرن دێتە ژمارتن. بە بۆچوونی **بودلێر:** "بریتییە لە کاری تێپەڕ- سلّ و رەوەك و شیاو، نیوەی هونەرە و نیوەکەیتریشی کار و ئیشێکی نەمر و نەگۆڕە." کەسایەتی بەناوبانگی بودلێر واتە "بەرەلاّ" کە لە ناو شەقامەکانا پیاسە دەکات و بە بەر فرۆشگە گەورەکانی شارەکەدا تێدەپەڕێت و بەم چەشنە راستەقینەترین روانگەمان سەبارەت بە پڕبەپێست بوونی مۆدێرنیتە، پێپیشان دەدات. بە فەرمی ناسینێکی سلّ- تێپەڕ و رووبین- نرخێکە کە دەبا بۆ تێگەیشتنی باری چۆنیەتی تەواوی مۆدێرنیتە بیدەین.

**گیۆرك زیمێل**[١٤٤] فەیلەسوف و کۆمەلّناسی ئالّمانی دەیگوت: "بەرەلاّ"، کت و مت لەو بارەوە کە نەناسراو و نامۆیە، باشترین بارودۆخی بۆ تێگەیشتنی مۆدێرنیتەی هەیە. (ئەو نامۆیەکە لەناو نامۆکانا). بە بۆچوونی بودلێر و زیمێل، تەنیا رێگای پێکهاتن لەگەلّ گشت ئەم

143 . Emile Durkheim.
144 . Geork Simmal.

ئەزموونە لەت و کوتانە کەڵك وەرگرتنە لە هونەر. ئێمە هێشتا پێویستمانە بە چەشنێك بژین کە تۆ پێت وابێ شتێك لەوپەڕی **"بوونێکی تیژ تێپەڕ"**- ی مۆدێرنیتە هەیە. هونەر ڕێگاچارەیەکە بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە سڵ و ڕەوەکە! بەڵام بە ڕای **ئێنگێلز**[١٤٥] هاوبیری **مارکس** هەر هونەر بەس نییە. ئەو لە گەورە شاری لەندەن "تاکی گۆشەنشین"- ی ئەدیت. خۆویستی بەرچاوتەنگانە کە شتێك نەبوو جگە لە ڕووخانی کۆمەڵگە بە تاکگەلێك کە هەریەکەو لەوانە لەژێر ڕێنوێنی بنچینە تایبەتییەکانی خۆیدا بوو و بە دووی ئامانجە شازەکانی خۆیدا دەگەڕا و هەمیسان زیمێل بڕوای وایە کە مۆدێرنیتە بیچمی بەرجەستەکراوی کەلتووری مۆدێرنە کە پارەیە و لەگەڵ پارەدا بەرجەستە دەکرێت. کەلتوورێك کە لە چوارچێوەی نەستی بیانیکراوی ژیانی مۆدێرندایە.

ئێمیل دورکیم بڕوای وابوو کە بەربڵاوی و گەشەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی پیشەسازی بوون و پیشەسازایەتی دەبێتە هۆی دروستبوون و دامەزراندنی ژیانێکی یەکسانی کۆمەڵایەتی، هاوئاهەنگ، ڕێکوپێك و کارا. ژیانێك کە لە ڕێگای تێکەڵی و ئاوێتەبوون لە دابەشکردنی کار و تاکایەتی ئاکارەوە، یەکپارچە و یەکگرتوو کراوە. **ماکس وێبێر** جیهانی مۆدێرن بە جیهانێکی ناتەبا و پارادۆکس دەناسێت کە لەودا حەز بۆ پێشکەوتنی ماتیکی تەنیا لە ڕێگای پەرەگرتن و بەربڵاوی **بۆرۆکراسییەوە** لوابوو کە دەبێتە هۆی تێکشکان و لەناوچوونی داهێنان و سەربەخۆیی تاك.

هەروەسا **گیدێنز**[١٤٦] دەنووسێت: "بیرمەندانی کۆمەڵایەتی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدهەم و دەسپێکی سەدەی بیستەمدا خەریکی نووسین بوون، توانای بەربینی داهێنانی چەك و چۆلی ئەتۆمی و ناوەکیان نەبوو، بەڵام پەیوەندیدان و داهێنان، ئاردە و ڕێکخراوە پیشەسازییەکان لەگەڵ هێزی مێلیتاریستی و چەکداری ڕەوتێکە کە ڕەگ و ڕیشە و مێژوویەکەی دەگەڕێتۆ بۆ یەکەم سەرچاوگەکانی ڕەوتی پیشەسازی مۆدێرن. نەبوونی راڤە بۆ ئەم ئاریشەیە لە

---

١٤٥- Friedrich Engels: (١٨٢٠ -١٨٩٩) فەیلەسووف و شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی ئاڵمانی و هاوکاری مارکس.

١٤٦- Anthony Giddens: (١٩٣٨) لە فیلسوفانی هاوچەرخ ،کۆمەڵناسی بریتانیایی.

کۆمەڵناسیدا ڕێپیشاندەرێکە بۆ هێزدان و بەقوەتکردنی ئەم ڕوانگەیە کە هۆنی ئاردە یان مۆدێرنیتە لە بەراورد لەگەڵ چەکداریەتی کە تایبەتمەندی سەردەمەکانی ڕابردوو بوو، هۆنێکی بنچینەیی ئاشتیخوازانە و لایەنگر و پشتگیری هێورییە. نە تەنیا هەڕەشەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و جەنگە ناوەکییەکان، بەڵکو خودی بوویەری زانستە ناتەبایەکانی چەکداریەتی بازێکی بنەڕەتی " لایەنی تاریك"- ی مۆدێرنیتەی ئێستامان پیشان ئەدات. **"سەدەی بیستەم سەدەی جەنگە."** لەگەڵ هەژمارێکی جۆربەجۆر لە خۆتێوەردان و شەڕ و پێکدادانی بە هەندی چەکداری کە زیان و خەسارییەکی یەکجار گەورەی( بە پلە و ڕێژەی پتر لە دوو سەدەی پێشوو) لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤ داوە لە سەدەی بیستەم پتر لە یەك سەدملیۆنی مرۆڤ لە جەنگدا کوژران واتە بەشێکی مەزن لە حەشیمەتی جیهان کە بە ڕێژە زۆرتر لە حەشیمەتی مرۆڤی جیهانە لە سەدەی نۆزدەهەمدا. تەنانەت یەك پێکدادان یان جەنگێکی بەربەستی ناوەکیش ژیانی بەشێکی مەزن لە مرۆڤان دەخاتە ناو مەترسییەوە و جەنگێکی گشتی و هەمەلایەنەی زلهێزانیش دەتوانێت ببێتە هۆی لەناوچوونی هەمی مرۆڤ. ئەو جیهانەی کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، جیهانێکە لێوانلێو، سەرڕێژ لە سام و ترس و دڵەڕاوکێ. ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوە هەتا ئێمە پتر لە جاران بکەوینە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك و بیرکردنەوە لەم بابەتە کە دەرکەوتنی مۆدێرنیتە دەتوانێ ببێتە هۆی بەدیهاتن و چێبوونی هۆنێکی کۆمەڵایەتی هێورتر و ساختر، هەڵبەت نەبوونی **"باوەڕ بە پێشکەوتن"** یەکێکە لە هۆکارەکان کە دەبێتە مژارێکی لاوازکردنی **"گێڕانەوەی مێژوو"**. دیارە پێی زۆر شتی دیکە پتر لەم دەرئەنجامە کە **"مێژوو هیچ ئامانجێکی نییە و بەرەو هیچ جێیەکیش ناچێ"** لە ئارادایە. ئێمە ناچارین ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی گەوهەری سەبارەت بە سروشت و چۆنیەتی شیرە دوودەمە تیژەکەی مۆدێرنیتە پێشکەشبکەین. **"هێرزۆك"** لە ڕۆمانی **"ساڵی بلوو"** دا دەڵێت: کە شۆڕشی سامناکی ناوەکی دەمانگەڕێنێتەوە سەر ڕهەندی مێتافیزیکی، گشت چالاکییە زانستییەکان گەیشتوونەتە ئەم ترۆپکەیە: "هەموو شتێك لەوانەیە وەك بابەردەڵە بابیبات، لە ژیارۆ گرتوویەتی هەتا مێژوو تەنانەت سروشتیش." ئێستا پێویستە ئەم پرسیارەی جەنابی **"کیەرکێگور"** بێنینەوە یاد...

پرسیارەکەی ئەمەسە کە چلۆن دەکریّ ترس لە نەبوون، نە تەنیا بە چەشنی مەرگێکی تاکە کەسانە، بەڵکو بە جۆرەی والآهی بوون لە سەر خۆمانی داماڵین و تێپەڕێنین؟ ئەگەری روودانی کارەساتێکی جیهانی، جا بە چەکی ناوەکی بێت یان بە هەر کەرستەیەکیتر، ناهێڵیّ متمانە بکەین بەو گریمانەیە کە ژیانی جۆری مرۆڤ بمانهەویّ و نەمانهەوێت درێژتر لە ژیانی تاك تاکی خەڵك دەخایەنێت.

شۆڕشی بەردەوامی تێکنۆلۆژی بەشێك لە وزە و جووڵەی خۆی لە پێداویستییەکانی کەڵەکەبووی سەرمایەدارانە و لەشکرایەتی وەردەگرێت، بەڵام هەر کە رێبکەوێت (بەرژەوەندی تایبەتی خۆی تێدایە) مەیلی پێشکەوتنی زانستی تۆرەیی و سەلماندنی کارابوونی وەها بەرەو پێشوەچوونێك لە ئالوگۆڕی تێکنۆلۆژیکدا هۆکارێکی زۆر کاریگەری دەبێت. هەروەك **"ژاك ئێلویل"** وەبیرمان دێنێتەوە، داهێنانی تێکنۆلۆژیك هاکا لە کاری رۆژانەدا جێگیر بێت بارێکی یەکجار سەخت و کۆنکرێت بەخۆوە دەگرێت:

**" تێکنۆلۆژی هیچکات بەرەو هیچ شتێك ناچێت، لەبەرئەوەی لە پشتەوەیڕا پاڵی تێوەدەنێن. پسپۆڕێك نازانیّ لەبەرچی ئیشدەکات و بە گشتی دەربەستی ئەم باسەش نییە... ئەو ئامانجێك ناپێکێت و هەر بە خەیاڵیشیدا نایەت، بەڵکو ماتۆڕێك لە پشتەوەیڕا زەختی دەکاتە سەر و هەر چەشنە راوەستانێکی ماشینەکەی بۆ پەزیرە ناکرێت... هاوپەیوەندی توخمەکانی تێکنۆلۆژیك رێگاچارەی زۆرمان بۆ دەلوێنێت کە بۆ وان کێشەیەکمان نییە."**

بەڵام گەڕانەوەی- ئاردەی تێکنۆلۆژیك و گەشەی پیشەسازی بە چەشنێکی هەمەکیتر، لە ئێستادا لە جیاتی ئەوەی شل بنەوە بەردەوام و بە گورجی و خێرایی بەرەو پێش دەچن. پێشکەوتە تێکنیکییەکان بە چەشنی "بیۆتێنکۆلۆژی"، تەنانەت لەسەر دەزگای ئەندامانی لەشمان وەکو مرۆڤێك شوێن دادەنێن چ بگات بە چەنبەرەی ژینگەیەك کە لەودا دەژین. بە پەرۆشبوون سەبارەت بەو خەساری و زیانانەی کە لە ژینگە ئەدرێت ئێستا پەرەی گرتووە و بۆتە تەوەری سەرەکی سەرنجی دەوڵەتان لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەگەر بمانەوێت بەر بە خەساریەکی گەورە و مەترسیدار بگرین، پێویستە نە تەنیا لەگەڵ شوێنی دەرەکی تێکنۆلۆژی، بەڵکو دەشیّ لەگەڵ رێبیری گەشەسەندنی بیّهەوسار و لغاوی زانست و تێکنۆلۆژی

بەربەرەکانی بکەین. بە مرۆڤانە کردنی تێکنۆلۆژی " پێویستی بە تێوە گلانی پتری فەرمانە رەوشتییەکانە لە پەیوەندی دەگەڵ "بە ئامێری بوون"- ی هەنووکە لە نێوان مرۆڤەکان وچەنبەرەی چێکراودا."

## ە)- هونەر و گەورەشار[147]

**زیگمونت باومەن**[148] روونی کردۆتەوە: تۆتالیتاریزم و مۆدێرنیتە نە بە گومان بەڵکو لە گەوهەر و سروشتدا لەگەڵ یەك پەیوەندیان هەس. سەرەڕای ئەمە لە روانگەیەکیترۆ بڕەوی کۆمپیوتێر و تێکنۆلۆژییەکانی چاودێری ژمارەیی لەناو کارخانەکانا لە دهەی ١٩٦٠ رەوتی بەرەو بێکاربوونی تێکنۆلۆژیای بەگوڕتر کرد، هەر ئەو هەڵدێرەی کە **هایدگێر** پێشتر باسی لێوە کردبوو. لە چوار گەورەشاری وڵاتی ئەمریکادا واتە نیۆیۆرك- شیکاگۆ- فیلادلفیا و دیترۆیت کە زەنگییان رێژەیەکی یەکجار زۆر لە وزەی کاری ناشارەزایی "ملیوانە شینەکان"- یان پێکدهێنا. لە ئاکامی جێگیربوونی تێکنۆلۆژیدا- پتر لە یەك ملیۆن بەرهەمهێنەری گەورە و بچووك لە رەوتی ئابووری لابران و سڕانەوە، **جێیمزبوگس**- ی نووسەر، بە دەربڕینی ئەوەیکە کەڵکوەرگرتن لە کۆمپیوتێر لە بەرهەمدا... بە واتای وەلانانی "کار و پیشەی زەنگییانە" خەم و پەژارەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی رەشپێستان و زەنگییەکانی دەربڕی. نزیك بە نیو سەدە، لە کاتی دەرکەوتنی چاخی کۆمپیوتێر، **نۆربێرت واینێر**[149] باوکی زانستی **سایبێرنێتیك**[150]، خەتەر و مەترسی دەرەنجامە پێچەوانەکانی تێکنۆلۆژی بە خودکاربوونی نوێی راگەیاندبوو و هۆشیاری پێدابووین. واینێر دەیگوت:" لە بیرمان نەچێت کە مەکینەکانی

147. Art and Capital city.

١٤٨- Zygmunt Bauman (١٩٢٥) کۆمەڵناسی هاوچەرخ، فەیلەسووفی مۆدێرنیست و پاش مۆدێرنیستی پۆلەندی.

149 . Norbert Weiner.

١٥٠- Cybernetics : بەشێکە لە تۆرە کە دەگەڵ لێکۆڵینەوەی بەراوردی و چالاکی کۆمپیوتێر گەلی پێشکەوتوو و هۆنای نیرۆنەکانی مرۆڤ سەروکاری هەیە. واینێر لە ساڵی ١٩٤٨ بڕەوی بەم وشەیەدا.

خودکار (ئۆتۆماتیك) بەرامبەری راستەوخۆی ئابووری کۆیلایەتییە." هەر کارێك رکەبەرایەتی تێدابێت لەگەڵ کاری کۆیلە، دەشێ پەزیرەی دەرەنجامەکانی ئابووری کاری کویلەش ببێت. تێکنۆلۆژی بوو بە خوای سێکۆلاری نوێ و کۆمەڵگەی ئەمریکاییش بە گورجی هەستی خۆی لە خۆدا و لە چوارچێوەی ئامراز و کەرستەی بەهێزی نوێیدا دەربڕی. بلیمەتان- راهێنەران- هونەرمەندان- نووسەران و بازرگانان، مرۆڤ و سروشتیان لە چوارچێوەی دەستەواژەگەلێکی میکانیستیدا وێنە کرد و پەیکەری مرۆڤ و گشت ئافرەندۆکیان هەروەك مەکینەگەلی پێچەڵاوپووچ وێنا کرد، بنچینەی دەسەڵات بەسەر کردار و چالاکی وان نموونەیەك بوو لە بنچینەکانی مێکانیکی زاڵ بە سەر پێچەڵۆکترین کەرستەی مەکینەی پیشەسازی نوێ. بێگومان زۆربەی هەرەزۆری ئەمریکاییەکان لەگەڵ ئەو باوەڕەی رەخنەگری کۆمەڵایەتی " **تۆماس کارلایل**"-[١٥١]ی ئینگلیزی هاوڕان کە نزیك بە یەکسەدساڵ لەمەوبەر سەبارەت بە کەلتووری نوێی مەکینە وەهای نووسیبوو! "ئەگەر لە ئێمەیان ویستبا سەردەمی ئێستا لە سەردێڕێکدا دیاریکەین راڕادەبووین لە جیاتی ئەوەی کە هێمایەکی پاڵەوانانە، فەلسەفی یان رەوشتی و ئاکاری پێبدەین، پتر لە هەموو شت بە سەردەمی مێکانیکی ناوزەد بکەین، ئەم سەردەمە هەر ئەو چاخی مەکینە ئامێرەکان بە هەردوو واتای رووالەتی و دەروونی ئەم وشەیەس... **مرۆڤ چ لەسەر (مێشك) و چ لە دڵدا هەروەکو دەستەکانی خۆی بۆتە مەکینەیەك."** لە راستیدا تێکنۆلۆژی چارچێوە و سەرچاوگەی ژیانی ئەمریکاییەکان بوو، تایبەتمەندییەکی خۆڕاگر کە نەوەکانی بەرەودوا ئەوانیان لەناو جیهانبینییەکی شازی بەسەرداهەڵگوتن لە کەلتووری بە مەکینەبووندا، زیندانی کرد. ئەم جیهانبینییە کارێکی وایکرد هەر شتێکی ژیانبەخش لە جیهانی ئەندام ئاسا و لە باری چۆنیەتیدا وەك دیاردەیەکی تێکنۆلۆژی دەرکەوێت، لە سەردەمی نوێدا مرۆڤ خۆی وەك ئامێر و کەرستە یان بە واتایەکیتر وەك ئامرازگەلی تایبەت بە بەرهەمهێنان وێنا دەکات. ئەم خۆپێوەبوونە، شێوەی کاری ئابووری پیشەسازی تازە پێگەیشتووی بەهێز کرد شێوەیەك کە سەرەکیترین ئایینی ئەو لە کار و شۆلدا ناوی "سوودهێنی" بوو کەمتر لە نیو سەدە، روانگەی تێکنۆلۆژیك لە گۆڕینی

١٥١- Tomaskar Lail (١٨٨١- ١٧٩٥) مێژوونووس و فەیلەسووفی سکاتلەندی.

کۆمەڵگەی ئەمریکایی لە سەربازانی سەدەی خواوە بۆ کارگێڕانی بەرهەمهێنان و لە بوونەوەرانی خاوەن وزەی تێگەیشتن و لە شێوەی خودایی بەرەو ئامرازگەلێکی کە بیچم و ڕیختی مەکینەیان بەخۆوەگرتووە سەرکەوتوو بوو.

... بەسەر تاقی (**دەرگای پێشانگای جیهانی نیۆیۆرك**) ئەم وشانە نەخشێندرابوو: " **تۆرە دەپشکنێت و تێکنۆلۆژی دەیخاتە ڕوو. مرۆڤیش خۆی لەگەڵ ڕادێنێت.**" بینەران لەگەڵ پێدانی نرخی پسوولەی پێشانگا لە دیتنی ئاسۆیەك کە تێکنۆلۆژی خستبوویە بەرچاویان سەریان سوڕدەما. خەڵاتی باوەڕ و بڕوایان بە تۆرە و تێکنۆلۆژی، کۆمەڵگەیەکی تەژی لە بەرهەم و ئاسوودەیی بوو، بڕیار بوو تێکنۆلۆژی کۆیلەی نوێی مرۆڤ بێت و مرۆڤی سەربەست و ئازاد یان کاتەکانی خۆی بە بێهوودەیی و بەتاڵی تێپەرکات یانیش وەدووی پسپۆڕییەکی بانتر کەوێت. "**کرایسلێر**" کە بەربینی شۆڕشی خودکارکردنی لە دهەەکانی ١٩٦٠- ١٩٥٠ کردبوو، فیلمێکی ئەزموونی بەناوی " هاودەنگ لەگەڵ داهاتوو" پێشانی بینەرانی پێشانگاکەیدا:

(لەم فیلمەدا ئۆتۆمۆبیلێکی پلیمووت خەریکی **مۆنتاژی**[١٥٢] خۆی بوو. فیلمەکە بە شێوەی وێنجووڵ[١٥٣] و سێ ڕەهەندی بوو، پێشانیئەدا کە فەنەرەکان و سوپاپەکان و ... بەرەخس و سەماوە لە ناو شاستی[١٥٤] و ماتۆڕدا دادەمەزران و چار لاستیك و تەگەریش بەناز و خەمزەوە درەخسن و بە هەوای هۆنراوەی بەناوبانگی "ئێسکەکانم بەسەر ئۆقیانووسەوە خەویان لێکەوتووە"، وەها دەیانچریکاند" لاشەکەم لە شوێنێك لەم کارخانە دایە).

هەروەها بەرهەمی **جین جاکوبز**[١٥٥] بە ناوی " **ژیان و مەرگی گەورەشارەکانی ئەمریکا**" دا،(ئەم پەرتووکە بە لایەنی زۆرەوە و بە هۆی کارگێڕی لە گۆڕینی گشتی لایەنەکانی

---

١٥٢- Montage = لکاندن و پێکەوەنووساندنی شتی دوو و سێ ڕەهەندی بە یەکەوە.

١٥٣- animation = بزواندنی وێنەکان بە دووی یەکدا بە جۆرێك کە ڕەوتێك لە جووڵە پیشانبدات.

١٥٣- ئێسکبەندی ماشێن و ماتۆڕ.

155. Jean Jacobs.

پلاندانانی شاریی و کۆمەڵایەتیدا، دەسخۆشانەی پێویژراوە) جاکوبز تێبینی خۆی بە لە سەرخۆیی و خۆ بە کەمزانینێکی فریودەرانەوە پەرە ئەدات. لە راستیدا کاری ئەو بە باسکردن لەسەر ژیانی رۆژانەیدا کۆتاییدێت: "ئەو بەشە لە شەقامی هۆدسۆن کە جێگای ژیانی منە، هەموو رۆژێ گۆڕەپانی رووداني رەخسی ناسك و پێچەڵۆك لە پیاسگە دایە."

جاکوبز جموجۆڵی رەخسی وەك هێمایەك لە شنانەوە و جووڵەی ژیانی ناو شەقام هەڵبژارد: "دەتوانین... ئا ئەمە وەك فۆرم و بیچمی هونەری شاریی ناوزەد کەین و بیشوبهێنین بە هونەری رەخس." بە تایبەت بەو رەخسی باڵەی ناسك و پێچەڵۆکە کە لەودا کەسەکان و گروپە سەماکەرەکان بە هەڤرا هەر یەکە و رۆڵ و دەورێکی تایبەتی پێدراوە کە بە چەشنێکی سەرسوڕهێنەر یەکتر بەهێز دەکەن و تەواوەتێکی تەکووز پێکدەهێنن."

سەرەڕای ئەمانە، راست هەر لەو کاتەیدا کە جاکوبز ژیانی سەر شەقامی بە چەشنی رەخسێکی جەماوەری دەشوبهاند، سەمای مۆدێرن تێدەکۆشا لاسایی سەرشەقام بکاتۆ، لە تەواوی دەهەی ٦٠ و بەشێك لە دەهەی ٧٠ **مێرسەکانینگهام**[156] و دیزاینێرەکانی لاوتری سەما و رەخس، وەك **تویلاتارپ**[157] و ئەندامانی گروپی **گراندیونیۆن** (Grandunion) کاری خۆیان بە جووڵەجووڵ و نموونەگەلی نەبوونی رەخس (یان ئەو شتەی کە دواتر بە ناوی "دژ بە رەخس" ناسرا) دارِشت، دیزاینێرانی رەخس بە لانی زۆرەوە جووڵانی بە هەڵکەوت و گۆترەیان لەناو کارەکەیاندا تێکەڵ دەکرد، بە چەشنێك کە سەماکاران لە دەسپێکی رەخسی خۆیاندا ئاگاداری چلۆن کۆتایی پێهاتنی کارەکەیان نەبوون، لە هەندێك کاتدا لە پڕ دەنگی موزیك دەکوژایەوە، تەواو وسکوت، تاوەکو دەنگی پارازیتی رادیۆ یان هەراوهۆریای هەڵکەوتی سەر شەقام جێنشینی وان بێت، شتەکان لە رووی هەڵکەوت و رێکەوت ئەدۆزرانەوە و تەنانەت جاری وا کەسانێك بە رێکەوت پەیدائەبوون و دەورێکی زۆر سەرەکیان لەناو بەرهەمەکەدا و لەسەر سەکۆ ئەگێڕا، لە هەندێك کاتیشدا سەماکاران راستەوخۆ دەهاتنە سەر شەقام- پرد و سەربانەکانی نیویۆرك و بە چەشنێکی خۆورووژێن لەگەڵ هەر کەس یان هەر شتێك کە لەوێبا

156 . Merce Cuningham.
157 . Twyla Tharp.

دانوستانیان دەکرد. ئەم نزیکییە نوێیە لە نێوان ژیانی هونەری ڕەخس و ژیانی سەرشەقام بەس یەکێك لە ڕهەندەکانی شوڕشێکی مەزن بوو کە لە سەرتاسەری دەهەی ١٩٦٠ لانیکەم تەواوی ژانرەکانی هونەری ئەمریکایی لەخۆ دەگرت. ڕاست ئەو کاتەی کە جاکوبز "خەریکی تەواوکردنی پەرتووکەکەی بوو، لە خاڵی بەرامبەر لە گەڕەکی ئەودا، لە بەشی خوارووی ناوچەی **ئیست ساید**، پۆلێك لە هونەرمەندانی بێزارخواز و سەربزێو کە بە ڕواڵەت جاکوبز لێیان بێهەواڵە، خەریکی ئافراندنی بیچم و فۆرمێکی نوێ لە هونەربوون کە بە گوێرەی **ئالێن کاپرەو**[١٥٨] (A.Kaprow) "سەرقاڵ و تەنانەت شەیدای شمەك و کەش و هەوای ژیانی ڕۆژانەبوون وەك جەستە، جلوبەرگ و ژوورەکانمان."

لەم سەردەمەدا، **کاپرەو، جیمداین**[١٥٩]، **ڕابێرت ویتمەن**[١٦٠]، **ڕێدگرۆمێز، جۆرج سێگاڵ، کلاوس ئۆلدێنبێرگ** و زۆر لە هونەرمەندانیتر، هەوڵیان ئەدا نە تەنیا لە ئێکسپێرسیونیزم کە ئەزموونی برەو لە دەهەکانی ١٩٥٠ بوو، بەڵکو دەیانویست لە بارودۆخی بەربەست و دوو ڕەهەندی وێنەریش دوور بکەونەوە. ئەوان ئەزمونێکی زۆریان لە سەر جۆر و بیچمی هونەر کردبوو: بیچمگەلێکی کە کەرستە و شمەکی ناهونەری وەك مەوادی فڕێدراو و هەژگەل و شتە دۆزراوەکانی سەر شەقامیان دەهێنا و دەیانگۆڕی. شوێنگەلی سێ ڕەهەندی کە کاری وێنەری- بینا و پەیکەرسازی و تەنانەت شانۆ و ڕەخسیان تێدا دروستدەکرد، هەروەها بیچمی هونەری ناسراو بە "ڕووداو" (happening) گالێری و ستۆدیۆکانی بەجێدەهێشت هەتا ڕاستەوخۆ بێتە سەر شەقام و بە بوونی خۆی ژیانی دڵخواز و کراوەی سەر شەقام دەوڵەمەند بکات و لە ناوخۆیدا بیتوێنێتۆ. ڕەنگە لێرەدا ئاماژە بۆ ناوی بیناساز و دیزاینێری ناوداری ئەمریکایی **"ڕابێرت مۆزیز"**[١٦١] بە چەشنی گەورە دیزاینێری جیهانی **ڕێگا ئازادەکان** لە خۆڕا نەبێت، یەکەم دەسکەوتی گەورەی مۆزیز لە کۆتایی دەهەی ١٩٢٠ ئافراندنی دۆخێکی گشتی نوێ بوو کە بە قووڵی لەگەڵ تەواوی ئەوانەی پێشووتر و شوێنی دی جیاواز بوو (پارکی

---

١٥٨ - Allan Kaprow (٢٠٠٦ – ١٩٢٧) هونەرمەندی هاوچەرخی ئەمریکایی.

159 . Jim Dine.

160 . Robert Whitman.

161. Robert Moses (1882 – 1981).

ولایەتی بەستێنی **جۆنز** لە **لانگ ئایلەند** راست لەوبەری چەنبەرەی نیویۆرك سیتی و هاوتەریبی بەستێنی ئۆکیانووسی ئاتلانتیك) مۆزێز دەبێژێت: "کاتێك لە گەورەشارێك کە بە هۆی بیناسازی زۆرەوە داپۆشراوە کار دەکەیت، پێویستە و دەشێ بە **ساتۆر**[١٦٢] رێگای خۆت بکەیتەوە، من تەنیا گەرەکمە یەکبین دروستکەم، ئێوەش بۆ نەهێشتن و بەرگری هەوڵی بێوچانی خۆتان بدەن." بینای **سوزان** ١٩٥٩ بەرهەمی **گرۆمێز** و وێنەیەکی دیواری گۆڕدراو ١٩٦٠ بەرهەمی **ئۆڵدێنبێرگ**، کە ئێستا هەر فیلمەکەی ماوە و لە ریزی وروووژێنەرترین بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە پڕسۆز و هەرا و هوریاسە. **ئۆلدێنبێرگ** لە یادنووسەکەیدا بۆ شەقام، بە تەوسی تاڵ و شیرینەوە کە تایبەتمەندی ئەم هونەرەیە، نووسی: "شار دیمەنێکە کە دەتوانن  چێژی لێ وەربگرن- لە راستیدا ئەگەر لەناو شاردا دەژین، پێویستیشە  چێژی لێ وەرگرن." پیاو دەخاتە بیری ئەو گوتەیەی ئەرستو سەبارەت بە شار: **"ئەوانەی کە لە دەرەوەی شاردا دەژین یان خودان یان ئاژەڵ."** جا لەبەر ئەوە هەوڵی **ئۆلدێنبێرگ** بۆ وەدەسخستنی چێژی شار، ئەوی بۆ لایەنە تایبەتەکان راکێش دەکرد: "پیسی و پۆخڵەوات لە ناخی خۆیدا جوانە، ئەمن حەزم لە قوڕم و سووتانی شتە"! ئەو لە ناخی دڵییەوە خۆی سپاردە دەست پیس و پۆخڵەواتی شار- خەساریی راگەیاندن، نەخۆشی سەرکەوتن و کەلتووری بۆرە. بە وێنەی **نیچە** لە وەرگرتنی مۆدێرنیزم، بە وتەی ئۆلدێنبێرگ کاری بنەڕەتی ئەوەیە، "گەڕان بە دوای جوانیدا لەو شوێنەی کە پێت وانییە جوانی لەوێدا هەبێت."

ئێستا کە دەروانمە **برونێکس** (لە روانگەی **مارشال بێرمەن**-ۆ) بیری لێدەکەمەوە باشترین رێگا لە نێوان بەختی وان دەکارهێنان و پێکهێنانی دوو راگەیاندەی هونەرە کە هەردووکیان لە دەهەی ١٩٧٠ دا گەشەیان کرد، وێڕای ئەوەیکە یەکێك لەوان بەم نزیکانە، واتە ئەم رۆژگارەی خۆمان، داهێندراوە، و ئەویتریش راگەیاندەیەکی یەکجار کۆنە کە لە سەردەمی ئێمەدا تیشکۆی خراوەتە سەر و پەرەیگرتووە. یەکەم راگەیاندە **"بەرهەمی هونەری خاك و خۆڵە"** یان بە **"هونەری خاك و خۆڵ"** دەناسرێت. دەسپێکی وان بۆ سەرەتای دەهەی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە.

---

١٦٢- ئامرازێکە بۆ پارچەکردنی گۆشت و ئێسك کە قەسابان بەکاری دەهێنن.

داهێنەرترین کەس لەم بووارەدا **رابێرت سمیتسۆن**[١٦٣] بوو کە بە چەشنێکی دڵتەزێن لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەدا کوژرا. سمیتسۆن شەیدای وێرانە و کاولی و پاشماوەکانی چێکردەی مرۆڤ بوو: پاشماوە ناکانزاکانی کانگا، ئاسنەواڵە ، هەڵکۆڵان و کانگا فەرامۆشکراوەکان، چۆم و گەڕاوە پیسەکان، و ئەو تەپۆڵکە گەورەی هەژگەل کە بەر لە گەیشتنی **ئۆلمستێد** لە شوێنی ئێستای پارکی **نیسترالدا** بوو. لە سەرتاسەری دەسپێکی ساڵەکانی دەهەی ١٩٧٠ تەنیا کاری **سمیتسۆن** گەڕان و سەفەر بۆ جێگای جۆربەجۆری وڵات و هەوڵی بێسەرەوبەرە لە بۆ سەرنجڕاکێشانی بوروکراتەکان- دەوڵەت بۆ تایبەتمەندییەکانی شازی ئەم ئایدیایە بوو کە ڕێگاچارەیەکی کارا بۆ وەبەرهێنان لەو ناوچە وێران و کاول کراوانە، بووژانەوەی زەوی و ئاو بە پێودانگی "هونەری خاکی" یە بدۆزێتەوە.

... هونەر دەتوانێت سەرچاوگەیەك لەبۆ ناوبژیکردن بێت لە نێوان کارناسانی ژینگە و خاوەنکارانی پیشەسازی. ئێکۆلۆژی و پیشەسازی جادەیەکی یەکبەرنین- لە راستیدا دەبێ بەیەکبگەنۆ. هونەر دەتوانێ بۆ جێبەجێکردنی وتووێژی پێویست یارمەتیان بدات.

دووهەمین ڕاگەیاندەی هونەری کە دەبێ بە کاری بهێنین، وێنەی دیواری و دیواربەندی مێژوویە. لە ساڵی ١٩٦٠ هەتا ١٩٧٠ بە پێی کەش و هەوای گشتی زاڵ بەسەر ئەم دەهەیەدا، وێنە دیوارییەکانی ئەم دواییانە زۆرتر پێداگری لەسەر مێژووی ناوچەیی و هۆزی دەکەن هەتا بەسەر ئایدیۆلۆژی جیهانیدا. هونەری خاکی و وێنەی دیواربەند و دیواریی ئەو ڕاگەیاندە پێویستن لەبۆ وەدیهاتنی خەیاڵاتی مۆدێرنیزم سەبارەت بە "**برۆنێکس**"[١٦٤]! وێنەی دیواری برۆنێکس، هەر بەو چەشنەی کە من لەناو خەیاڵمدا وێنای دەکەم، دەبێ لەسەر دیوارە کەرپووچ و سیمەنتۆکانا بکێشرێنەوە. کە بە لانی کەمەوە بە شێوەی بەرەودوا و بە درێژەی ٨

---

١٦٣- Robert Smithson (١٩٧٣ -١٩٣٨) پەیکەرساز و شێوەکاری ئەمریکایی لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەمین جار ئینستێلێیشن-ی بە ئاوێنە و بەرد لە گالێریەك لە نیۆیۆرك دانا. بەرهەمی دیکەی سمیتسۆن دەریاچەی خوێ بوو کە وەك زەمینەیەك بۆ کار هەڵبژێردرا، ئەو ڕای وابوو دەریاچەی خوێ گەواهێکی خاس بوو بە ناوی **سپیرالی جێتی**.

164 . Bronx high Way

مایل له پەراوێزی ئازادەرێی **کراس- برۆنێکس** دامەزراون. بەمجۆرە، تێپەربوونی هەر ئۆتۆمۆبیلێك له نێوان برۆنێکس، سەفەرێکە بۆ رابردوو و گەڕانەوە بۆ قووڵایەکی ناشتراوی ئەم گەڕەکە. هونەری مۆدێرنیش یەکێکە لەو رەگەزە چالاکانە لەبۆ زیندووکردن و نەوژەن کردنەوە.

له نێوان دیمەنگای دلڕفێنی ئەو شەقامانەی وا نووژەن کراون، رووبەڕوو دەبین دەگەڵ پەیکەرێکی گەورە کە لە پۆڵا چێکراوە له ئاستی بینایەکی چەند قاتی بەرەو ئاسمان باڵای گرتووە. ئەم پەیکەرە بە وێنەی دووداری خورمایە کە بە چەشنێکی ئێکسپێرسیۆنیستی (دەربڕینخوازی) پاڵیان وێکداوە و بەیەکەوە دەرگایەك له شێوەی تاقیان پێکهێناوە. ئەم بەرهەمە کە نوێترین دارێکە له دارستانی هێماکانی نیویۆرك چێکراوی **رافایل فرێر**[١٦٥]- ە و بە ناوی **خۆری پۆرتوریکویی** هێمایەکە لە بەخشینی ژیان بە جیهان.

جا ئیتر گەشبینانی شۆڕشی تێکنۆلۆژیا، رەخنەگرانی تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو تاوانبار دەکەن بەوەی کە دەبنە کۆسپی پێشوەچوون و "لۆدیتەکانی" نوێن کە دەستیان گرتووە بە سەر خەیاڵاتی خەڵکا، رەخنەگرانی تێکنۆلۆژی ئەم تاوانەش ئەدەنە پاڵ لایەنگرانی تێکنۆلۆژی کە پتر گرنگی بە بەهرەی خۆیان ئەدەن هەتا خەڵکی و بە سۆی بەرزبوونی خێرای بەهرەداربوون لە ئاست ئەو گشتە خەسارییەی کە "بەخودکاربوون" له ژیانی ملیۆنان کرێکاری داوە، تەواو بێباوەڕن. نزیك بیست ساڵ لەمەوبەر، لە کۆتایی دەهەیەکی ناسیاسیتر ١٩٥٠ **"پۆل گودمەن"**[١٦٦] باسی له دەرکەوتنی شەپۆلێکی گەورەی بنەماخوازەکان و رێگاچارەی بنەماخوازی کرد کە تازە چەکەرەیان کردبوو. پەیوەندی ئەم بنەماخوازییە نوێیە، بۆ وێنە خودی بنەماخوازیی گودمەن، لەگەڵ مۆدێرنیتە چ بوو؟ گودمەن وای لێکدەدایەوە کە ژیانی گەنجانی ئێستا "پروپووچ"- ی لێهاتووە و هیچ داهاتوویەکی پڕ لە شکۆ و شانازیان بۆ نەماوە، یان واتایەك چاوەروانیان ناکات. هۆکاری بنەڕەتی ئەم ئاریشەیە "گیانی کۆمەڵگەی مۆدێرن" نییە، بەڵکو بە پێچەوانە، شانێکی بنەڕەتی ئەوە کە ئەم **"گیانە هێشتا بە قەرای**

165 . Rafael Friere.
166 . Pull Goodman.

**پێویست نەهاتۆتە دی." ئالتۆسێر**[١٦٧] لە نامەیەك سەبارەت بە هونەر لە وڵامی **ئاندرێ دێسپێرە**[١٦٨] دا دەڵێت: "ئەو راستییە کە ئێمە بە هۆی هونەر توانای دیتنمان هەیە ئایدیۆلۆژییە. کە هونەر بۆخۆی لەو لە دایك بووگە. خۆی لەو جیا دەکاتۆ، بەڵام بەردەوامیش ئاماژەی پێدەکات."

ئەو هونەرانە- بە ئافراندنی "مەودایەکی دەروونی" لە ئایدیۆلۆژیا بەردەنگ هان ئەدەن بۆ تێگەیشتنی "خودی ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە لەودا گرفتارن". ئەوسا، هونەر و تۆرە جیاوازییەکی بنەڕەتی و بنچینەیی یان هەیە لە نێوان بیچمی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی مژارەکان. هونەر بڕشتی بینین- تێگەیشتن و هەستپێکردنمان ئەداتێ، لە لایەکیترۆ تۆرە توانای زانین و ناسینمان پێئەبەخشێ. **بێرمەن** لە پەرتووکی **"هەر شتێکی بەستۆك دەتوێتەوە و دەبێتە هەڵم"**، سەبارەت بە مۆدێرن وەها دەڵێت: "مۆدێرن بوون واتە دۆزینەوەی خۆمان لە شوێنێکا کە بەڵێنی سەربزێوی- هێز- چێژ — گەشە و گوڕانی مە و جیهان ئەدا و دەگەڵ ئەوەشڕا هەر شتێك کە دەزانین و هەر شتێك کە هەین و هەیتمان هەڕەشەی تێداچوونی لێدەکات... دەتوانین بێژین: "مۆدێرنیتە گشت مرۆڤ دەکا بە یەك، بەڵام ئەم یەکبوونە... یەکبوونی لێك جیا و پرش و بڵاوە یان باشترە بێژم نەبوونی یەکگرتوویی پرش و بڵاوەکانە." بێرمەن بە دەم و دوویەکی توند و تووڕەوە هێرش دەباتە سەر بیچم و فۆرمەکانی پانۆرامایی (ئاوێنەی تەواو نوێن) کەلتووری سەردەم کە کوێرانە خەریکی پتەوکردنی دەسەڵاتی کۆمەڵگەن یان مەیل و غەریزەی هەڵمەت و وێرانکاری پەروەردە دەکەن.

دەربڕینخوازی نوێ بە چەشنێکی تەکووز خۆی خستۆتە ناو جەغزێکی بێسەروبەرە لە هەست و سۆزی کوێر و نابیناوە و ئەوە لە کاتێکدایە کە هونەری مۆدێرنیش بۆتە ئاوێنەی باڵانوێنی (بازرگانی کرنێەکی هەناسەبڕ)-ی گشت جۆرەکانی هونەر. **موژاك** حەز بە کەمنرخ نواندن و لەناوبردنی پەیوەندی و تێگەیشتن و تێکشکاندنی خۆڕاگری کەسان و لە هەمبەردا دروستبوونی خەیاڵ و وەهمێکی جووان لە هاودەنگییەکی بەرجەستە بووی دیکتاتۆرانە

---

١٦٧- Louis Althusser (١٩٩٠- ١٩١٨) فەیلەسووفی مارکسیستی فەڕەنسی.

168 . Andere desperate.

دەکات. نموونەگەلێکی وەك ئایینی پەرستنی دروستی و تەندروستی، سەرنج بە جەستە و لەشجوانی و... تاد دەربڕی چاوەڕوانی رووداو و چەشنێك هەژمەت و سەلماندنی مەرگ و نەمان دێنە هەژمار، لە کاتێکدا رەوتی بێزاری لە کالاّ، بە شت بوون و جوانکردنی ژیانی رۆژانە هەر چەشنە بڕست و توانای هێزی دەروونی، وزەی دەربازبوونی لە جیهانی بە کالاّبوون و کۆتایی کۆمەڵگە ئاسان و سانا دەکات. ئەمڕۆکە لە دەهەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، گەلێك بڕوایان وایە کە خەریکی چوونە ژوور و هەنگاو نانەوەین بۆ ناو چاخێکیتر. چاخێك کە دەمانباتە ئەوپەڕی مۆدێرنیتە- دەستەواژەکان و شرۆڤەی جۆربەجۆر سەبارەت بەم سەردەمی تێپەر بوونە بەکار هێنراوە کە هەندێکیان بە چەشنێکی ئەرێنیانە ئاماژە بە دەرکەوتنی جۆرێکی نویٚ لە هۆنا و سیستێمی کۆمەڵایەتی دەکەن، بە وێنەی "کۆمەڵگەی زانیاری" یان "کۆمەڵگەی دەکارهێنەر" بەڵام زۆربەی ئەم دەستەواژانە ئاماژە بە کۆتایی بارودۆخی لەوەپێش و چەسپاوی کارەکان دەکەن (دەستەواژەگەلێکی وەك پۆستمۆدێرنیتە- پۆست مۆدێرنیزم، کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی، کۆمەڵگەی پاش سەرمایەداری و... تاد) بڕێك لە گرفتەکانی دەوروبەری ئەم ئاریشەیە بە گشتی پێداگری لە گۆڕانی گەوهەری و سروشتی دەکەن، بە تایبەت ئەو کێشانەی کە دەخوازن تا لە کاتی تێپەڕبوون لە هۆنای سەرچاوەگرتوو لە بەرهەمی کالاّ مادییەکانەوە بەرەو هۆنایەك بچن کە بە گشتی و بە چەشنێکی کۆکراو بەرهەمی زانیارییە.

## بەشی پێنجەم
## "پاش مۆدێرنیزم، هونەر و تێکنۆلۆژی"

شتێك کە پاش مۆدێرنیزم لە هەمبەر مۆدێرنیزم دەیهێنێتە ئاراوە، جۆرێك دیسانسازی یان نەوژەنکردنەوەیەکی تێکەڵاو و تەشەنەگر بوو. بە رای **جینکێز**[١٦٩]، مۆدێرنیزم شتێکە بە وێنەی دیاردەیەکی ئایینی کە هەر جۆرە جوانکارییەك بە "هەڵگەڕانەوە" لە رێساکان دەزانێ و خۆی بە چەشنی رێبازێکی ناونەتەوەیی (CIAM) گشتی و هەمەلایەنە پێناسە دەکات کە لە تێکنیکەکانی نوێی بیناسازی و کەرستەی نوێ کەڵك وەردەگرێت. مۆدێرنیزم گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە بە ئەرکی خۆی دەزانێ. بە بۆچوونی جینکێز بیناکانی مۆدێرنیستی وێنەی بینای شارەوانی شیکاگۆ یان یەکەکانی نیشتەجێ بوون **لەیكشۆر** (Lake shore) لە شیکاگۆ شتێك نین جگە لە زنجیرەیەك بیچمی ئەندازەیی ساکار، پێکهاتەیەك لە شووشە، پۆڵا و بلوکە سیمەنتۆکان کە لە بیچمی شەش پاڵوی چوارگۆشە چێبوون. خۆیان دەڵێن: "ئەوە منم، قوتوویەکی چوارگۆشە لە بیچمدا نەك هیچ شتێکیتر." فۆرم و بیچمی ئەم بینایانە دەربڕی هیچ واتایەك لە دەرەوەی خۆیان نین. **رابێرت وێنتووری، دنیس‌سکات براون**[١٧٠] و **ستیوێن ئانریۆز** پەیامهێنەرانی بیناسازی پاش مۆدێرنیزم دێنە هەژمارتن، لە بڕی وی **لوکۆربۆزییە** مەسیح و رزگارکەری بیناساز مۆدێرنیستی بوو. بەرنامەی وان لە ساڵی ١٩٧٢ لە ژێر ناوی **"فێربوون لە لاس وێگاس"** دەرچوو و چاپکرا، کە رەخنە لە رەگەزەکانی یۆتۆپیای پێشکەوتوخوازانەی بیناسازی مۆدێرنیستی دەگرێت. ئەم پەرتووکە هەوڵی مۆدێرنیزمی بۆ دروستکردنی قوتوویەکی شووشەیی و پۆلایین و پێداهەڵگوتنی بیناسازی بە چەشنی ڤاچێکی دەورگیراو و تەندراوی خستە بەر پلاری رەخنە. ئەگەر ڤاچی دەورگیراو بەربەست بێت بۆ مۆدێرنیزم یان چەشنێکی دروستی پێ درابێت، لەو بارەدا وێنەری، پەیکەرسازی و وێژە، واتە رازاندنەوە و جوانکارییەکانی وشە لە خاڵی بەرامبەر لە دۆخێکی بێ‌خەوش

---

169 . Charles Jencks
170. Denis Scott Brown.

دان. بیناسازە مۆدێرنیستەکان بە گشتی ئەو نەریتە بیناسازییەیان رەتدەکردەوە کە لەودا وێنەری پەیکەرە و زۆپکارییەکان لەگەڵ بیناسازیدا ئامێتە کراون. بیناکانی مۆدێرنیستی توانای بە هێماکردنیان نەبوو جگە لە بیچمی ئەندازەیی ئایدیال، ئەمجۆرە بینایانە لەبەر ئایدیاکردنی فۆرمگەلی ئەندازەیی کتومت و تەواو پێوراو و ژمێردراوی کەشتییەکانی هەڵمی ئەوپەڕی ئاتلانتیك، **بانەبەرەکانی**[171] ئەمریکایی، کارە وێنەریەکانی کوبیستی لە بە هێماکردنی جیهانی شامبۆزی نوێی تۆرە و تێکنۆلۆژی واتە جیهانی دەریاگەڕان- پیشەسازی کوبیستی، دەستیان هەڵگرت و کۆتاییان پێهێنا. **رابێرت وێنتۆری، دنیس سکات براون و ستیوێن ئانرێوز** روویانکردە رەخنە و هەڵسەنگاندنی توند و بەهەند و دژ بە رێبازی ناونەتەوەیی و بانگێژەی بە گشتیبوون و هەمەلایەنی و دروشمی "نەمان بۆ هەمەوەندی"یان بەرز کردەوە. لە هەمبەردا پێداگرییان دەکردە سەر کەلتووری تێکەڵ و ئامێتە، کەلتووری فرەی رازێندراو (جوانکاری و رازاندنەوە) و هەروەها چتگەلی زریقە و بریقەدار لەگەڵ رواڵەتێکی فریودەرانە. دروشمی مەرگ و نەمان بۆ بیناسازی و فەراخی و فۆرم و بەکارهێنانیان بەرز کردۆ، هەروەها سووربوون لە بەکارهێنانی هێماگەلی هونەری پاپ، رێکلام و راگەیاندنەکانی جۆربەجۆر، شمەکی رۆژانەی بازرگانی، قوتووەکانی سوپی کەمپێل و نواندنیان لە پێشانگاکاندا، یان کەڵکوەرگرتن لە وێنە فیلمەکانی کارتۆنی بۆ دەربڕینی هەستی گاڵتە و گەپجاری- جەفەنگ — خەم ، تەوس و توانج، **وینتوری** و هاوکارانی باوەڕیان وابوو کە پێویستە بیناسازی پاش مۆدێرن بە وێنەی جۆرێك گاڵتەی لێبێت وەکی گەمژە و گەلحۆی دیوەخانان پێشانبدرێت. بیناسازی دەشێ هەروەك هونەری پاپی **ئەندی وارهۆڵ**[172] و **رۆیلیختن شتاین**[173] لە مایە و دەسمایە و ناوەڕۆکە ناسراوەکان کەڵکوەرگرێت، دەبێ ئیزن بدەین هەتا بیناسازی پاش مۆدێرن سەرقاڵی دیزاینی بیناکانی

---

١٧١- ئاسانسۆر- مصعد

١٧٢- Andy Warhol (١٩٨٧- ١٩٢٨) هونەرمەند، نووسەر و فیلمسازی پێشڕەوی ئەمریکی و لە دامەزرێنەرانی هونەری پاپ ئارت.

173. Royliechtenstein (1923 – 1997)

جگە دەسەلاتخوازانە بێت کە لە جیاتی گوتنی ئەوەی کە "ئەمن چوارگۆشەیەکم"، دەسبەجێ چتگەلێکی یەکجار زۆر لە چرکەیەکدا بێتە سەرزار. ئێمە لەناو کۆمەڵگەیەکی **"پلۆرالیستی"**[174] و فرەخواز و فرەجۆردا دەژین. کۆمەڵگەیەك کە رەنگدانەوە و دەرکەوتنی وان زۆر بە سانایی لە ناو دیاردەکانی ڤاچی دەوروبەرمان و لە ژیانی رۆژانەماندا بە روونی دەبینین: بازاڕە پڕزریقە و بریقەکان بە تیشکی جۆراوجۆری شەوارەخەر و کارەبا و گلۆپی رەنگاورەنگ و هەمەچەشن و هێماگەلی شارە گەورەکان، چێشتی مجێور (hodge-podge) ی رێبازە ناتەباکان، رەقیب و دژ بەیەك، هێماگەلی گێژکەر و پەیتاپەیتا وبێپسانەوەی سەر شەقامەکان و گەورە رێیەکان، تابلۆکانی راگەیاندن، هەروەها رێکلام و راگەیاندنەکانی جۆربەجۆر کە هەر کام شوێنێکی جیاواز و پێچەلاّوپووچ لە گوێچکە و چاوی مرۆڤەکاندا وەك شاف لە لەشدا دەگرن.

## ئا)- بلۆزایەتی (تێکەلایەتی):

لە سەردەمی **مارکس** بەملاوە، تێگەیشتووین کە دەسپێکی سەرمایەداری ئەو کاتەیە کە کاری مرۆڤ برِستی بەرهەمهێنان و بایەخی دەکارهێنانی بۆ خودی کرێکارەکە لە کیسداوە و دەرئەنجام، کار دەبێتە کالاّیەك کە کرێکار بەس دەتوانێت دانووستانی بایەخەکانی پێبکات. جا ئەوسا پەیوەندی کار (بە گوێرەی مارکس پەیوەندی بەرهەمهێنان) دەبێتە پەیوەندییەکی شتئاسا" . کرێکار خۆی دەبێتە کالاّیەك! بەلاّم پەیوەندی کار تەنها پەیوەندییەك نییە کە مرۆڤ لەگەڵ دیتران و لەگەڵ جیهاندا دەیگرێت. **زانیاری هەرچی زۆرتر، واتا هەرچی کەمتر**- خەڵك لە جیهانی پاش پیشەییدا و لە هەموو بۆنەکاندا دەگەڵ دیتران و دەگەڵ جیهاندا دەبنە بەکارهێنەری ئەو شتانەی وا دام ودەزگا تایبەتەکان، بۆیان بەرهەم دێنن. سەبارەت بە کۆمەڵگەی پاش پیشەیی، پێشتر ئەم دروشمەی خوارەوەم پێشنیاز کردبوو: "زانیاری هەرچی زۆرتر- واتا هەرچی کەمتر".دەکرێ ئەم مەتەڵۆکەیە ئێستا پتر شیبکەینۆ. مەبەست لە زانیاری هەرچی پتر، زانیاری بزری

---

174 . Pluralism.

هەرچی کەمترە. بەڕاستی ئەمە ئامانجی کۆمەڵگەیەکە،کە بە جێگۆڕکێی پەیوەندی نێوان تاکەکان بە پەیوەندیەکی کالاًیی و لە ناو بردنی سەر بەخۆیی ئەندامەکان، دەیهەوێت خۆی وەك پێکهاتەیەکی جوان پیشانبدات کە زانستی گشتی ئێمە دەسەلاًتی بەسەر کارەکانیدا هەس. سەرچلی کۆمەڵگەی پاش پیشەیی پەیوەستی بارتەقای هەڵکشان، هەروەها بێکەڵکی کار و کردەوەی ئێمە لەگەڵ یەکتر دایە، بێ ڕەچاوگرتنی چۆنیەتی وان، هۆکار یان مەیدانی بەکارهێنانیان مەرجی سەرەکی هەر چەشنە بە کۆکردنی ژیانە، ئەمەیە کە تاك دەبێ بەرپرسی کرداری خۆی، بۆ وێنە دەرئەنجامی نەخوازراو و بەربینی نەکراوەی ئەوان بێت.

بە راستی مەترسی تەقینەوە هەس، بەڵام مەترسییەکی سامناکتریش لە بەرە: واتە لە بیریکەین کە ماکی سەرمایەی ئێمە مرۆڤە، لە بڕستی ئەو بۆ سەرسوڕمان و تواناشی بۆ ئافراندنی واقوڕمان. **ئالێن میك سینزوود**[١٧٥]، لە ١٩٩٦دا لە گوتاری مۆدێرنیتە، پاش مۆدێرنیتە یان سەرمایەداری دەڵێت: "دەوێژرێت کە ئێمە لە دەسپێکی دەهەی٧٠- یڕا لە سەردەمێکی مێژوویی نوێداین." ئەم سەردەمەیان بە هەموو بارێکدا باسکردووە. هەندێك پێداگری دەکەن لەسەر گۆڕینی کەلتوور (پاش مۆدێرنیزم). لە کاتێکدا، هەندێکیتر باس لە ئاڵوگۆڕی ئابووری، گۆڕانکاری لە بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی بازاڕ (بازاڕدۆزی) و ڕێکخراوەی سامان و دارایی و کۆمپانیاکان دەکەن (سەرمایەداری-سەرمایەداری پاشین- سەرمایەداری فرەنەتەوەیی- پاش فۆردیزم- کەڵەکەبوونی نەرم و... تاد). ئەم پێداهەڵگوتنانە لە یەك خاڵدا هاوبەشن و ئەو سەرقاڵبوونە یەکسانەیان بۆ تێکنۆلۆژیی نوێ، بیچمگەلی نوێی پەیوەندییەکان، ئینتێرنێت و گەورە ڕێگاکانی زانیارییە. ئەم چاخە نوێیە، جا هەرچیەکیش بێت **"چاخی زانیارییە"**.

بێجگە لە تەواوی ئەو هۆکارانە کە لەم گۆڕانە سەردەمسازەدا کاریگەرییان هەبووە یان بنچینەی تێکنۆلۆژیکانەیان کە لە چوارچێوەی چەمکی پاش مۆدێرنیتەدا کۆبوونەتەوە، هەتا وا باسبکەن کە لە درێژەی دوو- سێ دەهەی رابردوودا ئێمە ئاگاداری

175 . Ellen Meik Sins Wood

تێپەربوونێکی مێژوویی لە مۆدێرنیتە بۆ پاش مۆدێرنیتە بووین، **جیمسۆن** دەبێژێت: پاش مۆدێرنیتە لەگەڵ سەرمایەداری پاشین یان پلەی نوێی زانیاری فرەنەتەوەیی و بەکارهێناندا یەك دەگرنەوە. **دەیویدهاروێی**[١٧٦] کە لایەنگری ڕێبازی فەڕەنسی "چاودێر" یە، پاش مۆدێرنیتەی بە وێنەی تێپەڕبوون لە فۆردیزمەوە بۆ سەردەمی کەڵەکەبوونی **شلك** دەبینێت. بیرۆکەیەکی هاوچەشنی لەگەڵ کەمتاکورتێك جیاوازی، دەکرێ هەندێك لە راکانی "سەرمایەداری شلەژاو" رەچاو بگرین. بەمچەشنە، پاش مۆدێرنیتە لەگەڵ پلەیەك لە سەرمایەداری یەکدەگرنۆ کە لەودا شلکبوون و نەرمی جێنشینی بەرهەمی فرەیی کاڵاکانی یەکسان و بیچمەکانی کار، پەیوەست بەو بوو. بیچمەکانی نوێی بەرهەمهێنان وەکو "بەرهەمهێنانی بەربەست" و "بەرهەمهێنانی بەوەخت"، جۆراوجۆری کاڵاکان بۆ بازاڕەکانی تایبەت و پسپۆڕانە، وزەی کارەبای "نەرم"، سەرمایەداری تەڤگەر و... تاد، هەموویان بە هۆی تێکنۆلۆژی زانیارانەی نوێوە لواون، لەسەر بنەمای وەها راگەلێك، هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانێکی ئەوتۆ، گۆڕانکاری گەورەی کەلتووریش روویانداوە. رێگایەکی درکاندنی ئەم ئاڵوگۆڕانە بە تایبەت لە لێکدانەوەی ئێمە لە پاش مۆدێرنیتە، لە چەمکی "پاڵپەستۆکی کات و شوێن دایە". **گرژی کات** (زەمان) و **وێکهاتنی جێ** کە بە هۆی پسپۆڕی و تێکنۆلۆژی نوێوە رەخساوە، لە فۆرم و بیچمگەلی نوێی پەیوەندی لە رێگای دوورۆ لە رەوشتەکانی گورج و نوێی بەرهەمهێنان و بازاڕدۆزی، نموونە نوێیەکانی بەکارهێنان و شێوەکانی نوێی رێکخستنی ساماندا دەردەکەوێت. دەرئەنجامی هەمووی ئەوانە داڕشتنێکی نوێی کەلتووری و بیرۆکەییە کە ناوی پاش مۆدێرنیزمیان پێداوە، شتێکە، دەڵێن جێگری کەلتووری مۆدێرنیزم و نموونە گەلی بیرۆکەیی بەستراو بە "دیزاینی مۆدێرنیتە" وە بووگە.

---

١٧٦- David Harvey (هاوچەرخ) بیرمەندی مارکسیست و پرۆفیسۆری جیۆگرافی و تیۆری کۆمەڵایەتی، زانکۆی دەوڵەتی نیویۆرك.

**ستینار کوال**[177] دەڵێت: " لە بیرۆکەی پاش مۆدێرندا هونەر تەنیا و بەس یەك ئەزموونی جواناسی نییە، بەڵکو ڕێگای ناسینی جیهانە." بیرۆکەی ئاوزخواز لە هەر چەشنە کاری جگە هێڵی، قەببە و بێبەربینی بێزار بووە و هونەری لە تۆرە جیا کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش بیریاران پتر لە کەسانیتر بە خزمایەتی تۆرە و هونەر باوەڕیان هەس و لە سەر ناسکی و جوانی نموونەکان بە وێنەی پێوەرگەلی راستەقینە پێدادەگرن بۆ وێنە بەراورد بکەن بابەتگەلی نووسراو لە پەرتووکی جوانی "باژەکان" بەرهەمی هاوبەشی **پتیگێن** و **ریختەر**[178]. تایبەتمەندی شازی هونەری پاش مۆدێرن پێداگرییە لەسەر کلیشە، لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانە لە ڕێبازەکانی جۆراوجۆر (Pastiche) و تێکەڵ و بلۆز و ئاوێتەکردنی رەنگێن جیاواز (کۆلاژ= Collage = لکاندۆك). هونەر لە جیهانی پاش مۆدێرن نەهی چوارچێوەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوگە و پێوانەی دادوەریەکی شازە و نەهی بەرنامەیەکی یۆتۆپیایی تایبەتیشە و زۆربوونی روانگەکان دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشان و پڕش و بڵاوبوونی ئەزموونەکان و لکاندۆك بە چەشنی سەرەکیترین تێکنیکی هونەری چاخی ئێمەی لێدێت. ڕێبازگەلی سەردەمان و کەلتوورانی جیاواز دەکەونە پاڵ هەڤ و لەگەڵ یەکترا تێکەڵ و بلۆز دەبن. لە هونەری پاش مۆدێرندا، تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو رەنگە شان بە شانی کۆڵەکە کەونەکان و جوانکاری رۆمانتیك لە تەنیشت یەکا جێبگرن، هەتا بەم چەشنە کاریگەریەکی زەق و بەرچاو و فریودەرانەی هەبێت. لە بەراورد لەگەڵ بیناسازی مۆدێرن، لە بیناسازی پاش مۆدێرندا داب و نەریت رەت ناکرێتۆ یان بە پێچەوانەوەی نیوکلاسیزم ناگاتە ئاستی پەرستن. توخمگەلێکی جیاواز و جۆراوجۆر لە یەکتر لە زەمان و سەردەمانی جیاواز گوڵبژێر کراوە، و لە بیچمی گاڵتە و گەپ و تەوس و توانج لە پەنای یەکترا دادەندرێن. لە وێژە و ئەدەبدا دەگەڵ تێکەڵکردن و کۆلاژ (لکاندۆك) یان تێهەڵکێشی دەقی جیاواز لە دەقیتر ڕووبەڕوو دەبین، تاك و تەرابوون و رەسەنایەتی نووسەر بە بەکارهێنانی کاریگەری دەقیتر و گەڕانەوەی زۆر بۆ سەرچاوەی دەقەکانیتر

177 . Steinar Kvale.
178 . Sivatoslav. T. Richter.

کەمرەنگ و لەناو دەچێت. رۆمانی پۆلیسی سەردەمی سەدەی ناوڕاستی **ئۆمبێرتۆئیکۆ**[179] بە ناوی "گوڵی سوور"، کە بە راشکاوی دەتوانین بە کاریکاتێرێکی پاش مۆدێرن لە **راوچیانی مۆدێرنی واتا**-ی دابنێین تەژییە لە گوتە و قسە و بەڵگە شاراوە و نادیارەکانی وەرگیراو لە دەقیتر و هێما و مەتەڵۆك هێنانەوەی جۆراوجۆری دەقی دیکە و دیتران. کاردانەوە لە هەمبەر ئاوزمەندی مۆدێرن و فانکسیۆنەلیزم (ئەرکایەتی) لە دەسپێکی گەشەی بیناسازیدا بە روونی دیار بوو: "بەگژداچوونەوە لە هەمبەر رووداوە ئەرکایەتییەکان- دژی هێڵی راست و باژە چارگۆشەکانی یەکەی نیشتە جێبوون، دژی بێژیاری سارد و سڕ و داهێنەرانەی بیناسازی مۆدێرن کە لەودا بەکارهاتن بەسەر جوانی فۆرم و بیچمدا زاڵبوو. بیناسازی پاش مۆدێرن هەڵوێستێکە دژ بەو شتەی کە **فریدریش ستواسێر** (فریتس هاندێرت واسێر)[180] وێنەری هاوچاخی ئۆتریشی (نەمساوی) بە "دەسەڵاتی زاڵمانەی هێڵی راست" ناوی لێناوە. لە بیناسازی نوێدا پێداگری دەکرێتە سەر هێڵە چەماوەکان بەسەر کاروباری بێبەربینی، بە رازاندنەوە و لاسایی گەپجاڕانە و جوانکاری بێ کەڵك. رووبەری روون و شەفاف و ئاوێنە ئاسا و پێچەڵاوپووچی، کەلێن و کولێندار بوون لە رەگەزەکانی بەرچاو لە بیناسازی مۆدێرن دێنە هەژمارتن.

بیناسازی لاسوێگاس بە بۆچوونی زێدەخوازانەی خۆی وەپێش هەموو شرۆڤەکانی دیکەی بیناسازی هاوچەرخ دەکەوێت و ئەگەریش بتانهەوێت بە قووڵی لێی بزانن لە پەرتووکی لاسوێگاس بەرهەمی **رابێرت وێنتووری** ( Robert Venturi -1925) و دیتران دەتوانن ببینن. لەم رێبازە بیناسازییەدا لەگەڵ ئاوێتەیەکی جۆراوجۆر لە رێبازەکان رووبەروو دەبین، نموونەیەکی بەرچاوی دەزگای بینایی ناسراو بە (Caesara place) یان کۆشکی سیزارەکان لەگەڵ کوتلە و پەیکەرە کەونەکان پاسەوانانی پارکینگ و فەڕاشان کە بە شێوەی لژیۆنێرەکانی رۆحی کەون جلوبەرگیان لەبەر کردووە، دەبینرێت لەگەڵ

---

۱۷۹- Omberto Eco (۱۹۳۲) فەیلەسووف و نووسەری هاوچەرخی ئیتالی کە لەسەر هێماناسی و رەخنەی وێژەیی کار دەکات.

180 . F. Stowasser- (fritz Hundert Wasser).

پێکهاتەیەك لە تابلۆی جۆراوجۆر و گلۆپە نیۆنە پڕزریقە و بریقەکان. ئیتر لە تەك کاری نابەجێ و نەکراو، ناهومێدانە هەڵسوکەوت ناکرێ، بەڵکو هەنووکە جیهان، جیهانی ژیان کردنە و ئەوەی کە هەس و بەلانی زۆرەوە، کەڵك وەرگرتن لەوە، جیهانێکی دەرباز لەوەی کە باری قورس و گرانی ئەم ئەرکە مەزنە خۆت بە ئامانج و مانای بوون دابنێی، شتێکی کە دەمێنێتەوە جۆرە پووچییە (نهێلیزم)ێکی شاد و سەرخۆشانەیە. لەگەڵ مەرگ و نەمانی شاری خەونەکان و یۆتۆپیا، ئەرکی ناوچەیی و کەسایەتی بۆ کار و کردەوە لێرە و هەنووکە دەورێکی ژیانبەخشیان پەیدا کردووە. **مارشاڵ بێرمەن**- یش سەبارەت بە بیناسازی پاش مۆدێرن دەڵێت: "بیناسازی پاش مۆدێرن دژوارییەکانی چەمکیی و مرۆڤانەیی جۆراوجۆر دەردەبڕێت." بۆچوونی ئەو بۆ تێکەڵ و ئامێتە کردنی رابردوو و ئێستا لە راستیدا هەر هەمان تەوەری ئایدیای مۆدێرنیزمە لە گۆڕەپانی وێژە و هونەردا، واتە بنچینەکانی مۆنتاژ، بەم چەشنە، ئەم شێوەی سەریەکخستنە، تێکهەڵکێشان و پێکهێنانە لە پاش مۆدێرنیزم ناتوانین بە نوێکاری یا داهێنانێکی شۆڕشگێڕانە و بنەمایی بزانین، بەڵکو لە راستیدا هەر هەمان شتە کە **"هاروارد رۆزێنبێرگ"** بە "نەریتی پەیوەست بە نوێ- (The Tradition of the new)- ناوزەدیدەکات. زمانی پاش مۆدێرن لەگەڵ ئاماژە و وێنەگەلێك کە لە لێکدابڕانی بنەمایی، واژی، لابردن، دابڕان- هەڵەکان، هەڵکشان و داکشانەکان، رچەشکاندن و بەزاندنی هێڵی سوور و بانگێژە بۆ تاراندن و جێهێشتن و تەنانەت فڕێدانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و رێبازی **دادا**، سەری هەڵدا، بۆ وێنە بینای "AT&T" لە نیویۆرك کاری **فیلیپ جانسۆن** لە کۆتایی دەهەی ۱۹۷۰، پاش مۆدێرنەکان تەواوی بڕستی نەستی، بیرۆکەیی و جەستەیی خۆیان لە خزمەت بە بزاڤەکانی فێمێنیستی[۱۸۱]، هۆمۆسێکچوالیتە[۱۸۲]، بزاڤی لایەنگرانی ژینگە، بزاڤی کەسکەکان و بزاڤەکانی لایەنگری ئاشتی و تەبایی و چەککردنی ناوەکییان بەکارهێنا. ئەوان بە گشتی وزەی خۆیان لە پێناوی جموجۆڵەکانی جیاخوازانە و

---

۱۸۱- Feminism - بزاڤی یەکسانی ژن و پیاو، بزاڤی ئازادی ئافرەتان.

182 . Homosexualite.

دەستەخوازانە دنەدا و لە بزاڤگەلی بەرین و بەربلاوی مافی شارومەندی و پەیوەندە مرۆڤایەتییەکان کە دەیانتوانی ببنە هۆی گەشەکردن، بەرزبوونەوە و بەرزەفڕی لەبەربەستەکانا و لەوەی ببنە گۆڕەپانی چالاکی گروپەکان خۆیان دوور خستۆ. زۆر لە خاوەن راکان بە چەشنێکی رەمزاوی ،یەکجار شاراوە و بە تەوس و توانجەوە رادەگەیەنن کە "هەڵبەتە پاش مۆدێرنیزم پتر چۆنیەتییەك یان بارودۆخێکی نەستی و بیرۆکەییە هەتا رووداوەیەکی مێژوویی دیاریکراو"، روونە لەم ناوەشدا خاڵی ناوازەش هەیە، بۆ وێنە **چارلز جینکێز** کە بڕوای وایە پاش مۆدێرنیزم لە بیناسازیدا، کتومت لە کاتژمێر سێ و سی و دوو خولەکی پاشنیوەڕۆی رۆژی ١٥ ژوئیەی **١٩٧٢**، بە مەرگی کتوپڕی (لەناکاو) چاخی مۆدێرن لە بیناسازیدا، هاتە ناو جیهانی بوونەوە. واتە کاتێك پڕۆژەی گەورە و بەرینی نیشتەجێبوونی "پیرۆیی- ئیگۆر لە سەن لۆئیس" بە چەشنی شوێنێکی ناشیاو لەبۆ نیشتەجێ بوونی خەڵك کە سەردەمایەك لەوێدا دەژیان بە دینامیێت تەقێندرایەوە، پرۆژەیەك کە کاتی خۆی بە جۆرەی "تەواوترین مەکینەی مۆدێرن بۆ ژیان"، باسی لێوەدەکرا. ئەم دارِمانە هاوکات بوو لەگەڵ رووخانی بنەمای باوەڕی "مۆدێرنیزمی پێشکەوتوو" و لایەنگری ئەوان بۆ لای یەکدەست و یەکشێوەکردنی گشت کارەکان و دیاردەکان.

چاخی پاش مۆدێرن چاخی هەڵبژاردەکانی بێ هەژمار و بەرەوبانە، چاخێکە کە بۆمان نییە هیچ چەشنە رووداوێکی ئۆرتۆدوکسی بێئاگامەندی و دەمەلاسقێ و تەوسەوە وەرگرین، بۆچی، چونکە گشت نەریتەکان بۆ خۆیان نرخ و بایەخیان هەس. ئەم کارە تا رادەیەك دەرئەنجامی شتێکە پێی ئێژن "تەقینەوەی زانیاری"، سەرهەڵدانی زانستی رێکخراو، تۆڕی پەیوەندییە جیهانییەکان و سایبێرنێتیك. **فریدریك جیمسۆن**[١٨٣]، لەدایکبووی **١٩٣٤** لە شرۆڤەکاران و رابێژانی گەورەی پاش مۆدێرنیزمە کە دەگەڵ ئەوەشرا لە روانگەیەکی رەخنەییەوە دەروانێتە ئەم رووداوە، لە پەرتووکی "پاش مۆدێرنیزم یان بێژیاری کەلتووری سەرمایەداری پاشین"، بە روانگەیەکی مارکسیستییەوە

---

١٨٣- Friedrich Jameson - فەیلەسووف و مارکسیستی پاش مۆدێرن.

لایەنگری لە پاش مۆدێرنیزم دەکات و بە لێکدانەوەیەك کە بڕوای وایە  پاش مۆدێرنیزم بەڕاستی دەربڕی بارودۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی سەرمایەداری **"**واتە سەرمایەداری پاشین**"**- ە . جیمسۆن لە پلەی بیرمەندێکی مارکسیستیڕا حەز بە پەیوەندی تاك لەگەڵ جیهانی شتە دیارەکان دەکات، جا بە بۆچوونی **"جیمز پاوێل"** ئەم شتە ماتیك و بەرچاوانە چ قوتوی کۆنسێروەکان بن یان کۆمپانیا گەورە و زەبەلاحە فرە نەتەوەییەکان. سێ خولی **"ئێرنێست مێندێل"** کە کاریگەری بەسەر جێمسۆنۆ بووە، را و بۆچوونی سەرمایەداری پاشینی سەدەی ١٩ و ٢٠ ی هێناوە بەسەر قۆناغەکانی مێژوویی دیاریکراودا بەشدەکات:

ئا)- لە ١٧٠٠ هەتا ١٨٥٠ یڕا. قۆناغی سەرمایەداری بازاڕی: لە درێژەی ئەم قۆناغەدا سەرمایەداری پیشەسازی بە گشتی لە ئاستی بازاڕەکانی ناوچەیی پڕ دەبێتەوە (سەردەمی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پانتای وڵاتێکدا).

ب)- سەرمایەداری پاوانخواز لە چاخی زل سەرمایەداریدا (ئەمپریالیزم): لەم سەردەمەدا بازاڕەکانی ناوچەیی بەرەو بازاڕەکانی جیهانی دەچن و گەشە دەکەن و پەرە دەستێنن.

ج)- قۆناغی پاش مۆدێرن کە بە دوای گەشەی بێبڕانەوە و هەوسار پساوی کۆمپانیا گەورە و فرەنەتەوەییەکان بە وێنەی کۆکاکۆلا و ئەوانیتر لە گۆڕەپانی جیهانیدا سەریان هەڵدا.

جیمسۆن لەم بارەوە سەرقاڵی راڤەی مۆدێرنیزم دەبێت لەوەیکە کەلتووری مۆدێرنیست بێ‌مەیلی خۆی لە هەمبەر جیهان دەربڕیوە. بۆ وێنە تابلۆ ناسراوەکەی **ئێدوارد مونش**[١٨٤] بە ناوی "هاوار" بە رای ئەو هاوارێکی ناهۆمێدانەیە و دەربڕی ناوەڕۆکێکی مەزنی مۆدێرنیستی وەك نامۆیی لە خۆیە (ئێلیناسیۆن)[١٨٥]، باس لە بێڕیشە و رەچەڵەك بوون، بێپێناسەیی، تەنیایی و دابڕان لە کۆمەڵگە دەکات. هەروەسا نەخشە و وێنەکەی

184 . Edvard Munch (1863 – 1944).
185 . Alienation.

**ڤینسێنت ڤانگۆك**[186] واتە **"پێڵاوەکانی جوتیارێك"** ڕەخنە لە جیهانی سەرتاسەر هەژاری و نەداری و بێبەختی جوتیاران دەگرێت. بینا مۆدێرنەکان وەك بیناسازی **لوکۆربۆزیە** بۆ وێنە بورجە بەرزەکانی پاسەوانی و چاودێریکردن و فانۆسە گەورەکانی سەر دەریا، بژارەیی و ئارمانجین لە ئاست بینا هەژار و نزمەکانی پەراوێزی شار کە گەمارۆیان داون باڵایان گرتووە. ئەم بینا و بورجانە دەربڕی بیروڕا و ڕوانگەی رامیاری پڕسۆزێکن لە یۆتۆپیا و شاری خەونەکان! ڕێخت و بیچمی کەلتووری پاش مۆدێرن دەربڕی شوێنگۆڕکێ، لێکدابڕان و لەتوکوت بوونی کۆمەڵگە زمانییەکانە کە هەرکام لە گروپ و دەستەی بچووك بچووکا دابەش بوون: بە چەشنێك کە هەر کۆمەڵگەیەکی زمانی، بە زمانی تایبەتی خۆی دئاخڤێت، هەر شۆڵ و کار یان پسپۆڕییەك، ڕەمز یان زاراوەی شازی خۆی هەیە، و لە کۆتاییدا هەر کەس بە چەشنی دوڕگەیەکی زمانی لێدێت کە لە تاکتاکی کەسانیتر جیا دەبێت و دوور دەکەوێتۆ. بەم چەشنە و بە گوێرەی **جیمسۆن** شارومەندان و دانیشتوانی کۆمەڵگەکانی پیشەسازی شارانی پێشکەوتوو مرۆڤگەلێکی لەخۆبیانی، تووشی گومان، خەیاڵات و وڕینەن. و هەروەسا لە خەون و خەیاڵ و هەلومەرجێکی جاڕزانەدا ژیان دەکەن. ڕاستییەك لە بیچمی هێما و وێنەگەلێکی پەتی، دیمەن و دیمەنگای فریودەر، ئاڵۆزی سەیر و سەمەرەی نوێ لە چوارچێوەی زەمان و فەراخی کە خۆی لە بیچمی کاڵاکان، بەرهەم و وێنەکانا دەردەخا و دادەسەپێنێت، وەکو تەقینەوەی هونەری پاپ ئارتی "ئەندی وارهۆل (Andy Warhol)[187]، یان لەناوبەرا وێنە و هێماگەلی وەرگیراو لە کەلتووری بەکارهێنان و ژیانەوەی بەرهەم بە یارمەتی چەنپاتبوونی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، یان وەك ئەو وێنە هونەریانەی سەر قوتو کۆنسێروەکانی **کەمپێل**، باکسگەلی **بریلۆ**، بوتلێن **کۆکاکۆلا**، تێکەڵ و ئامێتە کردنی وێنە تاکەکان و لە شێوەی ئەستێرەکانی هالیوود وەك **مارلین مۆنرۆ**، تەواو یەکجۆر، یەکدەست، بێرەگ و ریشە و بێناوەڕۆك، لە بەراورد لەگەڵ

---

186 . Vincent Van Gogh (1853 – 1890).

١٨٧- Andy Warhol (١٩٨٧ -١٩٢٨) هونەرمەند، نووسەر و فیلمسازی پێشرەوی ئەمریکایی و لە دامەزرێنەرانی هونەری پاپئارت.

پێڵاوەکانی جوتیارەکەی ڤان گۆك کە دەربڕی جیهانی ڕاستەقینەی هەژاری و بەدبەختی گوندانەیە. پێڵاوەکانی داپۆشراو لە رۆژە و ئەڵماسی ئەندی وارهۆڵ دەربڕی جۆرێ بێڕەسەنی و بێڕەچەڵەکی و بێناخییە کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ڕاستەقینەدا نییە. دارِمان و رووخان لێك جیاکردنەوەی نێوان چاند و کەلتووری باڵا و کەلتووری خوارەوە (نزم). خەڵکانی بەردەنگ و بینەر لە هەمبەر هۆگری وێنەدا هەروا بەرەڵا کراون. وێنەگەلێکی ناڕاست کە هەر کات و ساتێك لە رێگای تەلەفزیۆنەیڕا بڵاودەبنەوە. تەنیا شتێك کە دەرخواردی بینەرانی ئەدەن وێنە خەیالییەکانە (وانوێن)، کاری تویژاڵك و رواڵەتی، نزم و لەخوار، چیرۆکە خەیاڵاوییە سۆزدارییەکان، فیلمە زانستییە — بژارەییەکان - راگەیاندە سەرسوڕهێنەرەکانی کەلتووری **"ریدرزدایجێست"**[١٨٨] - ە.

بلۆزایەتی و جوانکاری پەتی، دەسکردە پڕزریقە و بریقەی بیناسازی پاش مۆدێرن، گشت ڕێبازەکانیتری بیناسازی رابردوو بەرەو تێداچوون دەبات. هۆتێلی **"بێنئۆوێنتور"** لە لۆس‌ئانجلێس نموونەیەکی بەرچاوی باڵاخانە و شوێنگەلی بیناسازی پاش مۆدێرن دێتە هەژمار، بەڵام کەسانی وەك **جیمسۆن** ناتوانن بچنە ژووری ئەم هۆتیلانەوە! و دەرکە لە سەر وان داخراوەیە. بەم چەشنە **جیمسۆن** هەست بەوە دەکات کە شپرزەیی و سەرەگێژەی ئەو لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ چاند و کەلتووری پاش مۆدێرن کتومت بە وێنەی بێتوانایی مرۆڤەکانی ئەم چاخەیە لە دۆزینەوەی نەخشەیەك بۆ رێگاکەیان، هەروەك نەزانینی ئەوانە لە کێشانەوە و دارشتنی پلان و نەخشەیەك لە پەیوەندیان لەگەڵ جیهانی شپرزە و ئاڵۆز و هەوەها نەبوونی ناوەندی تۆڕەکانی گەورەی کۆمپیوتێری و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان- بەڵام بۆچوونی پاش مۆدێرن هیچکات رێگاچارە یان پلانێکی رێنوێنیدەر بۆ دۆزینەوەی دۆزەکەمان پێنادات. و بەر لەوەی دەوا و دەرمانێك بێت لەبۆ چارەسەری نەمانی ناوەندایەتی و شپرزەیی پاش مۆدێرن، ئەنجام و دەرئەنجامی وانە.

یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان کە بۆتە هۆی ناساندنی **جیمسۆن**- جیا کردنەوەیەکە کە ئەو لە نێوان لاسایی گاڵتەجارانە (Parody) و لاسایی بەرهەڵسانە

---

١٨٨- Readers Digest بڵاوکراوەیەکی بۆرە پەسند بوو.

(Pastiche) dایناوە. شتێك کە پاش مۆدێرنیتە بۆتە هۆی لەناوچوون و تێداچوونی ئەو-سوژە یان (خۆ) . لە چاخی مۆدێرنیتە مرۆڤ باوەڕی بە سوژە یان خۆ بوو. بۆ وێنە هەموو سالێك نووسەران بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە لاسایی نووسەرێکی بەناوبانگیان دەکردەوە، بەڵام پاش مۆدێرنیتە هۆکاری لێکجیابوونەوە، لەتوکوتی و لێکدابڕانی زمان و سوژەیە. ئەو بڕوای بەوەیە بە هۆی نەبوونی زمانێکی دروست لە پاش مۆدێرنیزمدا، پێویستە سەرقاڵی لاسایی بەرهەڵستانە بین. بە وێنەی هەموو چەشنە فیلمە سینەماییەکان و ئەو شۆ TV-یانەیەکە ڕەمەکی و لە گۆترە ساز دەکرێن و لە پەنای یەکترا دادەندرێن. جیمسۆن لە پلەی بیرمەندێکی مارکسیست کە بڕوای بەوەیە جیهان لە لایەن وزە مێژووییەکانی تایبەتەوە هەڵدەسوڕێت و بەڕێوە دەچێت! تێگەیشتنی گرنگی وی سەبارەت بە چاخی پاش مۆدێرن ئەمەیە کە چاخی ناوبراو دەربڕی کۆتایی هاتنی ئاگامەندی ڕەسەنی مێژووە. جیا لەمانە، بانگێژەی **لیۆتار**، لەسەر ئەو شتەیەکە مارکسیزم جۆرێك "ئەوپەڕ گوتار"-ە دەبێتە چی؟ سەرەڕای ئەوەش زۆربەی رابێژانی پاش مۆدێرن لەگەڵ ئەم بانگێژەی لیۆتاردا نین. بە راستی لەتەك ئەوەشدا کە جیمسۆن بە هۆی لافاوی وێنە و هێماکانی ئاشتەبا لە راگەیاندەکانی پاش مۆدێرن گەمارۆ دراوە، بەڵام خۆی پاراستووە لە خۆ بەدەستەوەدانێکی بێ شەرت و مەرج لە هەمبەر زۆربەی بۆچوونەکان یان بیر و راگەلی پاش مۆدێرن کە ئەوانی پێ جیاوازە دەگەڵ باوەڕ و بڕوای مارکسیستی خۆی و خۆراگریش دەکات لە هەمبەریان.

### ب)- مەکلوهان و تێکنۆلۆژی پەیوەندیدار:

لەم بەشەدا زۆر پێویستە لەسەر بیروڕاکانی مارشاڵ مەکلوهان بدوێین و کاریگەری میدیایی بەسەر بەردەنگاندا باسبکەین ، بەڵام لە پێشدا ئەم پرسیارە دەکەین، ئاگاداربوونی بەردەنگ لە تایبەتمەندییەکانی تێکنیکی و هونەری مێدیایی تا چەنێك گرنگە؟ کاریگەری هۆنراوە و هەڵبەستێك کە بە چەشنی چاپکراو و لە پەرتووکدا دەخوێندرێتۆ، بە تەواوەتی جیاوازە لە کاریگەری ئەوکاتەی بە دەنگی شاعیر

(هەڵبەستوان) خۆی و بەشێوەی زیندوو و ئامادە دەبیندرێت. تێگەیشتن لە هەستی سۆزدار و ئاوازەکانی فیلمێك کە لەناو هۆڵی سینەمادا دەیبینن، لەسەر پەردەیەکی گەورە، لە تاریکیدا، هاودەنگ لەگەڵ ڕێساکانی تێکنیکی و هونەری ڕەسەنی فیلمەکە لەسەر ئەو بنەمایە سازکراوە، کە یەکجار جیاوازە لەگەڵ کاریگەری ئەو کاتەی کە هەر ئەو فیلمە لەسەر شریتی ڤیدیۆ دەیبینن.

کەسانێك هەن کە هەرگیز لەو جیاوازییانە تێناگەن، بەڵام لە بەرامبەردا هەندێك کەسیش هەن، بێجگە لە سینەماناسان و ئەوانەی کە کار و باریان بە تایبەت لەگەڵ سینەمادایە، لە چاولێکردن لەو فیلمانەی حەزی لێدەکەن ، بە یارمەتی ڤیدیۆ خۆ دەبوێرن. ئەوان کوالیتەی[189] (چۆنیەتی) خراپی دەنگ و ڕەنگ و هاوڕێ بوونی هونەر لەتەك وردەکێشەکانی ناو ژیانی ڕۆژانەیان پێخۆش نییە و پەسەندی ناکەن. لە ئاستی ئەوەدا کەسێکی وەك **"شۆن کاییت"**مان هەس کە لە پەرتووکی **"جێگۆڕکێی زەمان "**دا، سەبارەت بە کەلتووری ڤیدیۆ نووسیویەتی کە ڤیدیۆ (شێوەی دیمۆکراتیکی چاولێکردن لە فیلمە) و دەڵێت ئەو دەرفەتانەی ڤیدیۆ لە گەڕانەوەی بەشەکانی ڕۆیشتووی فیلم، ڕاگرتنی وێنە- وردبوونەوە لە وێنە، گۆڕینی تیشك و ڕەنگەکان، لەبۆ هەر بینەرێکی ڕەخساندووە، دەوری بەردەنگ لە چێکردنی واتاکاندا دەباتەبان. ئەمڕۆکە گوتاری جوانناسانە گرنگایەتییەکی زۆری بە خۆوە بینیوە، بەڵام ئاشکرایە کە شێوەی پێشکەشکردنی بەرهەم لە ئافراندنی ئەودا تا ئەو جێیەی بە هونەرمەند و نووسەر پەیوەستە، گرنگییەکی بێهەژماری هەس. هەمیسان دەتوانین بێژین کەرستەی مۆدێرنی ئێلێکترۆنیکی ئەمڕۆ کاریگەریەکی زۆریان لە تێگەیاندنی موزیکایی ئاهەنگسازانی وەك **" هاینزا شتوکهاوزن- لویچی نونو"**- و دیتراندا هەیە. دیسان سەبارەت بە گرنگی کاریگەری شێوەی پێشکەشکردنی کار دەکرێ لە گرنگایەتی گۆڕانکاری لە شێوەی وتەیی (وێژە) نووسەرانێك یادکەین کە دەرئەنجامی کار لەگەڵ وشەسازانی کامپیوتێرین. سانایيەك کە ئەم ئامرازانە لە فۆرمدانی گورج و گۆڵ بۆ بیروڕاکان پێشکەشی دەکەن و هەل و

---

١٨٩- Quality - چۆنیەتی.

دەرفەتێکی زۆر (کەلوپەل- شوێن- زەمان) کە بۆ چاککردن و نووسینی دەق و سەرنجی پتر دەیرەخسێنن، کاریگەری هەیە لە سەر ئیشی هونەری و بیرۆکەیی نووسەردا .

سێ هۆکاری سەرەکی شێوەی پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمێکی هونەری دیاریدەکەن: **هۆکاری یەکەم**، فۆرمگەلێکی هێماناسانەیە کە بەرهەم لەوان پێکهاتووە. **هۆکاری دووهەم** پێداویستییەکانە کە بە هۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیك دەسدەکەوێت. **هۆکاری سێهەم** گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی جوانناسانەیە، یان بە گوێرەی **گادامێر** گۆڕان لە ئاسۆی ئاگامەندی جوانناسانەی سەردەمە. ئەم خاڵەش فرەگرنگە کە هونەرگەلێکی وەك وێنەگری و سینەما لە بنەڕەتتدا لەسەر داهێنان و ئاردەگەلی تێکنۆلۆژی سەر و سەکوتیان بە خۆوە گرتووە، لەمەڕ ئەم هۆکارانەیە کە لە ریزی کاریگەرترین هونەرەکانی رۆژگاری ئێمە دان.

**والتێر بێنیامین**[١٩٠] هەوڵیدا تا ئەم "هونەرانەی زادەی سەردەمی بەرهەمهێنانەوە و زاوزێی مێکانیکین بناسێنێت و پێشانبدات کە سنووری گۆڕانکارییەکانی سەرچاوەگرتوو لە پەیدابوونی ئەم هونەرانە لە پانتای گشتی بیرۆکەی جوانناسی رۆژگارماندا تا کوێیە."

بێنیامین پێداگری دەکات لەسەر بیچمی پەیوەندی بەرهەمی هونەری، ئەو ئاگاداری گۆڕانێکی گەورە بوو کە بە هۆی شۆڕشە تێکنۆلۆژییەکانەوە سەرهەڵئدات، ئەو باسانەی کە سەرچاوە لە بایەخێکەوە دەگرن کە ئەو بۆ هونەری خەڵکی و لە راستیدا بۆ راپەڕینی کەلتووری دایدەنا، بە جێی خۆی، بەڵام بەڕاستی دەکرێ ببینین کە بێنیامین ئاماژەی بە شتێکی زۆر گرنگ کردووە: لە باری چۆنیەتییەوە، زۆرترین دەسکەوتی هونەری لە رۆژگاری ئێمەدا هی ئەو هونەرانەن کە پەیوەستن بە ئامرازی تێکنۆلۆژیکی نوێ و بەدیهێنەری بەرهەمگەلێکن کە لە خۆیاندا بانگێژەی نەمریان نییە. ئەو بەرهەمانە کە دەکرێ بە "سەفەری" ناوزەدیان کەین. نموونەگەلێك لە کلیپە ڤیدیۆکان و زۆربەی فیلمە سینەماییەکانی ئێستا. بە رای بێنیامین گیروگرفتەکە لەسەر کاریگەری وزەیەکی یەکجار زۆری ئاڵوگۆڕە تێکنیکییەکان بوو بە سەر بیچم و پراکسیسە هونەریەکاندا. ئەو هەندێك

---

١٩٠- Walter Benyamin (١٨٩٢ -١٩٤٠) رەخنەگری وێژەی مارکسیست لە سەدەی بیستەمدا.

ئاماژەی بەربڵاویشی سەبارەت بە کاریگەری گۆڕانکاری تێکنیکی (لەڕێگای ڕاگەیاندەکانەوە) بەسەر هەستیاری مرۆڤی هاوچاخی کردووە. **بێرتوێلت برێشت**-ی[191] هاورێشی کە سەبارەت بە رادیۆ بە تایبەت و ڕێگاکانی کەڵکوەرگرتنی شۆڕشگێڕانە لەو، نووسیویەتی (و لەم بابەتەوە بەرهەمەکانی ئەو ڕێگای بۆ **ئانسێنز بێرگێر**[192] خۆشکرد)، بۆ گۆڕان، هەستیاری سەرچاوەگرتوو لە میدیاکانی پەیوەندیداری گشتی نوێ ئاماژەگەلێکی بوو. بەڵام باسی بەپێز و ژیرانەتر سەبارەت بەم شتە، لە کاتی ئێمەدا و لەسەر ئەستۆی **مارشاڵ مەك لوهان و ژان بودریار** داندریا. **مارشاڵ مەك لوهان**، خەڵکی کەنەدا- و ڕەخنەگری وێژە و ڕاگەیاندەکانی پەیوەندیداریترە، ئەو پێشانیدا کە بارودۆخی ڕاگەیاندەکانی پەیوەندیدار، دیاریکەری ناوەڕۆکی بیر، ژیان و باری تیگەیشتنی واتایی ئێمەن. هەستیارییەکی نوێیان بۆ مە چێکردووە. **مارشاڵ** هەروەها دەگەڵ هەلومەرجەکانی تێکنۆلۆژیی پەیوەندی، لە ڕێگای سووربوون لەسەر شێوەی پەیوەندی لە تەك ئۆبژەکان، سەرنجی ئەدا بە دەق و بەرهەمە هونەرییەکان، و لە ڕەخنەکانیشیدا پێشانیدا کە بۆ وێنە ڕۆژنامەنووسێك چ کاریگەریەکی هەبوو بە سەر هۆنراوەکانی **مالێرمە** و ڕۆمانەکانی **(جۆیس)**دا، یان هێماکانی بینین چ کاریگەریەکیان هەبووە لەسەر بەرهەمەکانی **تێنیسۆن**[193] و لە بنەڕەتتدا تێکنیکی چاپ، **چلۆنایەتی** شێوەی هەڵبەستی، هەڵبەستوانانی ڕۆمانتیکی ئینگلیزی دیاریکرد.

مەك لوهان بە لاسایی کردنەوە لە بیروڕای ئابووریناس و کۆمەڵناسی ئەمریکایی سەدەی پێشوو **تورستاین وێبلەن**[194] نووسەری پەرتووکی **"تیۆری چینی تێروتەسەل"** (The Theory Of The Leisure Class) خەریکی توێژینەوەی کۆمەڵگەی بەکارهێنەر

---

١٩١- Bertolt Brecht (١٩٥٦ -١٨٩٨) شانۆنامەنووس، دەرهێنەری شانۆ و هەڵبەستوانی کۆمۆنیست.

192 -Onsenz Berger

١٩٣-Alfred Lord Tennyson (١٨٩٢-١٨٠٩) شاعیر و وێژەوانی بریتانیایی

194 -Thorstein Veblen(1857-1929)

(دەکارکەر) بوو، پاشان لە ژێر کاریگەری بیرمەندیتری ئەمریکایی **هاروار ئادام ئینیس**، سەبارەت بە کاریگەری تێکنۆلۆژی و تێکنیکی پەیوەندی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا لێکۆڵینەوەی کرد و گەیشتە ئەو ئاکامە کە ئەمڕۆکە "پۆلین کردن"، بڵاوکردن و بەکارهێنانی بیروڕا، گرنگترە لە بەرهەمهێنانی ئەوان ، جا لەبەرئەوە هەوڵیدا تا "رێزمان"، و زمانەکانیتر وەك چاپ- رۆژنامە- راگەیاندنەکان، بە تایبەت تی. ڤی فێر بێت. کاری مەك لوهان لەم بارەوە تا رادەیەك لە کاری **رۆلان بارت**[195] دەچێت، چونکە ئەویش دەیهەویست تەنانەت ئەفسانەکانی ژیانی هەنووکەیی بناسێت، بە بۆچوونی مەك لوهان ئێمە دەبێ بزانین چۆن لە کۆمەڵگەی سەردەمدا، راگەیاندە- رۆژنامە و فیلمەکان نە تەنیا رادە و ناوەڕۆکی بەکارهێنان، بەڵکو پێناسەی مرۆڤە لە خۆی، واتە تێگەیشتنی هەرکەس لە پلە و پایەی خۆی لە هۆنای (سیستێم)ی کۆمەڵایەتیدا بیچم و فۆرمی پێئەدەن، و جیاکردنەوەیەك لە نێوان کار و کۆمەڵگە، کردەوە و هەست، ئۆفیس و ماڵ، ئافرەت و پیاو چێدەکەن. مەك لوهان لە بەرهەمەکانیدا، بە تایبەت لە پەرتووکی (کاکێشانی گوتێنبێرگ -١٩٦٢) کە لە بەند بەندی کورت دروستبووە، باس لە بوونی مێژوویی و دوابەدواییەکی سێ کاکێشان دەکات لە ئاسۆی ژیان و زانایی مرۆڤدا. **یەکەمینی** بە **"کاکێشانی هۆنە"** ناوزەد کرد، کە لە دەسپێکی دەرکەوتنی مرۆڤی وشیاربیرا لەسەر گۆی زەوی هەتاساڵی ١٤٣٦ ز درێژەی بوو. لەم کاکێشانەدا مرۆڤان لەگەڵ یەکترا پەیوەندی زیندوو و رووبەروویان هەبوو، جاروبار دەیاننووسی، بەڵام نووسین بناغەی ئەو ژیارانە نەبوو کە چێیاندەکرد. لە نێوان پێکهاتەی ئاگامەندی بیستن و ئاگامەندی خوێندن جیاوازییەکی مەزن بوو، جیاوازییەك کە بە تایبەت لە لایەنەکانی کرداریدا خۆی پێشان ئەدا و لەم رێیەدا لە هونەر و بەرهەمی دەستیداو... دەردەکەوت. **کاکێشانی دووهەمی** بە ناوی **"گوتێنبێرگ"** ناوزەد کردووە، کاکێشانی چاپ و پەرتووك کە بە بەربینی **رابلە**[196] "بەهەشتی بەکارهێنەران" دەرئەنجامی ئاگامەندی کرداری بوو.

---

١٩٥- Roland Barthes (١٩٨٠ -١٩١٥) فەیلەسووف و هێماناسی بەناوبانگی فەرەنسی.

١٩٦- Franchois Rablelais (١٥٥٩ -١٤٩٥) نووسەر و هەڵبەستوانی مرۆڤدۆستی فەرەنسی.

ئەم کاکێشانە تا ئەو کاتەی راگەیاندەکانی پەیوەندیسازی نویَ هاتنە کایەوە بەردەوام بوو و مەك لوهان بە چەشنی خوازەیی داهێنانی تەلگراف و تەلیفۆنی بە کۆتایی ئەو سەردەمە دانا.

پەیوەندی لە قۆناغی دووهەم لەسەر بنەمای نووسین بوو لە بیچمی زیندوو و رووبەڕوو بەردەوام دەورێکی پەراوێزانەی دەبینی. ئەو دەریدەخات کە چلۆن لەگەڵ ئامرازی دەربڕینی نویَ، واتە دەگەڵ ئەلف و بێی، نووسین و خوێندن، بنچینەی ژیانی بیرمەندانەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی پتەوتر دەبوو،گۆڕانی پێداهات، زمانی لاتین لە سەروەری کەوت، دامودەزگاکانی پەیوەست بە کلێسا لاواز بوون، فێرکردن ساناتر و تا رادەیەك بەستراوە بە ئامادەنەبوونی ئامۆژگار، واتە پەرتووك دەورێکی بە دەیانجار گرنگتری لە یادخانەی مێشکی مامۆستایان بینی. مرۆڤی پیتە چاپییەکان سەروسەکتی بەخۆوە گرت. **کاکێشانی سێهەم**، لەگەڵ داهێنانی راگەیاندنە گشتییە نوێیەکان و بە تایبەت لەگەڵ شۆڕشی ئێلکترۆنیك و ئەنفۆرماتیکەیڕا دەستی پێکردووە و بە پێی پاشنووسەکانی مەك لوهان ئێمە هێشتا لە سەردەمی گوزەر و تێپەربوونی ئەوداین. پەیوەندی چێکاری کەلتووری لەم سەردەمەدا پتر بەستراوەتۆ بە مێدیا و راگەیاندەکانی نوێییەوە. رادیۆ- تی. ڤی کێبلی، فێرکردنی ڤیدیۆیی، تێکنیکی لەیزەری، کۆمپیوتێرە کەسانەییەکان و تۆڕەی چاپی رادیۆ- تەلیفونی، بانکەکانی راگەیاندن، سەتەلایتە (مانگی دەسکرد) نووچەیی و سەیرانییەکان، کۆمەڵە هەناردە سەتەلایتیەکان، فیلمە سێ رهەندییەکان، رۆبۆتگەل، کۆمپیوتێر کە بڕستی بوون بە سیستێمگەلێکی جیاوازی هێماییان لەگەڵ یەکترا هەس و... تاد. بنەمای زانایی و پەیوەندی لە کاکێشانی یەکەمدا "بیستنی" بوو. لە کاکێشانی دووهەمدا "خوێندنی" و لە کاکێشانی سێهەمدا بە گوێرەی مەك لوهان (بیستنی- بینینی- خوێندنی) یان "بیستنی- بینینی"-یە کە بە سۆی زانستێك سەقامگیرە کە لە "خوێندن"-ەوە سەرچاوەی گرتووە. جیهانی هزرئامێر، دەستەواژەیەکە بۆ ئێمە پاش **ماکس وێبەر**، بە تایبەت پاش **ئادورنۆ**[١٩٧] و **هۆرکهایمێر**[١٩٨] ناسراوە.

---

١٩٧- Theodor Adorno (١٩٦٩ -١٩٠٣) فەیلەسووف رێبازی فرانکفورت.

سەرەکیترین راگەیاندەی پەیوەندی ئەوکات، پەرتووك بوو، واتە لە نەبوونی نووسەریشا پەیوەندی دەلوا. **ئامراز** و **پەیوەندی** لە جۆری "گەرم" بوون و ئەم دەستەواژەیە تایبەتی مەك لوهانە- تەلەفون راگەیاندەیەکی "ساردە" چونکە گوێی و بیستن شوێنی والاّ لە بروسکە یان پەیامدا دەئافرێنن و لە بەردەنگ دەخوازن کە لە چێکرنی واتادا بەشداری بکات. بەلاّم رادیۆ کە راگەیاندەیەکە پەیوەست بە کاکێشانی سێهەم، لەگەڵ ئەوەش کە لە بنەڕەتتدا راوەستاو بە بیستنە دیسان هەروەك پەرتووك و ئەلف و بێی راگەیاندەیەکی "گەرم"- ە چونکە واتایەکی تۆکمە و بیچمگرتوو پێشکەشدەکات و لە دژی "راگەیاندەساردەکانا" جیّدەگرێت، کە واتاسازی دەخاتە سەر ئەستۆی بەردەنگان. باسی مەك لوهان لە جیاوازی لە نێوان راگەیاندە سارد و گەرمەکان لە بەشی دووهەمی پەرتووکەکەی "ناسینی راگەیاندە-ی ١٩٦٤"یڕا هاتووە. پەرتووکێك کە بنچینەی بۆچوونی ئەو تێگەیشتنی هەمەلایەن و هەمەپەسەندی مەك لوهان-ە ئەویش ئەوەیە "راگەیاندە پەیامە" و لە ١٩٦٧ یشدا بۆ چەندین جار لەچاپدراوە. بە بۆچوونی مەك لوهان نموونەیەکی بالاّ لە راگەیاندەکانی "سارد" T.V_ یە. ئەم راگەیاندەیە دەربڕی تەواوەتی رۆژگاری ئێمەیە. لە ناوەندی کاتە بەتاڵەکانی کاردا جێیگرتەوە و سەرچاوگەی ئاگاداری لە جیهانە. هەروەها پەیوەندی ناو تاکی خێزانیشی تێکداوە و خۆی لەگەڵ هەریەکە لەوان پەیوەندی دەگرێت. ئەوەی گرنگە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی T.V_ نییە، بەڵکو شێوەی ئامادەبوونی ئەوە لە ژیانی رۆژانەماندا کە زانست و تێگەیشتنمان لە واتاکان و دروستدەکات. بەڕاستی سەردەمی ئێمە رۆژگاری تیپەڕبوون لە راگەیاندەکانی پەیوەندی مێکانیکییە بۆ "چاخی پەیوەندییە ئێلکترۆنیك و ئەندامییەکان" (ئۆرگانیك).

**ئادورنۆ** و **کرانك** هەوڵی کۆمەڵە توێژینەوەیەکیان سەبارەت بە ئێزگەکانی رادیۆدا. کرانك ١٩٣٨ نووسیبووی کە لە توێژینەوەکانی خۆیدا سەبارەت بە ٦٧ ئێزگەی رادیۆیی، یازدە وڵات، بەم ئاکامە گەیشتن کە رادیۆ نوێخوازیی موزیکایی وێران دەکات ولەناو

١٩٨- Max Horkheimer (١٨٩٥ - ١٩٧٣) فەیلەسووفی ئاڵمانی و یەکێك لە دامەزرێنەرانی رێبازی فرانکفۆرت.

دەبات. بەرهەمێن موزیکی مۆدێرن، موزیکی ئاتونال و دوازدەتۆنی، زۆر بە کەمی لە رادیۆکانا بڵاو دەبێتەوە و بەرهەمە گەورەکانی موزیك لەت لەت دەبن، پارچەگەلێك بێ سەرنجدان بە رووبەری رەسەن و بێپسانەوەی موزیکایی، بە چەشنی چریکە و گۆرانی پەسەندی هەمووان پەخشدەبێت. **ئادورنۆش** بە پێی ئەم خاڵانە، وای لێکدایەوە کە رادیۆ، موزیکی وەك رەگەزێك لە پلەی دووهەم کە بەدیهێنەری هۆگرییەکی بیستنە کەمئەکاتەوە.
ئەو ئەم کارەی گرێداوە بە رەوشتی بوتئاسایی بەرهەمی کاڵاوە و راشیگەیاند کە راگەیاندەکانی پەیوەندیساز لە سەرمایەداری هاوچاخدا زاوزێی خووخدەکانی هەستی نوێ دەکەن کە هەروەك لەناوبردنی نوێخوازییە. موزیکێك کە لە رادیۆ بڵاو دەبێتەوە بە گشتیکردنی کاردانەوەی بیسەران (لە رێگای پەیوەندی موزیك لەگەڵ توخمەکانیتر)، نواندنی موزیکی لەبۆ هەر تاکێك لەناو بردووە، لە جێی تاکێکی راستەقینە کە چێکاری تێگەیشتنێکی باڵا لە هونەرە، گریمانەیەك لە تاك داندرایە. تاك لەناو دیتراندایە، هەڵوێستەکانی رادیۆ،تاك بەرەو دۆزێکی هاودەنگ لەگەڵ کەسانیتر، واتە دوورکەوتن لە راهێنانی هزری سەربەخۆ پاڵ تێوەدەنێت. چیرۆکبێژیی کاتێك لەناوچوو کە شێوەگەلێکی نوێ لە پەیوەندی یان پەیام و بروسکە هاتە ئاراوە، واتە خوێندنی پێشوەچوونی پەیوەندی نوویساندن لە رێگای تێکنۆلۆژیی چاپەوە. (نووسین).

خوێندن کارێکی تاکە کەسانەیە کە پەیوەندی رووبەروو لەناو دەبات. مەك لوهان لە پەرتووکی (Connter- Blast) دا دەنووسێت کە لایەنی پێشرەوی بیرۆکە ئەوەیە کە راگەیاندە تەواوەکانی دواتر، لەناو راگەیاندە ناتەواوەکانی ئاشتەبا بەربینی بکات. گشت راگەیاندە نوێیەکان بە رای مەك لوهان شێوەگەلێکی هونەرین کە بە وێنەی هۆنراوە و هەڵبەست، دەسەڵاتی داسەپاندنی پێش گریمانەکانی خۆیان هەیە. "راگەیاندە ئاماژە ناکات بە جیهان بەڵکو خۆی جیهانێکی نوێیە."

مارشال لەگەڵ تەواو ئەوانەشڕا ناهۆمێد نییە و لە پەرتووکی "ناسینی میدیا (راگەیاندە)" دا گوتوویەتی: "ئامانجی پەروەردەی ئەمرۆکە دەشێ ئازاد بوون بێت لە کاریگەری لە خۆباییانەی تێکنۆلۆژی بەسەر ژیانی داهێنەرانەی مرۆڤدا." مەك لوهان

باوەڕی بە وزەی گەشەسەندنی تێکنۆلۆژییە لە ڤاچی بەربڵاوی بڕستی مرۆڤەکاندا. لە رستەیەکی بە ناوبانگی خۆیدا دەڵێت: "میدیا (راگەیاندە)، لە بەردەوامی جەستە و بڕستەکانی ئێمە دایە." دەسکەوتەکانی تێکنۆلۆژیی ئێلکترۆنیکی تەشەنەیان داوە بە هۆنای (سیستێم) نێرۆنەکانمان[199]، و ئێمە بە جۆرێکیتر دەروانینە ژینگەکەمان واتە گۆی زەوی و لە رێگای تێکنۆلۆژی نوێی پەیوەندەوە تێگەیشتنێکی نوێمان لە دۆخ و شوێن دەسکەوتووە. قەیرانی بە **گوندبوونی جیهان** کە لە ناوەڕاستی بابەتەکەی مەك لوهان دێتە ئاراوە "زانیارییە"، خۆی لە بنەڕەتتدا یەکێك لە دیاردەکانی سەردەمی ئێمە "متمانەی زانیارییە". مەك لوهان پێشانئەدا "زانیاری" بە گشتی لە راژەی کارابووندا جێیگرتۆتەوە. ئێمە لە چتگەلێك ئاگادار دەکەن کە بە راشکاوی بەکار دێن. لە کاتێکدا تێکنۆلۆژی مێکانیکی پەزیرەی ئەم جیاوازیەوە، تێکنۆلۆژیایی ئێلێکترونێکی هەمووی بە یەکسان دەوێت و بەرەو سانابیش دەچێت.

لە رووبەردا زمان بەرەو "کەمکردنەوە"[200] دەڕوات ، مەیدانی فێرکردن و ئاگاداربوون بەرین دەبێت، بەڵام لە قووڵاییدا ئاگامەندی بەربەستدەکرێت. رادەی ئاگاداری جەماوەر هەندێکە لە هەموو شت، بە پێچەوانە ماکی رووناکبیری کاکێشانی گوتێنبێرگ وابوو، هەندێك لە کەسان بە جۆرێکی قووڵ لە شتەکان ئاگادار دەبوون.

## ج)- ئەوپەڕی راستی تی. ڤی (T.V)

بمانەوێت و نەمانەوێت ئێمە لە سەردەمانەکی نوێدا دەژین کە لەودا تێکنۆلۆژیە راگەیاندەکان، سایبێرنێتیك، کۆمپیوتێر، زانیاری و پیشەکانی زانست و سەیران، جێنشینی بەرهەمی پیشەسازی بوون و بەشی ئابووری- رامیاری وەك رێکخەری کۆمەڵگە ئیتر کار ناکات و تەمەنیشی بەرەو کۆتایی دەچێت. بە گوێرەی بودریار مەیدانەکانی جەنگ دەبنە رووداوەکانی تی. ڤی، تی. ڤی ئامرازێکی "وا نوێنە"، کە خاڵی بەرباس و رەسەنی لاسایی

---

١٩٩- عەسب، رەگی بچووك لە ناو لەش و مێشکدا.

200 . Minimalism.

کردن بێنرخ و بێبایەخ دەکات، کە لە ئەنجامدا "ئەوپەڕی راستی (بوون) (Hyperreality) چێدەکات. بە چاودێری لەسەر راگەیاندن دەکرێ واتا واژی بکەین و بیخەینە ژێر کۆنترۆڵمان، چونکە راگەیاندە گشتییە نوێیەکان بۆ خۆیان شیاوی ئەم ئاڵوگۆڕەن، دەگەڵ تەشەنەی راگەیاندەکانی ئەنفۆرماتیك ئێلکترۆنیك "ئەوپەڕی راستی"- یەکی نوێ دەردەکەوێت کە ئیتر لە نێوان راگەیاندە (میدیا) و راستی، بۆتە بەدیهێنەری بارودۆخێکی تاك و ناڕوون. واتە مەودای نێوان راست و درۆ و راستی و بژارەی لەناو بردووە. ژیان و تی. ڤی بۆتەیەك و وەها لێك ئاڵاون کە "ئەویتراوژی" دێتە ئاراوە، **بودریار** دەڵێت: تی. ڤی، چاو لە تۆ دەکات نەك تۆ لەو! و جیاوازی نێوان راگەیاندە گەرم و ساردەکان کە لوهان باسی لێوە دەکرد دەگۆڕێت. تی. ڤی هیچ شتێك ناڵێت، پێگەیەکی بچووکە کە بە گورجی لە مێشکی بینەر و بەردەنگدا بیچم دەگرێت. هەر دەڵێی مرۆڤ شاشەکەیە و تی. ڤی ش بینەر! ئەوە مەکینەیە، کاریگەری تێکنۆلۆژیك دادەنێت. ئەمڕۆکە لەناو کلیپە ڤیدیۆییەکان ئەم جگە دەروونی بوونە بە شێوەیەکی لەخۆباییانە دەکەوێتە بەرچاوان. دەنگ هەڵبڕانی کۆمەڵایەتی بێهودە دەبێت، دەتوانین بێژین لەم بیچمەیدا کە باسدەکرێت ، لەبەر ئەوەی دژایەتی لەگەڵ دامودەزگاکانی دەسەڵاتخواز، بنەماڵە، هێزی باوکسالاری، هۆنای کار و... تاد ،گشتیان لە رووبەری وێنەیڕا تێپەر دەبن، هیچ واتایەکی قووڵ نامێنێت. زۆربەی وێنە و وشەکان بێواتا و بێمانان. لە بنەڕەتتدا ئافراندنی وێنە، کاسی و سەرەگێژە دروستدەکات. پەیوەندییەك چێنابێت، پێوابوونی پەیوەندی واتە جیهانی **وانوێنەکان** دروستدەبێت، ئەگەر لە نێواندا پەیوەندییەك نەبێت هونەریش جگە لە وانوێنێك نابێت ئەمە یاسا و رێسای پاش مۆدێرنە. شانیك و رێنوینی ئیتر نالوێت و "پێناسەیەك" ناکرێت "**بێتو شتێك بە ناوی پێناسە نەمێنێت ئیتر مێژووی هونەر و بیچمیش نامێنێت.**" بنچینەی ئەوانە دەڕمێن و وێران دەبن، لە جیهانی راستیدا ئیتر گەڕانەوە بۆ سەر بیچم شیاو نییە، جا کە وایە بەس لەت و کوت ماوەتۆ. تەنیا کارێك کە دەکرێت کایە بەو لەت و کوتانەیە، ئەمەیە پاش مۆدێرن، بۆ تێگەیشتنی باشتر لە رای **بودریار** سەرنج ئەدەینە سەر باسەکەی لە "هونەرە مۆدێرنەکان" دا. لە دەسپێکدا سەرنجی ئەو فەرمانە ئەدەین کە داویەتی و بۆتە جێگای سەرسوڕمانی

هەمووان. توندی و دوژمنایەتی بودریار لە تەك کەلتووری رۆژئاوامان لەم فەرمانەدا بۆ دەردەکەوێت. ئەو نووسیویەتی کە: تەواوی هونەر بە گشتی پاش رێنسانس (بووژانەوە) درۆیە. بودریار داهێنانی پێرسپێکتیو و دروستکردنی گریمانەیەك لە قوولایی لەناو کاری وێنەریدا لە سەردەمی بووژانەوە (کە ماکس وێبێر ناوی نابوو **تۆرە باوەڕی مۆدێرن**). بە "ناڕاستی کردەوەی لاسایی لە شتێك کە سروشتییە و بوونی هەیە" ناو دەبات و بەردەوامیش دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە لاسایی کردنەوە پیشانداوە.

بە رای بودریار پێوابوونی تۆرەباوەڕانە سەبارەت بە هونەر "ئەو شتەیە کە لە کیس چووە و بە چەواشەکردنی چتگەلە." بودریار لە یەکەمین بەرهەمیدا هونەری مۆدێرنی پێدابڕانێکە لە چەمکێن بنەڕەتی پێشوو. هەروەکی لە پەرتووکی "کۆمەڵگەی بەکارهێن" دا نووسیویەتی کە ئیتر بایەخەکانی رەوشت و ئاکار و دەروونناسانە کاریگەرییان بەسەر هونەرەوە نامێنێت و هونەر ئەو رواڵەتە مانا مرۆڤانەی لە دەسئەدات. **سەڵت** و **هونەری سەڵت** رێگا بۆ تێگەیشتنی سەربەخۆ لە ڕاڕایی بوونی کۆنی واتاناسانەی والا کردووە، بۆ وێنە **"پاپ ئارت"** (Pop Art) وەك کۆتایی پێرسپێکتیو، کۆتایی گەواهیدان بەسەر راستی "سروشت"، و کۆتاییهێنان بە تاکی ئافرێنەرە. **ئەندی وارهۆڵ** بە ئافراندنی زەنجیرەیەکی وێکچوو لە ئابژە و وێنەکان، نموونەیەکی زۆر باشە لە هونەرمەندانی نوێ. ئەمانە گشتیان پیشانمان ئەدەن کە چلۆن کەلتوور بە رادەی زەنجیرەیەك لە هێماکانی سەربەخۆ کەم کراوەتۆ.

هەروەها بودریار دەڵێت: هێما سەربەخۆکانیش ئیتر هۆکار نین. هونەرمەند ئیدی ئابژە یان راستی کۆمەڵگە وێنە ناکات، ئەو تەنیا نموونەگەلێکی "ئەوپەڕی ڕاستی" واتە وانوێنەکان لە رێگای "دەربڕینخوازی" سەڵتی هێماکان باسدەکات. هونەر لە سەردەمی پاش مۆدێرنیێرا ئیتر دەنگهەڵبڕانێکی بنەماخواز نییە، شتێکە دەرفەتی پیشاندانی پیناسەمان بۆ نارەخسێنێت، تایبەتمەندی پاش مۆدێرن ئەوەیە کە پیشاندانی پێناسەی نەرەخساو واتە پرسی سەرەکی کارەکە بۆتە کایەی پێناسەکان. بەرهەمێکی هونەری ئیتر لە مێژووی هونەر یان لە مێژووی فۆرمەکاندا نامێنێت... بەم چەشنە "پاش مۆدێرن نە

هیواداره و نه بێ هیواشه." کایه و یارییەکە دەگەڵ شۆپ و هێشتەکانی، ئەوەیکە کاولکراوه.

**دێریدا**[201] پرسیار دەکات ئەگەر هونەر لە بەراورد لەگەڵ مێژوو، سیاسەت و فەلسەفەدا جێنەگرێت، دەبێتە چی؟ بیچمێکی سانا و نارەخنەیی کە بۆخۆی بوونی دەبێت. تەنانەت ئەو کاتەی " مێژووی خودی ئەو" دیاریدەکەین ناچار ئەو لە بەراورد لەگەڵ چەمکانی تا رادەیەك ناسراو و پۆلینکراو دادەنێین. بەڕاستی دێریدا ڕێگایەك بۆ دەرباز بوون لە وێژەی جوانناسانە نادۆزێتەوە، ئەو دەنووسێت: "ئەگەر فەلسەفەی هونەر بەردەوام لەگەڵ گەورەترین دژوارییەکان لەبۆ دەسەڵات بەسەر مێژووی هونەر- واتە بەسەر چەشنێك چەمکی تایبەت لە مێژووخوازی هونەر- ڕووبەڕوو بووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی "ناتەبانوێن"، ئەم فەلسەفەیە زۆر سانا هونەری وەك شتێکی مێژوویی خستۆتە بەرباس. دێریدا هونەری مۆدێرن بە **"هونەری بەرز"** ناو دەنێت و لە پێناسەی ئەم چەمکە دێتەوە سەر باسەکەی **کانت**. بە ڕای ئەو هونەری مۆدێرن بە دوی ئەوەدایە دەربڕینخوازی ڕەتبکاتۆ، لە کاتێکا خودی ئەو دەربڕی ئەو دۆخە چەمکییەس کە لەو دایە. بە بڕوای **ژان فرانسوا لیۆتار**، لە پەرتووکی **"هەلومەرجی پاش مۆدێرن"** دا: لە درێژەی دەیەکانی رابردوودا راپۆرتێك سەبارەت بە تۆرە، ئەوەمان پێدەڵێ کە تۆرە بەشێکی مەزن لە هەوڵی خۆی تەرخان کردبوو بۆ توێژینەوە لەسەر زمان ،بیر و بۆچوونی زمانناسی، پەیوەندییەکان- زمانەکانی کۆمپیوتێر - سایبێرنێتیك- ئەنفۆرماتیك، کۆمپیوتێر، هەنبانەی زانیاری (Information stotage) بانکی داتاکان (data bank) و تەنگ و چەڵەمەکانی وەرگێڕان لە زمانێکی کۆمپیوتێرەوە بۆ زمانیکیتر. ئەم ئاڵوگۆڕی تێکنۆلۆژییە بە بڕوای لیۆتار لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجام و دەرئەنجامی زۆر گرنگ لە خۆ دەگرێت. جا لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٧٤- دا رایدەگەیەنێت کە هەر زانستێك (تۆرە) کە نەکرێ وەریبگێڕینە سەر زمانی کۆمپیوتێر لە چار چێوەی چەندایەتی زانیاری، بە هیچ کلۆجێك دەوامی نابێت. لە داهاتوودا فێرکردن ئیتر بە یارمەتی مامۆستایان و ئامۆژگاران جێبەجێ ناکرێت، لەبەرئەوەی گواستنەوە و هەنبانەکردنی

---

201 . Y. Derrida.

زانیاری ئیتر بە پاڵپشتی کەسان بەڕێوەناچێت، بەڵکو بە پاڵپشتی کۆمپیوتێرەکانە واتە دەگەڵ زرینگەی زەنگی مەرگی مامۆستایان و گەیشتنی چاخی نەمانی مامۆستای سەر کلاس، لە دەیەکانی داهاتوودا رووبەروو دەبین هەروەها کڕین و فرۆشتنی زانیاری-جەنگەکانی داهاتوو ئیدی لەبۆ وەچنگ خستن و داگیرکردنی زەوی نابێت بەڵکو جەنگ بۆ وەچنگ خستنی زانیاری زیاتر دەبێت. دەوری دەوڵەت لەم ناوەدا رۆژ لەگەڵ رۆژ کەمرەنگترە و لە بڕی ئەوە کۆمپانیا گەورە فرەنەتەوەییەکان جێگای دەوڵەتان دەگرنۆ.

لەسەر بڕوای لیۆتار پاش مۆدێرنیزمی فەلسەفی، خاوەنی دوو لایەنی گرنگ و کلیلیە"، **یەکەم** ئەوەی کە پاش مۆدێرنیزم لە راستیدا کاردانەوەیەکە هەم لە ئاستی مۆدێرنیزم و هەمیش لە هەمبەر مۆدێرنیتە. **دووهەم** ئەوەی کە گەوهەری پاش مۆدێرنیزم جۆرێك رەشبینی و دوودلییە لە ئاست هەر چەشنە هەوڵی بێوچان بۆ لێکدانەوەی واتای مێژوو لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشان لە بۆ دۆزینەوەی واتا و چەمکێك بۆ مێژوو، جگە لەوەش- لیۆتار لە پێناسەیەك کە لە پاش مۆدێرنیزم پێشانمان ئەدات، بێباوەڕی و بێبڕوایی بۆ هەر چەشنە گێڕانەوەی فرە یان ئەوپەڕ- گێرانەوە دادەنێت. وشەی **پاش مۆدێرن،** یەکەمجار لە لایەن **"فدریکۆ دوئۆنیس"**-ەوە لە ساڵی ١٩٣٤ لە پێداهەڵگوتنێکی بەرهەڵستانەی شاعیرانەوە بە دژی هەڵبەستی مۆدێرنیستی بەکار هات. پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ دا، **ئارنۆڵدتوین بی** مێژوونووسی ناودار بۆ دیاریکردنی پلۆرالیزم و دەرکەوتنی کەلتوورە جگە رۆژئاواییەکان، لەم وشەیە کەلکی وەرگرتەوە (Post modernism ). بەر لەوە لە دیەی ١٩٦٠- یش رەگ و ریشەکانی پاش مۆدێرنیزم لە لایەن پۆلێك لە رووناکبیرانی ئینگلیزیڕا ناسراو بە "پۆلی سەربەخۆ" دەستی بە گەشە کرد، ئەم پۆلە شەیدای رەهەندەکانی جیاوازی کەلتووری ئەمریکایی بوون: تی. ڤی، فیلم، سینەما، ڤیدیۆ، رێکلام، و راگەیاندە بازرگانییەکان-کەلتووری ماشینی و بازرگانی، ئەندامی ئەم پۆلە، دەستیانکرد بە تێکەڵ و ئامێتە کردن و دروستکردنی کۆلاژەکانی (لکاندۆك) پاپ لە مژارگەلی باسکراو. بۆ یەکەمین جار هونەری پاپ (Pop Art)یان پێکهێنا. وشەی پاش مۆدێرن بەر لە هەر مەڵبەندێکیتر، لە پێشدا بە چەشنێکی بەربلاو لە گۆڕەپانی هونەری بیناسازی لە دەیەکانی ١٩٥٠- ١٩٦٠ پێشنیاز و

پاشان برەوی پەیدا کرد و دەربڕی بزاڤێك نەبوو کە دوور دەکەوتەوە لە سانایی ماشێنی و دەسکردی "ڕێبازی ناونەتەوەیی" کە زۆر بە خێرایی تەشەنەی سەند، بۆ کاردانەوەکانیتر کە لە بەشەکانی دیکە و مادەکانی هونەری دژی مۆدێرنیزم چێببوو. مژاری فەرمی لیۆتار جێگە و پێگەی تۆرە و تێکنۆلۆژی، تێکنیك سالاری و چاودێری لەسەر زانست و زانیاری لە جیهانی هاوچاخدا لەوانەیە ناسیاوترین دەقێك بێت بۆ خوێنەری ئەمریکایی، بەلاّم دەگەلّ ئەوەشڕا دەسبەجێ و بە چەشنێکی ئامۆژگارانە لەگەلّ تەواوی ناوەڕۆکەکانیتر کە پێشتر باسکرد ڕێنوێنی دەکرێت. **لیۆتار** دەلّێت: پیاو ڕاڕایی دەبێت هەتا بە لێکجیاکردنەوەی نێوان دووجۆر زانست، بە گشتی دەس لە هەرجۆرە بڕیارێك هەلّگرێت. **یەکیان** زانستی جۆری ئەرێنیانە، کە ڕاستەوخۆ دەکرێ لە کاروباری تێکنۆلۆژیەکانی پەیوەست بە مرۆڤ و کەرستە بەکاری بێنین، کە بە چەشنی وزەیەکی داهێنەر و ماکی بەرهەم و پێویست لەناو هۆنادا خۆی تەرخانکردۆ بۆ کارابوون. **ئەویتر** زانستی جۆری ڕەخنەیی، تێبینی یان هێرمۆنێتیکی لەگەلّ تێڕوانین و بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە بایەخ یان ئامانجەکان کە لە هەمبەر هەر چەشنە "نوێکردنەوەی وزە و دیسان دۆزینەوە" بەرگری دەکات. بە گشتی، ناکرێ زانست تا ئاستی تۆرە یان تەنانەت فێرکاری بێنینەخوار. فێرکاری کۆمەلّێك لە دەنگ و باسن کە، جگە لە تەواو هەوالّەکان، خەریکی دەربڕین یان پێداهەلّگوتنی شتەکانن و دەتوانین ئەوان بە ڕاست یان هەلّە بزانین. تۆرەش لکێکە لە کۆمەلّەی فێرکاری هەروەها بریتییە لە هەوالێن نموونەیی بەلاّم مەبەست لە زانست بەس کۆمەلّێك هەوالّی نموونەیی نییە، بە هیچ کلۆجێك، بەلّکو بریتییە لە ناوەڕۆکگەلێکی وەك "لێزانین" یان "چلۆن کارکردن"، پسپۆڕی، چلۆن ژیان کردن، چۆن گوێدان و ...تاد. ( -Savoir- faire/ Savoir vivet/ Savoir- ecouter) جا لەبەرئەوە زانست، بڕست یان بەهرەیەکە بەس لە دیاریکردن و بەکارهێنانی پێودانگی ڕاستی بانتر چووە، و دەگاتە دلّنیایی و بەکارهێنانی پێوانەگەلێکی وەك کارابوون (چۆنیەتی تێکنیکی)، فەرسەند و دادخوازی، و یان بەختەوەریی، بلیمەتی، ئاکارژیریی، جوانی دیمەنێك یان ڕەنگێك (بێزاری لە بیستن و بینین) و... تاد . ئینجا دووجۆر "پێشکەوتن"ی جیاواز لە زانستدا هەیە: یەکیان ڕووبەڕوو لەگەلّ

بزووتنەوەیەکی نوێ (شانیکێکی نوێ) کە لە چارچێوەی ڕێساکانا جێیگرتووە، و ئەویتر ڕووبەڕوو لەگەڵ ئافراندنی یاساگەلێکی نوێیە، بە زمانێکیتر گۆڕانکاری بۆ کایە و یارییەکی نوێ. ئامرازی تێکنیکی لە بنەڕەتتدا بە واتای یارمەتیە زیادییەکانە و لە پلەی ئامرازێکی دەسکرد بۆ ئەندامەکانی مرۆڤ یان وەکو هۆناکان- ڕێگا بۆ سیستێم و دەزگاکانی فیزیۆلۆژیکی خۆشکراوە کە ئەرکی وان وەرگرتنی زانیاری یان مەرجدانانی بارودۆخەکانە. ئەم ئامرازانە لە یەك یاسا و ڕێسا پەیڕەوی دەکەن و ئەویش بریتییە لە ماکی بەکارهێنانی لانیزۆری بڕستی بەرێوەبردن، زۆرکردنی دەرچوون یان وەرگرتن (زانیاری یان گۆڕانی بەردەست)، کەمکرانەوەی هاوردە و هەناردە (توانست و تێچوونی پارە لە ڕەوتی کاردا) لەبەرئەوە تێکنۆلۆژی جۆرێك یارییە کە پەیوەندییەکی بە دادخوازی، ڕاستی و فەرسەند یان جوانی و لەمانە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کارامەییەوە هەیە: جووڵەیەکی تێکنیکی کاتێك جووڵەیەکی "باشە" یان شیاوە کە باشتر لە جووڵەیەکیتر، یان کەم تێوەچووتر (لەگەڵ توانایی یان وزەی کەمتر) لەوان جێبگرێت. ئەم پێناسەیە لە توانستی تێکنیکی و دەسکەوتێکی نوێیە و هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ ئافراندن و داهێنانەکان بە جۆری نارێك و جار ناجارێ و بە چەشنی بەرهەمی توێژینەوە گۆترەکان یان توێژینەوەکانیتر سەرهەڵئەدەن، کە پتر لەگەڵ هونەر یان لێزانین (تێخنە) سەروکاریان بووگە هەتا دەگەڵ زانست، بۆ وێنە، یۆنانییەکانی چاخی کەون ڕازی بە بوونی پەیوەندییەکی نزیکی نێوان زانست و تێکنۆلۆژی نەبوون. لە سەدەکانی شازدە و هەڤدەدا، کاری پێرسپێکتیو (Perspective) پتر مژارێکی بە دوودا گەڕان و بابەتی نوێخوازی یان ئافراندنی هونەری دەهاتە هەژمار. هەتا کۆتایی سەدەی هەژدهەم بارودۆخەکە هەر بەم شێوە بوو. دەکرێ بڵێین تەنانەت ئەمڕۆکەش چالاکییەکانی "سامناك و پڕکێشە"ـی نوێخوازی و داهێنانی تێکنیکی کە بڕێکیان پەیوەست دەبن بە **بریکولاژ**ەوە[٢٠٢]، هێشتا لە دەرەوەی چوارچێوە ڕەهاکان و فەرمانێن دڵنیادەر شانیکە تۆرەییەکان بەرەوپێش دەچن. لەم بارەوە هەر بەو

---

٢٠٢- (bricolage) - چێکرنی شتێك بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو جۆرە شمەك و کەرستەیەکی بەردەست.

چەشنە کە کەڵکناسیی زانستی تۆرەیی، جێگری زانستی نەریتی یان زانستی پەیوەست بەسەر دۆزینەوە و ئاگابووندا دەبێت، پێداویستی پێویست بە شانیك یان سەلماندن رۆژ لەگەڵ رۆژ بە هەندتر دەبێت. ئەو شتەی کە لە کۆتایی سەدەی هەژدهەدەم لەگەڵ یەکەمین شۆڕشی پیشەییدا سەری هەڵدا، ئەمەی کە پێچەوانەی ئەم هاوسەنگییەش دۆزرایەوە: بەبێ سەرمایە تێکنۆلۆژییەك بوونی نابێت، بەڵام بێ تێکنۆلۆژیش سەرمایە ناتوانێ ببێت. بە بەهێزکردنی تێکنۆلۆژی راستیمان "بەهێز" کردووە، جا لە کۆتاییدا شانسی یەکسانی و لەسەر مافبوونی خۆمانمان بردۆتە بان. لە هەمبەردا، ئەگەر دەستمان بە زانستی تۆرەیی ڕا بگات و بلوێت و دەسەڵاتی پێویست بۆ گەیشتن بە بڕیارێکمان هەبێت، تێکنۆلۆژیش بە جۆرەی هەرچی کاراتر (چالاکتر) بەهێز، دەکرێت. **مارتین هایدگێر** (١٨٨٩ -١٩٧٦) دەبێژێت: "ئەمڕۆکە مرۆڤایەتی خۆی لەناو قەیرانێکدا دەبینێت، لەبەر ئەوەی کە لە جیات "خوا"، مرۆڤی کردۆتە تەوەری گەردوون و کاینات- مرۆڤان لە جیات بە فەرمی ناسینی جیاوازی "بوون" خۆیان کردۆتە پێوەری هەموو شتێك- لەم واتایەدا، مرۆڤایەتی لە ئاست تێکنۆلۆژیدا نییە، بە پێچەوانە، تێکنۆلۆژی دەربڕی رواڵەتی دەستەمۆکەر و دەسەڵاتدارە کە لە جێگرتنی مرۆڤ لە تەوەری هەموو شتێکدا سەرچاوەی گرتووە. هایدگێر سوورە لەسەر ئەوەی کە "گەوهەری تێکنۆلۆژی فەرمان یان کاری تێکنۆلۆژیك نییە." (بەرای ئەو) تەنیا رێگای هەڵاتن لە چنگ کۆت و بەندەکانی تێکنۆلۆژی مۆدێرن، وەرگرتنی هەر ئەم خاڵەس. لە روانگەی هایدگێرەوە، رێگای پێشکەوتن ئەمەیە کە لەگەڵ بارودۆخەکانا هەڵبکەین. چ مێتافیزیك، چ مرۆڤخوازی، چ تێکنۆلۆژی، هیچیان ناتوانن ببنە بنەمای ژیان.

هایدگێر ئەم "راهاتنەی" (لە هەمبەر زاڵبوون)ی لە وشەی (verwindung) دا کورت کردەوە، هایدگێر باوەڕی رۆژئاوایی لە ئاوابووندا دەبینێت، بەڵام ئەم ئاوابوونە بە دەرفەتێك دەزانی لەبۆ چاکسازی و نە وێستگەیەك بۆ کۆتایی.

بە رای **زیمێل** "Simmal" هونەر کەرستەیەکە بۆ زاڵبوون بەسەر ناتەباییەکانی مۆدێرنیتە. هەروەها لەسەر ئەم باوەڕەش بوو کە لە کاتی ئاڵۆزی، شپرزەیی و نادڵنیاییدا تامەزرۆیی گشتیتر بۆلای جوانناسی دەچێت و چێدبیت. هەردووکی ئەم دەروونمایانە لەگەڵ

پێداگری لە خۆبواردن لە بیچم و فۆرم و گەڕان بە دوای واتا و مانا یان تەنانەت ئاکار و ڤەهینی لە هونەردا- هەمیسان لە باسی پاش مۆدێرنیتە دەردەکەوێت. هەرچەند تۆی ڕەوشت و ئایین سڕینەوە (لە تۆرە)، لە سەدەی نۆزدهەمدا چێندرا- ئەوکات کە بۆ وێنە **نیچە** پێویستی تۆرە بە ڕاستی لە دژی خودی تۆرەی دادەنا، بەرهەمی ئەو لەگەڵ پەیدابوونی تێکنۆلۆژیی کۆمپیوتێر لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ئامادە بوو بە یارمەتی ئەم تێکنۆلۆژییانە، تۆرە لەسەر "بەهرەمەندی" کارابوون و سوودمەندی سیستێمەکان پێداگری کردووە و لە گرفتەکانی پەیوەست بە بایەخی گەوهەری یان لە ئامانجەکانی زانست دوور کەوتۆتەوە. ڕایشانی چاپی کۆمپیوتێر بۆتە شازی زانیاری "جیّباوەڕ" (جیّڕێکان) و ڕێنوێنی ڕێبازی لێکۆلین و توێژینەوە. **لیۆتار** دەڵێت: لە ڕاستیدا زۆر کەم هەڵدەکەوێت لەبۆ زانست ڕێبیر یان ئامانجێك لەو پەڕی کارگەلێکی بیّئاوبژیوان بدۆزرێتەوە. ئەم پرسیارە کە چ پێویستییەکمان بۆ ئەوپەڕ گێڕانەوەکان هەیە، **لیۆتار** دەنووسێت: لێکدانەوەیەك کە باس لە پێکدادانی نێوان هونەری پیشەیی و هونەری مێکانیکی (ماشێنی) و وێژە و هونەرە جوانەکان دەکات، بەگوێرەی بنەما گشتییەکان دروستە، بەڵام بە جۆرێکی بەرچاوتەنگانە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسای کۆمەڵناسی و مێژوودا یەك لایەنە ئەمێنێتو." بە سەرنجدان بە وسکوتی بە ئانقەستی **بێنیامین** و **ئادورنۆ**، لە بیر نەکەین کە تۆرە و پیشەسازی پتر لە هونەر و نووسەریی (وێژە) لە ڕەشبینی و (بەدگومانی) یەکانی چاودێر بەسەر ڕاستیدا دەرباز نین. دەنا بڕوا بوون بریتی دەبێت لە پێڕاگەیشتن و سەرقاڵبوون بە بۆچوونێکی لەرادەبەدەر ئومانیستی لە ئەرکایەتی "مفیستۆفێلسی" تۆرەکان و تێکنۆلۆژی، هەنوکە کەس نکۆڵی لە زاڵبوونی زانستە تۆرەییەکان ناکات، واتە گوێڕایەلیبە لێشاوی هەواڵە ناسراوەکان بە مەبەستی باشترین و کاراترین بەڕێوە بردن کە هەمان پێوانەی تێکنیکی و تێکنۆلۆژیکی بێت. بەڵام ئەرکە مێکانیکی و پیشەییەکان بە تایبەت کاتێك دێنە ناو ئەو گۆڕەپانگەلەی وا بە چەشنی ڕێژەیی بۆ هونەرمەندان ڕەچاو گیراون، هەڵگری شتێکن زۆر زیاتر لەوەی وا بۆ ئاکام و کاریگەری هێزەکان تێیدەچێت. مژار و بیرۆکەگەلێك کە ڕەگ و ڕیشەیان لە ناسینی تۆرەدا

هەیە، هەروەها ئابووری سەرمایەداریش نەریتێکیان لەگەڵ خۆ هەڵگرتووە کە لە لووانی گشتی وان پشتگیری دەکات: واتە ئەم نەریتە کە هیچ جۆرە راستییەك نییە، مەگەر ئەو شتەی کە جڤاتی نێوان ئەوانەی دەستیان لەو کارەیدایە سەبارەت بە زانستی دیاریکراو و دەربەستە و گرێبەستی دیاریکراو کە دانپیانراو و نموونەی وان بن. ئەم نەریت و یاسایە گرنگایەتی خۆی هەس بەڕاستی مۆرك و نیشانێکە بە ناوچاوانی سیاسەت لە لایەن زانایان و هۆکاری سەرمایە بە دوای جۆرێك راکردنی راستی لە گۆڕەپانی بڕواکانی مێتافیزیکی، ئایینی و رامیاری کە ئاوز (نەست) بانگێشتی هەبوونی ئەوان (دوگماکان) ەی بوو، ئەم پاشەکشەیە بۆ دەرکەوتنی تۆرە و سەرمایەداری پێویستییەکی رەهایە. پەیدابوونی هەر پیشەیەك بێ شك و گومانکردن لە بیروڕای ئەرستوپی جووڵە نالوێت دەرکەوتنی هیچ پیشەیەك بەبێ رەتکردنەوەی سەندیکایی (کۆرپۆرالیزم)[٢٠٣]، بەهرەخوازی (مێرکانتیلیزم)[٢٠٤] و سروشتخوازی یان فیزیۆکراسی (لە ئابووریدا رێبازی فیزیۆکراتەکان) شیاو نییە و ناکرێت. مۆدێرنیتە، لە هەر چاخێکدا دەرکەوێت، بەبێ لەناوبردنی بڕوا و بەبێ دۆزینەوەی "نەمانی راستی"، راستی هاوڕێ لەگەڵ ئافراندنی راستییەکانیتر ناکرێ ببێت. ئەم نەبوونی راستییە ئەگەر بێتو کەسێك ببیەوێت هەولبدات هەتا لە بەندی لێکدانەوەیەکی بەرچاوتەنگانەی مێژووخوازانە دەربازیبکات دەربڕی چ شتێکە؟ هەڵبەت ئەم دێڕە لە شێوەی شتێکە کە **نیچە** "نهێلیزم"[٢٠٥]ی پێدەڵێت. بەڵام **لیۆتار** دەبێژێت: هاودەنگییەکی بە رێژە کۆنتر لە روانگەخوازی (پێرسپێکتیو)ی نیچەیانەی لە ناوەرۆکی "کاری بەرزی کانتی" دەبینم. ئەز هونەرێك کە "پسپۆڕی پیشەیی کەمی خۆی" بە گوێرەی **دیدرۆ** تەرخاندەکات بۆ پێشکەشکردنی ئەم راستییە کە "شتی وا هەیە کە ناتوانین پێشانی بدەین"، بە هونەری مۆدێرنی ناوزەد دەکەم واتە دەرخستنی ئەم خاڵە کە شتێك هەس کە دەتوانین وێنایبکەین، بەڵام ناتوانین ببینێن و نە دەشکرێ دەریخەین: ئەمە شتێکە کە لە شێوەکاری مۆدێرن باسی لێوەدەکرێت هەر هێشتە یان

---

203 . Corporealism.
204 . Mercantilism.

٢٠٥- Nihilism - هیچایەتی- پوچخوازی.

بەرهەمێك تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ ببێتە **مۆدێرن** کە لە پێشدا **پاش مۆدێرن** بێت جا لەبەرئەمە پاش مۆدێرنیك کە ئاوەها گرنگ کرابێت مۆدێرنیزم لە پلەی کۆتاییدا نییە بەڵکو لە هەلومەرجێکی دەسپێکانەی گەشە و روانەوەی ئەو دایە و ئەم هەلومەرجە نەگۆڕ و بەردەوامە . پاشان پتر لەسەری دەروات و دەڵێت: هەر هونەرمەند یان نووسەرێکی پاش مۆدێرن لە پلە و پایەی فەیلەسووفێکدایە: نووسینی دەقێك، داهێنانی بەرهەمێك، لە باری بنەماکانەوە لە ژێر چاودێری و کۆنترۆلی یاسا و نەریتەکانی لەوەپێش داندراودا نین و ناتوانین سەبارەت بە وان وەکو فەرمانێکی رەوا و بەجێ بە دەکارهێنانی شتی ناسراو لە دەق یان بەرهەمێکی هونەریدا دادوەری لەسەر بکەین، رێسا و وتەزاکانی ناوبراو هەر ئەو شتانەن کە بەرهەمێکی هونەری بۆ خۆی بە دووی واندایە جا ئەوسا هونەرمەند و نووسەر بێ یاسایەك لەبۆ نووسینەوەی رێساگەلێك بۆ ئەو شتەی کە بڕیارە ئەنجامبدرێت کاردەکەن، بە پێی ئەم راستییەس کە بەرهەم و دەق خاوەنی کارەکتەرەکانی بوویەرێکن، هەروەسا لەسەر ئەم بنەمایە بۆ سۆزی خۆیان زۆر درەنگ دێن یان شتێك کە دەگاتە ئەنجامێکی وێکچوو واتە وەرێخستنی وان، راست دەرچوونی وان هەمیشە زۆر زوو دەسپێدەکات. پێویستە لەسەر بنەمای پارادۆکسی داهاتوو(Post) پێشەکی (Modo) لە پۆست مۆدێرن تێبگەین.

**دەیوید لایۆن**[206] دەبێژێت: " هەروەکو دەبینن ناتەباییەکانی مۆدێرنیتە کە لە شاردا بەرچاون، سەبارەت بە بیچم و فۆرمەکانی پاش مۆدێرنی شاریشدا دەوری تەوەرییان هەس. تایبەتمەندی زۆر گرنگ لە کۆمەڵگەی بەناو زانیاری دەوری تێکنۆلۆژی زانیارییە لە کۆنترۆل و چاودێریدا. لە ژیانی رۆژانەماندا زۆربەی پەیوەندییەکانمان بە سۆی کۆمپیوتێرەوە ئەنجام ئەدرێن، چ لە لایەن کارتی بانکی، کارتی تەندروستی، کارتی بڕوامەندیی، کارتی تەلیفۆن، گەواهی شۆفێری، کارتی کرین و کارتی دەسپێراگەیشتن بۆ شوێنی کار و چ رێگایەکی جیاوازیتر و ئەم تێکنۆلۆژییە دەربڕی داواکارین لەبۆ زۆرکردنی هاوئاهەنگی و چاودێری رەوتی تێکنیکی و کۆمەڵایەتییەکان کە ئەم رەوتانەی دووایی پەیوەندی بە شارومەندان، کارمەندان و کرێکاران و بەکارهێنەرانەوە هەس. هەرچەند بە کەڵك وەرگرتن لە تێکنۆلۆژییە

206 .

نوێیەکان کارێکی زۆر بۆ سڕینەوەی تەوەرەیی بوون دەکرێت بەڵام لەوە دەچێت کە هاوکات لەگەڵ ئەمکارانەشا شۆڕ بوونەوە بۆ لای تەوەرەبوونی پتر لە هەندێك لە کارەکانا دێتەدی. تەنانەت تەوەرە سڕینەوەش لەگەڵ زۆربوونی چاودێری گشتیدا، یەکدەگرنەوە، لەگەڵ ئەوەشڕا لەوانەیە هیچ رێکخراوەیەکی تایبەتیش لە پشت ئەم چاودێرییەوە نەبێت." ئەگەر سوورنەبوون و نەمانی راشکاوەیی سەبارەت بە باس و خواسەکانی پەیوەست "بە کاریگەری" تێکنۆلۆژیی زانیاری ، لە دەیەکانیترا تا رادەیەك هەبوو، ئەمرۆکە یەکجار زۆرتر بووە. تەنانەت وای لێهاتووە یەکێك لەو نووسەرانەی راپۆڕتەکەی سەرەوە هەنووکە بە دەم و دوویەکی پاساوخوازانەترۆ سەبارەت بە "مەترسییەکانی چاخی زانیاری" ئەدوێت. ئەو بە تایبەت ئاگاداری بێدەسەڵاتی ئاشکرای ئێمە بەسەر **"تێکهەڵکێشانی زانیاری نوێ لە هەلومەرجێکی واتابەخش"** دایە. **"تام فاستێر"**[207] توێژەریکیترە کە بەرهەمەکانی سەبارەت بە "کۆمەڵگەیەکی خاوەن تێکنۆلۆژیای پێشکەوتوو" رۆژ لەگەڵ رۆژ رەخنەییتر بووە ، ئەو دەڵێت: "تەواو ئەو قسانەی سەبارەت بە ... فرەڕەوتی و کۆمەڵگەکانی "پاش پیشەییبوون" ئەوترا، هەنووکە پێویستە بە وریایی و وردەکارییەوە وەربگیرێن." ئەو تیشکۆ دەخاتە بان سەرنەگرتنی بەربینیگەلی پەیوەست بە دامەزراندنی کارخانە خودکارەکان (ئۆتۆماتیك) — دامودەزگا بیٚکاغەزەکان، خانوچکە ئێلکترۆنیکییەکان- و لەم جۆرە بە چەشنی نموونەگەلێکی زیادەخوازانە لە بانگێژەی تێکنیکی و خەون و خەیاڵەکانی بازاڕدۆزی و هەروەها ئاماژە دەکات بە دەرئەنجامەکانی مەترسی زێدەبوونی چاودێری ، خەساری هۆگری تێکنۆلۆژی و گزەکاری تێکنۆلۆژیی. ئەو راڤەی خۆی لەسەر داوای بە مرۆڤانەکردنەوەی گەشەی تێکنۆلۆژی کۆتایی پێدێنێت، چیرۆکی مۆدێرنی هۆنای پاش پیشەییبوون و کۆمەڵگەی زانیاری لیۆرێژ لە بڕوا بە پێشکەوتنە. لەم چیرۆکەدا گریمانە لە سەر ئەوەیە کە بەکارهێنانی تێکنۆلۆژییە نوێیەکان دەبێتە هۆکاری پێشوەچوون و گەشەسەندن. زۆرینە باوەڕیان وایە کە تەواو پارچەکانی جیهان بە گشتی لەم شۆڕشە

207 . Tom faster.

تێکنۆلۆژییه بەشدار دەبن، ئەگەر بێتو تەنیا خۆفریودانێکی بێبەزەییانەی کولۆنیالیزم[٢٠٨] - یش بێت هەر ئەمەس. " **مارك پاستێر**"[٢٠٩] لەسەر ئەم رایەس: کە زانیاری خەریکە جێنشینی شێوازەکانی کۆمەڵایەتی کەلتووری پێشوو دەبێت، و باس و خواسەکانی ئەو ئاماژەیەکن لەسەر ناوەڕۆکگەلی لفەودوانەیی کە لە بەرهەمە ناوبراوەکەی لیۆتاردا هاتوون: "چاودێری و لووان".

**پاستێر** دەڵێت: ڕێگا وڕێبازگەلێکی پتەوی ڕێکخراو کە بە ماوەی دووسەدساڵ لایەنێکی (بەرچاوی) کۆمەڵگەی مۆدێرن بوون لەگەڵ بوومەلەرزەی پەیوەندی ئێلکترۆنیکی خەریکی لەرزینن و هەمیسان بە چەشنی ڕێگا و رەوشێن نویێ تێکەڵدەبن کە بەرنامەی گشتی وان هێشتا بە هیچ شێوەیەك روون و ئاشکرا نییە." ئەو ئاماژە ئەدا بە راگەیاندەکانی پەیوەست بە تی. ڤی، تواناکانی چاودێری تێکنۆلۆژیی زانیاری، نووسراوەی ئێلکترۆنیکی و تۆرە و کۆمپیوتێر و دەبێژێت: "را و بۆچوونی کردەوەخواز، کە چەشنێك بیروڕای مۆدێرنیتەیە چیتر بۆ تێگەیشتن لەمانە شیاو نییە." پاستێر بۆ ئەوەی پێ و شوێنی پێداگرییەکانی **لیۆتار** تا کۆتایی بگرێت هەم سەبارەت بە تایبەتمەندی تۆرەی کۆمپیوتێر وەك یارییەکی زمانی و هەمیش سەبارەت بە پەرەگرتنی هێزێك کە تێکنۆلۆژی زانیاری بەکاردێنێت، دێتەگۆ. پێویستی پەیوەندی ئێلکترۆنیکی لە گوتارەکانی پاش مۆدێرندا دەوریکی تەوەریی هەس. بەڵام شیکارییەکانی پاش مۆدێرن سەبارەت بە تێکنۆلۆژیای پەیوەندی ، گەلێك جار تیشك دەخەنە سەر لایەنە پێچەوانەکانی یەکبوونی جیهانی و هەروەها شێوەگەلێکی نویێ لە پرش و بڵاوی و لەتوکوت بوون. بە بۆچوونی **بودریار**، راگەیاندە ئێلکترۆنیکییە نوێیەکان هەواڵی هاتنی جیهانێکمان پێ ئەدەن لە وانوێنە پەتییەکان،کۆد و ژمارە و وێنە راگەیاندەکان، کە بوونەتە "راستەقینە" یان باشترە بێژین، هەرچەشنە جیاوازییەك لە نێوان جیهانی "راستەقینە" و جیهانی" راگەیاندەکانی پەرەگریان" لەناو بردیە و بە راستیش یەکێك لە قوربانیانی ئەم کارە لەوانەیە خودی کۆمەڵگە یان هەروەك بودریاریش باسدەکات " کاری

---

208 . Colonialism.
209 . Mark Paster.

کۆمەڵایەتی" بێت. "ڕاگەیاندە گشتییەکان" لەوانەیە ناوێکی نەگونجاو بێت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی کاریگەری ڕاگەیاندەکان ئەوەمان پێشان ئەدەن کە "کاری کۆمەڵایەتی" بۆخۆی وهەروەها بۆچوونە ڕامیاری و نەریتییەکان، پتر لە گومان و خەیاڵێك نەبوون.

زانایانی کۆمپیوتێر چ کاتێك بوونەتە بابەتی ئامرازگەلێکی کە خۆیان دایانهێناون؟! ڕەوتێك کە **لیۆتار** دیاریکردووە، لەودا تۆرەیەك کە بە کۆمپیوتێر ڕێگایداوە بۆتە "بوون و ڕاستەقینە"یەك، لە **هۆشی دەسکرد**یشا خۆیێشان ئەدات. "زانا و بلیمەت"، خەیاڵاتی هۆشمەند دەخاتە ناو کۆمپیوتێرەکە و پاشان کۆمپیوتێرەکە دەبێتە پێوەری پێناسەی هۆش" پێداچوونەوەکانی سەبارەت بەم باسە پێشانمان ئەدەن کە زانیارییەك کە لە لایەن کۆمپیوتێرەکەوە دێتە بەرهەم زۆرجار لە زانیارییەکانیتر بە هەندتر وەردەگیرێت. کە هەر ئەم کارەش سەلمێندراوی هەڵوێستی لیۆتارە. ئەم ئایدیایە کە "ڕاستەقینە بەرەو لێکترازانە" و دەبێتە "وێنەگەل"، ڕوانگەی هاوبەشی ئاخاڤتنی پاش مۆدێرنە." لە جیهانی "فرەڕاستەقینە"[٢١٠] بودریار، ژیان وردەوردە بەرەو توانەوە لە ناو **تی. ڤی** دایە. هەرچەند هەندێك ئەم کارە بە واتای "فەرکاندنی کۆدەکان" دادەنێن، بودریار هەروەسا ئەم ڕەوتە بە واتای یەکپارچەبوون یان لانیکەم پەیدابوونی "هەمەوەندی" دادەنێت و فرەڕاستەقینەش بە کۆدی ژێنێتیکی دەشوبهێنێت.

**گیدێنز** دوابەدوای قسەکەی لیۆتار دەڵێت: " لە جیهانی فرەڕاستەقینەی **بودریار** دەوری گشتگیریی و بەردەوامی ڕاگەیاندەی ئێلکترۆنیکی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانماندا لە سەر ئەم داوایە کە دام و دەزگای کۆمەڵایەتی مۆدێرن جگە لە خۆ هیچ نموونەیەکیان نییە بە هەڵە وەردەگیردرێت." لەم وتەیە کە ڕاگەیاندە مۆدێرنەکان لەوانەیە جگە لە ڤاژیکردنی ڕاستییەکان، بیچمیشیان پێبدەن ئەمەمان بۆ دەرناکەوێت کە هەموو شتێك لە هێما یان وێنە چێبووە. کاتێك وێنە ڕاگەیاندەکان لە تەنیشت چیرۆك و داستانگەلێکا ڕیز دەبن کە پەیوەندییەکی ڕێبیر یان واتادار و ئاشکرایان لەگەڵیان نییە، ناشێ "لکاندۆك" (کۆلاژ) ی سەرچاوەگرتوو لەوان بە واتای مەرگی گێڕانەوە یان لێکجیاکردنەوەی هێماکان لە

210 . hyperreal.

نموونەکانیان دابندرێت. گیدێنز دەبێژێت: "بە پێچەوانە ئەو  چیرۆکە جیاوازانەی کە لە تەنیشت یەکترا پێشان ئەدرێن و دەربڕی ڕێکخستنێکی پەیوەست بە یەکترن و تایبەتمەندی جۆریی "کات- جیّ" گۆڕاوێکە کە لەودا جێگیریی لە شوێندا بە گشتی لەناو چووگە. سەرەرای ئەمەش، نابێت بڕستی زانینی بینەری تی.ڤی  لەبیر کەین و بە کەمی دابنێین. ئەوەی کە بینەران چلۆن لە ژووری دانیشتنی خۆیان خەریکی دۆزینەوەی کۆدەکان دەبن لە جێی خۆیدا کارێکی گرنگە، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکانی "فرەڕاستەقینە" بودریار زیادەخوازیشی تێدا بکرێت، دیسانیش لایەنەکانیتری پەیوەندی (سەردەم) کە بۆ باسی پاش مۆدێرن گرنگن هەروا دەس لێنەدراو دەمێننەوە بۆ وێنە "جانیواتیمۆ" بەر لە هەموو شتێك لایەنی بەرچاوی کۆمەڵگەی سەردەم بە "پەیوەندیی هەمەلایەنە"- وە دەناسێنێت. ئەم کۆمەڵگەیە "کۆمەڵگەی ڕاگەیاندە گشتییەکانە". بە پێچەوانەی **تیۆدۆرئادورنۆ** رابێژ و رەخنەگر، کە هەمەوەندبوونی کۆمەڵگەی لە ڕێگای ڕاگەیاندە گشتییەکانەوە بەربینی کردبوو. **واتیمۆ** سوورە لەسەر ئەوەی کە "رادیۆ و تی. ڤی و رۆژنامەکان" بوونەتە هۆکاری تەقینەوە و فرەیی بوونی گشتی جیهانبینییەکان (Weltanschanungen). پەرەسەندنی بەردەوامی پەیوەندییەکان هەرهەمان شتێك دروستدەکات کە واتیمۆ پێی دەڵێت: "فرەبوونێکی بە ڕواڵەت خۆڕاگر." بەم چەشنە ئەم گوتەیەی نیچەمان دێتەوە یاد کە جیهانی ڕاستەقینە دەبێتە چیرۆك، و شێوەگەلێك دەبینرێت کە لەواندا تێگەیشتنی ئێمە لە ڕاستەقینە لە وێنە، بۆچوون و **دیسانسازکراوەکان** چێدەبێت کە لە لایەن ڕاگەیاندەگەلی ڕەقیبی یەکتر و بەبیّ هەر چەشنە هاوئاهەنگی "ناوەندی" بڵاو دەبنەوە. **رۆناڵد رابرتسۆن**[٢١١] بە چەشنێکی پتر ڕاڤەکارانە پرسی ڕاستەقینەی هەنوکە دەبەستێتەوە بە کێشەی بەجیهانیبوونەوە. هەڵبەت ئەم کارە خۆی دەبێتە هۆکاری گەشەسەندنی پەیوەندییەکان کە جیهانیبوون بەو بەستراوەتەوە. رابێرتسۆن هەروەها دەبینێت کە بە خستنەناو ئاریشەی ڕاستی، بە داخەوە بەرەبەرە هەمیسان دەگەڕێتەوە، بەداخبوون بۆ هۆنای

٢١١- Ronald Rabertson مامۆستای زانکۆی ئابیردین سکاتلەند، نووسەر لە گۆڕەپانی بە جیهانیبووندا.

جیهانی سالآنی ١٩٢٥- ١٨٨٠ کە بوو بە هۆکاری جەنگی گەرم و سارد تا ئەوەیکە دەیەی ١٩٨٠ گەیشت. هۆنای پاش پیشەیی و کۆمەڵگەی زانیاری کە ناوبانگیان لە دەهەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دا بەوپەڕی خۆی گەیشت، چەمکگەلێکن لە ژیواری بیروڕاکانی بزاڤی روونکردنەوە سەبارەت بە پێشوەچوون لە رێگای پەرەپێدانی تێکنۆلۆژیۆییەوە. ناوەڕۆکی ئەم چەمکانە ئەوەس کە چەشنێکی نوێ لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی خەریکە خۆ دەردەخا، پاش مۆدێرنیتە بە وێنەی چەمکێکی کۆمەڵایەتی- راڤەکارانە لە دەیەکانی ١٩٨٠- ١٩٩٠ دا ناوبانگی زرا. لەم چەمکەدا، گۆڕانی تێکنۆلۆژی بە رەوا دەزاندرێت، بەڵام لە زۆربەی شیکردنەوکاندا جێگایەکی کەمیان داوە بە پەیوەندی ئەم پەرەپێدانە لە تەك روگۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان. بە رای من هۆکاری سەرەکی ئەم کارە لەوە دایە "پێشکەوتن" کە سەردەمایەك لە باری چەمکییەوە لفەودوانەی تێکنۆلۆژی بوو لە راڤەی پاش مۆدێرن وەلا دەنرێت. واتیمۆ دەبێژێت: "پاش مۆدێرنیتە لە راستیدا بەرهەمی پەرەی پەیوەندییە."

**ئیهاب حەسەن**[٢١٢] لە دەیەی ١٩٧٠ پێداگرە لەسەر لایەنە تایبەتییەکانی بزاڤی پاش مۆدێرنیزم وەکو سڕینەوەی ئافراندن- یان نەمانی **ئافرینۆك**[٢١٣] و **تێکدەرایەتی**[٢١٤] لە جیاتی کەڵکوەرگرتن لە وشەی پاش مۆدێرن یان پاش مۆدێرنیزم پێی وابوو پاش مۆدێرنیزم شێوە یان بیچمێکی شۆڕشگێڕانەی لە خۆبایی بوون و زیادەڕۆیانەی مۆدێرنیزمە و هەروەکو جێنکیز (هەڵبەت بەر لە جێنکیز) ئەو بە مۆدێرنیزمی پاشین یان "نیومۆدێرنیزم" ناوزەد دەکات. هەلومەرجی پاش مۆدێرن پەیوەندییەکی نەپساوی لەگەڵ سەرمایەداری بەکارهێندا هەس، پرس و راکانی سەردەم سەبارەت بە پاش مۆدێرنیتە لە گۆڕەپانەکانی، هونەر و بیناسازی، تی. ڤی سەلیقە و رێباز دەستی پێکرد و ئەم دیاردانە هەروەها لایەنی زاڵی ئەم باسەن. گرفتی هەنووکەیی پاش مۆدێرن هزر و بیر دەورووژێنێتۆ سەر ئامانج و بایەخدان و هێما و نیشانەکانی ژیانی ئابووری لە ژیانی بەکارهێنەران و لە بەکارهێنەرایەتی (هەر ئەو شتەی مارکس ناوی لێناوە: بوت ئاسابوونی کاڵا). سەلیقە و رێباز ئێستا ئیتر نە بە چەشنی

212 . Ihab- Hassan.
213 . decreation.
214 . Deconstruction.

ڕەنگدانەوەکانی پەراوێزانەی بەرهەم، بەڵکو هەروەك تەوەری سەرەکی و گرنگ ڕەچاو دەگیرێن! هەر ئەو خاڵانە کە مۆدێرنیتە بۆ لابردنی دووهاچەیی و نەمانی ڕاشکاوەیی بەکاریهێنا- تێکنیککگەلێکی وەك- بەڕێوەبەرایەتی یان تۆرە و تێکنۆلۆژی هەنووکە لە بۆ لاواز کردنی باری تێگەیشتن لە ڕاستەقینە یارمەتی ئەدەن. بۆ وێنە، تێکنۆلۆژیای فرە و مۆدێرنی پەیوەندیدار دەرفەتی پەرەسەندنی زۆری ڕاژە و پیشەکانی ئاسوودەیی و فرەفرکاندنی کارگ ئاسای وا نوێنەکان (لەگەڵ شێوەکانی) و ڕاستیمان بۆ دەرەخسێنن ئەم خاڵە بە تایبەت سەبارەت بە بودریار زۆر ڕاستە کە ڕادەگەیەنێت **"تی. ڤی جیهانە"**. جۆری ڕێبازی ژیان و سەلیقەی بەکارهێنان لە لایەن ئەم ڕاگەیاندانەوە دەپارێزرێت، بەڵام دەرئەنجامەکانی پێچەڵاوپووچە. پۆشاك- یان باشترە بێژین ناونیشانەکان (Benttonlevi) دەتوانێت لە یەك کاتا هەم بە جیاوازکردنی پلەی کۆمەڵایەتی پۆشێنەری جلوبەرگەکە و بەم چەشنە پێدانی هەستی کەسایەتی کۆمەڵایەتی بەو و هەمیش بەخشینی دەرفەتێکیتر بۆ هەستی ئاسوودەیی لەگەڵ ئەو شتەی **"**بە پەسندتان دەبێت**"**، خزمەت بکات.

لەناو بیرمەندان و ڕابێژانی کۆمەڵایەتی، بەناوبانگترینیان ئەو کەسەی کە پاش مۆدێرنی خستە بەر پلاری ڕەخنە، کەسێك نییە جگە لە **یورگن هابێرماس**، ئەو هەڵدەکوتێتە سەر ڕووناکبیرانی ئەمڕۆیی بە هۆی پەنابردنە بەر **نیچە** (لە ڕێگای **دێریدا** و **هایدگێر**ەوە)، و گەڕان بە دووی ڕزگاری لە کەش و هەوای بەد ودمی بووژانەوەی ئایینی و پاوانخوازیدا. بە ڕای **هابێرماس**، مۆدێرنیتە تەنیا پرۆژە و بەرنامەیەکی ناتەواوە ئەو هاوڕێ لەگەڵ دیتران ڕواڵەتی پێکهاتەخوازانەی بە تۆرەی خستۆتە ژێر پرسیار، بەڵام لاگری ئەوەیە کە ئەم کارە هەر چەشنە تۆرەی کۆمەڵایەتی ناشیاو دەکات و هەمیسان لەگەڵ دیتران ئاماژە دەکاتە سەر گرنگی تێکنۆلۆژییە نوێیەکانی پەیوەندی، بەڵام دڕدونگە کە کۆمپیوتێر و تی. ڤی لە چۆنیەتی ئەزموونی کەلتووریماندا ئاڵوگۆڕێك دروستکەن، هەر بەو چەشنەی تەلگراف و تیوی دروستیان نەکرد. ڕاست هەر بەو جۆرەی کە پێشتر باسمانکرد **جێمسۆن** هەڵوێستی خۆی زۆر ئاشکرا دەربڕی: پاش مۆدێرنیزم بێژیاری چاند و کەلتووری سەرمایەداری پاشینە. **لیندا ناکلین** (Linda Nochlin - فەیلەسوفی فێمێنیستی ئەمریکی)یش پێشانئەدات کە

به رواڵەت فێمێنیزم و پاش مۆدێرنیزم هاوپەیمانی سروشتی یەکترن. دوو کەسایەتی ناودار لەم بووارەدا بریتین لە **زیگمونت باومەن**[٢١٥] و **مایك فدرستۆن** کە هەردووکیان پێداگری دەکەنە سەر "بەکارهێنەر و بەکارهێنەرایەتی"، **فدرستۆن** تێدەکۆشێت تا لە بەرهەمەکانیدا نە تەنیا جێگە و پێگەی بزاڤی کەلتووری پاش مۆدێرنیزم دیاریبکات، بەڵکو هەواڵی گۆڕانکاری چاند و کەلتووری بەربڵاوی ئەزموونەکان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەش ئەدات. بازارەکان نموونەگەلێکی باش و گرنگن کە پێشانمان ئەدەن بیرۆکەی دەست پێوەگرتن چیتر ژێرخانی دانووستانی ئابووری پێکناهێنێت بە پێچەوانەوە کڕین بۆتە چالاکییەکی کەلتووری کاتەکانی بەتاڵی، ئەزموونی سەیری کاڵاکان، نمایشی مۆدە یان نۆستالێژی و زیندەخەوی هەروەسا **فدرستۆن** و **باومەن** هەردووك باسی "جیهانی بوون" دەکەن. ڕەوتێك کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەبێتە تەوەرێکی سەرەکی لە بۆ ڕاڤەی پاش مۆدێرنیتە. بە جیهانیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ ، کە ڕاگەیاندەی زانیاری و پەیوەندییە ئێلکترۆنیکییەکان سانای دەکەن.

215 . Zygmunt Bauman.

# بەشی شەشەم

## هونەر و تێکنۆلۆژیی پەیوەندیداری نوێ و بەجیهانیبوون

**بە جیهانی بوون** پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ئایدیاکانی یۆتۆپیایی (شاری خەونەکان) سەبارەت بە **"گوندۆکەی جیهانی"** یان خەیاڵاتێك سەبارەت بە گێرانەوەیەکی کومپیوتەری لە **"مێشکی جیهانی" ئێچ.جی.وێلز"**-ەوە نییە. بەڵکو پتر و پتر سەروکاری لەگەڵ رێگا و رەوشتێکدا هەیە کە لەودا هەمووومان لە ژێر کاریگەری رەوت و رووداوەکانی دوورەدەستدا دەبین، هەروەها بە سەریاندا کاریگەریمان دەبێت. بەم واتایە، چەمکی "خۆپێدادان" ی **"ئۆلریش بەك"** لە گەوهەردا جیهانییە و ئاماژە بەم راستییە دەکات کە رژانی نەفت بۆ ناو دەریاکان، بارانی ئەتۆمی و تێکدانی توێژەی ئۆزۆن- هیچ چەشنە سنوورێکی "نەریتی- دەوڵەتی" بە فەرمی ناناسن. عبدالرحمن بن محمد ناسراو بە **"ابن خلدون"** لە **٧٣٣** کۆچی مانگی مامۆستای زانکۆی "الازهەر" لە میسر گوتبووی: "کاتێك کە خوو خدە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە تەواوی گۆرانی بەسەردا هات، وەهایە کە دەڵێی ئافرێندراوەکان لە بنچینە و بنەرەتتدا گۆراون و سەرتاسەری جیهان تووشی گۆران بووە هەر دەڵێی نەتەوەیەکی نوێ و ئافرینۆکێکی تازە و جیهانێکی نوێ بەدیهاتووە."

**کارل یاسپێرس**[216]**-ی** فەیلەسووف- لە راستیدا زۆر پێش لە هاتنی چاخی زانیاری گوتوویە ئەوەی کە جیهان بە هەند پێویستیەتی فەلسەفەیەکی "جیهانگیرە"، ئەو لە دەفتەری ژیاننامەکەیدا ئاماژە دەکات کە لە شەوەزنگی فەلسەفەی ئەوروپایی- هەتا بەرە بەیانی فەلسەفی جیهانی بەرێوەین. هەروەها کارل مارکس بەربینی گەیشتنی ئەم جیهانە نوێیەی لە مانیفێستی کۆمۆنیستا کردبوو: "تەواو پەیوەندییە سەلماو توندوتیژ و گرساوەکان هاورێ لەگەڵ زەنجیرەیەك لە بەربینی و بیرورا کۆن و پیرۆزەکان دادەرمێن و هەر شتێك کە تازە و نوێ گیرسابێت و بیچمی گرتبێت بەر لەوەی کە خۆ بگرێت لەناو دەچێت! هەر شتێك رەق و تەق و سەختە، ئەتوێتەوە و دەبێتە هەڵم و دەچێتە ئاسمان، هەرشتێك پیرۆزە، ناپیرۆز دەکرێت و لە کۆتاییدا مرۆڤ ناچار دەبێت بە چرچاوی کراوە و

---

216 . Karl. yaspers

وشیار لەگەڵ هەلومەرجی راستەقینەی ژیان و پەیوەندی خۆی لەگەڵ هاورەگەزی جۆری خۆی رووبەڕوو بێت".

پێویستی سەرمایەداری بە بازاڕ بەردەوام لە پەرەگرتنداییە لەبۆ کاڵاکانی خۆی و هەر ئەوەش دەیباتە سەرتاسەری ناوچەکانی سەر گۆی زەوی و لە هەموو شوێنێك ئەشێ جێ خۆش بکات. لە هەموو شوێنێك دەبێ دابمەزرێت و لەگەڵ هەموو جێگایەکیش پێویستە پەیوەندی هەبێت. **جیهانیبوون** لە روانگەی بنەماخوازانی ئایینی و مارکسیە خەستەکانەوە چەشنێکە لە بە **"کلۆنی"** کردن، بۆ وێنە **شیواندان** (Sivandan) چالاکی رامیاری، نووسەر و دامەزرێنەر و سەرنووسەری گۆڤاری **"رەگەز و چین"** (Race and class) دەڵێت: " ئەگەر ئیمپریالیزم ئاخرین پلەی سەرمایەداری بێت، جیهانگیری ئاخرین پلەی زل سەرمایەدارییە (ئیمپریالیزم)". **تام دێربی** (Tom darbi) مامۆستای فەلسەفەی رامیاری دەنووسێت: "جیهانە کەونارایییەکان پاش گۆڕانی ئەزموونی کات و جێ لە بنج و بناوانەوە ورد و خاش بوون و لەو کەرستە و مەرەستەی کە لێیان جێماوە دەکرێ جیهانێکی نوێ چێبکرێت".

هەنووکە، تێکنۆلۆژی شێوازی ژیانمانە، **ئێرنێست یونگێر** ١٨٩٥- ١٩٩٥ بیرمەندی ئاڵمانی هەتا ئەو جێیە پەرکێشی دەکات کە تێکنیك باوەری بە مێتافیزیکی راستەقینەی سەدەی بیستەم ناو دەنێت (ویلکن ١٩٦٤) زانایانیتر، تێکنۆلۆژیان لەگەڵ تۆرەی کارا، بە چەشنی ئامرازگەلی پەتی و بێگەردی ئامانجێك، لە بارتەقای یەك داناوە. تێکنۆلۆژی بەڵام نە داهێنانێکی نوێیە و نە ئەنجامی تۆرەیەکی نوێ. بەرای **نیل پۆستمەن** (Nill postman) لەوێدا کە **ئالفرێد نۆرس وایتهێد** دەڵێت:" گەورەترین داهێنانی سەدەی نۆزدهەم هەر خودی چەمکی داهێنان بوو"، ئەم گوتەیەی بە باشترین شێوە کورت کردەوە (پۆستمەن لا، ٤٢/ ١٩٩٢) داهێنان- پێشکەوتن- تەواوکردن، بەرزبوونی ئاستی دەسەلات و دەسەلات نە تەنیا لە ناو بازنەی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بنەرەتی مرۆڤ بۆتە باسێکی برەو، بەڵکو کێشراوەتە ڤاچی بەرهەمی واتا و ژیاریش. شۆڕشی پیشەسازی بەرەبەرە بوو بە کۆمەڵگەی پیشەیی و پاشانیش بە ژیاری پیشەیی و لەگەڵ ئەوەشڕا چەمکی "چۆن" بەسەر گشت لایەنەکانی ژیاندا

زاڵبوو. بۆ وێنە لەوەیرا کە کێ دەبێ دەسەڵاتی هەبێت؟ چۆن دەسەڵاتی بێت و دەشێ چ بەرهەم بێنێت، بەرەو **چۆن** دەبێ بەرهەم بێنێت، دەگۆردرێت. ئەورۆکە زۆربەی هەرەزۆری رەخنەگرانی کۆمەڵایەتی هەست بەوەی دەکەن کە زیادەڕۆیی کراوە و تێکنۆلۆژی زاڵبووە بەسەر مرۆڤدا. پۆستمەن ئەم باسەی ناونا **"پاوانخوازی تێکنیکی"** و هەروەکو **"تێکنیك سالاری زاڵمانە"** باسی لێوە کرد، بەڵام ئەم پێناسەیە تا رادەیەك زل کراوەتەوە. تێکنۆلۆژی نە ئامرازێکی پەتییە و نە هۆنایەکی چاندیی هەمەلایەنە. تێکنۆلۆژیا هەردووکی ئەمانەیە، و هەر بەم هۆیەشە لە هەموو شوێنێکی جیهان گەرەکیانە. چاوخشانێك بەسەر ژیانی رۆژانەدا، ئەم شتەمان بۆ دەردەخات. خەڵك هاکا دەگەنە ماڵەوە ئەم شتانە وەکار دەخەن وەك رادیۆ، رێکۆردێر، ستریۆی بڵاوکەر، تی. ڤی، مەکینەی گۆڕینی هەوا، پانکە و... تاد، بەڵام نە لەبەر ئەوەی کە پێویستیانە یان بیانهەوێت کەڵکیان لێوەرگرن، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەم شمەکانە **"بوون"** - ی وان دەسەلمێنن. **ژاك ئێلوێل** (Jacques Ellul) تێکنیك و تێکنۆلۆژی بەم شێوەیە پێناسە دەکات:" بلیمەتی رەوشتگەلێك کە رێبیرانە دەسکەوتووە و لە هەموو مەڵبەندەکانی چالاکی مرۆڤدا بەکارهاتوویی رەهای هەس." و هەر ئەویشە کە دەرکەوتنی "کۆمەڵگەی تێکنیکی" بەر لە شۆڕشی زانیاری بەربینی کردووە، تێکنیك بە پێچەوانەی پێشەسازی، تایبەتمەندی شازی هەس کە پێکهاتنی لەناو ڤاچگەلی جیاوازی کەلتووری زۆر سانا دەکات. کۆمەڵگەی تێکنیکیانە "لەسەر بنەمای تێکنیك کار دەکات کە **ئێلوێل** دەگەڵ تۆرە لەیەك ئاست دایدەنێت. ئەو دەبێژێت: دانانی نێوی تێکنیك زۆرجار لە جیاتی وشەی تۆرە کەوتۆتە سەر زاری خەڵکی منیش بە کاری دێنم (١٩٦٤ لا ٢)، ئەو تەنانەت تێکنیکی بەربڵاوتر و بەرینتر لە تۆرە رەچاو گرتووە: "تۆرە بۆتە ئامرازی تێکنیك."

**هانتێر**-یش[٢١٧] وا دەڵێت: "تێکنۆلۆژی تەنیا کەڵکی لێوەرناگیرێت، بەڵکو دەبێتە ژیان. **فێشینگ**[٢١٨] لەسەر بەرهەمەکەی ئێلوێل سەبارەت بە تێکنیك وەها دەڵێت:

---

217 . Hunter
218 . fesching

تایبەتمەندییەکانی تێکنیك کە دەبێتە هۆی کارامەبوون ئەمرۆکە بۆتە پێداویستییەك، بریتییە لە: هزرایەتی- خودکاریی- دەسکردی بوون- هەڵبژاردنی تێکنیك- خۆبەرزکردنەوە- تاك بنەمایی- جیهانخوازی و خۆبەڕێوەبردن- ڕێبیریی تێکنیك لە ڕێگای ڕاست و ڕەوانی کارەوە ستانداردگەلێکی بەرهەم دادەمەزرێنێت و ڕێکخراوەکانی ڕێبیری و مێکانیکی، بە وێنەی وان چێدەکات و هۆنایەکی ساختە دادەهێنێت کە "جیهانی سروشتی" لادەبات، یان دەیکاتە فەرمانبەری خۆی (فێشینگ - ١٩٨١ لا ١٨). زۆربەی زانیاران ئەم دەستەواژەیە " کۆمەڵگەی تێکنیکی" بەکاردێنن و هەژمارێکیش لە ژیاندا کاتەکانی خۆیان تەرخاندەکەن بۆ خوێندنەوەی. ئێلۆێل لە پەرتووکەکەی خۆیدا بە ناوی "کۆمەڵگەی تێکنیکی" (تێکنۆلۆژی) دەنووسێت" ڕاگەیاندە گشتییەکان لە نێوان تاك و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی تێکنیکی دا، پەیوەندییەکی پێویست ساز دەکەن. تێکنۆلۆژی، کۆمەڵگە، مرۆڤایەتی، ڕاگەیاندەکان، چواربالَی ژیانی نوێن جا چ بە چەشنی ئاسۆیی و چ ستوونی گەیشتوونەتە ئاستی شوێندانان و شوێن وەرگرتن، تەواو بەمجۆرە بەسەر باری ڕامیاری، باری ئابووری و کەلتووریدا کاریگەریان دەبێت." **دانییەل بێل** (D.Bell) کۆمەڵناس لە ١٩٧٣ بەربینی دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی کرد کە ناوی نابوو "کۆمەڵگەی پاش پیشەیی". ئەو تێپەڕبوونی مرۆڤی لە پێداگرتن و سەرنج بۆسەر بەرهەمی کارخانەیی و پیشەسازی بەرەو "پێداچوونەوە و تاقیکاری"، سازکردنەوە و خزمەتگوزاری خستەوە بەرباس. هەر ئەویشە دەڵێت: کۆمەڵگەی زانیاری نوێ سێ تایبەتمەندی سەرەکی هەیە: ١- سەرقاڵی گۆڕانە لە بەرهەمی کاڵاوە بۆ کۆمەڵگەی ڕاژەیی. ٢- سوورە لەسەر دانانی ڕەمز (کۆد) بۆ زانستی تیۆریك بۆ داهێنان و ئافراندن لە تێکنۆلۆژیدا. ٣- خەریکی چێکردنی "تێکنۆلۆژیەکی بیرمەندانە"- ی نوێیە کە هەروەك کلیلی ڕاڤەی هۆناکان و بۆچوونی بریاردان بەکار دێت). (بێل ١٩٧٩- لا ١٦٣) درێژەی پێئەدات: " کاتێك زانست لە قەڵافەتێکی تەکووز و ڕێکخراودا بۆ گۆڕان لە بەکارهێنانی کانگاکان خۆی دەرخست (لە ڕێگای داهێنان و ئافراندن یان دیزاینی کۆمەڵایەتیدا) جا بەم چەشنە

ئەتوانین بێژین زانست نە کار، بەڵکو هەنبانەی بایەخە (هەمان. لا ١٦٨) لە کۆمەڵگەی نوێیدا زانست کاڵای سەرەکییە کە لە بازاڕدا دانووستانی پێدەکرێت."

**ماسودا**[٢١٩]، بلیمەتی ژاپۆنی دەڵێت: کۆمەڵگەی زانیاری دەبێتە جۆرێکی نوێ لە کۆمەڵگەی مرۆڤان، سەرتاپا جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگەی پیشەیی ئێستا (ماسودا ١٩٩٠ لا ٣) بە گوێرەی ئەو لەم کۆمەڵگە نوێیەدا، ئامرازمەندی زانیاری واتە بنچینەی گشتی بەستراو بە کۆمپیوتێرۆ جێگری کارخانەس، و سنووری زانست بۆتە بازارێکی "هێزەکی"" کۆمەڵگەی خۆبەخش جێگای چالاکییەکانی مرۆڤدۆستی تایبەتی و گشتی گرتۆتەوە، دام و دەزگا کۆمەڵایەتییە ئاسۆییەکان وەك کۆمەڵگەی شارستانی جێنشینی دام و دەزگا گشتییە ستوونی و ناوەندییەکان بووە، گیانی پەڵاویشتن بەسەر جیهاندا (جیهانگیری) واتە هاوژینییەك کە مرۆڤ و سروشت بتوانن هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکترا بژین لە جیات "گیانی ئازادی مرۆڤی چاخی بووژانەوە" دامەزراوە.

ڕاگەیاندەکان شێوەی ئاخاوتن دیاری و پێناسە دەکەن، جا ئەوسا بە ڕای زۆرینەی خەڵك، کۆمەڵگەی زانیاری نوێ ئۆقیانووسێکە بەرین بەڵام تەنکاوە و قووڵ نییە. **ویزنبام**، کە لە دەیەی ١٩٧٠ لە ئەزموونکاری و کار لەگەڵ هۆشی دەسکردا زۆر چالاك بوو هەتا ئەو جێ پێشچوو کە شۆڕشی کۆمپیوتێری بە "تەقینەوەی بێواتایی" ناولێنا. (ویزنبام ١٩٧٦، پۆستمەن ١٩٩٢ لا ١١٦) مێژوویەکی گرنگە بۆ کۆمەڵگەی زانیاری و لەبۆ ژیاری ساڵی ١٩٨٩ کە تۆڕەکانی جیهانی داهێندرا. گرنگی ئەم داهێنانە هاوتایە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و جوتیاری بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی و جوتیاری هەتا ساڵی ١٩٩٤ نزیك بە ٥٠ ملیۆن کەس بە ئینتێرنێت پەیوەست بوون. ئینتێرنێت سات لەگەڵ سات خەریکی پەرەگرتنە! "ئەگەر ڕاگەیاندە بروسکەبێت جا کە وابێ تۆڕی جیهانی بروسکەی داهاتوویە" (مارکوف ١٩٩٥). جێ دەسەڵاتێکی نوێی بۆ ڕاست و دروستی برستی هێزەکی مرۆڤی پێکهێناوە، و ئەگەر ژیارەکان باشترین گۆڕەپانی بەدیهاتنێك بن کەوابێ ژیارێکی نوێ لەدایك بووە. **جۆرج گیلدێر** کە بە" پیاوی ژیری ڕاستی نوێ" دەناسرێت، دەنووسێت: "تێکنۆلۆژیای زانیاری نوێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندیەس: دوژمنایەتی زەنجیرەی

219 . Masuda

پلە و پایە و پاوانکاران و دامودەزگا سالارەکانی پیشەسازی و گشت هۆناکانیترە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە وردی هەروەك کاری پۆلیسی جینایی (تاوانباری) و چاودێری لە زل کۆمپیوتێرەکانۆ بەرەو کۆمپیوتێری کەسانە و خودی و بانکەکانی کۆ کردنەوەی زانیاری هەتا پەرتووکخانەکانی خاوەن کۆمپیوتێری سەرمێز، و لە هێرەمی ناوەندی کۆمپانیای **بێل** بەرەو کۆمەلێکی گەورە لە ئامێری پەیوەندی و لە تۆڕە کەمەکان بلاوکردنی قسە بەرەو ملیۆنان بەرنامەنووسی بەربلاو لەسەر گۆی زەوی گوازرایەوە، هێزی ئابووریش سەرقالی گواستنەوە لە دەزگاکانی گروپی گەورە بۆ تاکن، کۆمپانیا گەورەکانی جیهانیش لەم قسانە زۆر دەکەن، بەلام ئەمانە لە جیاتی بەڕێوەبەرانی بازرگانی بچووك (کە لە سەردەمی دەسەلاتی کۆمپانیا گەورە جیهانییەکان بوونیان لە خەیالدا دەگونجێ)، پێداگری لەسەر ئەو شتە دەکەن. **بیل گێیتس**Bill Gates بەڕێوەبەری مایکرۆسۆفت (Microsoft chairman)، لە پەرتووکێکی ئەم دوایانەی بە ناوی "رێگای پێشرەو" ئەو شتەی ناونا بە سەرمایەداری بێ لێك و پێکدان"" پلەیەکی نوێ لە کاپیتالیزم کە لەودا زانیاری بەگشتی بنج و بناوانێك دەبێت بۆ پێشوەچوونی بازار." تەنانەت پێشرەوان و بنەماخوازەکانیش لەم جۆرە خەیالاتانە بێبەری نین، تەنیا بە ناوهێنان لە "کۆتایی تەمەنی کاپیتالیزمی رێك و پێکخراو" بە چەشنی دەرئەنجامێك، ناچار شۆڕشی سەرچاوەگرتوو لە تێکنۆلۆژیای کۆمپیوتێری پەیوەندیدار لە جیهانی "پاش مۆدێرنیزم" و "پاش مۆدێرنیست" کۆتایی پێنایەت، پۆلێك تەنانەت خەونی سەردەمێکی دێمۆکراسی ئێلکترۆنیکی دەبینن کە لەوانەیە ببێتە بەرهەمی خۆبەخۆی نوێ (Cyberspace). دەوێژرێت لەبەرئەوەی تایبەتمەندی جیهانی و دژ بە هۆنا (anarchic) ی ئینتێرنێت ئەوی بێ کۆنترۆل کردووە، و بەم زووانە فەرسەند و یەکسانی بال دەکێشێت بەسەر کەش و هەوای ئەوێدا، جگە لە بەکارهێنانی بەربلاوی کۆمپیوتێر و کەلکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی دیجیتالی، بەراستی ئەوەی کە پتر دەبووە هۆی برەوی ئەمجۆرە خۆش خەیالیانە گەشەی بەربلاوی ئینتێرنێت و دیمەنگای شارێی زانیاری لە داهاتوودان. ئەمرۆکە ئیتر، پاشی ئەوەی کە پەیوەندی تۆڕی جیهانی لە هەموو جێیەك بەکار دێت و بە برەوی هەمەلایەنەی ئینتێرنێت، هەموو لە گەوهەری ئەم دیاردە نوێیە ئاگادار بوون.

**فۆكۆیاما**[٢٢٠] دەڵێت: " كۆمەڵگەیەك كە بە هەوڵ و تێكۆشانی زانیاری دروستبووە، شتگەلێكە پتر لەو دوو شتە كە گەل لە گەلسالاری نوێیدا پربایەختر لە هەموو شتێكیتر دەیناسن، واتە ئازادی و یەكسانی، ئازادی هەڵبژاردن، لە هەر شتێكدا، لە كەناڵەكانی تی. ڤی یرا بگرە هەتا كرینی شمەكی هەرزان بایی، هەتا دۆستانێك كە لە ئینتێرنێتدا یەكتر دەبینن، ئەم ئازادییە لە ئاستی تەقینەوە دایە! زەنجیرەی پلە و پایەكان لە هەر مادەیەكدا، رامیاری و رێكخراوەیی كەوتۆتە بەرپلاری رەخنەوە و خەریكە ورد و خاش دەبێت. (فۆكۆیاما ١٩٩٩ لا ٥٥)

**ئالێن میك سینزوود**[٢٢١]، دەبێژێت: " هۆنای نوێی جیهانی، ئەگەر هەبێت، پتر لە جاران و هەمیشە جیهانی دەوڵەتە ناوچەییەكانە، ئەگەریش دەوڵەتەكان لە هەمبەر هاتنە ژوورەوەی سەرمایەدا دەركە ئاوەڵا و لاوازن، ئاكامی رێبیری ئەم والاهیە لە راستیدا مەرجی ئەو والاییەش، بوونی سنوورەكانی ناوچەیی و دەسرۆیشتنی دەوڵەتانە. خۆ ناكرێ سەرچاوگەی بەدیهاتنی ئینتێرنێت لە كەلێن و قوژبنی ماڵەكانی ئەو مرۆڤە شازانە بدۆزینەوە، ژیان و بوونی ئینتێرنێت لە رێكخراوی پرۆژە توێژینەوەكانی باڵای پێنتاگۆنەوە دەستپێكرد(Pentagon Advanced Researched Projects Agency). هەروەها كە ئینتێرنێت خەریكە بەرەو بان گەشە دەكات كۆمەڵێكی تەواو بازرگانی لە هۆنا رەسەنەكان دروست و رێك و پێك دەكرێن و جێگای ئەو هۆنایانە دەگرن كە بەر لەوانە دەوڵەت دایمەزراندبوون. مسۆگەرانی راژەی ئینتێرنێتی دەبنە كۆمپانیا گشتی و گەورەكان، یان لەنێو یەكدا تێكەڵدەبن. لە ساڵی ١٩٩٥- یرا تەواو ئەو بەربەستانەی وا مابوونەوە لەسەر رێی كەڵك وەرگرتنی بازرگانی لە ئینتێرنێت هەڵگیرا. **ئێریك شمیت**[٢٢٢]، بەرێوەبەری گشتی تێكنیكی **مایكرۆ سیستێمز** (Sun Microsystems) ئەم بابەتە زۆر بە سانایی ئاوا شیدەكاتۆ: "جێبەجێ كردنی راژە بۆ كڕیارانمان بریتییە لە بەكارهێنانی

---

٢٢٠- Fokuyama (هاوچەرخ) فەیلەسووفی ئەمریكایی- پسپۆڕی ئابووری رامیاری و بەرێوەبەری گروپی پەرەی ئابووری ناونەتەوەیی لە زانكۆی جانهاپكینز.

221 .EllenMeik Sinns Wood

222. Eric Schmidt

به لێزمەی ئینتێرنێت." بەڕای **"ڕاسجۆ"**[٢٢٣] بەڕێوەبەری بەرنامە دیجیتالییەکانی ئینتێرنێت (Digitals Internet): "ئینتێرنێت بارودۆخێکی بەهرەدارە بۆ دۆزینەوەی جێگە و پێگەی بازرگانی." ئاستی ئینتێرنێت بە هەر بارێکدا سەیریکەین هەر ساڵ دووقات بەرز دەبێتەوە جا ئەگەر مامۆستای بیریاری و دەمهەراشیشی پێ زۆر کەین ئەوسا تەواو دانیشتوانی ئەم گۆی زەویە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ یەکترا پەیوەندی دەگرن. **ورلدوایدوێب** (World wide web)[٢٢٤] ، تۆڕی جیهانی لە ساڵی ١٩٨٩ لە ناوەندی توێژینەوە وردیلەکانی ئەوروپا ( European Center for partical Research) دامەزرا، بەڵام بەس لە ساڵی ١٩٩٣- یرا بەرز بۆتەوە واتە ئەو کاتەی کە پاشی چێبوونی **ناسکامێرە**کان[٢٢٥] لە زانکۆی **ئێلینوێز** (The university of Ilinois) و پاشانیش لە شوێنەکانیتر بەشەکانی پێداچوونەوە و پەیوەندییە گرافیکییەکانی بەدیهێنا، هەتا دەرفەتی توێژینەوە و پێداچوونەوەی لاپەڕەکان (Pages) یان تۆڕی جیهانی بلوێت. بە هاتنی دەرفەتگەلی چەند ڕاگەیاندەیی بۆ ئینتێرنێت بەرهەمهێنەرانی بازرگانی پێداچوونکارانی وەك **نێت سکێیپ** (Net scape) هەر بە شەوێك دەوڵەمەند بوون.

---

223 . Russ yones

٢٢٤- ﴿World Wide Web﴾ یان تۆڕی جیهانی (www)، سالآنێك بەر لە ئێستا لە کاتی پەیدابوونی تی. ڤی کابلی (کێبلی) لە ئۆهایۆ (ohio) تاقیکارییەك کرا کە بەو پێیە بەشدارانی ئەم تی. ڤی یە دەیانتوانی خۆشیان هەندێك هێما و نیشانە لە ڕێی هۆنای کێبلی بنێرن بۆ ناوەندی نێرەری بەرنامە، بەڵام چەشنە زەمینەی جۆرێك لە چەنکردەوەیی ئامادە بوو، بە ڕواڵەت لەو کاتەدا بەشداران وەها حەزێکیان بۆ پەیوەندیگرتن لە خۆپێشان نەئەدا و ئەم کارە فەرامۆش کرا هەتاکو لە ناوەڕاستی دەیەی ٩٠- ز وێب تی. ڤی (WebTV) ئەوەی بۆ لواندن کە تەنانەت بەشداربووانی تی. ڤی کێبلیش لەو ڕێگایەوە دەس پەیدا دەکەن بە تۆڕی جیهانی.

225 . Soft ware

## ئا)- ئاریشە نوێیەکان:

دونیای جیهانگیریی بەرگەی فەرکاندنی هەموو چەشنێکی جیاواز دەگرێت. **یەکەم**، بە جیهانی بوون ژمارەی کۆسەکاران و ئەکتەرانی لە گۆڕەپانی هەمەکیدا بردۆتە بان.

ناوەندەکانی دەسەڵات لە پرسی رامیاری و رووبەری ناونەتەوەیشدا جۆراجۆرن و هەروەها جۆراجۆری یاریکاران لە ئاستی جیهانی ، لە گۆڕەپانی ئابووری و بەرهەمهێناندا رێگای بۆ بەرهەمهێنەرانی جیاواز والاّ کردووە و کاریش لەسەر هاوبەشی لە بەرهەمدا بەردەوامە. لە کەلتوور، نەریت و رێبازی جگە لە رۆژئاوایی بە هۆی برەوی چەمکی فرەکەلتووری گرنگی پەیدا کردووە. **دووهەم** ئەوەی کە جیهانگیری بان روانگەی نوێخوازی (مۆدێرنیزم) خستۆتە لەرزین و مەترسییەوە و بە جەماوەریشی ئیزن داوە هەتا رێگاگەلێکی جیاواز بەرەو راستەقینە ببرِن. هەروەسا هێنانە ناو ئاریشەی دەزگاکانی بیرمەندی سەرچاوەگرتوو لە بۆچوونی نوێخوازی (مۆدێرن) لە راستیمان بۆ دەرەخسێنێت.

دوو مەڵبەندی گرنگ کە ئەم بوویەرە لەوێ سەرهەڵئەدات کتومت دێ بە نەستماندا: یەکیان مەڵبەندی بە سەرداهەڵگوتنی رۆژئاوا لە هۆنا چاندییەکان و ژیارە نارۆژئاواییەکانە و ئەویتر مەڵبەندی جەندەر و رەگەز و باسی تەوەرەبوونی ئافرەتە (Feminism) کە هەر دوو باسەکە بەر لە دەرکەوتن و گەشە کردنی جیهانگیری بانگێشتی ئەم ئاریشەیە کرابوون، بەڵام باسەکانی تەوەرەبوونی ژن بۆتە هۆکاری راسانی بیروبۆچوونی نوێ لە هەر لایەکۆ. جا ئەوسا بە سەرنجدان بەسەر سەیروسەمەرەکانی تامەزرۆیانی تێکنۆلۆژی، مرۆڤ وا هەستدەکا شتێك کە ورووژێنەری ئەم سەیروسەمەرانەس ئەوە نییە کە ئینتێرنێت چ کارگەلێك ئەتوانێت بۆ شارومەندێکی وریا و هۆشیار و بەرپرس ئەنجامبدات، بەڵکو بەدیهاتنی دەرفەتگەلێکی "واقورمانە" لەبۆ کەسانێك کە حەز و ویست و خواستێکی شەیتانی و ئاژاوەنانەوەیان هەس. تێکنۆلۆژی بۆ ئینتێرنێت لە چوارچێوەی هۆنایەکی چاودێر و فەرمانبەرانە دیزاین کرا کە بتوانێت لە هەمبەر هێرشێکی ئاتۆمی و ناوەکییەوە خۆراگرێت. زانایان و بلیمەتان لەگەڵ رەوشی بەناو "راگواستنی پرێسکە" یی، رێگایەك بۆ پێشاندانی زانیاری

ناپەیوەست بە ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی ناوەندییان دۆزییوەتۆ و ئەمە بە مانای ئەوەیە کە هیچ ناوەندێك نییە کە (لانیکەم هەتا ئێستا) لەوێڕا تۆڕی پەیوەندییەکان کۆنترۆل و چاودێری نەکرێت، لە کاتێکدا جۆرێك ئازادی دیاریکراو لە هەمبەر بەربەستەکانی ناوەندی لە ناوخۆی سیستمەکەدا کاری بۆ کراوە. دووهەمین بابەتی سەیر و سەمەرە لە نەبوونی ئاسایشێکی بە ڕواڵەت هەمیشەیی، گشت سیستمەکانی پاڵپشت بەسەر ناسکامێرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕێکخراوە گەورەکان هەر چەندەش هەوڵبدەن دیسان ناتوانن لە دزەی دزێکی سوور لەسەر کارەکەی، پارێزگاری لە سیستمەکەیان بکەن. دەزگای پێشەنگی ئێلکترۆنیك کە دوابەدوای هێرش و هەڵمەتێکی سیستێماتیکی دەوڵەت بۆ سەر ئەم دەسدرێژیکەرانە چێبوو، بۆ ڕاگرتنی ئەم ئازادییەی ئەنتەرنێت لە هەمبەر دەسدرێژی کۆمپانیاکان و دەوڵەت چالاکی دەکات. تۆڕ(Network) بۆتە مەڵبەندێکی گشتی نوێ، هەرچەندە کە بە بیروبۆچوونی هەندێك، بەس مەڵبەندێکی هەمەکی ئیزن پێدراوە. ئەم مەڵبەندە بە خێرایی خەریکی گەشەسەندنە، دیزاینێری بیرتیژی ناوەندی توێژینەوەی **ئالمادێن** لە **سەن خۆزە** هی کۆمپانیای **"ئای.بی.ئێم"** (I.B.M) لە گۆڤاری **ساینتیفیك ئەمەریکەن**( Saintific American) بە فیزەوە دەڵێت : "... هەر ڕۆژە بە شێوەیەکی بەرچاو پتر لە یەك ملیۆن **دەپی**[٢٢٦] (CD) ئێلکترۆنیکی دەخرێتە پاڵ سەدان ملیۆن دەپی تر کە هەنووکە لەسەر تۆڕی جیهانی (online) لەبەر دەستماندایە (M.C.P- ١٩٩٩. لا ٥٤٤ ).

هەروەکو "بەڵگەیی بوونی دەق" ڕێکانی خۆی لە کیس ئەدات، "کۆمەڵگەی ناڕاستەقینە" کۆمەڵگەیەکە جەماوەر لە سەرتاسەری جیهان لەودا سەبارەت بە هەموو گیروگرفتێك بۆ وێنە خودی واتا و مانای ژیان و وتووێژ دەکەن و ڕا دەردەبرن، دەبێتە جێنشینی کۆمەڵگەی چاپی. تۆڕی جیهانی لە ڕێگای پەرەپێدانی زەمینەی باس و خواس و مەیداندان بە بەشداربووانی زیاتر لەودا بۆ بەهێزکردنی ئازادی (بە کردنەوەی دەرفەتی هەڵبژاردنی پتر و برستدان بە گەل و جەماوەر لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە خاڵانەدا) و یەکسانی، کاریگەر بووە.

---

226. Disc

**پیتێر میك سینزوود** دەڵێت: "یەکێك لە دەرئەنجامەکانی هێزەکی تێکنۆلۆژی نوێ، ئەوەیەکە سەکۆیەکی تێکنۆلۆژیك دروستدەکات بۆ ڕێگاکانی بەدیل (ڕێگازرەکان) و ڕێکخستنی چالاکی ئابووری هەتا ببێتە هۆکارێك بۆ پێشوەچوونی هەوڵ و تەقەلاکانی تۆلی (ئاوەڵەیی) بۆ بەربڵاوکردنی چالاکی ئابووری کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. ئەم تێکنۆلۆژیانە کە پەیوەندی گورج و گۆڵ لە نێوان مەودا دوور و درێژەکاندا سانا دەکەن هەنووکە ئەم دەرفەتەیان بۆ کۆمپانیا لێك دابرا و جیاکان ڕەخساندووە کە چالاکییەکەیان هاوئاهەنگ بکەن. دەگەڵ ئەوەشرا کە ئەم تێکنۆلۆژیانە دەتوانن زانیاری ڕۆژانەی زۆر دژوار و ئالۆز سەبارەت بە بازار- ڕەوشت و ئاکاری بەشدارانیتری تۆرە تێکنۆلۆژیکیەکان و پرسە پەیوەندیدارەکانیتر بخەنە بەر دەست کەسان یان کۆمپانیاکان، ئەو کەسانە یان ئەو کۆمپانیانە ئیتر بە پێویستی نازانن کە خۆیان بە بەرنامە و ڕێگا و ڕەوشتە ئیشك و فەرمییەکان ببەستنەوە. لە بری ئەوە،ئەوان بە هایدار بوون لەو چاوەڕوانییەی کە لێیان دەکرێت ، دەتوانن بە چەشنێکی سەر بە خۆ و ئافرێنەرانە لە ئاست زانیاریگەلێك کە پەیوەندی تێکنۆلۆژیك پێیان ئەدات هەڵوێستێکیان هەبێت. لەراستیشدا بە جیهانی بوون، دژ کردەوە لەخۆباییە وێکچووەکانی وروژاندووە.

شەیدایانی کۆمپیوتێر وا خەیاڵ دەکەن هەموو گیر و گرفتەکانمان بە تێکنۆلۆژیی نوێی زانیاری چارەسەر دەکرێت، لە کاتێکدا پۆل و گروپەکان و کەسانی چالاك و توند و تیژ و دژ، پێیان وایە کە جیهانیبوون دەبێتە هۆی نزمبوونی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری. بەناوبانگترین نموونەی ئەم دژایەتییە دەگەڵ بە جیهانیبوون باسەکەی "یۆنابامبێرە" (بۆمب دانەری تەنیا) بیر و بۆچوونی ئەو تاراندن و ڕەتکردنەوەی هەر شتێکی نوێ یان تێکنۆلۆژیکە.

# دوماهی

ئەمڕۆکە هەلومەرجی گشتی و گیروگرفتەکانمان بە جۆرێکی ئاشکرا جیاوازە. هەموو دەزانن ئەو دژوارییانەی کە چوارچێوەی کۆنی ژیانی شارستانیەتی دەخاتە لەرزە لە ئاکامی گۆڕانکاری تێکنۆلۆژیکییەوەیە، ئەو گۆڕانکارییە بە دوو شێوە دەور دەبینێت. داهێنان و ڕەوتەکانی گرنگی سەدەی بیستەم و دەسپێکی سەدەی بیست و یەکەم، ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی بە خێرایی گۆڕیوە، ئۆتۆمۆبیل، فڕۆکە، چرای کارەبایی، موبایل، ئەنتەرنێت، رایەڵە و ساتەلایت، ئەم جۆرە کەرەستانە، جیهانێکی سازکردووە کە مرۆڤی گەشەکردووی سەردەمی شێکسپیر زۆر ئەستەمە بتوانێت تەنانەت هەفتەیەك تێیدا بژیت و پێشکەوتنەکانی تێکنیکی تر کە ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو ئەزموونی زۆربەی جەماوەرەوە، گۆڕانێکی مەزنی لە چێکردنی ئابووری- کۆمەڵایەتی پێویست کردووە و هەروەسا بە سەر ژیانیشا لە پلەی دووهەم کاریگەری دەبێت.

هەروەکو **بودلێر** لە بەشی دووهەمی هەر ئەم توێژینەوەیدا (کۆتایی سەدەی هەڤدهەم) ئاماژە دەکات بەم گۆڕانکارییانە، ڕەنگە بەرزبوونەوەی ئاستی یەکەکانی بەرهەمهێن، کارخانەگەل، کۆمپانیا و دەزگاکان...تاد، کە کاروباری بازرگانی جیهانی جێبەجێ دەکەن تا ڕادەیەك بەرهەمی ڕەوتەکانی ئابووری و سروشتی سەرمایەداری بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکە پتر لە دیاردەیەکی ئابووری تایبەت. ئەم کارە بە هۆی ڕێگا و ڕەوشتەکانی نوێی تێکنۆلۆژیك دیاریدەکرێت و لە هەر هۆنایەکی ئابووری کە بتوانێت ئەم ڕێگا و ڕەوشتانە بەکار بێنێت، سەرهەڵئەدات. جگە لەوەی مرۆڤ بیهەوێت لە خەڵاتەکانی فرە بەرهەمهێنان و چالاکی چاوپۆشی کات هەرگیز ناکرێ جارێکیدی بەو جۆرە کە سەبارەت بە پیشەسازی سەدەکانی ناوەڕاست دیتوومانە خاوەنی خۆی بێت و ئەگەر بریارە ژیار لەسەر پێشکەوتنی خۆی بەردەوام بێت و لە دەرفەتەکانی گونجاو لەبۆ ژیانێکی بەپیتتر کە پێشکەوتەکانی تێکنیکی پێشکەشی دەکات، بە چەشنی تەواو سوود وەرگرێت، دەبا زانایان و پسپۆڕان لەتەك هونەرمەند و نووسەران یەکبگرن هەتا بە یارمەتی یەك تواناکانیان بناسن و بیخەنە بەر سەرنجی جەماوەر. **هایدگێر** سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕەوتی بە ئەورووپیکردن- ڕۆژئاواییکردن و ستانداردکردنی جیهان بە هۆی تێکنۆلۆژییەوە بەپەرۆش و خەمۆکە،بەڵام

به لایەنگری لە نەریتی نیچەیی لەسەر پێویستی ئازاد بوون لە خۆ بە مەبەستی تێگەیشتنی ئەویتر پێدادەگرێت. بە بۆچوونی ئەو ئەم ئەرکە گرنگە جێبەجێ نابێت، مەگەر بە فێربوون و بەربلاوترکردن و چێکرنی ئاسۆگەلێکی بیروراییی خۆ. لە ژێر کاریگەری هایدگێر، **دەریداش** لە پێویستی پێداچوونەوەی بیر و هزریی لە نەریتی بیرمەندی ئەوروپایی- رۆژئاوایی ئەدوێت. چونکە لەسەر ئەم باوەڕەس کە بە تەوەرەکردنی ئەوروپاش هەم لە ناخدا جێگای گومان و دڕدونگییە، هەمیش ئاڵوگۆڕە بە هەندەکانی جیهانی ئەو دەخەنە ناو ئاریشەوە. نقومبوون لەناو جیهانێکی تەواو ئاوزمەند و پیشەیی، کەند و لەندێکی فرەی پێش هاوردە کە (هایدگێر لە بەشی سێهەمی هەر ئەم نووسراوەیەدا ئاماژەی پێدەکات)، **"مەترسی گەیشتن بە لێواری هەڵدێر."** لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا هونەر دەتوانێت دەوری "دەربازکەرێك" بنوێنێت؟ دیارە لە درێژەی مێژووی مرۆڤدا هونەر هەمیشە دەوری خۆی وەك ئامرازێك لەبۆ هۆکارگەلێکی تر بینیوە.

دابڕان لەم جیهانە پڕ لە دەرد و کەسەرە و گەیشتن بەجێ و شوێنێکی ئاسوودە و ئارام هەروەك "دورکیم" ئاماژەی پێکرد و ئێمەش بە تایبەت لە هونەری رۆمانتیکی رۆژهەڵاتی لەگەڵ وەها جیهانێك رووبەرووین ئەگەر چاوێك بەسەر نەخش و نیگارەکانی ژاپۆنی- چینی- هیندی- ئێرانی و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بخشێنین گەواهی وەها بەهەشتێك لە هەست و جوانی و مەستی دەبین، جیهانێك تەواو دوور لە نایەکسانی و تەنگ و چەڵەمە و شەڕوشۆڕی جیهانی ماتیك(ماددی). یانیش ئەوەیکە "کلاوس ئۆلدێنبێرگ" باس دەکات: هونەر واز لە نوخبەخوازی بهێنێت و بگەرێتۆ بۆ ناو کۆمەڵگە و ئاسوودەییبەخشێت و ببێتە پردێك لە نێوان هونەرمەند و بینەران و بەردەنگانی.

لە ساڵی ۱۹٦۰بەم لاوە و بەسەرهەڵدانی بیرۆکەی پاش مۆدێرن و بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی پێشکەوتووی راگەیاندن، جۆرەکانی هونەر پتر باس لە کێشە مرۆڤایەتییەکان دەکەن وەك مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و زارۆکان و تەندروستی جیهانی و پاراستنی ژینگە و ...کە بە شێوازگەلی جۆراجۆر وەك لە دەرەوەی فەزای گالێرییەکان کار دەکرێن.

**لەگەڵ ڕێز و سپاسمدا – زستانی ۲۰۰۷.**

(نامۆ)

# وێنەکان










HowardDigital.com














24 GIANT SIZE PKGS.
New!
Brillo
soap pads
SHINES ALUMINUM FAST


THE MELODY HAUNTS MY REVERIE...


POSTED ON TOYSREVIL.NET
99 R.FON
JESUS
0:00



# سەرچاوەکان


١- اژرنگ- عبدالحسین، برگردان- پدیدەی جهانی شدن- فرەنگ رجایی- تهران نشر اگە- ١٣٨٠

٢- اشوری- داریوش، تألیف- ماومدرنیت- تهران نشر مرکز- ١٣٧٩

٣- أحمدی- بابك، تألیف- افرینش و ازادی (جستارهای هرمنوتیك) تهران، نشر مرکز- ١٣٧٧-٧٨

٤- أحمدی- بابك، تألیف- حقیقت و زیبایی (درسهای فلسفەی ەنر)، تهران نشر مرکز- ١٣٧٤

٥- أحمدی- بابك، تألیف- مارکس و سیاست مدرن، تهران نشر مرکز- ١٣٧٩

٦- اعتماد- شاپور، برگردان- فلسفەی تکنولوژی، تهران نشر مرکز- ١٣٧٧

٧- باقری- عباس، برگردان- علم و اعتقاد- البرژاکار- ژاك لاکاریر، تهران نشر نی- ١٣٨٠

٨- پارسا- خسرو، تألیف- پسامدرنیسم در بوتەی نقد (مجموعە مقالات، گزینش و ویرایش)، تهران نشر اگە- ١٣٧٧

٩- پارسا- خسرو، تألیف- جامعەی انفورماتیك و سرمایەداری واقعیت و اسگورە، گزینش – تهران نشر اگە- ١٣٧٩

١٠- پلاپی- محسن، برگردان- پیامدهای مدرنیت- ئنتونی گیدێنز- تهران نشر مرکز- ١٣٧٧

١١- جهانبگلو- رامین، برگردان- مدرنها، تهران- نشر مرکز- ١٣٧٦

١٢- حکیمی- محسن، برگردان- پسامدرنیتە- دیوید لایون، تهران نشر اشتیان- ١٣٨٠

١٣- حنایی کاشانی- محمد سعید، برگردان- تاریخ و مسائل زیبایی‌شناسی- مونروسی و جان یاسپرس، تهران نشر هرمس- ١٣٧٦

١٤- سازگار- لیلا، برگردان- سنت روشنفکری در غرب، ج، برونوفسکی، ب مازلیش، تهران نشر اگە- ١٣٧٩

١٥- سپهران- علی، برگردان- دێریدا، جف کالینزوبیل، می‌بیلن (قدم اول)، نشر شیرازه- ١٣٨٠

١٦- شریفی- شه‌ره، برگردان- پست مدرنیسم- و. جنسن، تهران نشر فرایند- ١٣٧٩

١٧- صبوری- احمد، برگردان- نگرش علمی- ودنیگتن، تهران نشر پویش- ١٣٦٦

١٨- فرهادپور- مراد، برگردان- تجربه مدرنیته- مارشال برمن، تهران نشر گرح نو- ١٣٧٩

١٩- فکوه‌ی- ناصر، برگردان- هنر و تاریخ (مقالاتی در زمینه‌ی زیبایی‌شناسی)، اوکتاویوپاز تهران نشر توس- ١٣٧٤

٢٠- مخبر- عباس، برگردان- در تدارك قرن بیستم جهان تا سال ٢٠٢٥، پل کندی تهران نشر گرح- ١٣٧٢

٢١- مرتچوی‌یان، برگردان- پایان کار- جرمی‌ریف‌کین، تهران نشر دانش ایران- ١٣٧٩

٢٢- معصوم‌بیگی- اکبر، برگردان- سه‌پژوه‌ش در جامعه‌شناسی هنر، مارکس رافائل، تهران نشر ێگه- ١٣٧٩

٢٣- نوژری- حسین علی، برگردان- وچعیت پست مدرن- ژان فرانسوا لیۆتار، تهران نشر گام‌نو- ١٣٨٠

٢٤- نوژری- حسین علی، برگردان و تدوین- مدرنیته و مدرنیسم- تهران نشر نقش جهان- ١٣٧٩

٢٥- نوژری- حسین علی، برگردان و تدوین- پست مدرنیته و پست مدرنیسم- تهران نشر نقش جهان- ١٣٧٩

٢٦- نوژری- حسین علی، برگردان و تدوین- صورتبندی مدرنیته و پست مدرنیته، تهران نشر نقش جهان- ١٣٧٩

٢٧- یزدانجو- پیام، برگردان- فوکورافراموش کن- سیلورلوتراژه، تهران نشر مرکز — ١٣٧٩

٢٨- یونسی- ابراهیم، برگردان- تاریخ اجتماعی هاوزر، تهران نشر خوارزمی- ١٣٧٧

## دەستەواژە فەلسەفییەکان


١.  بایەخی ماك- ٣٥
٢.  گوتەی بان- ٣٦
٣.  هزرئامیری- ٣٧
٤.  سوژە و ئابژە- ٣٨
٥.  شۆڕشی پیشەسازی- ٤٣
٦.  لەخۆ بیانی بوون- ٤٤
٧.  هونەرە پیشەییەکان- ٤٦
٨.  بەرزەمن- ٤٧
٩.  ماتریالیزمی دیالێکتیك- ٥١
١٠. - داسەپانی تێکنۆلۆژی- ٥٣
١١- ژێرخان و سەرخان- ٥٤
١٢- زانستیبوونی کاری مرۆڤ- ٥٧
١٣- هونەری چێکاری- ٦٧
١٤- تێکنۆ سانیس- ٨٣
١٥- هەنبارکردنی وزە- ٨٤
١٦- یۆتۆپیا- ٩٢
١٧- بیبرانەوەیی- ٩٨
١٨- فەرمانی بان- ٩٩
١٩- ئابژێکتیو- ١٠٨
٢٠- ئاشنا سرینەوە- ١٠٩
٢١- ئەزموونی جوانناسانە- ١٠٩
٢٢- هزرباوەری-
٢٣- دۆخێکی پیرۆز-
٢٤- هونەری بالا- ١٢٢
٢٥- گێرانەوەی مێژوو- ١٢٧
٢٦- گەورە شار- ١٢٩
٢٧- ملیوانەشینەکان- ١٣٠

٢٨- دیسانسازی- ١٤٥
٢٩- چاخی زانیاری- ١٥١
٣٠- سەرمایەداری شلەژاو- ١٥١
٣١- بەرهەمهێنانی بەربەست- ١٥١
٣٢- بەرهەمهێنانی بەوەخت- ١٥١
٣٣- سەرمایەداری تەڤگەر- ١٥٢
٣٤- سەرمایەداری پاشین- ١٥٩
٣٥- لاسایی گاڵتەجارانە- ١٦٣
٣٦- لاسایی بەرهەڵستانە- ١٦٣
٣٧- ئەوپەڕ گوتار- ١٦٤
٣٨- جێگۆڕکێی زەمان- ١٦٦
٣٩- ئەویتروازی- ١٧٧
٤٠- باوكسالاری- ١٧٨
٤١- کۆمەڵگەی بەکارهێن- ١٧٩
٤٢- ئەوپەر راستی- ١٨٠
٤٣- رێبازی ناونەتەوەیی- ١٨٤
٤٤- کەڵکناسی- ١٨٧
٤٥- بەهرەمەندی- ١٨٩
٤٦- نەمانی راستی- ١٩١
٤٧- مەترسییەکانی چاخی زانیاری- ١٩٤
٤٨- بازاڕدۆزی- ١٩٥
٤٩- چاودێری و لووان- ١٩٦
٥٠- کاری کۆمەڵایەتی- ١٩٧
٥١- راگەیاندە گشتییەکان- ١٩٧
٥٢- بوون و راستی- ١٩٧
٥٣- راستی بەرەو لێکترازانە- ١٩٨
٥٤- فرە راستی- ١٩٨
٥٥- فەرکاندنی کۆدەکان- ١٩٨

٥٦- هەمەوەندی- ١٩٨
٥٧- پەیوەندی هەمەلایەنە- ١٩٩
٥٨- کۆمەڵگەی راگەیاندە گشتییەکان- ١٩٩
٥٩- جیهان بینی- ١٩٩
٦٠- فرەبوونی بە رواڵەت خۆراگر- ٢٠٠
٦١- پێشکەوتن- ٢٠١
٦٢- بە پەسندتان دەبێت- ٢٠٢
٦٣- بەکارهێنەر و بەکارهێنەرایەتی- ٢٠٤
٦٤- جیهانیبوون- ٢٠٤
٦٥- کوندۆکەی جیهانی- ٢٠٥
٦٦- خۆ پێدادان- ٢٠٥
٦٧- نەریتی- دەوڵەتی- ٢٠٥
٦٨- چۆن- ٢٠٨
٦٩- تێکنیکسالاری زاڵمانە- ٢٠٨
٧٠- کۆمەڵگەی تێکنیکی- ٢٠٩
٧١- کۆمەڵگەی پاش پیشەیی- ٢١٠
٧٢- هەڵبەستن و تاقیکاری- ٢١١
٧٣- توانای هاتنە دی- ٢١١
٧٤- جیهانگیری- ٢١٢
٧٥- رێگای پێشرەو- ٢١٣
٧٦- بێ لێکوپێکادان- ٢١٤
٧٧- ناسکامێر- ٢١٧
٧٨- واق ورمان- ٢١٩
٧٩- راگواستنی پریسکەیی- ٢١٩
٨٠- بەڵگەیی بوونی دەق- ٢٢٠
٨١- کۆمەڵگەی ناراستەقینە- ٢٢٠
٨٢- کۆمەڵگەی چاپی- ٢٢٠
٨٣- یۆنابامبێر- ٢٢٢.

## فەرهەنگۆك

### (ئا)

ئاخافتن= لێدوان

ئاردە= تازە داهاتوو، نوێ

ئاریشە= کێشە و گرفت

ئاشتەبا= ئەوەی ماوە و هەیە

ئافرینۆك= ناوی چاوگی ئافرێن

ئەشێ= دەبێ، دەکرێ

### (ب)

بازاڕدۆزی= دۆزینەوەی کڕیار بۆ شمەك

بارتەقا= لەبەرامبەر، لە ئاست

باژ= بەش- پارچە

باڤ= خەتەر، مەترسی

بانگین= بانتر، سەرووتر

بانەبەر= ئاسانسۆر،مەسعد

باو= مۆد، بەرۆژ

بڕست= توانا،زەرفییەت

بژارە= خەیاڵ

بکارن= بتوانن

بورژوازی= سەرمایەداری

بەدودم= پێوقەدەم پیس، شووم

بەربەڕ= وەحشی،لاور

بەڕەڵڵا= سەرگەردان و ولێگەرد، گەراڵ

بەرهەڵست= کاردانەوە، دژ کردەوە

بەور= سۆز- هەست

بەستۆك=  بەستراوە

بەورێك= سۆزێك

بە هیچ کلۆجێك= بە هیچ جۆرێك

بێژیار= رێبیر، لۆژیك

بیچم= فۆرم، ریخت، شکلّ و شێوە

## (پ)

پارچە= بەش، بەشێك لە شت

پاستۆریزە=خاوێن  کردنی شیر و بیرە بە کولاّندن،پوختە کردن

پرنۆ= بەڵگە

پسوولە= بلیت، بیتاقە

## (ت)

ترۆپك= لوتکە

تۆڕ= شەبەکە

تۆرە- زانین، عولم

تەجەسم= بەرجەستە، تەشکۆك

## (س)

سابوور= نەنێرنەمێ، خونسا

سەڵت= رووت، رەبەن، ئابستراکت

سیفا= تێڕامان بە قووڵی

سیم= تێل- کێبل

## (ش)

شامبۆز= ئازا و بەجەرگ

شۆپ= شوێنپێ

شەمەندەفر= قەتار

**(ڤ)**

ڤاچ= ئاقار- دەڤەر

ڤاژی= واژی، پێچەوانە

**(ف)**

فارا= گۆڕان،هەڵگێڕانەوە

فرە= زۆر، پڕ، گەلێك

فرەرەوت= رەوتێكی زۆر

فەرمان= حوكم،دەستوور

فەرسەند= یەكسانی،هاوتایی

فەنەر= تێلی بادراو بۆ كەم كردنەوەی گوشار یان گەڕانەوە.

فهەینی= ئاكار، رەوشت، اخلاق

فۆرم= شكل، ریخت، بیچم

**(ق)**

قوڕم= دووكەڵی زۆری چەند ساڵە لە سەر شت

**(ك)**

كەلێن= كەلەبەر، قەڵەشت

**(گ)**

گزەكاری= دەغەڵی

گۆنگە= سۆندەی سواڵەت

گەلەمپەری= جەماوەریی

## (ل)

لکاندۆک= کۆلاژ

لوولە= سۆندە، بەلۆعە

لۆتکە= کایەک، گەمی بچووک

لۆدە= فەردە، تایە،باقەی گەورە

لەبتۆک= هەر شتێک بە سانایی هەڵگیردرێت و ئەم بار و ئەو بار کرێت

لەسم= سڕ- لە کارکەوتنی ئەندام

تەڤگەر= هەمیشە لەجووڵەدا

تەکووز= رێکوپێک

تەوفیر= جیاوازی

تێکدەرانە= رووخێنەرانە، ئاژاوەچیانە "diconstraction"

## (ج)

جڤات= کۆبوونەوە بۆ مەبەستێک

## (چ)

چەنبەرە= ئاقار، ڤاچ

چەوت= دژوار، تێکەڵپێکەڵ

چێکرن= دروستکردن

## (خ)

خودکار= سەربەخۆ کارکردن (ئۆتۆماتیک)

**(د)**

دزە= چوونە ناو شتێك یان شوێنێك

دزێو= ناشیرین، ناحەز

دردۆنگ= بە گومان

دنەدان= هاندان

دووهاچە= دوو فلیقانە

دۆشدامان= تێدامان، مانەوە لە کارێکدا

دەپ= رووپەر، صفحە

دیتران= کەسانی دی

**(ز)**

زایەڵە= دەنگدانەوە

زەخت= گوشار

زەنگی= قولەرەش

**(ر)**

رابێژ= کەسێك بیروبۆچوونی هەبێت

راژە= خزمەت

رایشان= کۆپی هەڵگرتن

رۆبۆت= مرۆڤی دەسکرد

رەها= ئابسلووت، تەواو، مطلق

رێبیر= بیژیار، لۆژیك

ریخت= ریت، بیچم،سەر و سەکت

رێسا= نەریت، قاعدە، داب

**(م)**

ماتیك= مادە

مانائیك= مانایی، واتایی

مژار- بابەت، ناوەڕۆك

مۆغەرە- بڕبڕەی پشت

**(ن)**

ناسکامێر= دژی سەختامێر ( Soft ware )

نەخشاندن= ڕەنگکردن، وێنەکردن

نەوژەن= نوێژەن، چاككردنەوە

نێرۆن= عەسەب،ڕەگ و دەماری زۆر وردی لەش

**(و)**

والآی= کراوەیی

وانوێن= زڕەنوێن، ناڕاست

ورووژاندن= هەژاندن

**(ە)**

هاڕین= ورد و خاشکردن

هایا= ئاگا

هۆن= تەکووزی، نەزم

هۆنا= سیستێم، نیزام

هۆنە= وێژەی لەبەر

هەڵست= کار و کردەوە

هەڵەشە= پەلەپەل، بە گورجی،خێرایی